# هەنار

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

ژمارە ٩٢
ساڵی هەشتەم
رەزبەر ٢٧١٣ی کوردی
سێپتەمبەر ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

# هنار


دەستەی نووسەران:

**کارزان عەبدوڵڵا**

**ئەکرەم محەمەد ئەمین**

**نەورۆز جەمال**

**مستەفا زاهیدی**

**محەمەد حەسەن (هاشمی)**

هەڵەچن:

**مونا عەبدوڵڵا**

**ئاشنا جەمال**

مۆتیف:

ئاریان ئەبوبەکر

تیراژ

**٥٠٠**

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| نوێخوازی و دەرکەوتەکانی لە شیعری نوێی... | حەمەی کەریمی | ٧ |
| شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت... | سەباح رەنجدەر | ٢١ |
| هێشتا زریانێکی تر هەڵی نەکردووە... | ئەدیب نادر | ٢٥ |
| دۆستۆیفسکی و مرۆڤە ونبووەکانی سیبریا... | نەجات نوری | ٣٣ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| هەڵوەدایەک راخە خەزەڵوەر لە پاڵتۆکەم ئەڕژێ... | کەمال ئەمینی | ٤٥ |
| چراکان کوژانەوە... | پەری شێخ ساڵح | ٥٣ |
| ژنێک وشەیەکی لێ زەوت کردووم... | قاسم شێروانی | ٥٩ |
| سێ دەقی شوێن... | سۆران محەمەد | ٦٢ |
| تا ئێستا زیندووم... | هەژار قانع | ٦٧ |
| سێ کورتە شیعر... | سارا زینەتی | ٧١ |
| وانەی سروودێکی نوێ... | قادر عەلی خا | ٧٣ |
| بازنە... | عەلی ئەحمەد فەتاح | ٧٧ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| حەمکەریم عارف و گوتوبێژێکی پاچڤەوانی... | سازدانی: فازیل ئەحمەد | ٨١ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| چەند مێژوو و چەند ناوێکی تایبەتمەند و جیاکار... | موکەڕەم رەشید تاڵەبانی | ١٠٩ |
| رامانێکی کورت دەربارەی زبڵ... | پێشڕەو محەمەد | ١١٧ |
| نامەیەک و چوار شیعری ئۆسیپ ماندێلێشتام... | هاوڕێ یووسفی | ١٢٢ |
| قەلەڕەشەکە... | کامیل محەمەد قەرەداغی | ١٢٨ |
| گەر هەندێ شیرینیمان بدایە بە بەخت!... | تەیب جەبار | ١٣٤ |
| بۆ ئەوانەی لەسەر دیوارەکە دانیشتوون... | یوسف عەلی پور | ١٣٧ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| ئۆپێرا لە وڵاتانی ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا و... | فەرمان عەلی نوری | ١٤١ |
| هونەری نیگارکێشان لای منداڵ... | ستار قادر | ١٥٦ |
| چاوپێکەوتن لەگەڵ پوران درەخشەندە... | و. جەواد حەیدەری | ١٧٤ |
| هۆلیود و جیهان... | و. هیوا سەلیمی | ١٨٠ |


## پێشانگەی کتێب


١٩٣ – ٢٠٠

# لێکۆڵینەوە

- نوێخوازی و دەرکەوتەکانی لە شیعری نوێی کوردیدا — حەمەی کەریمی
- شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت — سەباح رەنجدەر
- هێشتا زریانێکی تر هەڵی نەکردووە — ئەدیب نادر
- دۆستۆیفسکی و مرۆڤە ونبووەکانی سیبریا — نەجات نوری

# نوێخوازی و دەرکەوتەکانی
# لە شیعری نوێی کوردیدا

حەمەی کەریمی

**کورتەی وتار**

کاتێک باس لە دیاردەیەکی وەکو تازەگەری، نوێگەرایی یان ئەزموونی مۆدێرنیتی لە ئەدەب و هونەردا و بە تایبەتی لە ژانرێکی گرنگی وەکو شیعردا دەکەین، لەگەڵ هەندێ پرسی گرنگدا بە دوو حاڵەتی "سەلبی و ئیجابی" بەرەوڕوو دەبینەوە.

ئەزموونی مۆدێرن بە مانای دابڕان و پچڕانە لە رابردوو، یان درێژەپێدەری رابردووە؟

هەموو هەوڵێکی نوێخوازانە لە شیعردا بە لادان و دابڕان لە رابردوو دەست پێ دەکات، یان نوێخوازی بە هەندێ هەڵاتن لەو پێوەرانە دەگوترێ کە شیعری کلاسیکیان پێکهێنابوو؟

نوێخوازی تەنیا بە دابڕان لە بنیاد و فۆرم و رۆڵی زمان لە دەقی رابردوودا دەگوترێ، یان لادان و هەڵهاتن لە کۆی نەریتە کۆنە ئەدەبییەکان و هاوکات ئەو پێوەرانەش کە پێکهێنەری شیعری کلاسیک بوون؟

رەهەندێکی تری پرسیارەکان بە ئاراستەی ئیجابیدا دەبێتە:

نوێخوازی و ئەزموونی مۆدێرنیتی لە شیعردا هاوردنەئارای فەزای کراوەیە لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، یان تەنیا وەرگرتن و بەکاربردنی هەندێ ژانر و

تەکنیکی نوێ و ئامرازی ئەدەبی جیهانی و بەکاربردنی وشەی دیجیتاڵییە؟

نوێخوازی بە مانای داهێنانە، یان کەشف و دۆزینەوە، یان لە هەمان کاتدا هەردووکیانە و هیچیشیان نییە، بەڵکو تەجرەبەیەکە بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی شیعریی لە ڕێگایەکی ترەوە...؟

ئاخۆ نوێخوازی و ئەزموونی مۆدێرنیتی لە شیعردا بە مانای شکاندنی زمانی باوی کلاسیک و هاوکات پێکهاتەهەڵوەشێنییە، ئایا زمان خودی خۆی مەبەستە لە دەقدا یان ئاماژەیە بە دەرەوەی خۆی یان هاوکات هەردووکیانە، یان نا هیچکام لەمانە نییە و تەنیا ئامراز و کەرەستەیەکی ئەدەبییە لەناو دەقدا؟ ئەمانە و بگرە دەیان پرسیاری تر بە هەردوو حاڵەتی سەلبی و ئیجابی لە پێناسەکردنی نوێخوازی و ئەزموونکردنی مۆدێرن لە هونەر و ئەدەبدا بەگشتی و بەتایبەتی لە شیعردا سەرهەڵدەدات. ڕەنگە وەڵامدانەوە بە کۆی ئەم پرسیارانە لە باسێکی وەهادا نەگونجێت کە بێگومان هەرواشە. هەوڵ دەدەم بە خوێندنەوەی "ئەزموونی مۆدێرنیتی لە شیعری نوێی کوردیدا" لە سێ قۆناخی جیاوازدا بە هەندێک لەم پرسانە وەڵام بدەمەوە، ئەگەر بمانەوێ لە جوگرافیای شیعردا، باس لە موزائیکێک وەکو شیعر بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جیاوازییەک ئەم کۆمەڵە پرسانە و بگرە زۆرتریش لە مەنزوومەی ئەم جوگرافیایەدا سەرهەڵدەدات و نوێخوازنی شیعری هاوچەرخی کوردی لەگەڵ ئەم پرسانە بەرەوڕوو دەبنەوە: پێم وایە بۆ باسکردن لە شیعری نوێی کوردی جیا لە خوێندنەوەی شیکارییانەی بابەتە تیۆرییەکان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی ئەو شیعرە و هاوکات سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەقی نوێ لە شیعری کوردیدا. ئەمەش بە مانا "ئارکۆنییەکەی" ئاوڕدانەوەیە لە ڕابردوو بۆ تێگەیشتنی ئێستا و بنیاتنانی ئاییندە".

### یەکەم ئەزموونی مۆدێرنیتی لە شیعری نوێی کوردیدا

مێژووی تازەکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ دەقە شیعرییەکانی (نوری شێخ ساڵح) و (گۆران)ی شاعیر. کە دواتر گۆران دەبێتە داهێنەر و نوێکەرەوەی شیعری کلاسیک و بە لادان و دەستهەڵگرتن لە سێنتاکسی زمانی عەرووز و هەڵاتن لەو پێوەرانەی کە شیعری کلاسیکییان پێکهێنابوو، گۆران دەبێتە داهێنەری جۆرێک لە شیعر لە جوگرافیای شیعری مۆدێرنی کوردیدا. ئەمەش وا دەکات "گۆران"ی شاعیر تا هەنووکەش بە داهێنەری شیعری مۆدێرنی کوردی بناسرێت. ئەم کارەی گۆران، هاوتەریب و تەبایە لەگەڵ کارەکانی "نیما یوشیج" لە جوگرافیای شیعری کلاسیکی فارسیدا: لەبەر ئەمە "نیما

و گۆران" لە پانتایی دوو ئەدەبی جیاوازدا یان باشتر وایە بڵێین لە جوگرافیای دوو شیعری جیاوازدا دەبن بە دوو رووداوی گەورە. گۆران لە شیعری نوێی کوردیدا و نیماش لە شیعری نوێی فارسیدا. تازەکردنەوەی شیعر لەسەر دەستی گۆران و نیما (وەک پرۆسەی بەرهەمهێنان) لە دوو حاڵەتی گشتیدا سەردەگرێت.

حاڵەتێک، لە لایەکەوە دەبێتە سازدانی دیالێکتیکێکی رەخنەگرانە بە نیسبەت شیعری کلاسیکەوە و هەڵاتن لەو پێوەرانەی کە شیعری کلاسیکیان پێکهێنابوو... لە لایەکی دیکەشەوە کەوتنە ژێر کارتێکردنی شیعری سیمبۆلیک و دەقی رابردوو، لێرەدا شیعری نوێ بە دوو حاڵەتی پارادۆکسیکاڵ (لە هەمبەر شیعری رابردوو و بە هۆی دەقی رادبردووەوە) خۆی پێناسە دەکات. ئەمەش فەلسەفە و جەوهەری هەر چەشنە نوێگەرایی و نوێخوازییەکە کە لە ئەدەبی رابردوودا بکرێت. بەهۆی رابردوو لە هەمبەر رابردوودا خۆی پێناسە دەکات. پێم وابێت سەرهەڵدانی هەر دەقێکی نوێ بە دوو ئاراستەی نەفی و تەئید... دەتوانێت نوێخوازی و نوێگەرایی خۆی بچەسپێنێت.

دیارە تازەکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی وەکو ئەدەبی گەلانی تر بێ کارتێکەری رەوتە ئەدەبییەکانی تر نەبووە و هەر لە سەرەتاوە شیعری مۆدێرنی کوردی لەژێر سێبەری کارتێکردنی بزاڤی "فەجری ئاتی" و شیعری مۆدێرنی تورکیدا بووە.

کارتێکردنی ئەم رەوتە شیعرییە (فەجری ئاتی) و بەرهەمە شیعرییەکانی (تۆفێق فیکرەت و شەهابەدین) لە دامەزرێنەرانی ئەم رەوتە لەسەر شیعرەکانی عەبدوڵڵا گۆران و نوری شێخ ساڵح شتێکی دیار و بەرچاوە.

بەڵام هەر ئەم ئەزموونە (ئەزموونی مۆدێرنیتی لە شیعری کوردیدا) لەم بەشەی کوردستان (رۆژهەڵات) جیاوازە و دەرکەوتنی شیعری نوێباو لە شاعیرێکی تر و بە تێڕوانین و لەژێر سێبەری کارتێکردنی ئەدەبێکی تردایە. دیارە ئەمەش لەسەر دەستی "سوارە ئیلخانیزادە" و یەک دوو کەس لە هاوڕێیانی وەکو "فاتێح شێخولئیسلامی (چاوە)" و "عەلی حەسەنیانی" شیعری کوردی تازە دەبێتەوە. دەرکەوتنی شیعری نوێباو و هێنانەگۆڕی ئایدیای مۆدێرنیزم بۆ ناو ئەدەبی کوردی و بەرجەستەکردنەوەی دەقی نوێ لەم بەشەی کوردستان (رۆژهەڵات) دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی سوارە ئیلخانیزادە و پاشان چاوە و عەلی حەسەنیانی.

ئەوەی شیعری سوارە و دەقی سوارە لە شیعری بەرلە خۆی جیا دەکاتەوە پێکهاتەی شیعرییە لە دەقی سوارەدا. پێکهاتەی شیعریی لە دەقی سوارەدا لە

ڕووی زمان و تەکنیکی نوێ و... هتد پێکهاتەیەکی تەواو جیاوازە لە شاعیرانی هاوچەرخی سوارە و بەر لە سوارەش. ئەمەش سروشتێکی تایبەتی و تۆکمە و جیاوازی بە شیعری سوارە بەخشیوە. پێم وابێ پەیوەستکردن و گرێدانەوەی شیعری سوارە بە شیعری گۆران و تا ڕادەیەکیش درێژکردنەوەی شیعری "گۆران"ی لای سوارە و ئەوەی کە سوارە نەک تەنیا دەنگێکی جیاواز نەبووە لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا، بەڵکو زیاتر پەرەپێدەر و تەواوکەری شیعری "گۆران"ە (وەکو هەندێ لە ڕەخنەگرانی شیعری سوارە ئاماژەی پێ دەکەن)، ئەم جۆرە خوێندنەوە و لێکدانەوەیە لە شیعری سوارە بە ئاراستەی نواندن و بەرچاوخستنی یەکپارچەیی و یەکانگیریی (منسجم) شیعری نوێی کوردی کار دەکات. ئەوەی شیعری سوارە هەر لە سەرەتاوە (لە شاعیرانی بەرلە خۆی تا سەر گۆران) جیا دەکاتەوە ئەو حەقیقەتە شیعرییەیە کە سوارە تا ڕادەیەک لە شیعردا ڕەچاوی کردووە و بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە پەیڤی خۆی ئاراستە کردووە، ئەمەش حاڵەتی سەربەخۆ و جیاوازی داوە بە شیعری سوارە.

ئەگەرچی، بێگومان شیعری سوارەش وەکو تێکستێکی گرنگ لە شیعری نوێی کوردیدا، لەژێر کارتێکردن و کاریگەرێتیی شیعری "نیما" و هەندێ لە شاعیرانی تری وەکو سۆهراب و فروغ و...دایە، جگە لەوەش دەقی سوارە بە پێی کەشوهەوای ناهەمواری جیۆپۆلەتیکی ئێران و کوردستان و دۆخی سیاسیی کۆمەڵگەی کورد، وەکو بەشێکی زۆر لە ئەدەبی کوردی دەبێتەوە بە پاشکۆی ئایدیۆلۆژیا و دەکەوێتە ژێر سێبەری دەسەڵاتی زمانی زاڵ پەیوەست بە گوتاری سیاسیی سەردەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من دیسانەوە شیعری سوارە بە درێژکراوەی شیعری گۆران یان ئەوەی کە (ڕەهبەر مەحموودزادە) دەڵێت: سوارە بە (گوژمی دووەمـی شیعری نوێی کوردیی پەیوەست بە گۆران)ی شاعیرەوە نازانم...

پرسیارێک کە هەمیشە بۆ شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەدەب و هونەر لە خوێندنەوەی هەر تێکست و بەرهەمێکی ئەدەبیی هونەریدا دووپات دەبێتەوە، پرسی بەجیهانیبوون یان بەلۆکاڵیبوونی ئەو ئەدەب و هونەرەیە کە پێوەی سەرقاڵن. لەوێدا کە ئەدەبی ئێمە بەگشتی و بەتایبەتی شیعری ئێمە لە جەغزی ئەم مەنزوومەیەدا جێگیر دەبێت ئەوەی کە بۆ شاعیر و ڕەخنەگر و خوێنەری شیعری کوردی دەبێتە پرسیار، ئاخۆ ئەدەبی کوردی بەگشتی و بەتایبەتی شیعری مۆدێرنی کوردی لەژێر سێبەری کارتێکردنی ئەدەبی جیهانیدا بووە؟ ئەگەر وابێت نەیتوانیوە وەکو بەشێکی ئەدەبی جیهانی خۆی ڕچەشکێن بێت

و خاوەن دەستکرد بێت، یان ئەم ئەدەبە بە تەواوی ئەدەبێکی لۆکاڵییە و بۆ نوێکردنەوە و بەجیهانیکردنەوەی خۆی پشت بە تیۆرییەکان دەبەستێت. ئەگەر ئەمەیان دروست بێت، ئەوا ئەدەبی کوردی و بەتایبەتی شیعری نوێی کوردی ئەدەبێکی وابەستە و پەیوەستدارە بە ئەدەبی جیهانی و تەنانەت ئەدەبی گەلانی ترەوە.

ئەدەبی ئێمە لەوێدا کە بە زمانی ئێمەوە دەرخەری هزر و زەینییەتی ئێمەیە، بەردەوام لەسەر تەئیدی پاژێتی و لۆکاڵیبوونی خۆی و لە هەمان کاتدا نەفیکردنەوەی بە یونیڤێرساڵیبوونی کاری کردووە و کار دەکات. ئەمەش تەنها دەرخەری فەزا و فەرهەنگێکی تایبەتە. بۆ لادان لەو دۆخە و چوونەناو ئەو فەزا یونیڤێرساڵ و جیهانییە دەبێت توانای دەقی ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتی شیعر بە جۆرێک بێت تەنها وەکو بەرهەمێکی لۆکاڵی و ناوچەیی سەیر نەکرێت و وەرنەگیرێت، بەڵکو دەبێت لە چوونەناو ئەو فەزا گشتگیر و جیهانییەدا هاوکات بە تەئید و دەرخستنی لایەنێکی ئەو حەقیقەتە یونیڤێرساڵە بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشدار بێت. مەبەست ئەوەیە دەق و بەرهەمی ئەدەبی و هونەری هەر فەرهەنگێک دەبێت بۆ چوونەناو ئەو فەزا جیهانییە و هاوکات بوون بە بەشێک لەو فەزا لە هەموو ئیمکان و تواناییەکانی کەڵک



شێرکۆ بێکەس



سوارە ئیلخانیزادە

وەربگرێت، بەڵام لەگەڵ گرفتەکان و هەندێ ئاستەنگی بەرچاو لە هەمبەر بەشداری لەو فەزا یونیڤێرساڵ و جیهانییەدا پێم وابێت گرفتی ئەساسی ئەدەبی ئێمە و بەتایبەتی شیعری هاوچەرخی کوردی لەوەی کە لە هەموو ئیمکان و تواناییەکانی بۆ چوونەناو ئەو فەزا یونیڤێرساڵە نەیتوانیوە کەڵک وەربگرێت. بێ کەڵکە "کەڵکەڵەی" بوونی ئەم ئەدەبەیە بە نیسبەتی ئەدەبی جیهانەوە. تێکەڵبوون و هاوکات چوونەناو ئەو فەزا یونیڤێرساڵە بەتەنیا، نابێتە وەرگرتن و بەکاربردنی هەندێ ژانر و تەکنیکی نوێ و فۆرم و ئامرازی ئەو ئەدەبە و هاوکات دابڕان لە لۆکاڵیبوونیش نابێتە خۆفەرامۆشکردن و نەفی رابردوو. ئەگەر بە هەمان مەنتقی دیالکتیکییەوە لەگەڵ ئەدەبدا بەگشتی و بەتایبەتی لەگەڵ شیعردا هەڵسوکەوت بکەین، دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی بەرهەمێکی لۆکاڵی جیهانی ببێتەوە و ببێت بە دەقێکی یونیڤێرساڵ لە راستیدا دەبێت ئەم بەرهەمە توانای هەڵگرتنی هەردوو حاڵەتەکەی هەبێت بەو مانا هەم لۆکاڵی بێ بە تەواوەتی و هەمیش جیهانی و یونیڤێرساڵ بێت بەتەواوەتی. لەوێدا کە دەقێکی لۆکاڵی هەڵگری هەندێ لە توخم و رەگەزی تایبەت بە خۆیەتی لۆکاڵییە و ئەوەش کە تێکەڵ بەو فەزا یونیڤێرساڵە دەبێت دەقێکی جیهانییە. ئەمە بە نیسبەتی شیعری ئێمەوە بەهۆی گرفتی تەرجەمە و زمانەکەیەوە بەتایبەت زمانەکەی (چونکە زمان لە شیعردا رۆڵێکی تەرکیزی و بنەڕەتی دەبینێت)، گرانتر دەتوانێت تێکەڵ بەو فەزا جیهانییە ببێت، بەڵام بەشێکی تر لە هونەر و ئەدەبی ئێمە، وەکو سینەما و شانۆ، لەوێدا کە زمانێکی سەروو کلتووری و یونیڤێرساڵیان هەیە ئاسانتر دەتوانن تێکەڵ بەو فەزا جیهانییە بن و لە ئەدەب و هونەری جیهان نزیک بنەوە.

بەگشتی ئەگەر بمانەوێت ئاراستە و رەهەندەکانی شیعری مۆدێرنی کوردی دەستنیشان بکەین، دەتوانین ئاراستە و رەهەندەکانی سەرەتای دروستبوونی ئەم شیعرە تاکو ئێستا بە سێ قۆناخی جیاواز پۆلێنبەندیی بکرێت.

قۆناخی یەکەم: ئەزموونی مۆدێرنیتیی شیعری مۆدێرنی کوردی: لە باشووری کوردستان.

یەکەم شەپۆلی نوێکردنەوە و تازەکردنەوەی شیعری نوێی کوردی بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بنیادی لە شیعرەکانی "نووری شێخ ساڵح و گۆران"ی شاعیردا دەرکەوت، سەرەتا (نووری شێخ ساڵح) ١٩٠٥-١٩٥٨ لەژێر کارتێکردنی بزاوتی "فەجری ئاتی" و شیعرەکانی تۆفێق فیکرەتدا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شیعری نوێباو لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا. لە راستیدا (نوری شێخ ساڵح) یەکەم کەس بوو کە ئایدیای مۆدێرنیزمی هێنایە ناو رەخنەی ئەدەبییەوە، ئەگەرچی

نووری بەهۆی سەرقاڵبوون بە سیاسەتەوە نەیتوانی شیعرەکانی بە ئاستێکی بەرز بگەیەنێت، بەڵام توانی بەستینیک فەراهەم بکات بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە دواتر (گۆران)ی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢) ئەو شۆڕشەی بە ئەنجام گەیاند و بە تێکهەڵوەشاندنی رێسا و بەندباوی شیعری عەرووزی (وەزن و قافیەدار) توانی رێبەرایەتیی ئەو شۆڕشە بە ئەستۆ بگرێت.

بەرەی دووەم لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا دەرکەوت (ئەم بەرەیە کە هەڵگری رەوتی گۆران بوون و بە بەرەی پاش گۆڕان)یش دەناسران، هاوکات، بوون بە بەرەی تازەپێگەیشتووی شیعری نوێی کوردیش. ئەم بەرەیە لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بە رەچاوکردنی کەشوهەوای تایبەتی کوردستان لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە کە قۆناخێکی پڕ لە تراژیک بوو بۆ خەڵکی کورد. دوو رێچکەی ئەدەبییان بە دوو ئاراستەی جیاواز لەژێر ناوی "ڕوانگە و کفری" دامەزراند. ئەم دوو رەوتە ئەدەبییە کە لە قۆناخێکی هەستیار و ناهەمواردا دەرکەوتن لە هەموو ئیمکان و توانابییەکانی ئەدەبی لۆکاڵی و جیهانی کەڵکیان وەرگرت، لەپێناو بەرجەستەکردنەوەی تراژیدیای کۆمەڵگەی کوردستان و جوگرافیاکەی، بەتایبەت روانگەییەکان کە لە پەیجۆریی قووڵتری رۆحی هاوبەشی کورد لەپێناو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان و هاوکات پرسە ئاڵۆزە جیهانییەکان ناوەرۆکێکی تازەیان دایە شیعری نوێی کوردی و خەریکی نواندنی ئاگادارییی نوێ و بەرپاکردنی راپەڕین بوون. دەتوانین بڵێین تمێمی سەرەکیی ئەم شیعرە بە رەچاوکردنی کەشوهەوای ناهەمواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان زۆرتر تمێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە و زیاتر خۆی بە پرسە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەرقاڵ دەکات. لە شاعیرانی دەرکەوتەی ئەم بەرەیە دەتوانین لە: شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، رەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی و ئەنوەر قادر ئەحمەد... تاد ناو ببەین.

لە سەرەتای نەوەدەکانەوە نەوەیەکی پێگەیشتووی مۆدێڕن بە جیهانبینییەکی تازە و دیدێکی کراوە و رەخنەگرانەوە هاوکات بە وەرگرتن و بەکاربردنی هەندێ ژانر و تەکنیکی تازە و ئامرازی ئەدەبی جیهانی لە شیعری نوێی کوردیدا دەرکەوتن.

ئەم نەوەیە کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا دەرکەوتن، لە راستیدا پۆلی فۆنێک بوون لەنێوان بەرەی روانگەییەکان و رەوتی تازەدامەزراوی جوایزدا. لە شاعیرانی دەرکەوتەی ئەم جیلە دەتوانین بە دلاوەر قەرەداغی، موحەمەد عومەر عوسمان و کەسانی تر... ئاماژە بکەین، ئەم نەوەیە

به ئەزموونکردنی ئەدەبی مۆدێرن و ئامرازەکانی نوێی ئەدەبی جیهانی و لادان لە ڕێچکەی ڕوانگەییەکان، لە ڕاستیدا فەزایەکی مۆدێرن و ڕەخنەگرانەیان لە شیعری نوێدا خوڵقاند و شیعری کوردیان لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و هاوکات بە بنیادێکی جیاوازترەوە گۆڕی، زەینیەتێکی تاکگەرایی و (مونحەسەربەفەرد) یان لە شیعری نوێی کوردیدا هێنایە ئاراوە و بە جیهانبینییەکی نوێتر و کراوەتر هاتنە ناو پانتایی جوگرافیای شیعری مۆدێرنی کوردییەوە.

بەرەی سێیەمی (پەیوەست بە شیعری مۆدێرنی کوردی کوردستانی باشوور) بە دەرکەوتنی بەرەیەکی ئاکادیمی خوێندەوار سەری هەڵدا. دەتوانین ئەم ڕەوتە کە لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەژێر ناوی "جوایز" خۆی نواند، بە ڕەوتێکی ئاوانگارد و سەییال لە جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا ناو لێ ببەین. ئەم ڕەوتە بە خوێندنەوەی شیعری هاوچەرخ و دەقی ڕابردوو، ڕۆحێکی تازەیان ڕژاندە ناو ئەدەبی کوردی و شۆڕشێکی بەرفراوانیان لە ڕووی زمان، ساخت، فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەوە لە ئەدەبی کوردیدا خوڵقاند. ئەم ڕەوتە بە وەرگرتن و بەکاربردنی هەندێ ژانر و تەکنیکی تازە و ئامرازی نوێی ئەدەبی جیهانی و هاوکات دابڕان لە دەقی ڕابردوو وەکو دەقێکی لۆکاڵی و ئایدیۆلۆژیک و دەرخستنی ڕەهەندی تازە و نوێ بە سەرنجدان بە حەقیقەتی شیعر و ئیرجاعی زمان لە دەرەوەی دەق بۆ ناو خودی دەق و کەڵکوەرگرتن لە ئیمکان و توانابییەکانی زمان و ڕەخساندنی فەزای پۆلی فۆنی لە دەقدا و خۆپاراستن لە تاک ڕەهەندی و تاک مانایی، لەتمە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەیە. بەرەی سێیەم، یان بەرەی پێشڕەوی شیعری هاوچەرخی باشووری کوردستان بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە چاو لە دەقی ڕابردوو دەکات و هەر بەو دیدە ڕەخنەییەوەش دنیای پارادۆکسیکاڵی مۆدێرنیتە و دەرکەوتەکانی لەناو شیعردا بەرجەستە دەکاتەوە و دەچێتە ناخی ئالۆزییەکان و خۆی بە کێشە دەروونی و سایکۆلۆژییەکانی تاکی کۆمەڵگاوە خەریک دەکات. دەکرێت بڵێین تێڕوانینی ئەم ڕەوتە بە نیسبەتی شیعرەوە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە و هاوکات خاوەن تمێکی پارادۆکسیکاڵە و لە شیعردا بە دوای دنیای نوێتر و سێنتێزی جیاوازدا دەگەڕێت. لە دامەزرێنەران و دەرکەوتووانی ئەم ڕەوتە دەتوانین بە فەرهاد پیرباڵ، ڕێبوار سیوەیلی، ئەنوەر مەسیفی و هاشم سەراج... تاد ئاماژە بکەین.

## دیاردەی نوێخوازی و سەرهەڵدانی نوێگەرایی شیعری نوێی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

دیاردەی نوێخوازیی لە شیعری نوێی کوردیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بە هەمان شێوەی کوردستانی باشوور بە سێ قۆناخی جیاوازدا تێدەپەڕێت. بەرەی یەکەمی نوێگەرایی و ئەزموونکردنی ئایدیای مۆدێرن لە شیعری نوێی کوردیدا، سەرەتا لە سوارە ئیلخانیزادە و یەک دوو کەس لە هاوڕێیانی (فاتێح شێخولئیسلامی (چاوە) و عەلی حەسەنیانی)ەوە دەرکەوت. ئەو ڕەوتەی سوارە و هاوڕێکانی دەستیان پێ کرد لە ماوەیەکی کورتخایەندا بوو بەهۆی داهێنان و ئافراندنی جۆرێک لە شیعر کە بەر لەوە لە زمانی کوردیدا و لە شیعری ئەم بەشەی کوردستاندا بوونی نەبوو، بەڵام ڕەوتی سوارە زۆر دەوامی نەهێنا و نەیتوانی کارتێکردنی ئەوتۆ لەسەر شاعیرانی هاوچەرخی سوارە و بەرەی یەکەمی ئەم ڕەوتە جێبهێڵێت: ئەم کورتخایەنییەی ڕەوتی سوارە و نادەوامیی شیعری سوارەیی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ناهەمواری کوردستان لە ڕووی کەشوهەوای سیاسی و فەزای کولتوورییەوە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ هێژمونیی شیعری نوێی باشووری کوردستان (پەیوەست بە ڕەوتی ڕوانگە و کفری)، بەتایبەت ڕوانگەییەکان، کە بە توندی شیعری بەرەی پاش سوارەیان خستبووە ژێر سێبەری کارتێکردنی خۆیانەوە، ئەم بەرەیە بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای سیاسی و فەزای کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی دۆخی نالەباری کوردستان (لەو سەردەمەدا) بە زمانێکی ڕەخنەگرانەوە لە ڕێگای شیعرەکانیانەوە دژ بە سیستمی چەوساندنەوەی داگیرکەران و بە دژی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و هەر چەشنە چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەنگیان هەڵبڕی و شیعریان کرد بە چەکێکی کوشندە بۆ بەرگری لە مافە ئینسانی و ئەتنیکییەکان، بەرجەستەکردنەوەی کولتووری مۆدێرنیزم و دیاردە سەلبی و نێگەتیڤەکانی دنیای مۆدێرن لە فەزای شاردا لە تمە سەرەکییەکانی ئەم ڕەوتەیە.

دەتوانین بەرەی سوارە یان بەرەی درێژەپێدەری ڕەوتی سوارە (کە بە بەرەی یەکەمی نوێکەرەوەی شیعری کلاسیکی کوردیش دەناسرێن) لە شاعیرانێک وەکو فاتێح شێخ (چاوە)، عەلی حەسەنیانی و لەم دواییانەشدا جەلال مەلەکشا و قاسم موئییدزادە... تاد ناو ببەین.

(بەرەی دووەمی نوێخوازانی شیعری نوێی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی بەرەی یەکەم لە ڕووی ساخت و فۆرم

و ناوەرۆکەوە بە هەمان شێوازی بەرەی یەکەم بە مەبەستی خولقاندن و دروستکردنی شۆڕش لە فۆرم و ناوەرۆکدا (فرم و محتوا) لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەرکەوت. ئەم بەرەیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنەوە بەهۆی هێژمونیی ئەدەبی باشووری کوردستان راستەوخۆ کەوتە ژێر سێبەری شیعری نوێی ئەو بەشەی کوردستانی باشوور و لە شیعری سوارە دابڕا. لەم نێوانەدا شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و تا رادەیەکیش رەفیق سابیر زۆرترین کارتێکردنیان لەسەر شیعری ئەم بەرەیە هەبووە، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئەم رەوتە دەستی دایە هەندێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لە شیعردا و شۆڕشێکی هەمەلایەنەیان لە رووی پێکهاتەی زمان، ساخت، فۆرم و ناوەرۆکەوە لە شیعری نوێدا دەست پێ کرد و بە دابڕان و پچڕان لە شیعری رابردوو، هاوکات لە قەتیسبوونی شیعری هەشتاکان (لەژێر کاریگەریی رەوتی روانگە و ئەدەبی باشووری کوردستان)، جارێکی تر شیعری کوردییان بە ئاراستەیەکی تر و بە رەهەندێکی تردا گۆڕی و خۆیان لەو قەتیسبوونە رزگار کرد. ئەم رەوتە کە درێژەدەری بەرەی نوێی شیعری کوردین بە وەرگرتنی هەندێ تەکنیک و ژانر و ئامرازی ئەدەبی جیهانی و هاوکات دابڕان لە شیعری لۆکاڵی کەوتنە ژێر کارتێکردنی رێبازی نوێی ئەدەبی جیهانی و بەتایبەت سوورئالیستەکان. بەگشتی دەتوانم بڵێم: پرسیاری رەخنەگرانە لە ئێستا و رابردوو، پێکهێنانی زمانێکی جیاوازتر لەوەی کە لە شیعردا پێشتر باو بوو، داهێنانی نوێ لە رووی تەکنیک و فۆرم و ناوەرۆکەوە لە شیعردا لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزاڤە شیعرییەیە. لە شاعیرانی دەرکەوتووی ئەم رەوتە دەتوانین لە حەمە ساڵح سووزەنی، فەرەیدوون ئەرشەدی، مارف ئاغایی، ژیلا حسەینی، ئازاد رۆستەمی، برایم ئەحمەدی نیا، یوونس رەزایی، کامبیز کەریمی، بێهزاد کوردستانی، ئەیاز خونسیاوشان و... ناو بەرین.

دەتوانین پێگەی ئەم شیعرە بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسکران لە بەیاننامەی رەوتی "داکار"، کە لە ساڵی ١٣٧٦دا لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی ئەم بەرەیەوە دروست ببوو، بدۆزینەوە. ئەم رەوتە لە شیعردا لە سیستمی دەلالەتیدا زۆرتر گرنگی بە مانا و مەفهووم (مدلول) دەدات و کەمتر خۆی بە نیشانەوە (دال) سەرقاڵ دەکات. بەمە دەکرێت بڵێین ئەم رەوتە رەوتێکی ماناگەرا و مەدلوولگەرایە:

**کۆتایی نەوەدەکان و...**

ئێمە لە جوگرافیای شیعری هاوچەرخی ئەم بەشەی کوردستاندا بینەری جۆرێک لە شیعری نوێ بووین، جیاوازتر لە شیعری بەر لە خۆی. ئەگەرچی

پێگەی ئەم شیعرە تا رادەیەک پەیوەستە بە رەوتی پێش خۆیەوە (بەرەی دووەم و سێیەم) و هەندێ لە توخم و رەگەزەکانی شیعری بەر لە خۆیشی هەڵگرتووە، بەڵام ئەم رەوتە کە بە رەوتی بەرەی چوار لە مووزاییکی شیعری مۆدێرنی کوردیدا ناسراوە، لەژێر کاریگەرێتی و کارتێکردنی ئەدەبی جیهانی و شیعری تەرجەمە و فارسیدا شیعری نوێی کوردییان بە ئاراستەیەکی تردا برد و رەهەندێکی تریان دایە شیعری نوێی کوردی. دیدی ئەم رەوتە بە نیسبەتی ئەدەبەوە بەگشتی و بە تایبەتی بە نیسبەتی شیعرەوە دیدێکی پەسامۆدێرنە، نەک پۆست مۆدێرن، چونکە جیاوازیی ئەم دوو چەمکە (پەسامۆدێرن و پۆست مۆدێرن)، ئەوەندەی جیاوازی نێوان سونەت و پەسا سونەتگەراییە نەک سونەت و مۆدێرنیتە. ئەگەرچی لەوانەیە زۆربەی ئەو دەقانەی کە بەم شێوازە دەنووسرێن "پەسا مۆدێرن" بایەخێکی ئەوتۆ بەم جیاوازی و پێکهاتانە نەدەن، بەڵام پۆست مۆدێرن زادەی پەسا مۆدێرنە نە خودی مۆدێرنیزم، چونکە ئێمە لە تیوریسییەنێکی وەکو لیوتار، دلۆز و فۆکۆ کە لە پێشگامانی بەدیاری پۆست مۆدێرنن، بیرمەندێکی وەکو بودریار دەبینین. بەمەوە دەڵێم ئەدەبی ئێمە و بە تایبەتی شیعری ئێمە بە هەموو تازەکردنەوە و ئاڵوگۆڕەکانییەوە ئەدەبێکی پەسا مۆدێرنە. ئەڵبەت ئەگەر ئەم جیاوازییەمان قەبوڵ بێت.

ئەوەی کە دەڵێم دیدی ئەم رەوتە بە نیسبەت شیعرەوە دیدێکی پەسامۆدێرنە، مەبەستم ئەوەیە، هێنانەئارای فەزایەکی کراوە بۆ ماناسازی لە دەقدا و دروستکردنی فەزای پۆلی فۆنی لەناو دەقدا و هاوکات بەکاربردن و هەڵسوکەوتی دووفاقیی لەگەڵ زماندا (زمان وەکو خەسڵەتی خودئیرجاعی)، ئەوەی کە خودی خۆی مەبەستە و لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بۆ شتێکی دیکەش، ئەمانە تێکڕا لە تایبەتمەندیی و تمە سەرەکییەکانی ئەم شیعرەیە، ئەمانەش بەشێکن لە تایبەتمەندیی ئەدەبی پەسامۆدێرن. ئەدەبی پەسامۆدێرن ئەدەبێکە نە سوونەت بە تەواوەتی ستایش دەکات و نە مۆدێرنەش بە تەواوەتی مەحکوم دەکات. لەگەڵ ئەوەدا رەخنەی پەسامۆدێرن رەخنەیەکی رێژەیی و فرەڕەهەندە و بە دیدێکی رێژەییەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت و دیانخوێنێتەوە.

ئەم شیعرە بە وەرگرتن و هەڵگرتنی هەندێ تەکنیکی تازە و ئامرازی نوێی ئەدەبی جیهانی و هاوکات دابڕان لە دەقی رابردوو نەک بە شێوەی رەها (چونکە ئێمە هیچ دەقێک نابینین لە دوائەنجامدا بە شێوەی رەها لە رابردوو دابڕابێت، ئێستا با بانگەشەی دابڕان بە شێوەی رەها لە دەقی رابردوو بکات)، یان با لە هەندێ حاڵەتدا لە رووی ساخت، فۆرم و پێکهاتەی زمانەوە لە رابردوو پچڕابێت،

بەڵام دیسانەوە بە شێوەی نێوان دەقی رەنگە هەندێ رەگەز و توخمی دەقی رابردوو هاتبێتە ناو ئەو دەقە تازەوە، ئەمەش پێچەوانەی خوێندنەوەی هەندێ لەو رەخنەگرانەیە کە پێیان وایە (ئەم شیعرە هیچ پێگەیەکی لەناو جوگرافیای شیعری نوێی کوردیدا نییە و هاوکات هەڵگری هیچ ناسنامەیەکی ئەدەبیش نییە)، پێم وایە وەها لێکدانەوە و خوێندنەوەیەک بۆ ئەم شیعرە نەک لە قەیرانی واتا و بێواتایی دەقەوە دێت، بەڵکو لە نەگەیشتن و دەرک نەکردن بەم شیعرە دێتە ئاراوە. ئەم شیعرە وەکو پێشتر ئاماژەم پێ دا، بە شێوەیەکی دووفاقی لەگەڵ زماندا هەڵسوکەوت دەکات (زمان لەم شیعرەدا لە لایەکەوە خەسڵەتی خودئیرجاعی هەیە بە واتا خودی خۆی مەبەستە)، لە لایەکیشەوە ئاماژەیە بە شتێکی تر بەو مانایەی لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دەرەوەی خۆی. ئەم پەیوەندییەش هەمان دیالکتیکی ناوەوە و دەرەوەیە کە ئادرنۆ باسی دەکات. جگە لەمەش بە دیدێکی تەوسیفی و کارکردییەوە ناڕوانێتە زمان. ئێمە لەم شیعرەدا هیچ تەوسیفێک لە جیهان یان ئایدیایەکی کۆمەڵایەتی نابینین. ئەم شیعرە هەوڵ دەدا زمان لە هەموو تێڕوانینێکی ئامرازییانە لە شیعردا رزگار بکات و زمان لە دەرەوەی دەق بۆ ناو خودی دەق بگێڕێتەوە، ئێستا با بە قازانجی خودی زمانیش نەبێت و زمان تووشی ئانارشیسمییەت بکات. کەڵکەڵەی ئەم شیعرە زیاتر هەڵهاتن و خۆدەربازکردنە لە هەر چەشنە وەڵامێک بۆ پرسێکی مێژوویی، یان نیازێکی کۆمەڵایەتی. بەوەی کە ئەم شیعرە لە ئامرازی نوێی ئەدەبی جیهانی و تەکنیکی سینەمایی و حەجمدان بە فەزای تازە و ماناسازیی لە دەقدا کار دەکات، دەتوانم بڵێم لە رووی سیستمی دەلالەتییەوە زۆرتر گرنگی بە نیشانەناسی و دالەکان دەدات تاکو مانا و مەدلوولەکان. لێرەوە تێڕوانینی ئەم شیعرە بە نیسبەتی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە رووی سیستمی دەلالەتییەوە جیاوازترە لە شیعری بەر لە خۆی کە لە سیستمی دەلالەتیدا زیاتر گرنگی بە مەدلوول و مانا دەدات. لێرەوە پێوەندیی نیشانە (دال) و نیشانەبۆکراو (مەدلوول) لە سیستمی نیشانەناسی (دلالتی) بەرەی دووەم و سێیەمی شیعری نوێی کوردیدا بە قازانجی مانا و مەدلوول تەواو دەبێت، بەڵام لە سیستمی (نیشانەناسیی) بەرەی چواردا بە قازانجی نیشانە، واتە (دال) تەواو دەبێت. یەکێکی تر لە خاڵە هەرە جیاوازەکانی ئەم شیعرە بە نیسبەت شیعری بەر لە خۆیەوە پێناسەی ئەم رەوتەیە بە نیسبەتی شیعرەوە. ئەم رەوتە بە نیسبەت شیعرەوە پێناسەیەکی سەلبی و نیگەتیڤی هەیە، نیگەتیڤ نەک بە مانا ئەخلاقییەکەی، بە مانا فەلسەفییەکەی دەبێتە رەخنەگرتن و ململانێ لەگەڵ ئەمری ئیجابیدا. بابەتی مەنفی لە فەلسەفەی ئادرنۆدا هەمیشە لە پەراوێزدایە و

نابێتە دەسەڵات، بەڵکو بەردەوام دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیار و کێشەی بۆ دروست دەکات و لەگەڵ ئەمرە قودسی و بەها مۆراڵییەکانی سیستمی دەسەڵاتدا، بەوانەشەوە کەکۆمەڵگا دروستیان دەکات، دەکەوێتە ململانێ و بە دیدێکی رەخنەگرانەوە پرسیاریان بۆ دروست دەکات و تەنانەت لە بەڵگەنەویستەکانیش پرسیار دەکات. پێم وایە ئەم تایبەتمەندییانە هەمان ئەو ناسنامەیەن کە شیعری بەرەی چوار بە دوای دەستەبەرکردنییەوەیەتی لە شیعری نوێی کوردیدا. لە شاعیرانی بەرەی چوار و لەو کەسانەی کە بەم شیعرەوە بە جیدی سەرقاڵن دەتوانین لە: رەزا عەلیپوور، کەماڵ ئەمینی،... تاد ناو ببەین.

**سەرچاوەکان:**


١-به سوی زبان شناسی شعر رهیافتی نقش گرا، مهران مهاجر، محمد نبوی، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٦.

٢-هونەری شیعر (شیعرناسی)، ئەرەستوو، و.عەزیز گەردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣-پیش درێمدی بر نڤریه ادبی تری ایگلتون، ت. عباس مخبر، تهران، نشر مرکز، ١٣٦٨.

٤-ادبیات پست مدرن، پیام یزدانجو، نشر مرکز، چاپ اول، ١٣٧٩.

٥-جامعەشناسی پست مدرنیسم، اسکات لش، حسن چاوشیان، نشر مرکز، ١٣٨٣.

٦-فصل نامه فرهنگی، ادبی، اجتماعی زریبار، فایل ادبیات و فرهنگ، ژ ٥٨ و ٥٩، ل٢١٣، ١٣٨٤.

٧-هەمان، ژ ٥٩ و ٥٨، و: ل٢٢٧.

٨-ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٠.

٩-فصلنامه زریبار، فایل "شیعری هاوچەرخی کوردستان".

١٠-هەمان، ژ (٦٨-٦٧)، ل٥١-١٥٣.

١١-خوداندیشی پسا مدرن: هیلاری لاوسن، ت. سینا رویایی، تهران، انتشارات مروارید، ١٣٨٦.

**حەمەی کەریمی**

١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی) لە شاری مەریوان هاتۆتە دنیاوە.

١٣٨٠ هەتاوی (١٩٩٩ی زایینی) لە (زانستگای ئیلاهیات و مەعارفی ئیسلامی) زانکۆ تاران کارناسیی ئیلاهیات و زانستە ئیسلامییەکانی وەرگرتووە و لە سەرەتای هەشتاکاندا دەستی بە چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبی کردووە و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لەوانە: کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەستی داوەتە نووسین و لەگەڵ زۆربەی گۆڤار و بلاڤۆکە خوێندکارییەکاندا، لەوانە: (مەهاباد، روانگە، ئاسۆ، رۆژهەڵات، تریفە، چیا، زرێبار، نیشتمان، سروە و... هتد، لەودیویش رۆژنامەی کوردستان، ئاسۆ و... هتد، کاری کردووە).

-لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٢ی زایینی) تاکو ئێستا لەگەڵ ئەنجومەن و (NGO)کاندا چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبی هەبووە و ئەندامی کارای ناوەندی "رۆنان"ەو لە ساڵی ٨٥ تاکو ٨٧ی هەتاوی (٢٠٠٤ هەتا ٢٠٠٧) بۆ ماوەی ٢ ساڵ نوێنەرایەتیی (کۆمەڵی فەرهەنگی-فێرکاریی) سۆمای لە مەریوان بە ئەستۆ بووە و لەو ماوەیەدا لە مەریوان و گوندەکانی دەوروبەر بە تەدریسی زمانی کوردییەوە خەریک بووە و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینارە کوردییەکاندا خاوەن وتار بووە و تیایاندا بەشدار بووە.

-ساڵی ٢٠١٠ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی "ئاوابوونی ژیان" چاپ و بلاوکردۆتەوە.

# شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت

## مانیفێستی شیعری

سەباح رەنجدەر

بەرلەوەی هۆگری نووسینی شیعر ببم، هۆگرییەکی ڕاستەقینە و هەست گەرمییەکی زۆرم بۆ خودی شیعر لاپەیدا ببوو. توانا سەرەتاییەکانم لە نێوان ڕایەڵەی ئەم دوو هۆگرییەمدا بواری خۆ تاقی کردنەوەی لێ دەخواستم. بەڵی ئەم خواستە بوو بە مەبەست و جێگای بایەخ و وێناکردنی ژیان و دۆخ. من هیچ پرسیارێکم لە شیعر نییە، بەڵام ئەو پرسیاری سەیرسەیری لە من هەیە. وەک ئەوەی خوداوەندیک بم و نهێنی ژیان و مردن و زیندووبوونەوەم لابێت. هەردووکیشمان دەمانەوێت ئەویندارانە و لەخۆبووردووانە لەگەڵ یەکتردا بژین. هەمیشەش خۆم لە ڕووداوی گەرماوگەرم بە دوورگرتووە و چاوەڕوانی خەمڵین بوویمە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوە گەرماوگەرمەکان بەرەنجامی جووڵانەوەی ڕاستەقینەی ژیان و دۆخن.

هیچ فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەک تاسەر و ئەبەدی نییە. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی هێزی بەردەوامن و بەناو پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەخولێنەوە. پاش خەمڵین لە کەنارێکی ئارامدا هەڵوەستە دەکەن و دەگیرسێنەوە. بەنیازی خۆئامادەکردن بۆ دۆخگۆڕینێکی تر پشوویەک بە ئەزموونیان دەدەن.

فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی تر دێن خۆیان لەوان لادەدەن و ڕێگا خۆش دەکەن، دەیکەن بە چالاکی و وشیاری مرۆڤ. وەک ئاو دەماری خاک بێ ویست و ئەنقەست، بگرە وەک شێوە و ڕێکخستن و پێویستییەکانی ژیان دەبڕێت و جێگای ڕەوانتر بۆ ڕۆیشتن و کارایی خۆی دەکاتەوە. ئەوەی پێشتر فڕێ نادات ئەویش دەڕوات تا لە تەنیشت ئەوان ڕابوەستێت، یان هەوڵی گۆڕان و لە ناوبردنیان نادات، بگرە لێ زیاد بوونیان بۆ دەکات و توانا و ئەزموونی پڕشنگدار و درەشاوەتریان دەداتێ.

ئەم ڕیز ڕاوەستانە ئەزموون و تاقی کردنەوەی بەهرە و سرووش و بیر و

بۆچوونی داهێنەرە. لە ئەنجامدا داهێنەرەکان زۆربەیان لە تەنیشت یەک ڕادەوەستن و ڕیزێک پێک دەهێنن. ڕیزی چلچرای داهێنەران. هەوڵم داوە لە ڕیزی چلچرای داهێنەران نزیک ببمەوە. لەم نزیک بوونەوەیەمدا شیعر دادەگیرسێ و هەموومان ملکەچی پڕشنگداری و درەوشانەوەی شیعر دەبین. شیعریش تەنیا لە ڕوانگە و تێڕوانینی کرۆکی جوانییەوە بەها و ئاستداری بۆ دادەندرێت و هەست بە خاوەنەکەی دەکەین.

لە نێوان ئەم دوو مێژووەدا ١٨\١١\١٩٦٥_١٨\١١\٢٠٤٥، کە دراو و داواکراون مێژوویەکی تر نییە، یان هەوڵدان بۆ دروستکردن و قەوارەپێدانی مێژوویەکی لەم بارەیەوە نییە. بگرە وەهمێکی جوان و ناوەندێکی چالاک هەیە. بڕوای بە خۆشبەختی و خەڵاتی خودایی هەیە، دەشیەوێت ئاگر لە خوداوەند بدزێت، پاشان لە پەرجوویەکدا بمێنێتەوە. پەرجووی حەزی ژیان و داهێنان، مانا و بوونی کەسایەتی خۆی تێدا بپارێزیت. زمان ئەو کاتە دەبێتە چالاکی و وشیاری مرۆڤ، کە بمانەوێت لە خۆمان بدوێین، یان ئەونیشانانە بخەینەڕوو، کە دەمانەوێت هەوڵی دەرخستن و شێوەی ڕێکخستنی بدەین. لەم بارەدا زمان مانا و بوونی کەسایەتی نووسەر وەک ڕامانی سەرەکی لەناو خۆیدا بڵاودەکاتەوە و دەپارێزێت. من بە سروشتی ژیانی خۆم حەزم لە تەنیایی و کەمدوویی و کەمێک دوورکەوتنەوەیە لە خەڵک، بەڵام لەمیانی شیعرەکانمەوە چۆڵایی بەرزەین و هەستەکانم پڕکردووە لە خەڵک و ئاژەڵ و گیاندار و پەلەوەر..... تاد.

گونجاوە وەک سیستەمی هەوڵدان تەماشای نوێبەخشی بکەین. ئەنجامی هەر هەوڵدانێک دەبێتە سەرەتای هەوڵدان و دیاردەیەکی تر و دەچێتە ناو چالاکی و وشیاری مرۆڤەوە. زمان چالاکی و وشیاری مرۆڤە و دەنگ و بیرمان دەپارێزێت، لە شیعردا تێگەیشتنێکی نیمچە چین چین و ئاستداری دەهێنێتە گۆڕێ. ئەو تێگەیشتنەی شاعیر بە هۆی زەین و هەستەکانیەوە تێبینی دەکات. لە کردەی بە نووسینکردندا دەبێتە وێنە و ئاسۆ و دووری و پێوەندییەکی فراوان و کاراتر وەردەگرێت و دەگاتە خاڵی گەشەکردنی پێوەندی زەین و هەستەکانی زمان. ئەم خاڵی گەشەکردنە لە پێوەندی زەین و هەستەکانەوە دروست دەبێت و دەخرێتە کار و تاقی کردنەوەدا. لە خرانە کار و تاقی کردنەوەدا زەین و هەستەکان ئاستی بێ ئاگایی زمان دەگوازنەوە بۆ ئاستی بەئاگایی زمان. ئاستی بەئاگایی زمان لە وێنەی بێگەرددا دەردەکەوێت و هەستیاریی دەروونیی وشە دەناسێنێت و هەوڵی خۆدەرخستن و شێوە ڕێکخستن دەدات.

زمان هەمیشە خەوتووە. لە بەکارنەهێنانیدا بێدەنگە. لەکاتی بەکارهێنانیدا بەخەبەردێت و دەبێتە دەنگی دلێر، یان دەنگی ڕاگەیاندراو. جا چ لەباری مانا و پەیامداریدابێت، یان لەباری دەربڕین لەکرۆکی جوانی و وێنەی بێگەرددا.

وێنەی بێگەرد ئەو هەلومەرج و بوارە دیاری دەکات، کە زەین و هەستەکان تێبینیان کردووە و دەروون ڕوون دەکاتەوە. دەروون بەوەی چەق و کانگەی کۆکەرەوەی زەین و هەستەکانە و بە شێوەی بازنەیی زەین و هەستەکان دەخاتە بەکارهێنان و ستوونی دێتە خوارەوە، بۆ خۆدەرخستن و شێوەی ڕێکخسنی سوود لە فۆرم و شێواز و زمان و نوێبەخشی وەردەگرێت.

فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی پێنج هێڵی سەرەکین، پێکەوە دەڕۆن و تێکەڵ بە شیعرییەت دەبن و هێزی خۆیان لە دوا خاڵی باش بەکارهێنانیاندا گەڵاڵە دەکەن. مووچڕک و سەرسامییە جیاوازەکان یەکلا دەکەنەوە. لە نێوان مووچڕک و سەرسامییە جیاوازەکاندا جۆرە نهێنییەک هەیە لە شیعرییەتدا بەدەردەکەوێت و ئاسۆ و دووریی خۆی وەردەگرێت. لە شیعردا ناکرێت بەشێوەیەکی مێژوویی و لە ڕەوتی مێژووییدا سەیری زمان بکەین. زمان بەرهەمی تاکی بەکارهێنەرە. واتا بەرهەمی تەواوی شاعیرە لە بەکارهێناندا. لە بەکارهێناندا داهێنەر تەواوی هێزی زمان دەکاتە هی خۆی.

لە سەرەتا و کۆتایی و هێڵ و هێمایدا، شیعر ئاراستە و پرسیارێکی زمانەوانییە. خوێنەر لەو سەرسووڕمان و سەرسامیانەدا نیشتەجێ و سەرگەردانە، کە زمان وەک فۆرمێک دابینی دەکات، یان وەک ڕووداوێک ئەنجامی دەدات و دەیهێنێتە بەرزەین و هەستەکانەوە. لەم بارەدا زمان بە پێی وێنە لە جووڵە و کاری خۆیدا دەبێت و وریایی و ئەمەکداری خۆی ڕادەگەیەنێت. ئەم ڕاگەیاندنەش پەیوەستە بە دۆزینەوەی هێزی وشە لە ئەزموونی زمانەوانیدا، یان ناسینەوەی تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیان لە فۆرمی زماندا.

سەروا و ئاوازی ئاخاوتن دەسەڵاتی شیعرییەت دەداتە خوێنەر و ئاسۆ و دوورییەکی سەربەخۆ بۆ ڕوانین و لێکدانەوەی بەرهەم دەهێنێت. ئەم جێگای سەرنجەش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسیقاداریی زمان لە ئاخاوتن و نووسیندا. زۆرجار مۆسیقای دەق وا لە خوێنەر دەکات دیدگای بگۆڕێت. لە دیدگایەکی دیاریکراو و داخراودا بۆ ڕۆمانسیەتی هەستی و نەرمونیان و کراوە. ئەم دۆخگۆڕینە ئەنجامی مۆسیقا و نەرمونیانیی زمانە. پێکهاتەی زمانی کوردی گونجاوە بۆ ئەم دۆخگۆڕینە، تەنیاش داهێنەران دەتوانن باری ئەم دۆخگۆڕینە لەباری کەشوهەوایەکی تەندرووستدا بدۆزنەوە و لە کارایی و کردەییدا ئاشکرای بکەن.

ئەشق و هەست و بڕواداری و گەڕانەوە بۆ ناو ژیانی خێزان و بنەماڵە، سرووش و بەهرە و سەرچاوە و هەست گەرمی ئەم ئەزموونەمن و بە ناوەند گیراون. ئەزموونێکی تەواو خۆماڵی و خودییە. جێگا بۆ ئارامی و بەختەوەری دەدۆزێتەوە. فەرهەنگی وشە و دانەپەیڤیشی تاڕادەیەک سنووردارن، لە سادەترین بەکارهێنانیاندا قووڵ دەبنەوە و کرۆک پێشان دەدەن. واتا زمان لە کرۆکیجوانی و مۆسیقایدا جێبەجێ دەبێت، یان

له هەر دووبارەبوونەوەیەکدا زمان له کرۆکی جوانی و مۆسیقایدا دەدۆزرێتەوە و بەنهێنی و ئەفسوونێکی تر لەناو زەین و هەستەکانی شاعیردا دەخەملێ و خۆی ئاشکرا دەکاتەوە. زمانێک له ناخی شاعیردا ڕسکاوە و خۆی ڕاهێناوە و له پلەیەکی پێویستدا پێگەییوە، شتە دووبارەبووەوەکان دەخولقێنێتەوە و پێوەندییەکی زەینی و هەستی لەگەڵ خوێنەر پێکدەهێنێت و خوێنەری خۆی، کە تایبەتن و پێوەندی زەینی و هەستی و لەگەڵدا بەتینن هەڵدەبژێرێت.

له بنەڕەتدا ئەم ئەزموونە دە دەقی ئاستدارە، هەردەقەی دە جار خۆی دووبارە دەکاتەوە. خوێنەر دەتوانێت دە دەقە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوە و ئەوانی تر بەچێژی دووبارەبوونەوە، یان بە هونەری دووبارەبوونەوە بخوێنێتەوە. ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە دەبێتە شوێنی تێبینی له دایک بوونەوەی چێژ و هونەر و بیرۆکەکان. دەقە دووبارەبووەکانم له دوای یەکدا ڕیزبەندی نەکردوون. وەک ئامانج و مەبەست تێکەڵاو و سەرەوژێرم کردوون. له دووبارەبوونەوەشیاندا له مانای ڕاستەقینەی پێشتریاندا نامێننەوە.

هونەری کارپێکردنی دووبارەبوونەوە زۆرتر له سینەمادا کاری پێکراوە. فیلمێک دەبینین وێنەیەکی سەرەکی پێکهاتە و هەڵسووڕێنەری تەواوی فیلمەکەیە، بەجۆری جیاواز جیاواز دووبارە دەبێتەوە. له هەندێک گرتەدا گفتوگۆیەکی لاوەکی دێتە ناوەوە و بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە بابەتی سەرەکی و وزە و تینی چاوی بینەر وەک فریودانێکی هونەری تەواو بۆ خۆی ڕادەکێشێت و وەری دەگرێت. له هەندێک گرتەی تردا ڕووناکی جێگای گفتوگۆیە لاوەکییەکە دەگرێتەوە و دۆخ دەگۆڕێت و دۆخ ئامادە دەکاتەوە. دەرهێنەر دیدگای تایبەت و دیاریکراو بۆ هونەری دووبارەکردنەوە بەکاردەهێنێت. وەک یاریکردن بە ڕووناکی و جێگۆڕکێکردن و بڕینی گرتە و مۆنتاژ.

لەم خۆ دەستنیشان کردنەدا لای من هەموو شتێک بەو فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەوە دەست پێدەکات، کە له دوا دەقمدا بەکارم هێناون و هەوڵم داوە بیانخەملێنم. فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان ئاسۆ و دووری بەدیهێنەری دەقن. ئاسۆ و دوورییەکی خەملێن هەیە شاعیر خۆیەتی. ئاسۆ و دووری بەدیهێنەر، ملکەچی ئاسۆ و دووری خەملێن دەبێت.

له دوا خاڵدا له خۆدوان ڕەنگە هەم سوودی هەبێ و هەم زیان. هەم چالاک کردنی زەین و هەستەکان بێت، هەمیش پەککستنی زەین و هەستەکان.

ئەیلوولی ٢٠١٣ هەولێر

**تێبینی:**

ئەم مانیفێستە وەک پێشەکی بۆ کۆ شیعری (حەزدەکەم ئەوندە بژیم) نووسراوە.

# هێشتا زریانێکی تر هەڵی نەکردووە



ئەدیب نادر

(من ئەو مرۆڤە بە شاعیر لە قەڵەم دەدەم کە بتوانێت گۆڕانکارییەکی قووڵ لە دنیادا بێنێتە دی).

هێنری میلەر-کتێبی: رامبۆ و چاخی بکوژان

جۆگەلەم دی زۆر ماندوو بوو،
کەفی وشکی سەر لێوی خۆی بە دەس سڕی و بۆی باسکردم: ...

رەنگە قۆزتنەوەیەکی دیکەی ساتە بەراییەکانی نووسین هەروا سانا نەبێت، بەڵکو زۆریش دژوار و ئەستەم بێت. بێ گومان، ئەو ساتە لە مێژین و فرە بەراییانەی کە شیعر تازە لە کێڵگەکانی ناخمدا چەکەرەی دەبەست. ئەو ساتانە! نیوەی دووەمی حەفتاکان بوو، خولیای نووسین کەڵکەڵەی لە خشتە بردم، بە شێوەیەکی جیدی پەییم بەوە برد کە وەکو چارەنووس ئاتاجێکی پەیگیرم بە

نووسین هەیە، چونکە شتەکان تێدەپەڕن و بیر دەچنەوە، نووسینیش، جۆرێکە لە ڕەتکردنەوەی ئەو حاڵەتە نەویستراوە، داننانیشە بە گرنگی و پێداگری بە بەڵگەنامەکردن و دۆکیومێنتکردنی حاڵەتە مرۆییەکان... لەو سەروبەندە شپرزە و پڕاوپڕ لە شڵەژان و نیگەرانی و هەراوهوریای هێنانەدی خود بوو، کە شیعر بوو بە میکانیزمێکی بێهاوتا بۆ هێنانەدی ئەم خودە بەتاسەیەی هەبوون. ئەمە دەستپێک بوو، بەڵام نەک بەم روونیی و بێ تەمومژییەی کە ئێستا وشە تابیری لێ دەداتەوە، ئەمە دەستپێک بوو، لە داهێنانەکانی نەوەی پێشوویشدا سەنگوسووژی شتێکم دەکرد، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانم ئەو شتە چییە، دیارە دواتر دەرکم کرد کە بە دوای ستایلێکی دیدا عەودال بووم، ستایلێک ریاڵیتیی بە نووسینێکی جیاواز ببەخشێت، ئیتر لەوساوە ئەم سۆراخکردنە بەردەوامە ئەزموونێکی پەیدەرپەیە و پانتایی لاپەڕەکانم پاوان دەکەن. ئەمە ئەو جوگرافیایە بوو کە دەمویست تێیدا دەنگ و ڕەنگ بە خۆم بدەم و تۆ لە بۆتەی زەمەنەکەیدا دەرکەوتیت و ئاشنات بووم... ئیتر دەستبەجێ منت لە نەخشەی شیعری پێشووتر دوورخستەوە، یان باشتر وایە بڵێم: شیعری تۆ ئەو هەستەی پێدام کە بەر لە تۆ شیعر نەبووە و منیش تازە لە ڕێگای تۆوە ئەم هونەرەم کەشفکرد... ئاخر بەڕاستیی شتێکی کفرئامێزم نەگوتووە ئەگەر بڵێم: کە کتێبی "رامبۆ و چاخی بکوژان" دەخوێنمەوە، بێگومان هاوشێوەییەکی بێڕادەی ئەو قسانەی میلەر دەربارەی ئەزموونی رامبۆ دەیانکات، لە ئەزموون و بەرهەمی شیعریی تۆیشدا دەیانبینمەوە... با نەختێک وردتر بۆی بچم، بەڕاستیی گۆڕانکارییە مرۆییەکانی من لە شیعری (شەوانی باران)ەوە پتر دەرکەوتن و بە شێوەیەکی جیدی تر ئاشنای شیعری هونەریی راستەقینەی پڕ مانا مرۆییەکان بووم:

**وا شەو داهات، چراش خامۆش، مەل کۆچی کرد،**

**بەفری ناوەخت، دەشتی دڵی دڵدارێکی سەرانسەر گرت، وا شەو داهات...**

دیارە نەک هەر من، بەڵکو تەواوی ئاواڵەکانی ئەو سەردەمەی (شەقامی جمهووری)م لە من کەمتر بە شیعرەکانت کارتێکراو نەبوون، بەڵام ئالوودەبوونی من و هەردوو برای شاعیرم (ئازاد ئەحمەد و کەریم پەڕەنگ)- ئەگەر ستەمێکی بچووک لە هاوڕێیانی تری شەقامی جمهووریم بکەم- بە وێردکردنی (زریان) لە پیاسە دوورودرێژەکانماندا و ماندوونەناسیمان لە باسکردنی قەسیدەی (خواکەی غەریبان)خۆی لە بێکۆتایی دەدا، دیارە (کەریم پەڕەنگ) بەر لە ئێمە کەوتبووە سەر هێڵەکەی تۆ و شێوەی نووسینت زووتر لە شیعرەکانیدا شیرازەی بونیادی

خۆی دۆزیبووەوە- هەر بۆ نموونە بڕوانە شیعری دارپرتەقاڵ و شیعری خەونێک لە رەشماڵەکەی زەرێ دا-، بەڵام ئازادیشت بە دنیایەکی شیعریی دیکە ئاشنا کرد، کە وشە تێیدا نرخی راستەقینەی خۆی پێ دەدرا و لە بونیادێکی تۆکمە بەولاوەی قبووڵ نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر چاوێک بە کۆشیعری (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ)ی بکەیت چەند چامەیەکی کۆتایی نەبێت، ئەگینا سەر و شکڵی تۆ لە ئاوێنەی چامەکانیدا بە ئاشکرایی بەدیار دەکەوێت و لە راستییشدا کەوتنە ژێر کارکردی ئەو چەکامەیە و تەواوی کۆشیعرەکە و راستگۆیی و رەسەنایەتی ئەو ئەزموونە شیعرییە دانسقەیە وای لێکردین پەیدەرپەی لەبارەیەوە بدوێین و هەرگیز لەگەڵ وەڕس بوون دەستەویەخە نەبین:

**سوار نەیتوانی کەلی هونەر بەتاو ببڕێ با دابەزێ**

**کزەبای شمشاڵی شوانێ گەر نەیتوانی هەوری ئاخی**

**لادێییەکان لەناو چاوا کۆکاتەوە و بیبارێنێ**

**با ئیتر لێوی لێک بنێ...**

ئیتر ئەو منداڵە نەمام کە لە دەوروبەری زۆپای ماڵەکەمان لەگەڵ خوشک و براکانم جەم دەبووین و دایکم، یان باوکم، یان نەنکە خانمم فەزا زستانییەکانیان لە چیرۆکی فەنتازی و ئەفسانە سەیرەکان لێوڕێژ دەکردم و بە تەونی وشەکانەوە دەبووم بە نێچیری جاڵجاڵۆکەی حەکایەتەکان و تاهەتایە کەمەندکێش دەبووم و چەشنی موگناتیس رایاندەکێشام، کەچی شیعر ئەو شەوچەرانەی بۆ خۆی رفاند و جێگای شتەکانی تری گرتەوە، یان بوو بە بۆتە بۆ هەموو شتەکانی تر. ئێستایش دێتەوە یادم، هەروەکو ئەوەی دوێنێ بێت، ماوەیەک بوو ریکلام بۆ (زریان) کرابوو، ئێمەی هاوڕێیانی شەقامی جمهووری، هەموو نرخی کتێبەکەمان بە کاک (جەبار)ی خاوەنی کتێبخانەی (ئاسۆ) دابوو، پسووڵەی مڵکایەتیشمان وەرگرتبوو، چاوەڕوان بووین. رۆژێک کاک (جەبار) بە ئیشارەت بانگی کردمە لای خۆی و لەژێر کاونتەرەکەی بەردەمی کە بە رۆژنامە و گۆڤار و جۆرەها کتێب قانگدرا بوو، کتێبێکی بچکۆلانەی دەرهێنا و بە گاڵتەوە وتی: ئەم کتێبەت ناوێ؟ منیش کە تیشکۆم وردتر خستە سەری و بەرچاوم نێت بووەوە، دەتگۆ سندیبادێکم و خۆم بۆ گەشتێکی تر ئامادە کردووە، ئومێدێکی سەیر گەشاندمییەوە، وەکو ئەوەی هەناسە بە بەر خنکاوێکدا بکەیت، دەتگوت قەباڵەی دنیایان پێبەخشیووم! بە راستیی پەساپۆرتێک بوو بۆ دنیایەکی دیکە رەوایەتی بە چوونم دەدا. ئیتر یەکسەر بە هەڵەداوان قۆزتمەوە و لەناو ئەو قامکانەمدا داڵدەم پێبەخشین کە ئەو ساتە مۆجیزەوارانە هەموو هەستەکانیان تێدا کۆبووەوە،

نیگاکانم سەرجەم وەکو گۆزەڵە بەناو قشتییەکەیدا شۆڕبوونەوە و پاراوییان ئاوێتەی ناخم کرد. ئیدی نازانم ئەو چرکەساتانە چۆن شەقامی جمهووری دەیتوانی بمگرێتە خۆی! خوا خوام بوو هەنگاوە خرۆشاوەکان رۆیشتنەوەم دابین بکەن، وەک بڵێیت رووت و قووت بم، یان نهێنییەکی ئاشکراکراو بم، هەستێکی وام لە لادا رسکا، دەمویست زووتر تاریک دابێت تا بقووچێنم و لە تەواوی روانینە سەیرەکانی شەقام خۆ راپسکێنم... نیگەرانیی بینینی کرچوکاڵیی و پێنەگەیشتنی خۆم لە ئاوێنەی ئەو پەرتووکە کامڵەدا باوکی ئەو شپرزەییە بوو. ئیتر دەمەو ئێوارەیەکی نیمچە درەنگ، رامبۆ وتەنی: ئێوارەیەکی بچووکی مەستی پیرۆز... کە دونیایش تۆزێک مەیلە و ساردی کردبوو، دەرگای حەوشەکەمانم کردەوە، دەنگی رادیۆکەی باوکم گوێچکەی سمیم، ئۆخەیەک بە گیانمدا هات، چونکە ئەو بادان و خشەخش لێوە هاتنەی بۆ توند و تیژییەکەی ئەو هێمنکەرەوە بوو. ئەو کتێبانەی کە خۆیان لە بن هەنگڵمدا دەشاردەوە، لە پشت دارژاڵەکەماندا حەشارم دان، نەبا لە کاتی چوونە ژوورەوە لەگەڵ باوکمدا لەسەر کتێب کڕین وەک هەموو جارەکانی دی ببێتە بەزم و دەمەقاڵەمان، بێ قرە و سەرکز چوومە ژوورەوە، باوکم تێبینیی کردم و خۆی هەر بە ڤۆڵیوومی رادیۆکەیەوە سەرقاڵ و بەردەوام کردەوە، پەیدەرپەیش شەپۆلەکانی دەگۆڕی... قەدەرێکی پێ چوو ئیدی وەنەوز دڕنی بە چاوەکانی دا و پرخە پرخەکەی بە گوێی کەڕی ئەتمۆسفیر و هاماجەکەمانەوە بوو بە چلچرا و... دەروم لێکرایەوە، پشیلەیەک چۆن منەی چۆلەکەی سەردارێک دەکات و بە ئەسپایی بۆی دەکشێت، بەرەو دارژاڵەکە چووم و کتێبەکانم بن هەنگڵ کرد و بە هێواشییەکی زیادەڕۆوە هاتمەوە ژووریَ. جاریَ نازانم ماوەی چەنێک خشپیلەیی (زریان) بە شەوارەی خستم، ئینجا ئەو بەرگ و خەتە نایابەی (محەمەد زادە)ی خۆشنووس چەنێک سەرنجیان راکێشام و واقیان وڕ هێنام، پاشان... ئەو شەوە، دەڵێی هێشتایش هەر بەسەر نەچووە، لە نزیک زۆپاکەوە دانیشتم، دایکم، لە قۆری و کتلییەکە هەرەمێکی دروست کردبوو لەسەر زۆپاکە دایینابوو، کوڵە کوڵ و دەنگی میکانیکییانەی هەڵم و رەنگی یاقووتیی ئاگر و بۆنی ئەو چاییە هێلدارە دەمکێشاوە و ئەو هەست بە رچین کردن و بێدەنگییە بە ترس ئالوودە شەوانەیەی دەرەوە دەیبەخشییە هەستەکان و دونیای تایبەتمەندی نێو شیعرەکان بە شێوەیەک دەستەویەخەم ببوون وەک بڵێیت لە خەونێکی دانسقە، یان ئایندەیەکی دانسقەدا پیاسە دەکەم و ئەو شتانەی کە لە ژیاندا خواستوومن بۆم هاتوونەتەدی..لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو قەسیدانە و وردبوونەوە لەو هونەرە باڵایەی لە خۆیانی دەگرن، دەمودەست هەستم بەوە کرد

ئیـــستێتیکایەکی بێوێنە و زمانێکی تابڵێی تازە و چڕوپڕ و ئێلیمێنتی گێڕانەوەی تایبەت و ستراکتۆری بابەت ئامادەییەکی بەرهەستیان هەبوو، لەگەڵ ئەتمۆسفیر و فەزای تایبەتمەندی شیعریی لە یەک بۆتەدا تێکەڵ دەبوون و فۆرمێک دروست دەبوو هەر تەنها ناوەرۆکی نەدەڕازاندەوە، بەڵکو دەیئافراند و پێکەوە جوانی و بەهایەکی مرۆیی باڵایان پێشکەش دەکرد. دیارە جگە لەو شەوە، تا ئێستا گەلێک شەو لەو ئەتمۆسفیرەدا خۆم بە تاڵە نایابەکانی گزنگەوە هەڵواسیوە، کە شیعر لە سرووشت جوانتر دەیانهێنێتە ئاراوە و قەڵەمڕەوی بێداریی تا ئەبەدییەتێکی ڕەنگاوڕەنگ پەلکێشی دوای خۆی کردووم.

دیارە پێش(زریان) شیعرم هەروەکو شیعر دەخوێندەوە و هیچی تر، ئاوەزم تەماوی و لێڵ بوو بەرانبەری، زۆرجار تەنانەت دەموت شیعرە شیعرە و نابێ لە خۆی زیاتر بە هیچ شتێکی تر بار بکرێت، بەڵام پاشان شتەکان گۆڕانکارییان بەخۆوە دیت، ئیدی خوێندنەوە ڕەهەندی دیکەیشی وەردەگرت، لەوانە مانا هەڵهێنجان و پەیام گەیاندن و خوڵقاندنی کۆمەڵێک بەهای جیاواز و تازە و... نەک هەر وەکو خوێندنەوە، وەکو نووسینیش فێری ئەوە بووم جڵەو بۆ شیعر خۆی بەرهەڵدا بکەم و بمەوێت ببێتە کوڕی هەموو سەردەمەکان و لە نۆستالژییایشی دوور بخەمەوە، بۆ ئەوەی تایبەتمەندێتی و ڕەسەنێتی دەستەبەر بکات و خاوەن ئەتمۆسفیر و فەزای خۆی بێت، چونکە لەڕاستییدا لە دژوارترین ساتەوەختەکانی پرۆسەی نووسیندا شیعر خۆی سەرپشکە و پێم دەڵێت چی بکەم و پەی بەوەیش دەبەم کە شیعر توانای ئەوەی هەیە وا لە مرۆڤ بکات کارەساتەکان لە قەبارەی خۆیان بچووکتر ببینێت و بتوانێت لەگەڵیاندا بەردەوامیی بە ژیان بدات، لە هەوڵی جوانکردنیدا بێت. لەمانەیش بترازێت شیعر پێویستە گشتگیرانە و یونیڤێرساڵانە بیر بکاتەوە، بکەوێتە دەرەوەی قۆناغ و مەرحەلەوە، بە واتا مەرحەلی نەبێت و کوڕی هەموو سەردەمەکان بێت، یان هەروەکو ڕێنێ شار ئاماژەی پێ دەدات هەر تەنها کە زەمان تێک دەشکێنین، دەتوانین بەردەوام بوون دەستەبەر بکەین، تەنها ئەو کاتەیش وا دەبێت کە بتوانێت چرکەساتە هیوومانییەکان چڕ و بەرجەستە بکات و نەخشەی ویژدان و ئاگایی ئادەمیزاد تۆخبکاتەوە و لە ڕەوینەوە بیپارێزێت.

پاش(زریان)بوو کە هەستم کرد شیعر پێویستە دەرچوون بێت لە بەها داهێزراو و پواوەکانی پێشتر، دەرک کردن بێت بە کۆی جووڵانەوەکانی ناوەرۆکی ئاڵۆزی زەین و هەست- یانی ئەو وێنەیەی کە پێشتر دەیتوانی ناوەرۆکێکی سەرەتایی بەرجەستە بکات، ئێستا ئیدی ناتوانێت داواکارییەکانی دنیابینیی

ئەم سەردەمە زیندوو بکاتەوە، بۆیە تازەگەریی بوو بە پێداویستییەکی پەیگیر بۆگوزارشتکردن لە سەروبەندێکی دیکە و جودا لەوەی پێشووتر. هەنووکە نووسینی شیعر وەکو گەیاندنی پەیامێکی شێوە یەزدانیی وایە و هاوتایە لەگەڵ نووسینی نامەیەکی گیانیی، بەڵام بۆ کەسێک کە لە خۆم گەلێک خۆشەویستترە، جگە لەوە یادداشتکردنێکی هەستە تێپەڕ و گوزەرکردووەکان نییە، بەڵکو ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە. پاش ئەوە بوو کە وێستگەیەکی تر دەستی پێکرد، وێستگەی ئەوەی کە شیعر دەبێ چی بگەیەنێت، کە شیعر دەبێ چیم پێ ببەخشێت، چۆن دەبێ خاوەنی ستراکتۆر و بونیادی پتەو و تۆکمە بێت و فۆرم و ساختومانێکی مەحکەم و جێگیر بگرێتە خۆو بە شێوەیەکی نوێ زوبان بەکاربەرێت، کە خوێنەر بخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی هەستی ئەوەی لەلادا بڕسکێت کە ئەمە ئەو زوبانە هاوبەشە نییە کە ئەوانی دی بەکاریان هێناوە و مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و لەڕاستییشدا دەرچوونە لە ئاسایی بوون و نادژەباو و دەستبەردانە لەو شتانەی کە پێشوەخت پێی دەستەمۆ بووینە. دانانێکی نوێی ڕووداوەکانە و دید و بەرجەستەکردنێکی تازەی ئەو ژیانەیە کە تەماسمان لەگەڵیدا هەیە... لەوانەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان (زریان) ویستبێتی بەدەر لە شێوە تیۆرییانەکەی و بە شێوەیەکی پراکتیکییانە ئەمانەم پێ بڵێت، یانی لە ڕێگای نووسینی شیعرەوە ئەو پەیامەمان پێ رادەگەیەنێت. ئەمە ئاوەها... کاتێک کە پشتم لە شاریش کرد، هەر تەنها دوو شتم لەگەڵ خۆمدا برد، ئەویش (زریان) و پەڕاوی بچکۆلانەی شیعرە بەراییەکانی خۆم، کە زوو زوو دەمنووسین و هەمیشەیش دووچاری شەرمیان دەکردم کە دەبوونە ماتێریاڵێک بۆ بەراوردکردن لەگەڵ بەرهەمی جوانی ئەو سەروبەندەدا، بەڵام ئیتر دەربازبوونم شک نەدەبرد، چونکە نووسین ببووە شێوازی ژیان و نەدەکرا لێی جودا ببمەوە، بۆیە کە بە دڵشکاویش ئەودیو سنوورم کرد بە ئاڕاستەم، دەفتەرە شەرمنەکەی خۆمم بۆ(کەرکووک) ناردەوە و (زریان)م پێبەپێ لەگەڵ خۆمدا برد، وەلێ موخابن لەو ڕێگاوبانە بە کارەسات تەنراو و بێبەزەییانەی ئەو دەڤەرەی کە ئاگری جەنگ تێیدا نێڵە نێڵی بوو، دەتوت قامچین بەسەر ڕۆحی بێنەوای مندا فیشکەیان دێت، کاتێک کە دوور دەکەوتمەوە بۆ ئەوەی ئێگسیل و تاراوگە بکەم بە نەوا بۆ ڕۆحە سەراسیمەکەم، ئەشکەنجەی بێهاوتا و بێڕادەیان دەدام:

**ئەو غەریبەی کەژ و دەشت و جۆگە و چەم و**
**دارستانی وڵاتەکەی**
**لەناو دڵیا هەڵئەگرێت و**

**شەوان... شەوان تا بەربەیان**

**بە یادیەوە ئەتلێتەوە**

**ئەگەر هات و خەوی بینی... چی ئەبینێ؟!**

لەوێ... لە پەلەپڕووزێ و شپرزەیی خۆدەربازکردن لەو جوگرافیا دۆزەخییە و تۆپبارانەکانی سەر سنوور، سنووری قەتپاڵ زینۆی سوور، لەژێر دوو دار گوێژ، کە لەگەڵ چەند ئاوەڵێکی تردا منەی خۆپاراستن و تۆزقاڵێک حەسانەوەمان دەکرد(زریان)م لێ بەجێما، لەبەر ئەوەیش کە دەتگۆ جەوهەر "ئێسێنسی" دونیام ونکردووە، لە ئۆردووگای کەرەج، دانەسەکنیم هەتا نووسخەیەکی چاپەکەی سەییدیانم وەچنگ هێنا و لەپاڵ کۆشیعری (تولدی دیگر)ی فرۆغی فەرەخزاددا ئەو سێ ساڵەی ئەوێ سەرومڕ ئامادەییان لە ژیانمدا هەبوو. لێرەیش لە لەندەن کە ناوبەناو جێسەقاممە بە جزوبەندیی پارێزگارییان لێدەکەم و بە تام و چێژەوە دەگەڕێمەوە سەریان، چونکە هەمیشە وردەکاری ساڵانی حەفتاکانم دەورووژێنن و نۆستالژیا و تاسەم پاراو دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٦یشدا، کە کۆشیعرە بچکۆلەکەی خۆم (کۆچی بێ وادە)م بڵاوکردەوە، کە بریتی بوو لە بیست و دوو قەسیدە و لە نێوانی ئۆردووگای کەرەج و تاران و زیندانی قەسردا نووسرابوون، هەوڵێکی سەرشەقانەی تاقەتپڕووکێنم دا، دەکرێ ناوی شتێکی مەیلە و شێتانەی لێ بنێم هەتا ئادرێسەکەی رووسیاتم دۆزییەوە، بەڵام چۆن یارای ئەوەم کرد دانەیەکت بۆ رەوانە بکەم قەت لێم مەپرسە! بێ حەد و سنووریش خۆشحاڵ بووم کە تۆ بەو ئەنگوستانەی (زریان)ت پێ نووسیون دەیانگریت و لەوانەیە بیانخوێنیتەوە!! و کتوپڕیش پەی بەوە دەبەیت کە لە هەموو شاعیرێک پتر لە ئەزموونی خۆتەوە لە دەریا و کایەی شیعردا فێری مانۆڕکردن و مەلەکردن بوومە و لە سەرجەم شاعیرانی ئەو سەروبەندەیش لە بـزاڤی (ڕوانگە)وە بە دوور دەتبینم و ئەمەیش نەک هەر جێی سەرسووڕمان و حەپەسانە، بەڵکو ورووژێنەری کۆمەڵێک پرسیاری تا ئێستا بێ وەڵامیشە... چونکە (روانگە) دەنگی بە گەلێک شاعیر بەخشی، کەچی هیچی بۆ تۆ نەکرد، لەبەرئەوەی رێچکە و لەڕاستییدا دەنگی تایبەتمەند و دانسقەی خۆت بەردەستەکردبوو، جورئەتی ئەوەیش دەکەم بڵێم زمانەکەیشت! دوور و نزیک، کەم و زۆر، کارکردی لەسەر سەرپاکی روانگەییەکاندا بەجێهێشت. جا با بێمەوە سەر کۆشیعرە بێنازەکەی خۆم، چاوەڕوانیی ئەوەی کە وەڵامێکم لە لایەن تۆوە بۆ بێت زۆر درێژەی کێشا، وەلێ من ئەفسووسی ساڵانێکی دووورودرێژم هەر هەڵگرتبوو، بەڵام پاش بیست ساڵ کە گەڕامەوە، رۆژێک لە سلێمانی سەردانی چەند برادەرێکم دەکرد، کە

برای هونەرمەند "کامەران شەوقی"م بینی، دەمێک بوو لەگەڵ ئەویشدا دیمانەی یەکمان نەکردبوو، زۆر سەیر بوو، هەر پاش سڵاو، گوتی: دەزانی کاک "ئەنوەر قادر محەمەد" بەردەوام هەواڵت دەپرسێت و دەڵێت ئەرێ ئەو کوڕە شاعیرە چی بەسەرهات؟ ئەوسا ئیدی دەرکم بەوە کرد کە من بیست ساڵ بە هەوانتە و بێهوودە چاوەڕوانییم نەکێشاوە... ئیتر تەنها ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە شاعیرگەلێکی زۆر هەن هەتا ئەمڕۆیش لە نووسین بەردەوامن، وەلێ ئەگەر بە گوێرەی ساڵەکانی نووسینیان کێرڤی شیعرییان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەوا لە هێڵێکی راست پتر شتێکی دی بەدی ناکەین، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو هێڵە روو لە خوارەوە نەبووبێت، کەچی بەخششی (زریان)ەکەی تۆ لەناو رەوت و بزووتنەوەی شیعریماندا بەرجەستەیە و بەو سۆنگەیەشەوە بێگومان دنیای شیعرمان لە جارانی زۆر جوانترە... دیارە لە راستییش لام نەداوە ئەگەر قسەکەی (هێنری میلەر) دەربارەی "رامبۆ" وا هەڵبشێلمەوە و بڵێم: کەم تا زۆر هەموو شاعیرانی ئەوسا و رەنگە ئێستایش بە ئەزموونەکەت کارتێکراوبن، بە دڵنیایی و یەقینیشەوە دەکرێ ئەوە بوترێ کە شیعری هاوچەرخمان قەرزارباری ئەم ئەزموونەتە... کە دەیشڵێم هێشتا زریانێکی تر هەڵی نەکردووە، بۆ ئەوەی بە هەڵە ئەم تایتڵە نەخوێنرێتەوە، مەبەستم ئەو کاریگەرییە بەردەوامەی ئەزموونەکەتە لە تانوپۆی ستراکتۆر و شیعرییەتی زمانی شیعردا، چونکە ئەزموونی دانسقە هەبووە و هەر هەیشە، بەڵام کاریگەرییەکی کاتییان لەخۆ گرتووە و وەکو گوڵەئەستێرە زوو بە زوو لە فەزاکە دەڕەونەوە و شیعری تۆیش هەر بەردەوامیی بەزیندوویێتی خۆی دەدات.

تەمووزی ٢٠١٣: لەندەن

# دۆستۆیفسکی
# و
# مرۆڤە ونبووەکانی سیبریا




نەجات نوری

(هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ دان بە تاوان و گوناحی خۆیدا بنێ، ئەوە کەمە، زۆر کەمە... بەڵکو دەبێ ئەو تاوان و گوناحە لە خۆیدا ریشەکێش بکات، ئەمەش وەختی دەوێ زوو بە زوو نایەتەدی).

بەر لە هەمووشتێک ئەوەی لە کتێبی (یادگارییەکانی خانەی مردووان)ی دۆستۆیفسکی-دا پێی دەگەین، ئەو حاڵەتە سەرسامکەرەیە کە دواجار خوێنەران والێدەکات بەزەی بە پیاوکوژان و دز و رێگرەکاندا بێتەوە کە لە گرتووخانەکاندا ژیان بەسەردەبن، ئەم نهێنییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوە گێڕانەوەیەی کە دۆستۆیفسکی وادەکات وێنەی دیوە شاراوەکەی تری مرۆڤە گیراوەکانمان بۆ ئاشکرا بکات. دۆستۆیفسکی ئەو رۆماننووسە روسییەی کە لەلای گەلێک لە رەخنەگران و خوێنەران بە پێغەمبەری رۆمان دەناسرێت، لەگەڵ هەموو ئەو ژیانە ناخۆش و بەدبەختییەی خۆیدا لە رۆژگارێکی تاریک و سەرکوتکەردا تەمەنی بەرگەی ئەوە دەگرێت و هەموو رێگا سەختەکانی ژیان دەبڕێت و

دواجار هەموو ئەو ناخۆشییانەی تەمەنی خۆی و هاوڕێکانی و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا ژیاوە، کۆدەکاتەوە و لەناو ڕۆمانەکانیدا ناساندنێکی گەورە لە ڕووی دەروونناسییەوە بۆ مرۆڤ دەخاتەڕوو، دەروونناسی دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی هەموو پاڵەوانەکانی لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکانیدا و ئەم هەوڵەشی دواجار بوو بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆی. بەم ناساندنەش دەبێتە یەکێک لەو ڕۆماننووسانەی کە تاکو بە ئێستا دەگات دەبێتە جێگە سەرنجی زۆر لە ئەدیبە گەورەکان و نووسەرە مەزنەکان و خوێنەرانێکی بێشومار. ئەوەی دۆستۆیفسکی کردوویەتی لە ڕووی ڕۆماننووسییەوە گەلێک جیاوازترە لە کاری ڕۆماننووسانی تر، کاری ئەم ڕۆماننووسە مەزنە، شێوە کارکردنێکە کە گەلێک کەسی بە خۆییەوە سەرقاڵ کردووە، بە تێکڕای ئەو هەستەی هەیبووە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگای ونبوونێکی سەخت بۆ دۆزینەوەی خۆی، گەڕانێکی کوشندە بە ڕەفتار و ڕۆحی تاکدا دەکات، بانگەوازی ئەم نووسەرە مەزنە بانگەوازێکە کە بەوپەڕی بڕواوە بە هەموو کەسێک دەڵێت (جێگەی داخە کە مرۆڤ بەبێ هیوا دەژی)، هەموو ئەو ڕاکەڕاکەی کە مرۆڤەکان بە دۆزەخی تەمەن و ژیانیاندا دەیکەن، جۆرێکە لە ئازاردان و تاوانکردن بەرامبەر بە یەکتری، دۆستۆیفسکی لە ڕوانگەی گەیشتن بە حەقیقەتی مرۆڤ و گەیشتن بە دۆزینەوەی هەستە شاراوەکانی مرۆڤ لە قوڵای ناخیدا باوەڕی وایە، کە (هەر ئەندامێکی کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێمە بگریت، بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرە ماکێکی جەلادی تێدایە)، ئەم هەستە دەبێتە نیشاندانی پێناسەیەکی گەورە لەلای ئەم ڕۆماننووسە بۆ مرۆڤ، دەبێتە نیشاندانی ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤ خۆی دەبێتە سەرچاوەی مەرگ و شکستی خۆی، نەک شتەکانی تر، کاتێک کاری مرۆڤ خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی خۆی، ئیتر مرۆڤ دەبێتەوە بە ئاژەڵ، ئاژەڵێکی دڕندە و لەخۆبایی و کوێر، دەبێتە ئاژەڵێک هەموو تاوانێک دەکات بەبێ ئەوەی بە ئامانجێکی باش بگات، چەمکی دڕندەی و تاوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم حاڵەتە لەلای ئەم گەورە ڕۆماننووسە، ونبوونی مرۆڤە لە ڕووە مرۆڤایەتییەکەیەوە و هەڵگەڕانەوەی دیوە باشەکەیەتی بۆ کاری خراپە (خۆ ئەگەر غەریزە ئاژەڵییەکان بەسەر لایەنە مرۆڤانییەکانی تری بەشەردا زاڵ بن، ئەوا ئەو بەشەرە دەشێوێ)، لە تێڕامان و هەڵسەنگاندنی دۆستۆیفسکییەوە مرۆڤ ئەوەندەی خۆی خۆی دەشێوێنێت لەپێناو گەلێک لەو شتانەی کە ڕەنگە زۆرکات پێویستیشیان پێی نەبێت، بەڵام ئەو غەریزە ئاژەڵییانەی کە زاڵ دەبن بەسەر ئیرادەی مرۆڤدا وا دەکەن ئیتر ئەو مرۆڤانە

ببنە کەسانی خراپەکار و لە هەموو رووەکانەوە مرۆڤایەتی بخەنە سەر رێگای چەوساندنەوە و تاوان و لەناوچوون.

ئەوەی من لە رۆمانەکانی ئەم رۆماننووسەدا درکم پێکردووە، هەموو قورسایی خۆی تەرخان دەکات بۆ رەفتارەکانی (تاک)، تاک دەکاتە سەرچاوەی هەموو هۆکارە خراپەکان و بەڵا و ناشیرینەکانی خۆی، ئەوە تاکە کە وا دەکات ژیان و تەمەنی هەموو مرۆڤەکان بگۆڕێت لە باشەوە بۆ خراپە و خوێنڕشتن و بە پێچەوانەیشەوە، تاک ئەگەر لە رۆژگار و تەمەنی خۆیدا تاکێکی باش و بەئەخلاق و لێبووردە و دادپەروەر بوو، ئەوا ژیانی خێزانەکان و بنەماکانی دەوڵەتیش لە خراپەوە بەرەو چاکە دەگۆڕدرێن و ژیان رێڕەوی خۆی بە دیوە باشەکەیدا دەگرێتەبەر، خۆ ئەگەر تاک رێگای خراپەی گرتە بەر، ئەوا ژیانی مرۆڤایەتی بە هەموو شێوەیەک لەسەر دەستی تاکی خراپدا بەرەو وێرانبوون دەچێت. بەمەش تاک لای دۆستۆیفسکی دەبێتە سەرچاوەی هەموو چاکە و خراپەیەک، تاک ئەگەر رێگای خۆدۆزینەوەی خۆی بۆ چاکە دۆزییەوە، ئەوا ماکی جەللادبوون و خراپە دەخاتە دەرەوەی رەفتار و ویستی خۆی و بەوەی هەیەتی ژیانی خۆی رازی دەکات، خۆ ئەگەر غەریزە ئاژەڵییەکەی زاڵ بوو بەسەر دیوە چاکەکەیدا، ئەوا ئیتر ئەو تاکە دەبێتە سەرچاوەی هەموو بەڵا و نەهامەتییەکان. ئەم تاکە، کە دەبێتە تاکێکی خراپەکار و قێزەون، زۆرکات خۆی لە بەرگی تاکێکی دەسەڵاتداردا دەردەخات، یان خۆی لە بەرگی کەسێکی رێگر و چەتەدا وێنا دەکات، یان خۆی لە بەرگی خوێندکارێک، یان نووسەرێکدا ئاشکرا دەکات. ئیتر ئەمە ئەو تاکەیە کە لە لای دۆستۆیفسکی هەموو شتێک وێران دەکات (هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ دان بە تاوان و گوناحی خۆیدا بنێ، ئەوە کەمە، زۆر کەمە... بەڵکو دەبێ ئەو تاوان و گوناحە لە خۆیدا ریشەکێش بکات، ئەمەش وەختی دەوێ زوو بە زوو نایەتەدی) ئەمە ئەو تاکەیە کە دۆستۆیفسکی داوای دەکات و دەیەوێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەر بوونە راستەقینەکەی خۆی و بەرگە ئاژەڵییەکەی بۆ هەمیشە فڕێبدات و لە گوناح و تاوان داببڕێت.

***

نازانم چەند کەس بڕوا بەوە دەکەن کە گەلێک خوێنەر دوای خوێندنەوەی رۆمانێک، یان هەر کتێبێکی تر ژیان و ئومێدەکانی خۆیان بە هەموو

شێوەکانییەوە لەناو ئەو کتێبانەدا دەدۆزنەوە کە دەیانخوێننەوە، یان لە ڕێگەی ئەو ئازار و ئەشکەنجە و برینانەی کە نووسەران لەسەر جەستەی پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکانیان وێنای دەکەن، خێرا هەست بە ئازاری جەستەی خۆیان دەکەن و بیر لەو هەموو ئازارانە دەکەنەوە کە بەسەر گیانی قوربانییەکاندا هاتووە لە رابردوودا، ئەمەش گرنگی ئەو کتێبانە دەردەخات کە نووسەرەکانیان لە ئازار و ناخۆشی خۆیان و مەرگی هاوڕێکانیانەوە خوێنەران وشە بە وشە دەخەنە سەر ڕێگای بەئاگاهاتنەوە بۆ ژیان و تەمەنی مرۆڤە ونبووەکان کە دونیایەک حیکایەتی سەرسوڕهێنەریان لەدوای خۆیان بەجێهێشتووە، لە کتێبی (یادگارییەکانی خانەی مردووان)ی دۆستۆیفسکیدا بە ڕۆحی ئەو مرۆڤانە ئاشنا دەبین کە لە ئێمە ونبوون و درکمان بە ڕۆژگاری ونبوویان نەکردووە، ئەو کەسانەی هەریەکەیان بە تاوانێک ژیانی خۆیان گەیاندۆتە ناو گرتووخانەکان. دۆستۆیفسکی لە گرتووخانەکانی سیبریاوە لە ساڵی ١٨٤٩وە ژیان و حیکایەتی ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە هەم لە خۆی و هەم لە کەسانی تریش ون ببوون و کەس هەستە شاراوە و ڕۆژگارە تاریکەکانیانی پەی پێ نەدەبرد، ڕۆژانی ئەو کەسانەی زۆرکات ئیتر لەوێوە نەیاندەتوانی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ژیان و ناو کۆمەڵگاکەیان و هەر لەوێ لەژێر ئازار و کاری قورسدا کۆتایی بە تەمەنیان دەهات (ئەوەندەیان لێداوین، ئەوەندەیان ئەشکەنجەداوین، هەناومان شل بووە، بۆیە بەدەم خەوەوە هاوار دەکەین، دەقیژێنین) بەمجۆرە لەو گرتووخانانەدا مرۆڤە سەیر و کردەوە سەیرەکان دەبنە ئاشنای دۆستۆیفسکی خۆی و ساڵانێک لەناویاندا دەباتە سەر و درک بەوە دەکات کە وا ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت وا زوو ببێتە جێگەباوەڕ و ئاشنای ئەوانەی لەم تاریکستانەدا بە هەموو ڕەفتارە سەیرەکانیانەوە درێژ بە ژیان دەدەن (هیچ شتێک هێندەی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی قورس نییە)، ئاوا درک بە ژیانی ئەو هەموو مرۆڤانە دەکات، ئاشنا دەبێت بە دونیای ئەو مرۆڤانەی کە دواتر هەموو هەستە شاراوەکانیان دەکاتە سەرچاوەی نووسینی کتێبەکەی (یادگارییەکانی خانەی مردووان) و بەش بەش بە ژیانی ئەو کەسانە رامان دەهێنێت کە خۆیان هۆکاربوون بۆ هەموو خراپە و شکستەکانی ژیانی خۆیان (لە نێو زیندانییەکاندا خەڵکانێک هەبوون لە ساتێکی توڕەییدا خەڵکیان کوشتبوو، کوشتنیان کردبوو بە پیشە و لەزەتیان لێدەبینی، هەبوون چەتە و ڕێگربوون، هەبوون بەرەڵا و گیرفانبڕ بوون... هەندێکیش هەبوون پیاو نەیدەزانی لەسەرچی و چۆن خرابوونە ئەم زیندانەوە. هەر یەکێک لەم

زیندانیانە چیرۆکێکی ئاڵۆز و قورس و بەسوێی هەبوو)، ئەمە ئەو جیهانە تازەیە بوو کە دۆستۆیفسکی پێی ئاشنا دەبێت و دواتر دەبێتە سەرچاوەی گەلێک لە نووسینی بەرهەمەکانی تری، رەفتاری ئەم گیراوانە بە هەموو ماناکانەوە دەبێتە جێگە سەرنج و لێوردبوونەوەی، نەک نووسەری کتێبەکە، بەڵکو دواتر لەوە زیاتر دەبێتە جێگە تێرامانی قوڵی رۆشنبیران و خوێنەران و نووسەرانی تر و کەسانی وەکو نیتشە و فرۆیدیش، گرتووخانەکانی سیبریا بۆ دۆستۆیفسکی دەبێتە ئەو شارە ونبووەی کە دواجار زۆر مرۆڤی سەیری تێدا دەدۆزێتەوە، کەشفی ئەو ژیانە پڕ دەردە دەکات کە ئەو گیراوانە لەوێدا دەیانبردە سەر، کەچی هێشتا هەروەکو خۆیان بەبێ هیچ پەشیمانییەک درێژەیان بە ژیان دەدا (وەکو پێشتریش گوتوومە، بە درێژایی ئەوساڵانەی کە لەگەڵ زیندانیانم بەسەر بردوون، بچووکترین نیشانەی شەرم و پەشیمانیم لێ نەدیتوون) مرۆڤ بەم رێگایە درێژە بە ژیان و ویستی خۆی دەدات، لەوەی کردوویەتی هیچ پەشیمان نییە و دەیەوێت بەو جۆرە شکستی خۆی بەلاوە بنێت. ئەوەی مرۆڤ دەکاتە دڕندە، دەیکاتە سەرکێش و خراپەکار لە هەموو رۆژگارەکاندا، رەنگە لەناو سەدان هۆکاردا ئەم هۆکارەبێت کە دۆستۆیفسکی لەم یادەوەرییانەدا (یادگارییەکانی خانەی مردووان) دێتە سەر باسکردنی (مرۆڤ بەبێ کار هەڵناکات، بەبێ دەسکەوتی ئاسایی و رەوا ناژی. ئەگەر هەلومەرجی کاری بۆ فەراهەم نەبێت. گوێ بە هیچ نادات، ئەخلاقی دەگۆڕێ، رەفتار و تەبیعەتی دەشێوێ، روودەکاتە دزێوترین تاوان، دەبێ بە دڕندەیەک لەو گۆڕە)، ئەمە گەیشتنە بە دۆزینەوەی ئەو هەستە شاراوانەی ناو قوڵایی ناخی مرۆڤ، ئەم رۆماننووسە لەم کتێبەدا ئاوا گەشتێکی دووردودرێژ دەکات بە قوڵایی ناخی ئەو گیراوانەدا و رۆدەچێتە ناو هەموو شتە شاراوەکانیانەوە. بە رەفتاری باش و خراپیان بە بیر و قسەی یەک بە یەکیان ئاشنا دەبێت. نەفسییەتی هەموویان شی دەکاتەوە و لە زۆر لاوە لێیان دەدوێت، ئەو مرۆڤانەی بۆ ئەوەی بتوانن لە زینداندا بژین و پەشیمانی نەیانکوژێت هیچ کاتێک ناتوانن لە تاوان و رەفتاری خراپی خۆیان پەشیمان ببنەوە، لەم روانگەیەوە دۆستۆیفسکی بەو راستییە دەگات بۆ ژیانی مرۆڤەکان، ئاوا دەنووسێت (مرۆڤ حەیوانێکە لەگەڵ هەموو شتێکدا رادێ)، (ئەم پێناسەیە بە رادەیەک پڕ بە پێستی مرۆڤە کە عەقڵ نایبڕێ)، دێڕەکانی ناو ئەم کتێبە بەردەوام بەدوای خۆیدا راماندەکێشێت و بەرەو ناساندنی ئەو مرۆڤانە دەمانبات، کە بەردەوام خەریکی خودا پەرستییە و کەچی تاوان دەکات، سوێند

دەخوات و کەچی واز لە رەفتاری خراپ ناهێنێت، دزی دەکات و خەریکی خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆزە، خەڵک دەکوژێت و باس لە لێبوردەی و ئومێد دەکات، خوێنی کەسانی بێتاوانی رشتووە و کەچی هێشتا دەیەوێت دوای بیست ساڵ لە زیندان بەربێت و خێزان پێکەوە بنێت، ئەمانە هەموو ئەو تاکانەن کە هەموویان لەناو بەشەکانی ئەم کتێبەدا ئێمە سەرسام دەکەن و ئاشنامان دەکەن بە ژیانە تاریک و نەدیوەکەی خۆیان. ئاخر نووسەری ئەم کتێبە کاتێک دەگاتە ناو جیهانە تازەکەی لە سیبریا، بەو راستییە دەگات کە ئەوانەی لەم زیندانەدان گەلێکیان بەقەدەر ئەو مرۆڤانەی تر تاوانیان نەکردووە، کە مرۆڤگەلێکی زۆر دڕندە و خراپترن لە دەرەوەی ئەم گرتووخانەیەدا هەن و کەسیش نایان گرێت و نایان هێنێتە زیندان و سزایان بدات، لێرەوە ئەم نووسەرە رووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە کە بۆچی ئاوا گەلێک مرۆڤ بە هەموو تاوان و رەفتارە قێزەونەکانی خۆیانەوە بە ئازادانە دەسوڕێنەوە و نادرێنە دادگا و سزا نادرێن، کەچی لەسەر شتێکی بچوک زۆر لەو مرۆڤە کڵۆڵانە دادگایی دەکرێن و رەوانەی ئەم گرتووخانە ترسناکە دەکرێن و بە چەندین ساڵ زیندانی دەکرێن لەگەڵ کاری قورسدا، ئەمە خوێندنەوەی دۆستۆیفسکی خۆیەتی بۆ هەردوو دیوەکەی یاسا و دەوڵەت و مرۆڤ خۆی، بەوەی زۆرکات تاوانباران بێتاوانەکان دەنێرنە زیندان، بەوەی یاسا زۆرکات بە تەنیا بۆ بکوژ و کەسە خوێنڕێژەکان نییە، بەڵکو بەتەنیا بۆ کەسە داماو و بێ کەسەکانە و بۆ ئەشکەنجەدانی ئەوانە، نەک بۆ تاوانباران، بەوەی زۆرکات دەوڵەت دەوڵەتی هەموو تاک و خێزانێک نییە، بەڵکو دەوڵەتی کەمینەیەکی خراپەکار و دڕندەیە، دەوڵەتی ئەوانەیە کە بەبێ هیچ گوێدانە هەست و یاسایەک بەردەوام گەمە بە ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکەن، بەوەی زۆرکات مرۆڤ خۆیشی دەبێتە سەرچاوەی هەموو خراپەیەک بۆ خۆی، ئاخر ناکرێت مرۆڤ بە هەموو بەدبەختییەکانی خۆیەوە ببێتە خراپەکار بۆ گیانی مرۆڤەکانی تر، ئەو مرۆڤانەی ئایینیان کردۆتە سەرچاوەی رۆحی خۆیان، کەچی دەبنە پیاوکوژ و دڕندە، ئایین و تاوان ئەو مانا گەورانەن کە خوێندنەوەی گەورە هەڵدەگرن لەلای ئەم نووسەرە، دیوە شاراوەکەی تری ئەو مرۆڤانەی یاسا دادەنێن بۆ دادگای کردنی تاوانەکانی خۆیان نا، بەڵکو بۆ لەناوبردنی مرۆڤەکانی تر کە هیچ تاوانێکی لە تاوانەکانی ئەوان گەورەتریان نەکردووە، لەم کتێبەدا ئایین و یاسا و دەوڵەت سێ ئاماژەی بەیەکداچووی ترسناکن بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، بۆ تێکشکاندن و وێرانکردنی رۆحی بەشەرییەت، رەنگە هەر ئەم

هۆکارەیش بووبێت کەسێکی مەزنی وەکو (نیتشەی) سەرسام کردبێت بەم کتێبەی دۆستۆیفسکی. ئەو مرۆڤانەی یەک یەک لەم کتێبەدا دەبنە جێگە سەرنجی ئێمە، هەریەکەیان بۆخۆی هەڵگری گەلێک رەفتاری سەیرن، نووسەری ئەم کتێبە ناتوانێت بازبدات بەسەر ژیانی هەریەکەیاندا و یەک یەک دەیانکاتە نموونەی کەسانی دەرەوەی زیندان و پێی وایە ئەمانە نموونەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگان. کاتێک باس لەو پیاوە بێدەنگ و ملکەچ و گوێڕایەڵ و ئیماندارە دەکات کە زیندانییەکان بە گێلۆکە و شێتۆکەیان داناوە و شەو و رۆژ خەریکی خوێندنەوەی (تەورات) بووە، ئەم زیندانییە لەسەر رەفتارێک کە جارێک لە نائومێدیدا ویستوویەتی مێجەری بەرپرسی زیندانەکە بکوژێت، بە تێگرتنی لەتە خشتێک، ئەم رەفتارەی دەیباتە بەردەم ئەشکەنجە و لێدانی شەلاق و دواتر لە نەخۆشخانە و دوای سێ رۆژ بەو ئازارەوە دەمرێت، ئەوەی مایەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە لە رەفتاری ئەم کەسە دوا قسەکانی خۆیەتی کە دەبێتە ئاشکراکردن و دەرخستنی رووە شاراوەکەی تری مرۆڤ لە سەرەمەرگدا ئاوای گوتبوو (رقی لە کەس نییە، هەر حەزی کردبوو عەزاب بکێشێت، ئازار بچێژێت، وێڕای ئەوەش سەر بە هیچ ئایین و دیانەتێک نییە)، ئەم کەسانە دەبنە نموونەی کەسانی تر لە دەرەوەی زیندان و پێیان خۆشە بەردەوام ئازار بچێژن و لە هەموو ئایین و ئیمانی خۆیان پەشیمان دەبنەوە، درککردن بە ناساندنی ئەم مرۆڤانە گەلێک جار سەخت و دژوار دەردەکەون. گەلێک لەو نموونانە لە زۆر شوێنی ئەو گرتووخانەی کە خۆی ناوی دەنێت کۆمەڵگای زیندانییەکان لەسەر ئەو راهاتنە وەستاوە کە مرۆڤ ناچارە لەگەڵ هەموو شتێکدا خۆی رابهێنێت، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیان بدات، بۆئەوەی بتوانێت بژی، راهاتن لەگەڵ کۆت و زنجیردا، ئاشنابوون بە دەنگی زڕەی ئەو کۆت و زنجیرانەی لە کاتی کارکردندان، لە کاتی نووستن و پشوداندا، لە کاتی نەخۆشی و دەردەداریدا تا بە سەرەمەرگ دەگات لەگەڵتدا دێت. خوگرتن بە دزیکردنەوە تەنانەت دزینی کتێبە پیرۆزەکانیش، خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان دوای تاوانکردن و خوێنڕشتن و پاڕانەوە لە خودا و گەیشتن بە ئیمان، رەفتاری ئەو مرۆڤانەی کە هەمیشە بە کۆیلەی لەدایک دەبن و تا مردن ناتوانن دووربکەونەوە لە کۆیلەبوون لە هەرکوێیەک بن و دەبنە ملکەچی کەسانی تر کە زۆرکات لە خۆیان بچووکترن، ئەم کەسە رەفتار کۆیلانە هەمیشە دەکەونە ژێر کاریگەری هەستی ئەوانەی خۆیان بە نەجیبزادە ناو دەبەن. بە پێچەوانەی زۆربەی کەسانی ترەوە کە هەمیشە ناتوانن ببنە کۆیلەی ئەو نەجیبزادانە و

هیچ کاتێک خۆشیان ناوێن، چونکە ئەمانیش خۆیان بە مرۆڤ دەزانن و کەس لە خۆیان بە گەورەتر و باشتر نازانن (هەڵبەتە زیندانییانی خانەدان و ئەسڵزادەن دەبنە مایەی نەفرەت و رقی هاوزیندانییەکانی خۆیان. بەچاوی دۆستایەتی سەیر ناکرێن)، ئەوە یاسا قێزەونەکانی ژیانە کە مرۆڤەکان دەکات بە دوو بەشی زۆر لە یەک جیاوازەوە، دەیانکات بە دوو گرووپی هێجگار دژ بەیەکەوە، دەبنە دوو بەرەی نایەکسان لە ژیاندا، دواجار ئەم رێڕەوی ژیانە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان و لێکترازانی کۆمەڵگا و بەرەو جەنگ و ململانێ توندەکان تاکەکان پەلکێش دەکات (تۆ تەماشا! تەماشای ئەم نەجیبزادەیە! کە جاران بە گالیسکە بەناو مۆسکۆدا دەڕۆیی، رێبواری دەکرد بەژێرەوە! شای بە سەپان نەدەگرت! بەڵام ئێستا ئەو دەور و زەمانە گوزەشت! ئەو باوکەی مرد)، نووسەر دوای گەیشتنی بەم مەملەکەتە سەیرە، ئاوا دەکەوێتە ناو لێشاوی ئەو تانە و گفتوگۆیانەوە، ئەوانەی خۆیان بە مرۆڤ دەزانن ناتوانن بڕوا بە هیچ شتێکی کەسانی خانەدان بکەن و کۆیلایەتییان بکەن، کەسانێکیش کە هەر بە رۆح کۆیلەن و لە کوێ خانەدانێک هەبێت لە زیندان بێت، یان لە دەرەوەی زیندان، ئەوان دەخوازن ملکەچیان بکەن و ببنە خزمەتکاریان، ئەمانە ئەو جۆرە مرۆڤانەن کە بەبێ کۆیلە بوون بۆ کەسانی تر ناتوانن بژین لە هەر کوێیەک بن. دۆستۆیفسکی درک دەکات کە هەمیشە لە ژیاندا ئەم دوو جۆرە مرۆڤە بوونیان هەیە و بە بەردەوامیش دژی یەکتری دەجەنگن و تانە لە یەکتری دەدەن و یەکتری بەلاوە دەنێن، دۆستۆیفسکی بۆ خۆی وەکو مرۆڤ، وەکو زیندانییەک بڕوا بەوە دەهێنێت و ئاوا دەنووسێت (لە حاڵێکا من حەزم نەدەکرد خزمەتکارم هەبێ، هەوڵی ئەوەم نەدابوو کەسێک هەبێ خزمەتم بکات، بە پێچەوانەوە سوربووم لەسەر ئەوەی هەمووشتێک بە دەستی خۆم بکەم)، دۆستۆیفسکی پێی وایە مرۆڤ بە رۆح و کردار تەنانەت بە پێکەنینیشدا لەیەک جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە و دەخرێنە دوو بەرەی زۆر لەیەک جیاوازەوە، بۆ خۆی ئەگەر خانەدانیش بێت ناکاتە ئەوەی کەس ببێتە خزمەتکار و کۆیلەی، چونکە ئەو دەزانێت کەوتۆتە ناو مەملەکەتێکەوە لەم رۆژانەی تەمەنیدا کە دەبێت پێکەوە و وەکو یەک خێزان هەڵبکەن و بژین و لەهەمان قاپدا نان بخۆن لە هەموو جۆرە کەسێکی تێدا لە (چەرکەس و خوانەناس و ئەرتەدۆکس و جوتیار و جولەکەو قەرەج و خەڵکانی دی کە مەگەر خوا بزانێ لە کوێوە هاتوون)، ئیتر خانەدانەکان دەبێت ئەم ژیانە هەڵبژێرن و بەرگی خانەدان و گەورەی لەم مەملەکەتەدا فڕێ بدەن و وانەیەک

له کۆت و زنجیرەکانی دەست و پێیانەوە وەربگرن. دەبێت بە ئەو دەنگە جدییانە ئاشنابین کە هەمیشە بۆ کۆیلەبوون و سەرشۆڕی دێنە دەنگ و ئەو شێوە ژیانە کۆیلایەتییە بەلاوەدەنێن و بەگژ ئیرادەی ئەو کەسانەدا دەچنەوە، کە بەرگی کۆیلایەتی دەپۆشن، بە دەنگی بەرز بانگی خانەدان و ئەوانە دەکەن کە رۆحی کۆیلەیان تێدایە و دەڵێن (من حەزدەکەم سەری مێش بم، بەڵام کلکی شێر نەبم). ئەمە رۆحی مەزنی ئەو مرۆڤانەیە کە هیچ کاتێک کۆیلەبوون بۆ خانەدانەکان پەسەند ناکەن. لاپەڕەکانی ئەم کتێبە لای خوێنەران دەبێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی رەفتار و دەرکەوتنی ئەو مرۆڤانەی لە هەر کوێیەک بن بۆخۆیان دەژین و ژیانی کەسانی تریان بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ نییە ئەوان زیندانین، یان لە دەرەوەی زینداندان، چونکە ئەمانە بۆ یەک مەبەست دەژین، ئەویش فرتوفێڵ و پارە پەیداکردنە لەسەر ژیانی کەسانی تر و ئاوا بۆ خۆیان درێژە بە ئەخلاقییەتی ناشیرینی خۆیان دەدەن (لە هەر شوێنێ خودا هەبێ و باخەڵم پڕبێ، پارەم هەبێ خەمم نییە)، هەموو حەزەکانی مرۆڤ لەم گرتووخانەیەدا لەلای گیراوەکان لەسەر دەستی دۆستۆیفسکیدا بە جۆرێک وێنەیان دەکێشرێت، کە وا زوو ئەو وێنانە لەبیری خوێنەراندا ون نابن و دەبنە وێنەگەلێک کە خوێنەران هەست دەکەن خۆیان لەگەڵ یەک بەیەکی ئەو گیراوە بەدبەختانەدا ژیاون، حەزەکانی ئەو گیراوانە زۆرکات دەبنەوە بە حەزی منداڵانە و هەمیشە حەز بە رەنگە جیاواز و شتەکانی تر دەکەن (جوانترین جلکی خۆیان لەبەردەکرد: خۆزگە دەتبینین چۆن بۆ خۆنواندن ئەم ژوور و ئەو ژووریان دەکرد، هێندە دڵیان بە جلە تازەکانیان خۆش بوو دەتگوت منداڵن. ئەلهەقی زیندانییان لە زۆر شتدا منداڵی گەورەن)، بەم وێنانە لەم کتێبەدا ئێمە وێنەی کەسانێک دەبینین کە کەسانی پیاوکوژ و تاوانبارن، کەچی رۆژانی چەژن و بۆنەکان ئەوانە دەبنەوە بە کەسانێک کەوا رەفتار دەکەن کە هیچ تاوانێکیان نەکردووە و بێ گوناحن. زۆر وێنەی ئەو گیراوانەی لەو زیندانەدا خوێنەران ئاشنای قسەکردن و بێدەنگی و رەفتار و شەڕەنگێزییان دەبن، تا بەوانە دەگات کە لەزەت لە نەگبەتییەکانی خۆیان دەبینن، کەسانی بێوەفا و دڕندە و دز دەبنە سەرنجی ئەو خوێنەرانەی کە لایان سەیرە لە تاریکستانی گرتووخانەکاندا نموونەی ئەم کەسانە هەبن، وێنەی ئەو مرۆڤانەی دە ساڵ تا بیست ساڵ بە کۆت و زنجیرەوە دەبێت ژیان بەسەربەرن، کەچی هێشتا بە ئومێدی ئەوەوە دەژین کە بەربوون بتوانن جارێکی تر ژیان دەست پێ بکەنەوە. زۆر وێنە لەم یادەوەرییانەدا کە بە شێوەی رۆمان نووسراوە، بۆ ئێمە دەبنە


هەڵگری زۆر مانا. دۆستۆیفسکی بەتەنیا نایەت وێنەی ئازاراوی روخساری گیراوەکانمان بۆ بکێشێت، شۆڕدەبێتە بۆ قوڵایی ناخی گیراوەکان و لە رووی دەروونی و قسەکردنیشەوە وێنەی گەلێک لە گیراوەکانمان بۆ دەخاتە روو (بەڵام ئەوەی من سەرنجم داوە ئەوەیە، کە پێکەنینی پیاوی باش خۆش و دڵگیرە، پێکەنینی پیاوی خراپ و دڵڕەش بە پێچەوانەوەیە). ئاوا بە هەموو ماناکان ئەم کتێبە دەست دەخاتە سەر هەموو ئەو شێوە و وێنە شاراوانەی گیراوەکان، وێنەی ئەوانەی بە هەموو بەدبەختییەکانی خۆیانەوە بەبێ ئەوەی رێگەیان بدەن کۆت و زنجیرەکانیان لێبکرێتەوە بە نەخۆشی دەمرن. ئەوەی دەبێت لە کۆتاییدا بۆ ئەم کتێبە گرنگەی دۆستۆیفسکی (یادگارییەکانی خانەی مردووان) بڵێم ئەوەیە، کاتێک خوێنەر هەموو ئەو وێنە سەیرانەی گیراوەکان دەبینێت، وێنەی سەدان کەسی پیاوکوژ و دز و چەتە و رێگر و خراپەکار، بەڵام کاتێک دیوەکەی تری ژیانە ناخۆش و پڕچەرمەسەرییەکەی ناو گرتووخانەکەیان دەخوێنێتەوە، سەیر سۆز و بەزەیی بۆ ئەو گیراوانە دەجوڵێت و هەموو رەفتارە خراپەکارییەکانی گیراوەکانی بیردەچێتەوە و نەفرەت لەوانە دەکات کە ئەم گیراوانەی گەیاندۆتە ئەم رۆژە رەشانە، لە (یادگارییەکانی خانەی مردووان)دا دۆستۆیفسکی ئەوەندە سەرکەوتووانە هەردوو دیوە ئازاراوییەکەی گیراوەکان لە دەرەوەی زیندان و لەناو زینداندا دەخاتە روو، دواجار خوێنەر هەست بە بێگوناهی ئەو زیندانییە ترسناکانە دەکات.

*یادگارییەکانی خانەی مردووان، دۆستۆیفسکی، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، لە بڵاوکراوەکانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠١٣.

دمق

| | |
|---|---|
| هەڵوەدایەک ڕاخە خەزەڵوەر لە پاڵتۆکەم ئەڕژێ | کەمال ئەمینی |
| چراکان کوژانەوە | پەری شێخساڵح |
| ژنێک وشەیەکی لێ زەوت کردووم | قاسم شێروانی |
| سێ دەقی شوێن | سۆران محەمەد |
| تا ئێستا زیندووم | هەژار قانع |
| سێ کورتە شیعر | سارا زینەتی |
| وانەی سروودێکی نوێ | قادر عەلی خا |
| بازنە | عەلی ئەحمەد فەتاح |
| حەمەکەریم عارف و گوتوبێژێکی پاچڤەوانی | سازدانی: فازیل ئەحمەد |

# هەڵوەدایەک ڕاخە
# خەزەڵوەر لە پاڵتۆکەم ئەڕژێ



کەمال ئەمینی

(دڵتەنگییەکانی تۆزگرتووی ژنێک لەبەردەم قاپە عەکسێکا)

"لەوپەڕی خەزەڵوەرەکانی چاوتەوە
هاشوورێکە لە پەشیمانی
کە من لە باشوورمەوە پاییز
کە تا-ی ئەم مەودایە کردەیەکە وەک کەوتن
تایەک لە رووبەری هەرگیز و هەمیشە
تایەکی تر لە من نغرۆی غوربەتێکی ئێوارەیی
لە چاوتا -هیچ وەک خۆی
لە قژتا هارو هاجییەکانی" با"- لە جەستەتدا دەستم"

(پیاوێکی دوور لە جنسی خەیاڵ و فەرامۆشی)

خانم تۆزی قاپەکەم نیگەرانتە یان دیوار پەنای دڵتەنگییەکانت ناگرێ
پڕ سەیرم ئەکەی گوایە گلەیی
کە زەرەری باوەشتم یان بەسەر ناومەوە شوورەییت
کە دوورتم و دەستم خاڵی لە گەیشتن
ئەوەتا لە جنسی دڵتەنگییەکانی زەرد و نارنجی
شێعرێک داوەرێم    پەنجە پەنجە
یان دابەزم وەک گەڵایەک ماندووتر لە چۆڕی ئاخری باران و
هەرچی درەخت و مرەختە

من بەشێکم زەرەرێکە لە هەوا
بەشێکی تر لە          مردن
وەسە نیشانەی پرسیارێک لەبەردەم با و دێڕکی بێ مانا
بەشێکم مابوو بەخشیم بە خاک
تۆ نغرۆی کڵاو
پارک پڕ ئەکەی لە پیاسەی پاڵتۆیەکی ئارام
کە خەزەڵوەر رژاوەتە ئێوارەیەوە
کە هەڵوەدایەک راخەی تا هەیە          هەر منم
پایز بە پێوە جگەرەیەکە و خەیاڵ
دانیشە
چایەک بخۆ
خەزەڵوەر دانیشتانە
مودلێکی سیگارییە بۆ تابلۆی هەڵوەدا
بروانە بۆ دەستەکانت
خاڵیترن لە پیاوێکی سەردخانەیی و     ئەولاتر
تەرمێک کە بێ گومانە لە فەرامۆشی
هەستە پاییز پێوە دە
پیاوێک ئاوێتەی تەنیاییتە
پیاوێک رووداوێکی تازەیە
پیاوێک بێ شەرمانە رووتت ئەکاتەوە لە من و


باشوورییەکانی دەستم و خەڵوەتەکانی لیمۆییت
بەم حاڵەوە
سەر پەنجەکانم خاترەی دووریت ئەکزێنەوە
پڕن لە ئێرە و ئێرەیی
ئێرەیەک چۆڵ لە شێتییەکانی من
چۆڵتر لە هەناسەی شاعیریم و دڵەڕاوکێی نیشتمان

لە کونجی لای چەپی خۆتەوە رکت کردووە
لە هەرچی دەستی راستە کە دەستدان
بڕێجار هەڵەیەکی هەمیشەییە لە قەوارەی دڵتەنگی
پەنجەرە وەک بکرێتەوە بەرەو هەوا و هیچ
من هەرچی چوار شەمۆ بوو تەعتیلم کرد
وەک مردن کە پڕە لە هەینی
هەر کاتێ ئەڵێم هەینی
بیرم ئەکەوێتەوە لە ئێوارەی کێو تەنیاترم

تر لە جوغرافیایەکی تەم گرتوو تا سنوورەکانی خەیاڵێک لە جنسی
پەژموردەیی سەرشار
تر لە سەرەڕۆیی مردنە رۆژانەییەکان و رشانەوەی خۆرەتاو و موزاییکەکان
وێران
گۆڕستانێک لە شار تا داهۆڵترین رۆژنامە زەردتر
رووبەرێ لە هەوەسترین گرێ هاوتەریبی و شترترین بیاوان و ئەخلاقی
خورما
دەرفەتێک بۆ ئێوارەکانی ترامادۆل و بێ پەنجەرەیی سەرگەردانییەکان
یان مێژوویەک نەگبەتی و مۆزەخانەیەک رادیۆیی سەرشاری شانازی و
ترسێکی فاڵش قەوارەی یەک لە سێ
رێک وەکو مەترسی تەور لە درەختدا تا دوور


دوور یانی کەوتن
لە حافزەی گەڕۆڵی پارک وەک گەڵا
کەس نەیزانی کەوتن خەسڵەتی خاک بوو یان شعووری ئوتووبان

من ئەوەتا نغرۆی هەڵوەدایی و ئیرەیی بردنم
بە گمە گمی بەیانییەکانی قوتابی و مەدرەسە
بە نیوەڕۆی تەمەڵی دەوام
بە ئێوارەی پیاسەیەکی ئارام
ئێرەیی ئەبەم بە تای تەنیایی شەوانەت
بەتایەک کە دەستت ئەگرێ
جووتت ئەکا بێ من
لەوانەیە ئێرەیی بەم گڵۆپی نووستنی ژوورەکەت
بە کزەی ساردی درزی پەنجەرە
بە مەلافە و بە چۆلەکەکانی بەیانی
کە هێشتا بێ من چۆلەکەن

هەستە دوگمەکانت پێوەدە
کەمێ بیرم بکەوە

ئەو کاتەم وێنا کە هەناسەکانم بەخشی بە کێو
غەڵتان بووم لە دووریتا سوور
نەعرەتەی گەرووم مەیلۆ بێدەنگی
خرۆشی دەمارەکانم خاڵی
بەرد نازی ئەکێشام و
با دەستی ئەبردە ناو قژم و
خۆر سەرمی ئەشێلا
تا تەواو تۆ خۆش
خۆ من نەماوم وەتەن! پارکەکانی تۆ خۆش

لەبیرتە؟
من چوار جار کەوشەکانەم پڕ بوون لە خوێن
یەکەم جار کە بەبرێک لە غوربەتدا بە فیشەکێ پشکووت وەک ئەرخەوان
دووەم جار کە فیشەکێ لە پێمەوە هەناسەکانمی دزی
سێیەم جار شەو بوو
تۆ بوویت و کەسێ تر

**پڵنگەکانی پێخەفەکەتی خرۆشان**
**من نەبووم**
**گلەییم نییە جگە لە خۆم و جەرگێکی گڕ**
**ئەوەتا هێشتا لەیادمی**
**هێشتا هەندێ شیعرم لەبەرە**
**لە جنسی تۆن کە گەرم**
**لە چەن شاعیری هەڵوەدایی کە هەوا**
**بەدەم پیاسەتەوە گوێم دەیە تا کافە و قاوە**
**یەکەمیان من بووم لە یەکەم نیگادا نووسیم:**
**(شارێ بۆ تۆ خەڵوەتە خانم**
**شەقامێ بۆ تۆ حەسرەتە**
**کە ئاراستەی نیگات**
**مەیلۆ خۆرهەڵاتی بەختەوەریم ئەچێ**
**وریژەی بەشێکمە لە بەشێکی ترما**
**پێت خۆش بوو دابەشترم کە خانم**
**لە بەینی خۆت و خەیاڵەتا**
**بەڵام خوات بێ**
**دەستم بگرە**
**وەتنم کە لە کراسەکەتا**
**بەردەوامم کە بە بۆنتەوە**
**"وەختی بەندیی و ئەسارەت وام بە کۆتی خۆتەوە")**



**تەنیاییم پڕە لە تاڵی قاوەکەت خانم**
**گوێبگرە بۆدووەم شیعر کە من بووم بە نەعرەتەی خیرەت و فڕینی**
**پەپوولە و سیحری خاک:**
**(سەنگەر هەی سەنگەر قەتارەی گولە**
**رۆژێ دێمەوە لەسەر ئەو ملە**
**"ماڵێکت بۆ بکەم" لەناو خاکی خۆت"**
**شەقامێ خۆشی بێ خۆف و بێ کۆت**
**پەڕ تا پەڕی حەوش هەنار و عەرعەر**
**"پەنجەرەی لە سیم کۆڵەکەی لە زەڕ"**

چوارتەنیشتەکەت کەمە سەیرانگات
قاڵی ئەرخەوان بخەمە ژێر پات)

ئەوەنە کلاسیک بووم کە پڕ بووم لە کێشە و کلێشە
ساعەتێکە قسەت بۆ ئەکەم بێ مروەت
نەگوێم لێ ئەگری نە فاڵێکی قاوە ئەگریتەوە بۆ نەبوونم و ئەگەرێکی پڕ لە سێو
لانی کەم جگەرەیەک بە بەدووریمەوە پیاوێکی شەوانە ببیستە وەک رابردوو
(خانم داوێکم بۆ داخە داخم کات
بمگرێتەوە لە پەنجەکانی مردن
دەستم فێرکەم بە زمانی با
لە قژەکانتا پەرێشان
شەوێکتم پێ بسپێرە
ژوورێک تەنگ کردن
خەڵوەتێکم بۆ رووتکەوە
بە رووا کەوە
گرێیەک هەڵخستن دەریایی لە لێو
لەنگەرت گرتن ئارام وەکو کێو
پڵنگەکان وەحشی
خەملاندن لە گەرم
تەنیاییم لێوانلێوکردن لە نەرم
بە تانوپۆتەوە لەخۆتا دارمکە
خۆ وتم خانم وەرە
لارمکە)




(پیاوێک دوورتر لە خەیاڵ)
هەی هاورێ لە کوێی
لەگەڵ کێی؟
یان وا ئەزانی کێی

تۆ ئەوەنە مردووی کە رابردووتری
من وەک ئەوەنە دوورم کە فەرامۆش
یانی سووچێکی بچووک لە خاترەی شوێکیش
یان نیم وەک قاپە عەکسێک هەناسە
یان بە دیوارە دروشم
یان ناوێک لە مێژوویەکی خۆڵەمێشی
با هاورێ
هەندێ جار
لە هەندسەی قسەدا تیترێکی گەورەی لە مەسیری ئەمبەر مەسیرتەوە پەیکەرێکی لە حەسرەتی خۆت، شەقام تێراوە لە سێو و بۆنی نەوت لە عەتری کچ خەڵەتێن، بە داوێنی شاخەوە پارک خەڵوتێکی خۆش، کە مێزاندن بە هەر شوێنێکەوە توالێت، کە میڕاندن بە کازینۆە شار، گوێچکە لە بیستنت فالْش وەک کەمانێک زێ براو، چاو تا بڕ ئەکا هەر نیت وەک خودی نەبوون. پێویستی هەندێجار بۆ مووچە و کاسپی هەندێ جار بۆ مەشرووعییەتی کورسی. ناوێکی گەورەی بۆ سنوورەکانی هەڵخەڵتان، داوێکی سەیری سەرەتای بەرنامەکان
بەس خەمت نەبێ لە درەخت بپرسی ئەتناسێتەوە سەوز، لە بەرد بپرسی بۆت ئەگری سوور، لە با بپرسی ئەلوورێنێ لە خاک بپرسی شەرم ئەکا لێت لە زمان بپرسی نایەتە گۆ ئەمەنە شیعری پڵنگ بە ناوتەوە ناچێتە خەو، تۆ بخەوە ئارام بە
وا بزانە شار بە ناوتەوە ئارامتر

فەرهەنگۆک:
پەشیمانی: وەسە سەندەلی کە ناچارە لە دانیشتن (جیاوازییەکی وەهای لەگەڵ کەوتن نییە).
غوربەت: سیفەتێکە بۆ تێگەیشتن.
خەزەڵوەر: سەرەتای ساڵێ شاعیرە.
شەهید: وشەیەکی یۆنانییە (لەم شیعرەدا بە چەن مانا بەکاربراوە، وەک: هەوا، درەخت، فەرامۆشی و مووچە).
پارک: واتە ئاسوودەیی شەقام پاش مردنەکانی چوارێیان و پاساژەکان

**پڵنگ: له قامووسی کۆندا زاراوەیەکی سەربازی بوو، ئێستا له گوتاری خەوتن دا به کاردەبرێت.**
**کێشه: ئەم وشەیه هەر لەخۆیەوه دروست بووه، مادامێ وەها شتێکمان نییه.**



**تێبینی:**

١- "ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و.؟." شیعری سەردەمی پیریمه، که لێرەش هاتووه، بەڵام بەداخەوه لێمیان دزیوه.

٢- له شیعری" هەڵوەدایەک راخه..."، کەس پاڵتۆی لەبەر نەبوو بێجگه شاعیر کەسیش هەڵوەدا نەبوو، بێجگه خوێن و خوێنەر.

٣-هەندێ له وشەکان وەک غوربەت، حافزەی گەرۆڵ، ترامادۆل و ترس و... هی چەند وڵات لەکیشوەری ئەفریقای باشوورن.

# چراکان کوژانەوە



پەری شێخ ساڵح

(١)
دەڵێم زۆر درەنگە
بۆ ئەو بەڵێنەکوژاوەیەی بڕیار بوو
بۆت دابگیرسێنم
لە دەمی خۆم وەربگرمەوە

(٢)
ئەمشەو چراکان لە ژوور سەرم
یەک یەک کوژانەوە، دووکەڵ لە دووکەڵکێشی دڵمەوە
بەرزبۆوە
ئەو جگەرە بەدەستەی هەمان هەستی منی هەبوو
هات و بە دووکەڵێک میوانداری کردم

(٣)

**ئەو بە ڕۆژ حیکمەتی تووڕەبوونم**
**فێر دەکات و**
**بە شەویش ڕاهێنانی خۆشەویستی، بەڵام ناتوانم**
**لەپاڵ هەردووکیاندا بنووم**
**دەبێت دڵی کامیان ڕابگرم؟**

(٤)

**هەموو ئەو جوانیانەی**
**کە جیهانی لاساریت، لەبەر خاتری تەمەنی ژنێک بەخشی**
**من ئەمڕۆ نزای خێر**
**بۆ باقیەکەی تری تەمەنی دەکەم**

(٥)

**زۆرجار وای دەبینیت**
**کە عاشقتم**
**وای دەبینم**
**کە دژی ژنێکیت، لە نەکوژانەوەی ئەستێرەیەکدا**
**کۆتایی بە هەردووکیان دێت**

(٦)

**ڕۆژێک چووم بۆ جیهانی ئەودیو**
**لەسەر جادە پیاوە ونبووەکەی خەونم بینییەوە**
**بێدەنگ بووم، نەبا دەنگم بناسێتەوە و**
**لەبەر چاو نەمێنێت**



(٨)

**لەنێو هەموو ئەو شتانەی**
**بینیومە**
**ئەی یار**
**تۆ دژوارترینیان بوویت.**



(٩)
عاشقی خۆرێکم
کە تۆزێ لە سێبەری دڵم
بە تەمەنترە

(١٠)
ئەو لە بەشی فیزیای رۆح
شارەزایە
هەروەک سێوەکەی نیوتن
کەمەنکێشم دەکات لەخۆمەوە بۆ خۆی

(١١)
چەند نەفامم
خەریکە
دووبارە و سێ بارە
بڕوا بە عەشق دەهێنمەوە

(١٢)
ئەو درەختە قژ خۆڵەمێشییە
ساڵانێک دەبێ لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەم
رەگی داکوتاوە، چی بکەم
هەرگیز لە ختوورەی دڵم تێناگات

(١٣)
چی بکەم؟ سێبەرەکەشم
بە رۆژی نیوەڕۆ، لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی
تەواوی یادگارییەکانم
مەست دەبێت


(١٤)
ئەو جگەرەکێشە توانی
بە هەموو زمانەکانی دڵم
قسە بکات
بپەڕێتەوە
بەڵام من هەر لێی تێنەگەیشتم

(١٥)
ئەو گەڕیدە پێست خۆر بردووە
بە کۆڵێک خەمەوە سیزیف ئاسا
خۆی بە سەرکەوتن و
هاتنەخوارەوە گرتووە
ئاە... چەند سەرنجڕاکێش بوو

(١٦)
وەک فاڵچییەک
وام لێدەکەیت، لە دووریشەوە
هەست بە بوونی رۆحت بکەم
بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئارام ببمەوە
نازانم بۆ ئەوەندە
دەترسم

(١٧)
چاوت لەسەر چواردەور لابە و
لەسەر منی چڕبکەرەوە
هەرچی شک دەبەی پێم
پەی پێ بەرە
با زیاتر لە جاران بەرەو رووت بێم





(١٨)
بەو نامە عیرفانییانە
بەسەر سروودی تەنیایی رۆحمدا
سەرمەکەوە
هەر چیم فێر بکەیت
من هەر خۆمم
تەنها خۆم

(١٩)
چیتر نامەوێت
تەواوکەری بوونم بیت
خوداش دەزانێت
هەر خۆم بەشەکەی تری
خۆمم


(٢٠)
لە خێرایی رووداني هاتنت
سەرسام بووم
گومانم لە مرۆڤبوونت هەبوو
ئەی ساحیر

(٢١)
وەک گابەرد
لە هەموو جێیەک لەسەر رێگەکەمی
لەو مار و دووپشکانەی ژێر گاشەبەردەکەش
رادەمێنم
کە دەیکەیت بە میوانم

(٢١)
هیچ گەلێکی بێ مەئوایە
بە قوڵی لێت رادەمێنم و

بەدوای راستەقینەی بوونی هیچت
دەکەومەوە

(٢٢)
ئەو سەردەمانە
تێدەپەڕێنم ئەمڕۆ
کە لە تۆوە دەست پێدەکاتەوە
ئەی تەنیایی




(٢٣)
رەنگە تەنیاییم
زیاتر لە هەموو شتێک شێتم بکات

(٢٤)
هێندە تەنیام
دەنگێک نییە بەهێز رامپسکێنێ و
فریشکم بخات

(٢٥)
ئەگەر بەلامدا تێپەڕیت
ئەی یار
تکایە ئاوڕێکم پێ ببەخشە
نەبا دوایین بینین بێت

(٢٦)
کاتێک کۆترێکی مەست بەدەم سەماوە پێدەکەنێ و
ریشۆڵەیەکی چەتوون لە خەودا دەقیژێنێ
عاشقی یەک جێگا دەبن
باشتر وایە رقیان لەیەک بێت
تا ببنە هاوڕێی یەک



# ژنێک وشەیەکی لێ زەوت کردووم

قاسم شێروانی

**بەقەد ئەستێرەکانی ئاسمان**
**وشەی گەرمم بەڕۆحی خۆمم ناساندووە**
**بەقەد ماسی گشت زەریاکان**
**وشەی جوان و ئاڵوواڵام رامکردووە**
**بەقەد هەموو پەپوولە و فڕندەکانیش**
**وشەی تەڕ و نەرمونیانم**
**لە باخچەی شیعردا هەڵفڕاندووە**
**ئەم رۆحە هەلاهەلا بووەم**
**لەژێر رێژنە و دڵۆپەی**
**هەموو وشە باراناوییەکان تەڕکردووە**

لێ تەنها وشەیێ نەبێ
زۆر کەمۆیە
بە بەختی من زۆر نامۆیە
وەک سوێسکە
وەک کەروێشک
وەک کارمامز
لە پێدەشتی شەقارشەقاری خەونەکانم کەوی نابێ
هێندە سرک و بەیدەست و سڵە
بە خۆزگە گوڵگوڵییەکانیش دەستەمۆ نابێ
لەوەتەی من وشە دەناسم و
توحفەی کتێبەکان هەڵدەدەمەوە
خۆم داوەتە ژێر شەپۆڵ و تاڤگەکانی ریتم و ئیحا
دەچمەنێو قوڵایی بەحرەکانی شیعر
ئەشکەوتی ئەفسانەکان دەپشکنم
بە کێووزناری داستانەکان هەڵدەگەڕێم
ئەم وشەیە نایەتە ژێر بار
رکێفی ئەسپی خەیاڵم دەبەزێنێ و
بۆ ساتێکیش
لەژێر ساباتی حەسرەتە کوژراوەکانی من ئۆقرە ناگرێ
دەمێکە من
بەدوای ئەو وشەیەدا دەگەڕێم و
ناوەکەیم بیرکردووە
تۆ دەتوانی بە خەندەیەکی شیرین
لەم وشەیە، بەهەشتێک بۆ رابردوو ئایندەم ئاوا بکەی
تۆ دەتوانی بە ئاورێکی نارنجی و درەخشان
سەراپا جیهانی من بگۆڕی و
رزگارم کەی لەدەست تەنهاییەکی بێ ئامان
تۆدەتوانی بە نامەیێ، بە نوکەیێ
رۆحم لە نوری ئەو وشەیە هەڵکێشیت و
بمکەی بە ئەفسانەترین بەختەوەر
دەمێکە من وێڵم بەدوای وشەیەکەوە
نازانم چ رەنگێکە

نازانم سەر بەچ دەنگێکە
تۆ دەتوانی پەنجەرەی سۆزێکم لێ بکەیتەوە و
لەنێو هارمۆنیا و ریتم و نەوای وشەی گۆرین مەستم بکەی
قاچە بڕاوەکەمم لەبیر بەیتەوە و
بمخەیتە نێو رەزمی سەمایەکی زۆربایانە
فوو بە شمشاڵی خەمێکمدا بکەی و
چنگێ یەئسم لێ هەڵوەرێنی
دەبا شنەبایێ لە نیلۆفەڕی خەندەیەکتا
هەڵکا بەسەر دڵی کەیل و بێ چارەما
دەبا چیتر ماتڵ نەبم بۆ قومێک (بەختەوەری)
تیا ماوم بۆ وشەیێ
نازانم تامی چۆنە



تۆ دەتوانی نیگایەکی ئاڵ و گەش
بکەی بە هەورێکی نسرم و نیان
لێزمە بارانێ وشە
داکەیتە سەر کێڵگە مەئیوسەکانی
عیشقێک تا سەر ئێسقان سوتوو و خەڵووز
یەخسیر و دەستەپاچەم بۆ وشەیێ
لێرە نازانم بۆنی چی دەدات
بەڵام کە دێم بۆ سلێمانی
هەموو کوچە و کۆڵانێکی ئەو شارە
لێوانلێوە لە سۆناتای ئەم وشە جوانەی حەسرەتی من
لە گوڵە ئەشرەفییەکانی جەستەی پەمەییت
پڕپڕە لە نازنازی هەناسەت
یاسەمینی زوڵفت تەسەللا بە عیشوە و مەکری شەونم
بە بوخوردی یادەوەریت باڵ دەگرم
دەبا سەبای گڕنژینێکت داڵدەم دا
لەژێر چەتری وشە تەریوەکەی رۆحم
گەر لە باڵکۆنی خەونێکمەوە سەرهەڵبڕی
دەبینی چ خاپوور و وێرانە سەکۆی دڵی من
چەندە بێ ئەنوا و بێدەرەتانە
ئەو عیشقە زوڵاڵ و پڕ لە گڕوگاڵەی من


# سێ
# دەقی شوێن

سۆران محەمەد

(١)
لەودیو دیوارەکەوە

خامەی سەر مێزەکە
زەمەنێکە نووستوە
هەر بۆ ژەمەکان هەڵئەسێ،
بۆ نا!
پەرداخەکەی تەنیشتی
لە بێ متمانەییدا
تینووی قومێ ئاوە.
سوراحییەکانی هاوڕێی بنیان
کونە.
لە بەردەمیا
کورسییەکە
تۆزی لێ نیشتووە
قودسییەتی لە نەبزواندندایە






تەپڵەکی سیغارەکەش
دەمامکی بەستووە
بە جوانترین ئینجانە
خۆی رازاندووەتەوە-

ئەبێ هەمیشە هاوڕای
تابلۆکەی بەرانبەری بێ.
دەیان ساڵە زەمەن
لەم ژوورەدا وەستاوە
تەنیا جار جار
چرکەی کردنەوەی جانتا دیپلۆماتەکە
بێدەنگییەکان دەجوڵێنێ-
شیعرێکی مردووی لێ دەردێ
وەک لێوی وشکی پەرداخەکە.

لە دەرەوەی ژوورەکە
پرچی سپی شۆڕەبییەکان
ئەیداتەوە لە زەوی
نیوەی شەو تێپەڕیوە و
هەر بێدارن
ئاونگەکان دەبینن کە توڕە دەبن!
سەردەمانێ-
پرچی نێرگزە چاوکاڵەکانیان تەڕ دەکرد
کەچی ئێستا
نەک کانی
نەک هێلانەی لەقلەقەکان
رووبارەکانیش
تێکەڵ بە ئۆقیانووس ئەکەن.
ئەوجا
هاوینیش ئەبێ خۆی لەبەر خۆرا هەڵخا
تا پۆشاکەکەی وشک بێتەوە

زوو پێڕاگا
به چلەی بەهارێکی درەنگ وەخت

(٢)
له هەندێک جێ




له گزنگی بەیانا
دەستەکان لەناو هالاوی
ورته ورتی دیوارەکانا
بزر بوون
کاتێ لمۆزه دارینەکان
بێ واده
خۆیان ئەکرد به باڵەخانه
تایبەتەکانی هزردا

پێڵاوه تۆزاوییەکان
هێندەی چاو بڕکا
له پێکان جیابوونەوه
لەناو لیتەی
شەقامه یەک ئاراستەکەدا چەقین
چاویلکەکه
تەنیا ئەو شتانەی ئەدی
کورسییه تەختەکان ئەیاندی
له دوا وانەی کوردی
لەسەر مێزی فەرامۆشیی
چاوی چووه خەو...

دەستەکان دەبوو چەپڵه
بۆ هەڵپەڕکێی قەرباڵغییەکه لێدەن
تا خاوەنەکەیان

بدۆزنەوە
پێڵاوەکان دەبوو پێ بە گوڵە گەنمەکانا بنێن
تا بگەڕێنەوە لای هەنگاوەکان
چاویلکەکە دەبوو تەنیا تەماشای
شیکاری تەباشیرە کۆنەکە بکا
تا بێتەوە هۆش خۆی...

زۆری نەبرد
لە خۆراوابوونێکی درەنگ وەختا
هەر پێش ئەوەی خۆر
لەدەم کەل ئاوا بێ
دەستەکان رەها بوون
قەیتانی پێڵاوە تۆزاوییەکانیان بەست
دوای ئەوەی چاویلکەکەیان-
خستەوە نێو پێخەفی ئیسفەنجیی..
لەگەڵ خۆرا کۆچیان کرد
بۆ ئەو جێیەی چاوەکان
لە ئاگاییدا ئەبینن



(٣)
وێزگە

کەنارە وەنەوشەییەکانی (برێندزی)[1]
هێشتا چاوانی بە خەو بوو
زایەڵە تەمتوماوییەکان-
لەسەر چەرپایەکی نەخۆش جێیهێڵا
ئەو ساتەی دەنکە جۆ برسییەکان
پەپوولە هاوڕێکانی[2] منداڵیی
کردە نەیار!
ئەو ساتەی سمۆرە سرکەکە
لە چیا ئەزموونداره‌کە

**وەک دەرگایەک بۆ ئاودیوبوون**
**بۆ دنیایەکی ئاوەڵاتر رادەما**
**شیبایەک**
**بەم گوزەرە چۆڵەیا رابوورد...**
**خانووەکان لە ناوەوە**
**هەر یەک... رۆمانێ بوون بێ دووماهیی**
**پایزیش لەوێ لەدایک بوو!**
**ئێستا نزیک وێزگەیەکی خامۆش**
**لەو کۆترانە دیقەت ئەدا**
**لەناو چاڵۆچکەی بارانا**
**بە ئازادیی باڵیان ئاوەڵا کردووە**
**تیشکێکی زێڕینی نەرم**
**لەنێو چاوی پەلکەزێڕینەوە**
**ئەسرین ئەپرژێنێتە سەر**
**تارمایی مەرگەساتەکانی رابردوو**

***

١-شارێکە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئیتاڵیا.
٢-ئاماژەیە بە دێڕێکی خۆم لە شیعری (تەقسێکی سەما ئەزەلییەکان) ١٩٩٨.
گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٢٢، لاپەڕە ٩٦.

# تا ئێستا زیندووم



● هەژار قانع

(١)
که منالٚ بووم
هێندەی تاڵە سپییەکانی پرچی نەنکم
خەونم هەبوو
بەڵام ئێستا نەنکم پرچی رەش دەکا و
منیش هێندەی تاڵە سپییەکانی پرچی ئەو
ئومێدم ماوە.

(٢)

**ئەی خەڵکی وڵاتەکەم**
**تکایە باش بۆنم بکەن**
**بۆنی جلەکانم...**
**بۆنی ئازاری دڵی ماندووم...**
**بۆنی شیعرەکانم...**
**بۆنی تەنیایی هەمیشەیم...**
**بۆنی خەیاڵەکانم بکەن...**
**سوێنتان دەدەم ئەی خەڵکینە**
**گەر بۆنی من ئازاری نەدان**
**هەرگیز پێم مەڵێن شاعیرە.**




(٣)

**بێخەویی رووی تێکردووم**
**سەرم قورسە و**
**جەستەم ماندوو**
**رەنگە ئەم رۆژانە دڵی هەمووان بڕەنجێنم**
**دایکم زۆر میهرەبانە**
**ماوەیەکە لێم زویرە...**
**ئەگەر "کافکا"زیندووبوایە**
**بەرگری لێدەکردم**
**ئاخر...**
**ئەویش دەردی بێخەویی چەشتووە.**

(٤)

**ژیان تەپاڵەیەکی گەورەیە**
**مرۆڤەکان وەک مێروون لە ناویا**
**هەندێکیان لێی دەخۆن**
**هەندێکیان تاساون لە ژێریا.**



(٥)

ئەی خەڵکی وڵاتەکەم
من بۆ گەنم
چونکە دایکم فڕێیدامە ناو زبڵەوە
بە منداڵیش باوکم رقی لێ هەڵگرتم
ئەو ناردمی بۆ چنینەوەی خەونەکانی خۆی
من خەیاڵەکانی خۆمم ونکرد

(٦)

بە بۆنی "دەم"ماندا دیارە
زەوی پڕ بووە لە تاوان.
بێ نرخی ئینسان شاهیدە
مرۆڤ بە مردوویی لەدایک دەبێت.
ماوەیەکی زۆرە خودا بێ دەنگە
سرووشت خۆڵ دەبارێنێت
باران لە ئاسمان تۆراوە
شەوانە مانگ و ئەستێرەکان درەنگ هەڵدێن
ئەمانە هیچیان سرووشتی نین
پێدەچێت خودا زویر بووبێت!

(٧)

بڕیارم دا ژیان بکەم!
زەوی نەفرەتی لێ کردم
بیرم لە خۆکوشتن کردەوە
ئاسمان پشتی تێکردم
ویستم ئاو بخۆمەوە!...
هەموو شلەکانی گەردوون بوون بە ژەهر
ویستم بەزەویدا بڕۆم!...
یەک پارچە بوو بە ئاگر
ویستم ببم بە دیکتاتۆر!...
گشت ماسولکەکانم رەق بوون



**خودایە...**
**ئەی دروستکەری هەردووکمان**
**من و زەوی**
**چ پێویستییەکمان بە یەک بوو؟**

(٨)
**وەک رمێک هاتی**
**چەقیت بەسەر گۆی مەمکی چەپما**
**ماوەیەکی زۆرە دڵم ئازاری هەیە**
**لەوانەیە دەردێکی کوشندەی بێ و**
**مەرگ هاتبێت بەپیریمەوە.**

(٩)
**وتت لە دڵتام**
**لەگەڵ خوێندا سەفەر دەکەم بەرەو مێشکت**
**بەڵام ئەفسووس...**
**ئەو دەمارەی تۆی دەگەیاندە مێشکم**
**لە ناوبڕیی دوو چەتووندا چەقۆیەکیان لێدا و قرتا**
**من کێشەم نییە هەروام...**
**گرفتەکە ئەوەیە تۆ بە سەرم نەگەیشتیت.**


(١٠)
**ژیان لە ژوورەکەمدا تەنیایە**
**مردن لە بەردەرگا وەستاوە**
**منیش لە ژوورەوەم**
**لەناو تاریکیدا ونـم**
**گوێم لە مۆسیقایەکی غەریب گرتووە**
**بە جەستەیەکی چرچ و**
**رۆحێکی پیرەوە**
**تا ئێستا زیندووم.**

# سێ کورتە شیعر

سارا زینەتی- سەقز

(١)

قۆڵ لە قۆڵی تەنیاییەکی خۆش تیپی باڵابەرز
بە لەچکەیەکی بۆنخۆشکراو لە بیرێکی -بێ بەزەیی- ئازادانە
هەر هەنگاو و
شار لە پشتمەوە جێ دەمێنێ...



(٢)

**لە پێنجشەممە ئێواران و**

**لە شار خیابان**

**کۆکەیتەوە**

**هەر ژن و**

**لە مەکیاژە قورسەکانیان**

**عاسی بوون و**

**هەر پیاو و**

**لە تەماحیان**

**سێ-چوار ژن**

**ئەبارێ...**



(٣)

**تۆ**

**بریتی بووی**

**لەو خەوەی**

**ئاسمان**

**بە عەشقەوە بینی!**

**یەک چرکە بەس بوو**

**بۆ ئەوەی نووقمی تاریکی بین!!**

**یەک چرکە و**

**ئاسمان خەوی لێ کەوت...!!!**

# وانەی سروودێکی نوێ

قادر عەلی خا - بۆکان

راوێژێکی خۆشی بۆ قسەگێڕانەوە هەبوو. کە ئەو دەدوا، هەموو گیانم دەبوو بە گوێ. زۆرجار سەربوردەکانی خۆی بە پوختی بۆ دەگێڕامەوە. منیش زۆر بە دڵەوە گوێم بۆ رادەگرت. ئەوم لە سۆراخی چیرۆکەکانییەوە ناسی. نووسراوەکانی زۆریان چێژ پێ دەگەیاندم. هەموویانم بە تامەزرۆییەوە دەخوێندەوە. سەرەتا لە گۆڤارەکاندا تاک و تەرا بەرهەمەکانیم چاو پێکەوت، پاشانیش کتێبەکانی. وردە وردە لە یەک نزیکبووینەوە و بووینە هاورێ، کەسایەتییەکی زۆر شیرینی هەبوو. نەتدەتوانی خۆشت نەوێ، بۆت نەدەکرا رێزی لێ نەگری.

هەموو کاتە بەتاڵەکانمان لە گەڵ یەک بووین. کەمتر بێ یەک هەڵمان دەکرد. ببوومە یەکەم خوێنەری هەموو بەرهەمە تازەکانی. زۆرجار بۆچوونەکانی بەرێزەوە وەردەگرتم. پێی دەگوتم رەخنەگری بێ هەڵا، کتێبەکەی دادەنێ و چاویلکەکانی دەردێنێ. قەندێک دەخاتە دەمی و چاییەکەی بە دوادا هەڵدەقوڵێنێ. پەرداخەکەی دادەنێتە سەر کەشەفەکە و دەڵێ: زۆر پەیڤ و وتە هەن کە لە تەمەنی مرۆڤدا دەورێکی گرنگ دەگێڕن. دەبنە هەوێن و ماکی زۆر گۆڕانکاری گەورە، یانی مرۆڤ ناتوانێ هەر وا بە ئاسانی لەبیریان بباتەوە، لە راستیدا هەر

لەبیر ناچنەوە، چونکە تێکەڵ بە ڕۆح و جەستە دەبن. ئەسڵەن دەبنە بەشێک لە مرۆڤ، دەبێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە تەمەندا، بەتایبەت ئەگەر ئەو گۆڕانە لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بێ، شوێن و دەوری زیاتر و قووڵترە.

منیش ئەو ڕۆژە شیرینەی تەمەنم هەرگیز لەیاد ناچێتەوە. ئەو ڕۆژەی کە لە چرکەساتێکیدا کەسایەتیی منی تێدا گوورا. ئەو پەیڤەی منی لەم بار خستە ئەو بار.

چاو لە چاوم دەبڕێ، چاوە ڕەش و گەرمەکانی کە پڕبوون لە خۆشەویستی، باسی ئەو ڕۆژە گرنگەی تەمەنی دەکا. ئەوە یەکەم ڕۆژ بوو لە تەمەنمدا کە خۆم بە پیاو دەزانی. هەستم دەکرد قۆناغی منداڵیم تێپەڕکردووە. ئیدی پێم وا بوو دەتوانم بە کچان بڵێم و دڵدارییان لەگەڵدا بکەم. تەنانەت بێ ترس لە دەرکردن و توورەبوونی مجێوریش خۆم بکەم بە مزگەوتدا و لە پەنای کوورەکەدا دانیشم، گوێ لە قسە و باسە هەزار چەشنەکانی پیاوان بگرم و لە باسەکانیاندا بەشداری بکەم. ئەو ڕۆژە کە بەنێو دێدا دەڕۆیشتم، بای باڵم لە هەمیشە خۆشتر بوو. شەرمیشم شکابوو. بە هەرکەس لە خەڵکی ئاوایی دەگەیشتم، بە گەرمی و بە دەنگێکی نێر و پیاوانە سڵاوم لێ دەکرد. بەڕاستی خۆم بە پیاو دەزانی. چاوەڕوان بووم بە گەرمی جوابی سڵاوەکەم بدەنەوە، تەنانەت لەبەریشم هەستن. ئاخر من پیاو بووم، پیاو. پیاویش دەبێ لەبەری هەستن و بە جوانی وەڵامی سڵاوەکەی بدەنەوە. ئەوە نییە ڕانک و چۆغەم لەبەر کردووە، مێزەری پڕلۆنم لەسەر ناوە. ئێوە منداڵتان دیوە مێزەر لەسەر نێ؟ دڵنیام نا! هەر کە سڵاوم دەکرد زۆر کەس پێیان دەکوتم ئەلێیکە سەلام. ماشەڵڵا لەو پیاوە چکۆلەیە. شوکور بۆتە پیاو. ئەم وتەیانم پێ ناخۆش بوو. بەکەیفم بوو پێم بڵێن بەخێر بێی کاک ڕزگار.

ئەو ڕۆژە دایکم لە هەموو کەس زیاتری با تێکردم. هەر کە لیباسەکانم لەبەرکرد و باوکم پێچەکەی کە تاوێک لەمەوبەر بۆی پێچابوومەوە، لەسەر نام، سەعاتێک هەر بە شان و باهۆیدا هەڵکوتم. لە خودا بەزیادبێ دەڵێی زێڕە کوڕەکەم، ماشەڵڵا، ماشەڵڵا، بێچاوێنی بێ، لە کوڕی هەموو کەس جوانترە، دایکی بە قوربانی بێ. خودا مرادم بدا بە دەستی خۆم بووکی بۆ دابەزێنم.

هەر ئەوەش وای لێ کردم ئەو ڕۆژە بە بێ ترس بە یەکەم کچی تەمەنی خۆم بڵێم. بێ دڵەکوتێ و بێ سوور هەڵگەڕان هەر کە چاوم بە شەوبۆ کەوت، چوومە پێشێ و پێم کوت خۆشم دەوێی بەقەد دنیا! بە ئەندازەی کێوی ئاسمانپەڕی، دڵم لەوانەیە بۆت فجحە بکات. ئەوەندە لە نەکاو پێم کوت شەوبۆ حەپەسابوو، نەیدەتوانی هیچ وەڵامێکم بداتەوە، سەری داخست و ڕۆیی. کە بێدەنگییەکەی

ئەو وای لە من کرد بە خۆم بسەلمێنم کە پێی خۆشە و رازییە. لە گەورەکانم بیستبوو بێدەنگی هۆی رازیبوونە. منیش ئەو بێدەنگییەم بە رازیبوونی شەوبۆ زانی و خۆشم دەویست و بە دیتنی دەگەشامەوە. ئاگری ئەوینێک کە ئێستاش سکڵەکەی هەر لە دڵمدا سۆپەی دێ، دەتوانم بڵێم رووداوەکانی ئەو رۆژە و وتەکانی مامۆستا هیوا بوو، کە ئەمنی بەڕاستی کرد بە پیاو، کە رۆژی پێشوو دوای کۆتایی وانەکەمان پێی کوتبووین.

-بەیانی هەمووتان، چ کچان و چ کوڕان، دەبێ بە جلوبەرگی کوردییەوە بێنەوە بۆ قوتابخانە. کوڕەکان دەبێ مێزەریش لەسەر نێن. بێ مێزەر نەیەنەوە ها.

ئەمەی وەک هەڕەشە پێ کوتبووین. بەیانی ئەو رۆژە هەموومان بە جلوبەرگی کوردییەوە چووینەوە بۆ مەکتەب، هەموو کوڕەکان مێزەرمان لەسەر دابوو. مامۆستا هیواش جلوبەرگی کوردی پۆشیبوو، رانکوچۆغەیەکی چل تیکەی سوورگوێزی بووزوو بوو. رەنگ و روویەکی تایبەتی پێ بەخشیبوو. قەڵافەتێکی مێرانەتری هەبوو لەبەر چاوم. شەوبۆش جوانتر ببوو. خۆشترم دەویست لە جاران، بۆ یەکەمین کەڕەت بە روومەوە پێکەنی، ئەو پێکەنینەی باڵی لێ رواندم. پشت لە تەختەڕەشە و روو لە ئێمە پێی کوتین.

-بەیانیتان باش.

ئێمەش وێکڕا کوتمان:

-بەیانیت باش، مامۆستا.

پاشان دەستی دایە گەچێکی سەوز و لەسەر تەختەڕەشەکە شتێکی نووسی. شێوە نووسینێکی نوێ بوو. نێو پۆلەکە بوو بە دەنگەدەنگ و زەنازەنا. ناڕێک و پچڕپچڕ دەمانخوێندەوە. بۆخۆی بە دەنگێکی بەرز و رەوان ئەو رستەیەی بۆ خوێندینەوە: وڵاتی ئێمە...


من دڵم کەوتە لێدان. دوایی هەموومانی هەستاندە سەر پێ و کوتی: لەمڕۆ بەدواوە دەبێ هەموو بایەنییەک سروودێکی نوێ بخوێنینەوە، هەریەکەو کاغەزێکی دایە دەستمان کە ئەو سرووودە نوێیەی تێدا نووسرابوو. بۆخۆی بە دەنگێکی بەرز و بە ئاوازێکی خۆش ئەو سروودەی بۆ خوێندینەوە. وانەی ئەو رۆژەمان وانەی سروودێکی نوێ بوو. دەیان جارمان ئەو سرووودە بە کۆرس و تاکە تاکە خوێندەوە. هەتا هەموومان بە رەوانی لەبەرمان کرد. هەر بە خوێندنەوەی ئەو سروودەش لە مەکتەب هاتینە دەرێ. ناو دێمان پڕکردبوو لە ئاوازی ئەو سرووودە نوێیە. کە لە مەکتەب هاتینە دەرێ، ناو دێیەکەم بە چاوێکی تر دەبینی. زیاتر لە جارانم خۆش دەویست. پتر حەزم لێی بوو. بۆن و بەرامەی


ناو دێم زیاتر هەڵدەمژی. تەنانەت تەمەکەی سەرچیای شێخەوڕەحمانیشم خۆش دەویست.

ئەو رۆژە مامۆستا هیوا فێری زۆر شتی گرنگی کردین. وتە بەنرخەکانی ئەو رۆژەی هەتا لێواری گۆڕیش هاوڕێمن. لە دڵمدایە و لە مێشکمدا دەزرینگێتەوە. یانی وەکو ئاڵقەیەک لە گوێم کردوون، ئەو فێری کردین ئێمە کێین، خۆمان بین و خۆمان خۆش بوێ. ئەو وتانەی ئاوێنەیەکە هەرگیز دڵم نایە بیانشکێنم، هەموو رۆژێک بەیانیان بەرلەوەی لە ماڵێ بچمە دەرێ، خۆمیان لەبەر جوان دەکەم.

دەستێک لە چادانەکە دەدا، بۆتە دەمی مردوو. ئەمەش بوو بە هیچ. دەستی دەداتە کتێبەکەی و تێکەڵ بە شەپۆلی شیعرەکانی "نالی" دەبێ. منیش لەگەڵیدا دەکەومە مەلەکردن. دەریایەکی شین و بێ بن. روون و بێ غەوش، فێنک و وزەبەخش. بە دەم شەپۆلانەوە لە یەکتر هەڵدەبڕێین، کە چاو دەکەمەوە ئەو لەوسەری دەریایە و من لەوسەری دەریا. بە حاڵێک و دووبەڵا گوێم لە دەنگییەتی کە دەڵێ: چەن بەرینە دەریای ئەم پەیڤە سەوزانەی "نالی".

٨٧/١/١٣
بۆکان





# بازنه

عەلی ئەحمەد فەتاح



ئەوان بەشێوەیەکی بازنەیی وەستابوون، وەک ئەوەی لەسەر بابەتێکی فەلسەفی گفتوگۆ بکەن، زۆر جدیی دەردەکەوتن. کاتێک کەسێکی تر نزیکیان دەبووەوە، خێرا بەرەوڕووی دەهاتن و سرتەسرتێکیان دەکرد و شوێنێکیان لەنێو بازنەکەدا بۆ دەکردەوە. لە رووخسارياندا چاوەڕوانییەکی قووڵم دەبینی، لەچاو تروکانێکدا من لەوێ بووم.

بەهەمان شێوە هەموویان لەمن ورد دەبوونەوە، زۆر سەرسام بووم، چونکە هەرگیز ئەوەندە گوێیەکانم باش نەیان دەژنەوت! لە منداڵییەوە هەمیشە گوێم کپ بوو، قسەکانم بە خەڵک دووبارە دەکردەوە، کەچی ئێستا گوێم لە هەناسەکانیشیانە.

چاوم گێڕا بە رووخساری هەموویاندا، خۆشبەختانە یەکێکیانم لێ ناسین، بە روویەکی گەشەوە هاتە بەردەمم، هەواڵی ماڵەوەیانی پرسی. هەرچییەکم دەزانی پێم وت: (مردنی کوڕە ناوەنجییەکەی)، رەنگی گۆڕا، هەناسەیەکی درێژی

هەڵکێشا: "بەداخەوە"، ئەمەی وت و رۆشتەوە نێو بازنەکە.

چاوەکانم هەر لەسەر ئەو بوو، (٢٠) ساڵ دراوسێ بووین، پیاوێکی تابڵێی رۆحسووک و خۆشەویست، نیوەشەوێکی بەهاری (٢٠٠٨) مردبوو، کوڕەکەی تەمەنی سیوچوار ساڵ دەبوو، وەک باوکی نەبوو، سەرکێش و تاوانبار.

کاتێک گوێبیستی مردنی کوڕەکەی بوو، ئیتر زانی بۆ جێگایەکی جیاواز لێرە رۆشتووە. لێرە دنیایەک چیرۆکی زۆر سەرنجڕاکێش دەگێڕنەوە، چیرۆکی مردن... مردن خۆی یەک شتە، بەڵام بۆ ئێمە جۆراوجۆر دەکەوێتەوە.

جوتیارێک لە کاتی کارکردندا، ئازارێک قاچەکانی دەگرێتەوە، کەسێکی نەناسراو، کە لەپڕێکدا لەو ناوە پەیدا دەبێت، دەست دەخاتە سەر قاچەکانی و ئازارەکەی دەشکێنێت. دوای ساتێکی کەم ئازارەکە لە سکی دەدات، هاوار دەکات بۆ کەسەکە، لەو کاتەی خەریک بووە بڕوات، بەدەست خستنە سەر سکی ئازارەکە دەڕەوێتەوە، بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت، ئەمجارەیان خەریکە دەخنکێت، دەستی کابراکە لەسەر قوڕگی بە یەکجاری ئازارەکەی شکاند، بەڵام ئێستا فریادڕەسەکە تەنها رۆح کێشێکە و هیچی تر.

گەنجێکی ئەسمەر لێرە زانیویەتی، کە ئەودەمەی بۆ دواجار خەوی لێکەوت ئیتر خەبەری نەبووەتەوە، لەنێو خەون و راستیدا چەندین وێنەی ناتەواو و تیشکی زۆر کاڵی یەکتر بڕی دەبینی...

من جارێک پرسیم: "ئێوە دەزانن چ کاتێک خەوتان لێدەکەوێت؟"

-وەڵامەکان نەخێر بوو.

دەمێک بوو لە جەستەم بێ خەبەر بووم، خۆم شۆڕکردەوە، ئەو ملیۆنەها کرمە بچووکانەم دی، ئەوان لە گوێکانمەوە دەچوون و لە دەم و لوتمەوە دەهاتنە دەرێ. کە لەسەرم وەک بازاڕە هاوچەرخەکان چەندین دەروازەیان بۆ هاتوچۆ دروستکربوو. هێندە قەپیان گرتبوو، توێژێکی تەنکی گۆشتی رزیو، بە ئێسکەکانمەوە مابوون.

نیوەڕۆیەکم بیرهاتەوە، لە رووبارەکە خەریکی راوەماسی بووم، ئەو ئاردەی بردبووم، کەم بوو، بە پارچە ئاسنێکی ژەنگاوی، زەوییە تەڕەکەم هەڵکەند، چەند کرمێکم دەرهێنا، یەکێکیانم کرد بە قولاپەکەوە هەڵمدایە نێو ئاوەکەوە، ماسییەکان، دەورەیان دا. هەریەکە لەلای خۆیەوە قەپاڵی لێدەدا، چەند جارێک پەتەکەم راپسکاند، بەڵام ماسییەکان سرک و بەئەزموون بوون، پێوە نەدەبوون. کۆتا جار پارچەیەکی زۆر بچووکی کلکی بە قولاپەکەوە مابووەوە. ئێستا لە

شەڕەکەدا من دۆڕاوم، کرمەکان هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە...!

شاخێکی بەرز بەوبەری گۆڕستانەکەوە بوو، ئەو ساڵانەی قاتوقڕی و گرانی بوو، چەندجارێک بۆ دار هێنان تا نیوەی ڕۆشتبووم، ئێستا کە توانایەکی لەڕادەبەدەرم هەیە، بڕیارم دا تا سەر لوتکەکە نەوەستم، بە ئاسمانی ناوچەکەدا فڕیم، هەوای خۆش و فێنک خۆی دەکرد بە قوڵایی ڕۆحمدا بەو بەرزاییەوە، هەموو گرد و دەشتایەکانم لەبەردەستدا بوو، چاوەکانم هێندە تیژ بوون ورد و درشتی خوارەوەی دەبینی، پارچە زەوی سەوز و مەزرای جوان و ڕێک و دەشتاییەکی ئاودار... چەند گوندییەک خەریکی گۆلبڕین بوون، بە ئاسانی گوێم لە قسەکانیان بوو.

بێڵەکەیان بە دڵی زەوییەکەدا دەکرد و پڕبەدەمی بێڵەکە قوڕیان دەهێنایە دەر و لەملاولای گۆلەکان دایاندەنا، ریزێک درەختی بەرز و پڕ سێبەریان کردبووەوە، کچ و کوڕێکی هەرزەکار تاوناتاو بە پەنهانی بۆ یەکیان دەڕوانی. ژنێک چای دەم دابوو، پیاوێکیش کەمێک ئەولاتر پاڵی دابوو بە دارێکی بەتەمەنەوە، دووکەڵی جگەرەکەی خۆی دەخزاندە هەوا پاکەکەوە.

گوندەکانی ئەو ناوچەیە وەک ئەوەی ڕەفەگەلێک بن بە دیواری دوکانێکەوە، بە لاپاڵی شاخەکەوە نووسابوون، کانییەکان شوێنەوارێکی درێژیان بە زەوییەکەوە جێهێشتبوو، تیشکی خۆر لە ئاوەکەدا بریسکەی دەهات... تەنها شتێک نیگەرانی کردم: "ئاخۆ ئێمە، لە کوێ بووین، چما ئەو جوانییانەمان نەدەبینی!"

ماڵەکەمان لەنێو گەڕەکێکی پەڕپووتی شاردا، وەک شتێکی عەنتیکەی لێهاتبوو، هەموو خانووەکان بەشێوەیەکی سەردەمییانە بنیاتنرابوونەوە. لای ڕاست و چەپمان دوو خانوو وەک دوو چنار بە ئاسماندا هەڵچوون، ناهێڵن تیشکی خۆر بگاتە حەوشە و ژوورەکان.

ئێستا کە دەتوانم بەنێو دار و دیواردا بڕۆم، پێویست ناکات لە دەرگاوە بڕۆمە ژوورەوە. ژنە منداڵکارەکەمم بینی، لە مەتبەخەکەدا خەریکی ڕێکخستنی قاپ و دەفرەکان بوو، هەڵم لە لوولەی کترییەکەوە دەهاتە دەرێ، بۆنێکی خۆش لە مەنجەڵی سەر ئاگرەکە ژوورەکەی تەنیبوو. نەیزانی بۆنی کامیان بکات... قژە لوولەکەی، یان بۆنی داودەرمانی ناو چێشتەکە.

پاش مەرگی ئەم، ژنەکەی گەڕاوەتەوە ماڵی دایکی و پێکەوە دەژین. ئەم لە سووچێکی مەتبەخەکەدا وەستاوە سەیری ئەوان دەکات: "ڕۆڵەگیان وەڵامەکەت چی بوو..."، دایکی ئەمەی وت، پاش کەمێک دوو دڵۆپە فرمێسک بە گۆنای ژنەکەیدا هاتە خوارەوە.

ئەوان بە بێدەنگ باوەشیان بۆ یەکدا کردەوە، ژنە بەستەزمانەکەی هێشتا نەیتوانیوە لە رابردوو خۆی رزگار بکات، دڵەڕاوکێ و تەنهایی رۆحی بێهێز و رەنگ پەڕیویان کردووە، وێنەی دەزگیرانییەکەیان بە دیواری یەکێک لە ژوورەکاندا مابوو، بەوبەریشەوە وێنەی گۆزەیەکی زەرد چەند تاڵێک گوڵی سووری تێدا بوو، ملوانکەیەکیش بە تابلۆکەوە هەڵواسرابوو، پیتێکی پێوە بوو، هیچ یەکێک لە پیتەکانی ناوەکەی من نەبوون...

کۆتایی



# حەمەکەریم عارف و گوتوبێژێکی پاچڤەوانی



سازدانی: فازیل ئەحمەد

**چۆن لە پرۆسەی وەرگێران (پاچڤە) تێبگەین؟**

بە راستی راوبۆچوونی جیاواز دەربارەی پرۆسەی وەرگێڕان هەیە. خەڵکانێک، هەڵبەتە لە خودان نەزەران و ئەهلی قەڵەم هەن کە پێیان وایە مرۆڤ دەگەڵ زمانگرتن و قسە فێربووندا، فێری وەرگێڕان دەبێت، ئەمە ئەگەر دروست بێ، مانای وایە هیچ شتێک لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە و وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتی کۆمەڵگە بەشەرییەکانەو تا تیرەی بەشەر بەزمانی جیاواز، فیکرو

فەلسەفەو هونەرو زانست و ژیان و ژیارو شارستانییەت بەرهەم بێنن، بە ناچاری دەبێ پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرن، جابەم پێودانگە سەرلەبەری ژیان دەکاتە پرۆسەیەکی هەرە ئاڵۆزی وەرگێڕان. ئەمەش زەرورەت و گرینگی پرۆسەی وەرگێڕان دەسەلمێنێ.

**ناساندنی وەرگێڕان لەنێوان هونەر و زانستدا لە دیدی وەرگێڕەکانەوە جیاوازە تێڕوانینی ئێوە چییە؟**

هەڵبەتە ئاساییە وەرگێڕانیش وەکو زۆر دیاردەی دیکەی بواری چالاکی و چەلەنگییە زەینییەکانی تیرەی بەشەر پێناسەی جیاواز هەڵبگرێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی، لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی و بەگوێرەی بابەتی وەرگێڕانەکە پێناسەی جیاواز بکرێت. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە پرۆسەیەکی رۆشنبیری هونەرییە، جۆرە دۆنایدۆنێکی هونەرییە لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا، جا لەبەر رۆشنایی ئەمەدا دەتوانم بڵێم وەرگێڕان تێکەڵەیەکە لەوردی زانست، ناسکی هونەر، لە بەهرەو سەلیقەی ئەفراندن، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕان.

**لە پرۆسەی وەرگێڕاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ماناو کۆدو دەلالەتەکانی دەقە ئۆرجیناڵەکەدا دەکرێت؟**

پێموایە وەرگێڕان هەم هەڵوەشاندنەوەکارییەو هەم لێکدانی دووبارەیە. وەرگێڕ لە زمانی یەکەمدا سەرلەبەری رەگەزو توخم و کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەقەکە، زۆر بەوردی و دیقەت و ئەمانەتدارییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە لەبەلاغەت و فەساحەتی دەقەکە ورد دەبێتەوە، ماوەیەکی باش دەگەڵ دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچە دەژی، رەمزوڕازەکانی کەشف دەکات، دەنگ و ڕەنگ و تۆن و ستایل و بونیادو مانای دەقەکە هەرس دەکات، دەقەکە بە هەموو رەگەزو پێکهاتە هونەرییەکانییەوە، بەگشت چۆنێتی و چەندێتییەوە بەهەموو بونیادە زمانەوانی و دەستورییەکانییەوە، بە هەموو پەیام و فۆرمێکەوە، لە زمانی دووەمدا، بەهەمان کەرەستەودارو پەردووی زمانی یەکەم، لە ئاستێکی هونەری ئەوتۆدا بخوڵقێنێتەوە کە دەقایەتی خۆی لەدەست نەدات و پەیوەندی بەرقەرار بکات، واتە دەبێ نزیکترین هاوتای دەقی یەکەم لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە، چونکە هیچ دەقێکی وەرگێڕدراو، چەند سەرکەوتویش بێت ناکاتە ئەسڵی دەقەکە.

**لە وەرگێڕاندا دەق ملکەچی زمانی بۆ وەرگێڕاو دەکەین یان زمانی بۆ وەرگێڕاو دەخەینە خزمەتی دەقەوە؟**

وەرگێڕان وەکو هونەر دەکاتە پرۆسەی خولْقاندنەوەی ئەبستمۆلۆجیاو کەلەپوورو ئەزموونانی زمانی یەکەم لە قاڵب و چوارچیوەی زمانی دووەمدا، واتە دیالۆگێکی ئامانجدارو بەبەرنامەیە لەنێوان دوو کەلتووردا. دیارە ئەمەش بەمانایەک دەکاتە دیالۆگێکی شارستانیانە لەنێوان دووزماندا.. هەڵبەتە هەر زمانێک بگری تاڕادەیەک هزرینی ئەو کەسانە دەنوێنێ کە قسەی پێدەکەن، واتە زمان و کەلتوور پەیوەندییەکی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە، لە هەرشوێنێ کەلتوورو زمان پێکەڤە گەشەیان کردبێ، پەیوەندییەکی بتەو لەنێوان بنەما گشتییەکانی دەستورو بونیادی زمان و تایبەتمەندییەکانی کەلتووری ئەو زمانەدا دەبینرێ. یانی زمان، رەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە. بەم پێیە هەر چەمک و دیارەیەک لە وشەدانی هەر زمانێکدا کۆدو کلیلی تایبەتی خۆی هەیە و بەوکلیلە دێتەکردنەوەو فامین، ئەم کۆدانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازن، جامادامێکی بونیادو پێکهاتەی زمان لێکدی جیاوازبن، زۆر ئەستەمەو بگرە ناتوانرێ چەمک و مانایێ زمانێک بە تەواوەتی و دەقاودەق و بەشێوەیەکی میکانیکی بۆ زمانێکی دی بێتەگواستنەوە، کەواتە چارە هەر ئەوەیە کە وەرگێر رۆڵی میانچی ببینێ، میانچی دەبێ زۆر بە حەوسەڵەو پشوو درێژبێت، چونکە هەم رووبەڕوی مقاوەمەتی دەقەکەو هەم مقاوەمەتی زمانی دووەم دەبێتەوە. نەدەق بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە دەدات و نە زمانی دووەم بەئاسانی پێشوازی و میوانداری لە دەقەکە دەکات. بۆیە پاچڤەوان دەبێ وەرگێڕانی سەدی سەد پوختەو ئایدیالی لە مێشکی خۆی دەربکات و هەردوولای هاوکێشەکە، واتە نووسەرو خوێنەر بەڕادەیەک لێکدی نزیک بکاتەوە کە هەردوولا متمانەی پێبکەن. هەڵبەتە هەردەقێک لە زوانی ئەسڵیدا، یانی لە زمانی یەکەمدا، خەڵکانێکی تایبەت دەدوێنێ کە مەرج نییە خەڵکانی زمانی دووەمی هەمان دەق (بەوەرگێڕدراوی) هەمان ئاست و تایبەتمەندی خەڵکانی زمانی یەکەمی دەقەکەیان هەبێ.. ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، بۆ نمونە زۆر دوورە نووسەرێکی وەک هەمینگوای لە کاتی نووسینی رۆمانەکانیا، جگە لە خوێنەری ئینگلیزی زمان، خوێنەری دیکەی لە بیر بووبێ. کەواتە وەرگێڕ دەبێت لەزمانی دووەمدا، واتە لەزمانی وەرگێڕاندا، تایبەتمەندی خوێنەری زمانی دووەم رەچاوبکات، هاوتای دەستەواژەو زاراوەو ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و دەستەواژەی باو و مەفهومی زمانی یەکەم، لە زمانی دووەمدا

بدۆزێتەوەو تەنانەت داشبتاشێت، ئەگەر لەو ئاستەدا بوو.. کەواتە وەرگێڕ دەبێ نهێنیە زمانی هونەری و زانستییەکانی دەقی یەکەم کەشف بکات، هونەرمەندانەو نووسەرانە هەڵیوەشێنێتەوەو لە قاڵبی زمانی دوومداو بەگوێرەی بونیادی دەستوریی زمانی دووەم دایبڕژێتەوەو دەقایەتییەکەی بپارێزێ. یانی بەم پێیە دەبێ هەردوو زمانەکە لە بۆتەی کارلێکێکی هونەریی رۆشنبیری ئەرێنی بدرێن و تا دەکرێت هاوسەنگ و تەرازوو بن..

**گواستنەوەی پەندو ئیدیۆم و میتافۆرەکانی دەق لەساتەوەختی وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی تاچەند گرفتی دروستکردووە؟ لەپەیوەندی بە فورسی و ئاڵۆزیان و تواناو سەلیقەی وەرگێڕو ئەو گرفتانەش کە پەیوەندییان بەخودی زمانی کوردییەوە هەیە؟**

پەندو قسەی نەستەق و ئیدیۆم هەندێ ناسککاری و وردەکاری و دەستەواژەی باو، یەکێکە لە گرفتە دژوارەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. وەرگێڕ تیادەمێنێ کە ئاخۆ پەنا وەبەر وەرگێڕانی وشە بە وشەو موو بە مووی دەقەکە بەرێت یان هاوتا و هاومانایان لە زمانی دووەمدا بۆ بدۆزێتەوەو پەیدابکات؟ ئەدی ئەگەر هاوتاو هاومانایان لە زمانی دووەمدا پەیدا نەبوو و نەدۆزرایەوە؟ پێموایە دەشێت وەک چارەسەرێکی ناچاری پەنا وەبەر پاچڤەی وشە بە وشەو موو بە موو ببرێت، بە مەرجێ لە پەراوێزدا ئەوە رونبکرێتەوە کە ئەو رستەیە لە زمانی یەکەمدا پەند، قسەی نەستەق یان ئیدیۆم و دەستەواژەی باوەو چونکە لە زمانی دووەمدا هاوتاکەی پەیدا نەبووە، بۆیە لە رووی ئەمانەتدارییەوە، پاچڤەی وشە بە وشەکراوە.. ئەم کێشەیە زیاتر لەو دوو زمانەدا دەردەکەوێ کە سەربەیەک خێزانە، زمان نین و پەندو قسەی نەستەق و ئیدیۆمی لێکچوو یان هاوواتاو هاوبەشیان یەکجار کەمە.. یانی بەم پێودانگە دۆزینەوەی هاوتایەکی دەقاو دەقی، دەقی یەکەم لەزمانی دووەمدا نیمچە مەحاڵە. دیارە زمان تا کراوەتربێ و دەگەڵ بەخششە زمانەوانییە زیندووەکاندا لە کارلێکدابێ، لە رووی گوزارشتەوانییەوە دەوڵەمەندتر دەبێت، لەڕووی داهێنانەوە خۆشدەستر دەبێت و لە باری بەرهەمهێنانی فەلسەفی و هزری و هونەری و زانستیەوە شارستانیتر دەبێت. جا بۆنەگبەتی، زمانی کوردی هێشتاش زمانێکی نیمچە کێوییە و لە زۆر رووەوە گۆشەگیرو رەنگە نەزۆکیش بێت. هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە کە پێموایە یەکێک لەو هۆیانە ئەو مامەڵە سیاسییە شۆڤینیستانەیە کە تائەمڕۆ لەلایەن داگیرکەرانی کوردوکوردوستانەوە دەگەڵ زمانی کوردیدا دەکرێت و

دابڕان و دابڕاندنی ئابوری و بازرگانی و سیاسیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری، ئەمە جگە لە لاوازی و کورتبوردی گوتاری رۆشنبیری کوردی کە نەیتوانیوە زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد لە دەوری خۆی خڕبکاتەوە و بزاڤێکی رۆشنبیریی سیمارۆشن بە ئاراستە نەتەوەیەکەدا وەگەربخات. جا وەرگێڕێک کە زمان کەرەستەی هەرە سەرەکی کارەکەی بێ و ئەوەش حاڵی زمانی زگماکی بێ و بەخۆشی توانایەکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕان بەسەلامەتی دەرباز دەبێت!!..

هەڵبەتە مەرجی زانینی تەواوەتی دوو زمان بۆ هەر وەرگێڕێک وادەخوازێت وەرگێڕ خوێنەرێکی زۆر جدی بێت. ڕێزمان و دەستوری هەردوو زمانەکە بە بەردەوامی بخوێنێتەوە، بەرهەمی نووسەرانی کۆن و نوێیان بخوێنێتەوە و هەر بۆ مەشق و ڕاهێنان و خۆجەڕباندن جارجارە پێیان بنووسێت، چونکە وەرگێڕ لەم ڕێگەیەوە شارەزایی وشەو زاراوەو پەندو ئیدیۆم و قسەی نەستەق و ڕستەبەندی و تایبەتمەندییەکانی هەردوو زمانەکە دەبێت.. بە خوێندنەوە و نوسین زەخیرەیەکی زمانەوانی باشی لەلا کەڵەکە دەبێت و لەبواری گوزارشت و دەربڕیندا نەک هەر دانامێنێ، بەڵکو هونەرنوێنیش دەکات.. ئیدی مەرج نییە وەرگێڕ زانای زمان یان زمانەوان بێت، بەڵام دەبێ لە چۆنێتی بەکارهێنانی زماندا زۆر مەعلان و کارامە بێت.. و شارەزایی لە زاراوەو ئیدیۆمەکانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم هەبێت.. چونکە مانای زاراوەیی جیایە لە مانای وشەیی زمانی.. بۆنمونە: "تەیری گول ئاشق بەداری زەقنەبووتە" مانا زمانییەکەی شتێکە و مانا زاراوەییەکەی شتێکی دیکەیە. ئەگەر وەرگێڕ بەمانا زمانییەکەی وەریبگێڕیت، نەک هیچ ناگەیەنێ، بەڵکو دەبێ بە گەپجاڕیش.. وەرگێڕ دەبێ پابەندی یاساو ریسای زمانی ئەو خەڵکە بێ کە کارەکەیان بۆ وەردەگێڕێت و بە زمانی خۆیان بیان دوێنێ..

**شارەزا بوون لەشێوازی نووسینی نووسەر تاچەندە پێشمەرجێکی گرنگە بۆ وەرگێڕان؟**

وەرگێڕان پرۆسەیەکی یەکجار هەستیاری گوێزانەوەیەکی نووسەرانەی هونەرمەندانەی دەقێکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچە، بە تێکڕای ڕەگەز و توخم و کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی جیاواز، جاشێواز نەک هەر ڕەگەزێکی دەقە، بەڵکو تان و پۆی تێکڕای دەقەکەشی تەنیوە، ئەمەش زەرورەتی شارەزابوونی وەرگێڕ لە شێوازی دەقەکە دەگەیەنێ، بۆیە وەرگێڕ

مامەڵە دەگەڵ زماندا وەک شتێکی موجەڕەدو ئەبستراکت ناکات، بەڵکو سەرو سەختی دەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانی زمانیشدایە، دەقەکە بەجۆرێ لە زمانی دووەمدا دەخوڵقێنیتەوە کە هەمان کاریگەری یان نزیکترین کاریگەریی و ڕۆڵی دەقی یەکەم بدینێ. بۆیە مەسەلەی ئەمانەتداریی و پاراستنی شێوازی دەقی یەکەم لە زمانی دووەمدا یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی وەرگێڕان. چونکە خوێنەر حەقی خۆیەتی هەر بەوە قایل نەبێت کە بزانێ نووسەر چی گوتووە، بەڵکو پێویستە ئەوەش بزانێ کە چۆنی گوتووە.. بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا..

هەڵبەتە لێرەدا نابێ ئەوەشمان لە بێربچێت کە وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا گوزارشت لە بیروبۆچون و هزرینی خۆی ناکات. ناتوانێت لەو هزرو بیرانە دەربچێت کە لەخودی دەقەکە دان، چونکە پابەندە بەودەقەوە کە کەسێکی دی بەرهەمی هێناوە، واتە چەندێتی و چۆنێتی دەقەکە لەزمانی دووەمدا، بە گوێرەی یاساو ڕێسای زمانی دووەم بخوڵقێنیتەوەو دەقایەتی دەقەکە بپارێزێت..

**بۆ کۆی ژانرەکان یەک یاساو میتۆد بە کاردەبەین لە وەرگێڕاندا یاخود بە پێی جیاوازیان دەبێت دەستکاریی یاساو میتۆدەکان بکەین؟**

پێموایە لە وەرگێڕاندا یەک یاساو میتۆد نییە کە هەر وەرگێڕێک پێوەی پا بەندبێت. ڕەنگە هێڵە گشتی و خەسڵەتە گشتییەکانی کاری وەرگێڕان کەم دابێژێک بشوبهێنە سەریەک و لێکدی بچن، بەڵام هیچ پێوەرو پێوانەیەکی رەهاو بنجبڕ بۆ وەرگێڕان نییە. جا وەرگێڕ لە دنیایەکدا کاردەکات کە لەلایەن کەسێکی ترەوە خوڵقێنراوە، قاڵب و فۆڕمی تایبەتی پێدراوە، تیمەو نیوەڕۆک و پەیامی دڵخوازی نووسەری لێ بارکراوە. ئیدی وەرگێڕ، چاری ناچارە دەبێ مامەڵە دەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێشوەختە خوڵقێنراوە هەڵوەشێنیتەوەو بە هەمان کەرەستەو داروپەردوو لە زمانی دووەمدا، هونەرمەندانە و بە جۆرێ بیخوڵقێنیتەوە کە لەڕووی تەکنیک و وردەکاری و هونەرکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە. واتە وەرگێڕ، خۆ بە خۆ دەبێ بە پەیڤداری نووسەری دەقەکەو ئەمانەتداری کار وای لێدەکات لە دەق لا نەدات.. کەواتە دەقەکە یاساو ڕێسای چۆنێتی کارکردنی وەرگێڕەکە دەسەپێنێ، هەڵبەتە دەقیش، تەنانەت ئەو دەقانەش کە رسکاوی هەمان ژینگەو زەمینەی شارستانیەت و کۆمەڵایەتین، ئەگەر لە خەسڵەتە گشتییەکاندا کەمۆکەیەک لێکدی بچن، ئەوا لە هونەرکاری وردەکاریدا لە هیچ دەقێکی دیکە ناچێت، بۆیە لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕ ناچارە ئەو تایبەتمەندییەی هەر دەقێک رەچاوبکات و تا دەکرێت پابەندی ببێت.. بۆ نموونە ئەگەر دەقێک

پێموایە
لە وەرگێڕاندا یەک یاساو میتۆد نییە کە هەر وەرگێڕێک پێوەی پا بەندبێت. ڕەنگە هێڵە گشتی و خەسڵەتە گشتییەکانی کاری وەرگێڕان کەم دابێژێک بشوبهێنە سەر یەک و لێکدی بچن، بەڵام هیچ پێوەرو پێوانەیەکی ڕەهاو بنجبڕ بۆ وەرگێڕان نییە

لەلایەن دە کەسەوە بێتە وەرگێڕان، ئەگەر لە خەسڵەتە گشتییەکاندا لێک بچن ئەوا لە وردەکاری و تایبەتمەندییەکاندا جیادەبنەوە. هەرچەندە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جیاوازی توانای وەرگێڕکانەوە هەیەو مەحاڵە هەموویان بە هەمان ئەندازە بچنە پێست و خووی دەقەکەوەو هەمان خوێندنەوەیان بۆ دەقەکە هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە یەک یاساو میتۆدو چۆنێتی وەرگێڕان نییە کە وەرگێڕ بۆ هەر ژانرێک بەکاری بێنێ. جا وەرگێڕان کارێکی پراکتیکیە، وەک چۆن لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت بەو ئاوایەش لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێکی دی دەگۆڕێت و لەگینە هەر وەرگێڕێکی دڵسۆزی کاری خۆی، بەدەم کارکردنەوە و لەمیانەی ئەزموونی خۆیەوە میتۆدو ڕێبازو ڕێچکەی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە.

**وەرگێڕان دەتوانێت چی ببەخشێت بە زمان و کلتوورو فەرهەنگی بۆ وەرگێڕاو لە بەرامبەردا چی وەردەگرێتەوە؟**

وەرگێڕان بۆخۆی جۆرە گفتوگۆیەکی شارستانییانەیە لەلایەن دوولایەنی هاوکێشەیەکدا، ئیدی دوو کەس بێ، دوو شارستانییەت بێ، دوو دنیای ئەبستمۆلۆجیاو کەلتوورو هونەرو زانست بێ، دوو زمان بێ، دوو ئەزموون بێ.. یانی دیالۆگێکی

ئامانجدارو بەرنامەدارە. دیالۆگیش، ئەگەر دیالۆگ بێ، لە بوارە پراکتیکیەکەیدا دەکاتە پێشوازی لەجیاوازی. ئەمەش بۆخۆی دەکاتە کرانەوە، هەم بۆ دەرەوەو هەم بۆ ناوەوە. بۆیە وەگێڕانی باش و بەرنامەدارو بەردەوام وەرچەرخانی گەورە لە بیرو هزرینی میللەتدا چێدەکات و زەمینە بۆ بزافێکی ئەبستمۆلۆجی و ڕۆشنبیری رەسەن خۆش دەکات وەک چۆن پاچڤەوان لەرێگەی پاچڤەی باشەوە لە زمانی دووەمدا دەبێ بەشەریک یان نیمچە شەریکی نووسەر بەو ئاوایەش میللەتان دەبن بەشەریکی فیکرو فەلسەفەو هونەری یەکترو دکارن یەکتر بخوێننەوەو هاماج و ئوتموسفیرێکی لە باری لێکدی حاڵی بوون بسازێنن و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ریشاژۆ بکەن ئەمە جگە لەوەی بۆ ئێمەی کوردی قڕەی میللەتانی دونیا، پاچڤەی ئەزموونی رۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی و هونەری و ژیانی تۆمارکراوی میللەتان هەم زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات و سەدان زاراوە و وشەی هاوچەرخ دەرژێتە زمانەکەمانەوە و هەم بیرو هزرینی خۆمان بە ئەزموونی پێشکەوتوانەی میللەتان موتوربە دەکەین. بەڕاستی وەرگێڕان بۆ ئێمە لە رووی زمانەوە، دەکاتە پیتاندنی زمانەکەمان و کەشفکردن و وەگەڕخستنی ئیمکانیات و وزە نهێنییەکانی زمانەکەمان و دەبێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوە خۆماڵییەکانی داهێنان و تواناو بەهرەی نووسەران و خوێنەرانمان دەخەملێ، بەهرەو سەلیقەو توانای بەراوردکاری و جیاکردنەوەی بەرهەمی رەسەن لە بەرهەمی جەڵەبی و بازاڕی دەرسکێ، نە خوێنەر وەکو لایەنێکی زۆر گرینگی هاوکێشەی پرۆسەی نووسین، بەرهەمی جەڵەبی قبوڵ دەکات و نە نووسەر پڕکێشی ئەوەدەکات بەرهەمی کاڵ و کرچ رەنگماڵ بکات و بەنرخی شاکاری ئەبستمۆلۆجی و هونەری بەخوێنەری بفرۆشێت. یانی وەرگێڕان رێگەیەکی قەدبڕی شارستانییە بۆ پێک گەیاندنی قەڵەمڕەوین ئەزموونە جیاوازەکان..

**لە ناساندنی وەرگێڕاندا هەندێکجار دەگوترێت: گواستنەوەی مانایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئایا گواستنەوەی مانا جەوهەری وەرگێڕانە یان بەشێکە لەپرۆسەی وەرگێڕان؟ ڕونکردنەوەی ئێوە چییە؟**

دیارە سەبارەت بە وەرگێڕان و پێناسە و گرینگی و بایەخ و زەرورەتی وەرگێڕان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، وەکو چۆن زۆر جۆرە وەرگێڕان هەیە، بەو ئاوایەش پێناسەی جیاوازو هەمەجۆری بۆ کراوە. جا ئەو پێناسەیەی تۆ کردوتە بە ناواخنی پرسیارەکەت، رەنگە یەکێک بێ لەو پێناسە زۆرو زەوەندانە،

که دەشێت بۆ هەندێ دەق شیاو بێ بۆ هەندێکی دی ڕاست نەبێت.. هەڵبەتە مانا بە تەنیا ناکاتە هەموو دەقەکە، ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی دەق، ئەم ڕەگەزە چۆن لە ڕەگەزو توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی دەق جیا دەکرێتەوە؟! هەڵبەتە دەق لە شێوازێکی تایبەتیدا بەرجەستەدەبێت، شێواز دەکاتە چۆنێتی نووسین و دارشتنی تیمە، تیمە لەناو دەقدا دەگۆڕێت بۆ نێوەڕۆک و لە ئەنجامی کارلێکی تێکڕای ڕەگەزەکانەوە دەقایەتی وەردەگرێت. دیارە شێواز سەراپای ڕەگەزو توخم و تۆو پێکهاتەکانی دەق بە نێوەڕۆک و فۆرمیشەوە دەگرێتەوەو فۆرم و نێوەڕۆک بە تایبەتی لە کارێن فلیڤانی ئیبداعیدا، لێکدی نایەنە جیاکردنەوەو وەکو دووڕووی یەک پارچە دراون و بەلابردنی هەر یەکێکیان دراوەکە لە بەهاو بایەخ دەکەوێت و لە هیچ بازاڕێکدا ناچێت. جا وەرگێڕی شارەزا وەکو یەکەیەکی یەکپارچە مامەڵە لەتەک دەقدا دەکات. یانی وەرگێڕان لێرەدا دەکاتە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتای دەقەکە لە زمانی دووەمدا. هەڵبەتە نزیکترین هاوتا تەنیا وشەو پەیڤ و تیمەو ناوەڕۆک و چەمک و مانا ناگرێتەوە، بەڵکو شێوازیش دەگرێتەوە، هەموو لایەنێکی فەساحەت و بەلاغەتی دەقەکە دەگرێتەوە. کەواتە وەرگێڕان دەکاتە ئەفراندنەوەی نزیکترین هاوتای پەیامی زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا هەم لە ڕووی ماناوە هەم لە ڕووی شێوازو ستایلەوە.

**خوێنەر دەکەوێتە کوێی پرۆسەی وەرگێڕانەوە؟**

پرۆسەی وەرگێڕان، لە ناودەقدا کاردەکات، ئیدی دەقی فیکری یان فەلسەفی، یان هونەری یان هەرکایەیەکی ئەبستمۆلۆژی بێت، زیندوویەتی دەقیش چ لەزمانی ئەسڵدا چ لەزمانی وەرگێڕاندا، تا ڕادەیەکی زۆر وەستاوەتە سەر خوێنەر. لە پرۆسەی نوسیندا نووسەر، گوتار، خوێنەر هەیە، کە نووسین دەقایەتی خۆی وەرگرت، ئیدی نووسەر دەچێتە خانەی نەبوانەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە گوتار(دەق) و خوێنەرە. هەڵبەتە کۆدی کردنەوەی رازو ڕەمزەکانی دەق بە خوێنەرە، کە خوێنەر کەوتە ناو پرۆسەی کەشفکاری دەقەکەوەو هیچی تازەی نەدۆزییەوە هیچ لەزەتێکی ئیستاتیکی وەرنەگرت، خۆ بە خۆ لە دەقەکە دەتۆرێت.. جا وەرگێڕ وەکو پەیڤداری نووسەر ئیدی پەیڤداری خۆبەخش یان فەرمی، دەبێ بەدەم پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەمیشە خوێنەری لە بیربێت و بەڕادەیەک نووسەرو خوێنەر لە یەکدی نزیک بکاتەوەو بەیەکتریان ئاشنا بکات کە هەردوولایان متمانەی پێبکەن. واتە کاتێ وەرگێر لەزمانی دووەمدا کاردەکات دەبێ خۆی لە جێی خوێنەر دابنێ و بزانێ ئاخۆ توانیویەتی وەستایانە

و به زمانێکی ڕەوان و خۆیا پەیوەندی لەنێوان دەقەکەو خوێنەردا چێبکات، ئیدی چ دەقی زانستی، هونەری، فیکری، فەلسەفی و ڕۆشنبیری بێ و چ دەقی ئەدەبی.. هەڵبەتە وەرگێڕکە دەقێک وەردەگێڕێت، دەبێ دەقاودەق بە زمانی ئەو خوێنەرانەی وەربگێڕیت کە کارەکەیان ئاراستە دەکات. بۆ نموونە وەرگێڕێکی کورد کە دەقێک وەردەگێڕێت بۆ کوردی، کە دێتە سەر زمانی کوردی کە لێرەدا دەکاتە زمانی دووەمی کارەکەی دەبێ تا دەتوانێ خۆی لە باندۆرو کاریگەری داڕشتن و ڕستەبەندی زمانی یەکەم دوور بگیرێت و سەدی سەد بەکوردی بیربکاتەوە...

**وەرگێڕان ئەگەر لە دەقە ئۆرجیناڵەکەوە نەبێت لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بێت لاوازییەکانی چین و چ گرفتێک بۆ دڵنیایی وەرگێڕان دروست دەکەن؟**

وەکو گوتمان وەرگێڕان، بۆخۆی جۆرە گفتوگۆیەکەو شەقڵێکی دیالۆگی پێوەیە، جا ئەگەر وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بێت، هەنگێ گفتوگۆیەکە دەکاتە گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ، وەکو ئەوەیە دوولایەنی کێشەیەک، بێن لەڕێگەی میانچییەوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەن، کە هەرگیز جێی گفتوگۆی ڕاستەوخۆو زیندوو ناگرێتەوەو سەرکەوتنیشی دوورە.. جا سەبارەت بە وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێیەمەوە چاوەڕوانی وردی و ئەمانەتدارییەکی ئەوتۆی لێناکرێت کە جێی متمانەبێت. ئەوجۆرە وەرگێڕانە وەکو کەلوپەلی دەستی دووەمەو نە ڕەونەق و نموود و نە بایەخ و لەزەتی کەلوپەلی دەستی یەکەمی هەس. چونکە لە حاڵەتی وادا وەرگێڕ چەند بەتواناش بێ، ناتوانێ وێنەی دەقە ئۆرجیناڵەکەمان نیشان بدات، ئەوپەڕی جامێکی شێواوی دەقەکەمان دەخاتە بەردەست. مخابن بەشێکی زۆری کاری وەرگێڕان لەلای ئێمە لە زمانی دووەمەوەو برێ جار لە زمانی سێیەمەوە دەکرێ کە تادەستی زیاتربکات، پتر کاڵ دەبێتەوەو وەختێ دەگاتە لای ئێمە کاڵی کاڵ بووەتەوەو پێموایە یەکێک لە هۆیەکانی کەم ئەسەری کاری وەرگێڕان لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا ئەوەیە. بێگومان وەرگێڕان لە دەقی ئەسڵەوە بکرێت زۆر باشترە.. بەڵام ئەگەر لە ڕووی ناچارییەوە لە زمانی دووەمەوە بکرێت، ئەوا حەقە وەرگێڕ هەم بۆ ئاسودەیی دەروونی و ویژدانی خۆی و هەم بۆ دەستەبەرکردنی متمانەی خوێنەر، دەگەڵ چەند وەرگێڕانێکی دیدا- ئەگەر هەبێ- بەراوردی بکات و ئەو ڕەخنەو وتارانە بخوێنێتەوە کە لەسەر ئەو دەقە نووسراون و پێشەکی و ڕوونکردنەوەو پەراوێزێش بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی بنووسێت...

**هەندێک جار چەمکی خیانەت لەگەڵ پرۆسەی وەرگێراندا بەکار دەبرێت چ پەیوەندییەک لەنێوان خیانەت و وەرگێڕاندا هەیە؟**

لێرەدا زاراوەی خیانەت بە ماناو چەمکە مەجازییەکەی بەکاردێت نەک بەچەمک و مانا ئەبستراکت و مجەڕەدەکەی. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەی وەرگێڕە کە ئەو کارەی دەستی داوەتێ کارێکی زۆر هەستیارو قورس و دژوارو پڕمەسئولیەتە.. وەرگێڕ دێت بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی جیاواز دەگۆڕێت. لە سیستەمێکی زمانەوانی ئاڵۆزەوە بۆ سیستەمێکی ئاڵۆزی دیکەی دەگوازێتەوە. هەڵبەتە وەرگێڕان تەنیا گوێزانەوەی چەمک و مانای ورد نییە، بەڵکو گوێزانەوەی تۆن و ڕیتم و شێوازو ئاوازیشە، واتە گوێزانەوەی شەقڵی چڕو فۆرم و نێوەڕۆک و ڕۆحی بەرهەمێکە بە زمان و بۆ زمان و لەناو زماندا. دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمان تورەکەیەکی پڕە لە وشەو هەر کە دەستتدایە وەرگێڕان لە تەنیشت خۆتەوە دایدەنەیت و دەستی پێدا دەکەیت و بە کەیفی خۆت و بە کەماڵی ئیسراحەت وشەی لێدەردێنی و بە شێوەیەکی میکانیکی لەجیاتی وشەی زمانی دەقەکە دایدەنێیت و دەبڕێتەوە. نەخێر وشە لە زمانە جیاوازەکاندا چەند هاوتای یەکدی بکاتەوە هێشتا هەمان رووبەری گوزارەیی و مانایی پڕناکاتەوە. چونکە ئەو هەلومەرج و فاکتەرانەی مانای وشەیان دروست کردووە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازە.. واتە لەمپەرو کۆسپی زوبان فاکتەرێکی هەرە گرنگی کاری وەرگێڕە.. چونکە وشە خودی شت نییە، بەڵکو ڕەمزی ئەو شتەیە کە دەویستریّ نیشانبدریّ. یانی وشە خودی هزرو مەبەست نییە، بەڵکو ڕەمزیەتی. وشە لە ناودەقدا خودی شت نییە، ڕەمزی شتەکەیە، ڕەمزیەتی وشەش لەناو دەقدا هەمان ڕەمزیەت نییە کە وشە لە دەرێی دەقدا هەیەتی. جا وەرە وەرگێڕ بتوانێ لەم مینجارە ترسناکە بەسەلامەتی دەربچێ! جا گرفتی وەرگێڕ هەر لەمپەرو کۆسپی زمانەوانی نییە، وەرگێڕ سەروسەختی دەگەڵ دنیایەکدایە کە لەلایەن کەسێکی دیکەوە خوڵقێنراوە، بۆیە چاری ناچارە دەبێ بچێتە پێست و کڵێشەی نووسەرەکەوە، بەزەبری شارەزایی و لێهاتووی دەقەکە لە زمانی یەکەمدا هەڵوەشێنێتەوەو بە هەمان کەرەستەو داروپەردوو، لە زمانی دووەمدا بیخوڵقێنیتەوە، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕان.. جا ئەم پرۆسەی دۆنایدۆنە، ئەگەر ئەشق و لەزەتێکی لەپشتەوە نەبێت، بە کەس تەحەموول ناکرێت.. واتە وەرگێڕ لە سەریەتی لەلایەکەوە لە دەقەکە دەرنەچێت و لەلایەکی ترەوە ڕەچاوی وردی و ئەمانەتداری لە کاری وەرگێڕاندا بکات.

بەمەش دەکەوێتە نێوان بەرداشی وەرگێڕانی ئازادی فرەخوێنەرو وەرگێڕانی وشە بە وشەی کەم خوێنەر. دیارە خوێنەر بەشێکی گرینگی هاوکێشەی نووسەرو نوسینە. بۆیە وەرگێڕ ناتوانێ و نابێت فەرامۆشی بکات، جا وەرگێڕانی ئازاد گەر لەلایەکەوە خوێنەر رازی بکات، ئەوا لەلایەکی ترەوە جۆرە لادانێکە لە ئەمانەتداری کاری وەرگێڕان. وەرگێڕانی وشە بە وشە و موو بە مووش ئەگەر لەلایەکەوە پابەندی بێ بە ئەمانەتداری وەرگێڕانەوە، لەلایەکی دییەوە تەرەکردن و تەوەلاکردنی خوێنەرە. خۆ هاوکێشەکەش بەبێ خوێنەر تەواو نابێت، ئیدی وەرگێڕ ناچارە میکانیزمێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە کە هەم لایەنی کەمی ئەمانەتداری و پابەندی بە دەقەوە بپارێزێت و هەم خوێنەر رازی بکات و لە زمانی دووەمدا دەقێکی هاوتای دەقی زمانی یەکەم بخوڵقێنیتەوەو ئەوجاش لە تۆمەتی خیانەت تەبرێ نابێت، بەڵام ئەمە خیانەتێکی حەڵاڵە و ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات...

**گرفتەکانی زمانی کوردی لە بەردەم پرۆسەی وەرگێڕاندا چین، ئایا بوون و نە بوونی زمانێکی ستاندارد چ کاریگەرییەکی بە باش و خراپی لەسەر وەرگێڕان هەیە؟**

زمان وەکو ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایەو بەدەم گۆڕانکاری ژیانەوە وشەو زاراوەی لێهەڵدەوەرێ و پەیڤ و تێرم و چەمک و مانای تازەی دێتە ناو، واتە لە زاوزێ و لە حاڵی خۆتازەکردنەوەی بەردەوامدایە. بۆیە هەموو ئەوانەی سەروسەختیان دەگەڵ زمان و بەکارهێنانی زماندایە، بۆ ئەوەی لە دیاردەی زاوزێی تازەی زمان غافڵ و بێئاگا نەبن، دەبێ بە بەردەوامی پەیگیری دیاردەو پرۆسەی نۆزایی زمان بکەن، بە تایبەتی وەرگێڕ کە مەرجە کەسێکی جووت زمانەی زەبەردەست و لێهاتوو بەتوانا بێت، واتە شارەزاییەکی باشی چۆنیەتی خویندنەوەو شرۆڤەو بەکارهێنانی جووت زمانەکە بێت.. جا زمانی کوردی هێشتا زمانێکی نیمچە کێوییەو لە زۆر رووەوە گۆشەگیرو رەنگە نەزۆکیش بێت، ئەمەش زۆر هۆی هەیەو لەوەڵامی پرسیارەکانی پێشوتردا ئاماژەم بۆ هەندێکیان کردووە. هەڵبەتە وەرگێڕی کورد، دەبێ شارەزاییەکی فرەخاسی لە زمانی کوردیدا هەبێت. لە دەقە کۆنە رەسەنەکان ورد ببێتەوە، سەرنجی چۆنێتی داڕشتن و دەربڕینیان بدات، وشەو رستەو دەستەواژەیان لێ هەڵگوێزێ و لەبەر بکات، فەرهەنگی زمانەوانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات، چونکە چ نووسەر و چ وەرگێڕ بەمە توانای ئەوەی لاچێدەبێت، کە لەکاری خۆدا بۆ وشەی پێویست

دانەمێنێ و تەنانەت بەهرەی ئەوەشی لا دەڕسکێ کە وشەو زاراوەی تازەش بە گوێرەی بنەما دەستوورییەکانی زمانی کوردی دابتاشێت و سەلامەتی زمانەکەش بپارێزیت، یانی دەکارێت تواناو وزە پەنهانەکانی زمانی کوردی کەشف بکات و بتەقێنێتەوەو دەوڵەمەندی بکات. جا شارەزایی لە زمان و ئەدەبیات و کەلەپووری کوردی یارمەتی وەرگێڕ دەدات مەبەست و چەمکەکانی خۆی لە قاڵبی وشەو دەستەواژەی پەسەندو باو و ئاسان و مەفهوومدا دەببڕێت.. هەروەها پاچڤەوان لەسەریێتی خۆی لەزمانی پەتی بپارێزێت و نەچێت ئەو وشەو زاراوانەی بۆ نموونە سەدان ساڵە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لای هەموو کوردێک ئاشناو مەفهوومن، بە بیانوی زمانی کوردی پەتییەوە لە زمانەکەمان وەدەربنێ و کۆمەڵێک وشەی نەباوی تازەی بێ بنج و بناوانی زانستی دابتاشێت. هەروەها بەکارهێنانی فەرهەنگ سەرچاوەیەکی پێویست و گرینگە بۆ وەرگێڕان کە مخابن لەو رووەشەوە هەر قڕەی میللەتانی دنیاین، فەرهەنگ و قاموس لە کتێبخانەی کوردیدا یەکجار کەمە، لە زۆربەی بوارە ئەبستمۆلۆجییەکاندا فەرهەنگمان هەرنییە، فەرهەنگی زاراوە مۆدێرنەکانی سەرانسەری بوارەکانی ژیانمان یا هەرنییە، یا زۆر کاڵوکرچ و بێکەڵکن.. جا با بێینە سەر زمانی ستاندارد، ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو کارە وەرگێڕدراوانەی بازاڕی چاپ و پەخشی کوردی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وەرگێڕەکان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوە چڵی و بە سەقەتی دەزانن، هەر بۆیەش ئەو لێشاوی وەرگێڕانە نەیتوانیوە بزاڤێکی رۆشنبیریی رەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروست بکات و بخاتە سەر سکە.. جا بەم پێیە ئێمە ئەمڕۆکە نە زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینی نەتەوەییمان هەیە، نە گوتاری رۆشنبیری یەکگرتووی نەتەوەیمان هەیە. دیارە ئەم دیاردەو حاڵەتە نەرێنییە، کار لە رێژەی ژمارەی خوێنەران دەکات و سنوری بڵاوبوونەوەی دەقەکە کەم دەکاتەوەو ئەمەش کاریگەری رۆشنبیری دەقەکە کەم دەکاتەوە. چونکە زیندوێتی و کاریگەری رۆشنبیریی دەق بەخوێنەرەوە بەندەو بەخوێنەرو لەخوێنەردا زیندووە. بۆ نموونە زۆر دەق هەیە کە لە مێژە نووسەرەکانیان لە ژیاندا نەماون، بەڵام بە خۆیان لە جاران زیندووترن و لە مەودایەکی بەربڵاودا دەخوێنرێنەوەو دەستاودەست دەکەن..

جا لە هەموو ئەمەش نەگبەتی تر، ئەوەیە ئەمڕۆ لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەدوو شێوەزار دەخوێنرێت!! ئەم جۆرە قابیل بوونێکی ژێرا و ژێرو پەنامەکییە کە ئێمە لە رووی زمانی ستانداردی خوێندن و نوسینەوە نە یەکێتیی نەتەوەییمان هەیەو نە ئەو یەکێتییەشمان گەرەکە. وا (سیاسەتنەدارانی)

کورد له بەر فڕان فڕانی گیرفان و بەڕک پڕکردن نایان پەرژێ خۆ لەمە بکەن بەساحێب، ئەدی ئەهلی قەڵەم و نووسەران بۆچی قوڕوقەپیان لێکردووە؟! یا دەبێ لە بازاڕی (نۆسەرایەتیدا) قەڵەمەکانیان هەرزان فرۆش کردبێت، یان دەبێ گەمەکەی منداڵییان دەگەڵ کرابێ کە دەڵێت: (مەلانوێژ دەکات هین درێژ دەکات بە هینی دایکی ئەوەی قسان دەکات)و نایانەوێ ئەو جنێوە مزرە بەر دایکیان بکەوێ.. گەلۆ زمان بەتەبیعەت لق و پۆ دەهاوێ و ئەو لقانە هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیبوونی خۆ وەربگرن و لە ئەنجامدا تایبەتمەندی خۆیان پەیدا بکەن، با لەڕەگ و ڕیشەشدا یەک بن، دەبن بە زمانی سەربەخۆ و جیا لە دایکە زمانەکە، جا وەرە تۆ بەدەستی خۆت ئیش بۆ ئەمە بکەیت و خێرایی پێببەخشیت!! جا بۆ ئەوەی وەرگێڕی کورد، نەگاتە ئەو ڕۆژەی لە بادینییەوە بۆ سۆرانی و لە سۆرانیەوە بۆ بادینی کاری وەرگێڕان بکات، با لە ئێستاوە زمانی ئینگلیزی لە هەرێمدا بکەین بەزمانی ستانداردو لە سەرانسەری قوتابخانەکانی هەرێمدا وەکو زمانی یەکەم بخوێنرێ و لە شەڕو گێچەڵی دیالێکتان رزگاربببین!! عال کولێوە شێلم، بژی کورد، بژی کوردستان!!

**لاوازی و دەوڵەمەندی زمان و فەرهەنگی زمان دەتوانێت چ کاریگەری و گۆڕانێک لە سەر وەرگێڕان دروست بکات؟ زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی لە کوێی ئەم کاریگەری و گۆڕانەدایە؟**

هەڵبەتە هیچ زمانێک لەخودی خۆیداو بەتەبیعەت و خۆڕسکانە لاواز یان دەوڵەمەند نییە. هیچ زمانێک لە زمانە زیندووەکانی ئەمڕۆی جیهان، لە سەرەتادا بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە.. ئەسەحیشە پەیدابوون و سەرهەڵدانی زمان، بویەڕ و ڕووداوێکی کۆتوپڕ نەبووە، بەڵکو گوێ بە گوێی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەشەرییەکان، ئەویش پەرەی سەندووەو گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. یانی زمان وەک هەر دیاردەیەکی زیندوو لە زاوزێ و گەشەکردن و مردندایە، یانی لە گۆڕانی بەردەوامدایەو قەت لە پێستێکا نەماوەتەوەو نامێنیتەوە، زمانیش کە زادەو بەرەنجامی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤە، دەبێ وەکو هەموو شتە مێژووییەکانی دیکەی بەشەر، لەداب و نەریت و خوو خدەو ڕێوڕەسم و جلوبەرگان و هزرین و بیرکردنەوە، بە گوێرەی کات و شوێن بگۆڕیت. دیارە ئەو فاکتەرانەی بەشداری لە گۆڕان و گۆڕینی زمان دەکەن زۆرن، لەوانە گۆڕانی پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر، واتا زمان ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و فیکری و

فەلسەفی و هونەری و زانستی کۆمەڵگەیە. زمان بەنووسین و لەناو پرۆسەی نووسیندا گەشەدەکات و دەوڵەمەند دەبێت بە وشەو نووسین دەستکەوتە فیکری و فەلسەفی و هونەری و زاننستییەکانی خۆی لە کاروانی بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەردا تۆماردەکات و بەرە بەرە دەبێت بە خودانی بەخششی فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی و سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەکات.. جا لەم پێودانگەوە دەتوانم بێ چەندوچوون بڵێم تا زمان پوختەو خزمەتکراو و دەوڵەمەندتر بێت، پرۆسەی نووسین و وەرگێڕان خۆشترو ئاسانتر دێتە دەست، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە هەر زمانێکش بگریت تواناو ئیمکانیات و وزەی خۆی هەیە، لە سەر ئەهلی قەڵەمە کەشفی بکات و بیتەقێنیتەوەو بەکاری بێنێ، نەک بێت بێ توانایی زمانەوانی خۆی بدات بەملی زمانەکەدا..

سەبارەت بە زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی و پرۆسەی وەرگێڕان، دەبێ ئەوە بڵێین کە زمانی نووسین زۆرلە سەرەتادایە، ئەگەر لە هەندێ بواری حەیاتی و ژیاریداو لە سەرئاستی ناوخۆیی و لۆکاڵی و ناوچەییدا سووکە بەخششێکی هەبێت، ئەوا لە زۆر بواری هەستیاری دیدا، لە سەرەتاشدا نییە. خۆ ئەگەر سەرەتای زمانی نووسین بە کوردی بگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەم. ئەوا زیاتر زمانی شیعر بووە، ناو بە ناو، جاری واهەبووە بە پەنجا سەد ساڵێک جارێ شاعیرێک لەم ناوچەیە یا لەو دەڤەرە، بەم لەهجەیە یان بەو لەهجەیە پەیدابووەو گوتارە شیعرییەکەی هێندە کەم بورد بووە سنوورو ئاقاری دەڤەرە تەنگەکەی خۆی نە بەزاندووە، ئەمجاش ژمارەی ئەو شاعیرانە تا ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەوەندە کەم بووە، رەنگە زۆر لە ژمارەی قامکی دوودەستان تێنەپەڕی بووبێ.. ئەمە جگە لەوەی ئەو شیعرە کوردییەی لە هەندێ قۆناغی سەدەی نۆزدەو بیستەمدا هەبووە، بە زۆری شیعری بەرخۆدان و مقاوەمەت بووە، کە وای خواستووە بە زمانێکی خوڕ و راستەوخۆی ئەوتۆ بەرهەم بێت کە بە ئاستەم لە زمانی زارەکی هێوەتر رۆییوەو وەکو پێویست مەنگی و مەندی بەلاغەت و فەساحەتی زمانی ئەدەبی و نووسینی وەرنەگرتووە. زمانی پەخشانیش کە لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە، ئەویش وەکو مێژووی کورد نیمچە وەستاو و پچڕپچڕ و پەراگەندە بووەو وەکو گوتاریش زیاتر دەنگدانەوەو رەنگدانەوەی ناوچەیی هەبووە تا سەرانسەری... جا لە بەر رۆشنایی ئەم حەقیقەتانە، تا چاو بڕدەکات تەماشابکەو بەخۆت حوکم بدە کە ئەرکی ئەهلی قەڵەم، کە وەرگێڕ یەکێکە لەوان چەند قورس و دژوارە..

**ئەزموونی ئێوە لە کاری وەرگێڕندا چ شتێکی بۆ کەشفکردون لە دەرەوەی باسکردن لەو میتۆدو یاسیانەی دەربارەی وەرگێڕان دەگوترێن؟**

من بەگوێرەی ئەزموونی خۆم لە بواری وەرگێڕاندا ئەوەم بۆ دەرکەوتوە، کە هیچ زمانێک لە خودی خۆیدا، بەتەبیعەت و خۆڕسک، لاواز یان دەوڵەمەند نییە، هەموو زمانێک وزەو توانای گوزارشتەوانی پەنهانی خۆی هەیە کە ئەرکی ئەهلی قەڵەمە کەشفی بکات و بێداری بکاتەوەو بیخاتە سەر سکەی کارلێکی گوزارشتەوانی لە بوارە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی ئەبستمۆلۆژیدا.. هەروەها وەرگێڕ بۆ ئەوەی جێدەستی لە بزاڤی رۆشنبیریی نەتەوەیی خۆیدا دیاربێ، یەک بواری کاری قەڵەمڕانی بگرێت کە هەم کاریگەریی رۆشنبیریی زیاتر دەبێت و هەم لە رووی زمان و گوزارشتی زمانەوانییەوە پتر لە زمانی ئەو بوارەدا قاڵ دەبێتەوەو توانای وزە گوزارشتەوانییە پەنهانەکانی کەشف دەکات، بە کورتی وەرگێڕ لەوە دەردەچێت تەنها وشەدانێکی وشکی پەیڤان بێت، بەڵکو لە بواری خۆیدا داهێنان دەکات...

**گەڕانەوە بۆ مێژووی وەرگێڕان جگە لە بینین و کەشفکردنی رەهەندی مێژووی وەرگێڕان دەتوانێت چی ترمان بۆ بکات؟**

گەڕانەوە بۆ مێژوو و دەورکردنەوەی مێژوو بۆ ئەوەیە ئێستای پێ دەوڵەمەند بکرێت و سودێک بە ئایندە بگەیەنێ، دەنا مێژوو تەنیا وەکو مێژووی رووت بخوێنرێتەوەو نەبێ بە فاکتەرێکی کاراو کاریگەر بۆ دەوڵەمەندکردن و جوڵاندنی ئێستا بە ئاراستەی ئایندەدا تەنیا کات بەفیڕۆدانەو هیچی دی، دەنا ئەوەی کەمێک بفامێ، دەزانێت هەرسەردەمێک ئەوزاری هزرینی خۆی گەرەکە.. هەر کەسێک لە ئەوزاری هزرینی سەردەمی خۆی مەحروم بکرێ تەنیا پاشڤەڕۆیی دەدورێتەوەو دەبێ بە بار بەسەر ژیان و کۆمەڵگەوە. چونکە ناکرێ و ناشێت خەڵکی ئەم سەردەمە بە کەرەستەو ئەوزاری رابردوو بیربکاتەوەو بتوانێ مامەڵە لەتەک دیاردەو رووداو و پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی ئەمڕدا بکات. دەورکردنەوەو خوێندنەوەی مێژوو بۆ هەڵێنجانی ئەو پەندو دەرسە زۆرانەیە کە لە هەزار توێیەکانی خۆیدا هەڵیگرتوون.. جا گەڕانەوە بۆ مێژووی وەرگێڕان یارمەتی ئەوەمان دەدات لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەوان وردبببینەوە تا بزانین هۆکاری شکست و فاکتەری سەرکەوتنیان چی بووە، تا ئێمەش بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان و بە ئەوزاری مۆدێرن، میکانیزمێکی سەردەمیانەی ئەوتۆ

بدۆزینەوە کە خۆ لە شکست و ناکامیان بپارێزین و سەرکەوتن بە ئاراستەی ئایندەدا مسۆگەربکەین..

**وەرگێڕان لەنێوان کاری فەردی و گروپیدا چ جیاوازیی و لێکچوونێک هەیە لە نێوانیانداو دەکرێت کامیان بە بنەما بگیرێت لە کاری وەرگێڕاندا؟**

بەندە پێموایە تاکپەروەری و خوددۆستی رەگی لە قوڵایی تەبیعەت و ناخی هەر تاکێکی بەشەردایەو گروپ و گۆمەڵگە بەشەرییەکانیش بەدەرەجەی یەکەم زادەو بەرەنجامی خوددۆستی تاک بووە، تاک بەتەنیا دەرەقەتی دیاردەو رووداوە سروشتی و گەردوونییەکان نەهاتووەو لەسەرەتاوە لەترساندا پێویستی بەگروپ و کۆمەڵ بووەو پاشان کە فامی کردووەتەوە، بۆ خۆنواندن و خودسەلماندن و شەرعیەت بەخشین بەخوددۆستی خۆی، پێویستی بە گرووپ و کۆمەڵ و کۆمەڵگە بووە، واتە مێگەلایەتی ئەگەر لە رووی ناچارییەوە لە هەندێ قۆناغی مێژووی تیرەی بەشەردا باو بووبێ، ئەوا تاک لە هەڕەتی قەرەباڵغیدا، هەستی بە تەنیایی خۆی کردووەو بەو ئاواتەوە بووە، رۆژی لەڕۆژان، تاکپەروەری و خوددۆستی خۆی بەدەست بهێنێتەوەو سیستەمێکی کۆمەلایەتی ئەوتۆ بەر قەراربکات کە گەورەترین رووبەر بۆ مومارەسەی تاکپەروەری و خوددۆستی دابین بکات. هەر بۆیەش ئەمڕۆکە، لە کۆمەڵگە مۆدێرن و پێشکەوتووەکانی دنیادا، تاکپەروەری و خوددۆستی یەکێکە لە دیاردە زەق و دیارەکان. واتە مرۆڤ بە ئاسانی و خۆبەخۆو خۆبەخش دەستبەرداری تاکایەتی خۆی نابێت و ئەمەش لە ژیان و کارو کردە و چالاکییە حەیاتی و فیکری و فەلسەفی و هونەری و رۆشنبیرییەکانیدا رەنگ دەداتەوە، کە وەرگێڕان یەکێکە لە کارە رۆشنبیرییە هونەرییەکانی.. بەندە پێموایە گرینگترین خاڵی لێکچوونی پرۆسەی وەرگێڕان لەنێوان کاری فەردی و کاری گروپیدا ئەمەیە کە هەردوولایان، سەروسەختیان دەگەڵ دوو زمانی جیاوازدایە، بەو مەبەستەی دوو قەڵەمڕەوی جیاوازی زمانەوانی، لە پرۆسەیەکی کارلێکی ئیجابی رۆشنبیریی هونەریدا، تەواو لە یەکتر نزیک بکەونەوە یان بگەیەننە یەکدی. بەڵام گومان لەوەدا نییە خوێندنەوەیان بۆ دەقی یەکەم وەکو یەکەیەکی یەک پارچە جیاوازەو چۆنیەتی بەکاربردنی زمانیش لە تاکەوە بۆ گروپ جیاوازە. شێوازی کارکردنی تاک بە پێچەوانەی کارکردنی گرووپەوە یەک دەست و یەک تۆن و یەک رەنگە و جۆرە هاونەوایییەک لەنێوان دەقە ئەسڵەکەو دەقە وەرگێڕدراوەکەدا هەیە، لە کارکردنی تاکدا، تاک بە مەسئولیەتێکی زیاترەوە مامەڵە لە تەک گوێزانەوەی ورد و ئەمین دەکات و هەمیشە خوێنەری گریمانەیی

و ئیحتیمالی خۆی لە بەرچاوە. واتە هەر گلەییەکی بێتە سەر هەرخۆی بەرپرسەو ناتوانێ خەتایەکە بەکۆڵی هیچ کەسێکی تردا بدات، بۆیە ئامادە نییە خۆی بکاتە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەی بەر سێرەی هەموو کەسێک. بەڵام لەکاری گروپیدا لەگینە هەر یەکێک لە ئەندامانی گروپەکە، بۆ خۆ پەڕاندنەوەی خەتایەکان بدات بەملی ئەوانی دیدا.. ڕەنگە یەکێک لەئیجابیاتەکانی کاری گروپی ئەوەبێ کە لەگینە کارەکە لە ماوەیەکی زووتر لە کاری تاک، تەواوبێت. بە هەرحاڵ هەردوو جۆرەکە لایەنی نەرێنی و ئەرێنی خۆیان هەیە. بەڵام من کاری فەردیم بەلاوە پەسەندترە، چونکە بواری خۆنوێنی و خودسەلماندن و خوددۆستی زیاتر تیایەو لە ئەنجامدا بە قازانجی کارەکە دەشکێتەوە...

**زمان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا یەک وەزیفە و ڕۆڵ دەبینیت یان وەزیفە و ڕۆڵی جیاوازیی هەیە؟**

ئەگەر بگوترێ هیچ شتێک لە دەرێ زماندا نییە نابێت بەزێدەڕۆیی.. زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرچی شارستانیەت و مەدەنییەت و دەستکەوتی مرۆڤایەتی هەیە قەرزاربارى زمانن، چونکە زمان و بیرکردنەوە دووڕووی یەک دراون و هەرگیز لێکدی جودا ناکرێنەوەو هەرکە جیاکرانەوە ئیدی بایەخ و کاریگەری

گەلێک لەو وەرگێڕانانەی لە بازاڕدان ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێک لەپاچڤەوانەکانمان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بەنیوەچڵی و بەسەقەتی دەزانن و زۆر دوورن لە کەلەپووری زمانی کوردییەوە و لەکاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیرناکەنەوە

خۆیان لە دەست دەدەن، دراوەکە دەبێت بە سکەیەکی قەڵب و لە هیچ بازاڕێکدا ناچێت.. دیارە لێرەدا مەبەست لە زمان، زمانی نووسینە، نووسین و بەکارهێنانی لە بوارە ئەپستمۆلۆژییەکاندا، لە بنەڕەتدا هاوتای ژیانە. کە تیرەی بەشەر کەوتە بەکارهێنانی زمان و گێڕانەوەی سەربووردەکانی خۆی، بەمە درێژەی بەشەریی پەیداکرد. خۆی و ژینگەی خۆی و دیاردەو بویەرەکانی تۆمارکرد. ئیدی لەوێندەرەوە کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە بە زەبری زمان خۆی و مرۆڤایەتی خۆی تۆماربکات، بەردەوامی بە پەیوەندییە زەمەنی و شوێنییەکانی خۆی ببەخشێت. دیارە زمان وەختێک لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆیەک بێت لەهۆیەکانی لێکدی گەیشتن کە پێی بنووسرێت، کە پێی نووسرا دەبێت بە کەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی ئەپستمۆلۆجیاو دەرککردن و فامین. هەڵبەتە زۆرجار نووسین و بەرهەمی قەڵەم بە رادەیەک چڕو و خەست دەبێتەوە، بە تایبەتی لە دەقێن فلیڤانی بەرزدا، هەر بەوە قایبل نابێت لە بازنەی کەرەستەی مەعریفەت و دەرککردندا بمێنێتەوە، بەڵکو بۆ خۆی دەبێت بە بابەتی مەعریفەت و ئیدراک. دەبێ بەخودی مەعریفەت و ئیدراک.. بەم پێیە زمان لە ناودەقی نووسیندا، یان دەقی نووسین لەناو زماندا، بەتایبەتی دەقی هونەریی فلیڤانی بە جۆری ئاوێتەی یەکدی دەبن و لە بۆتەی یەکتردا قاڵ دەبنەوەو گەشەدەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن، مەگەر هەر زاراوەی دەق پڕ بە پێستی بێت. جا بۆگەیشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بەدەق بووندا، دەق نەک هەرخۆی بەڵکو زمانیش بەرهەم دێنێ، یانی بەدەم پرۆسەی بەدەق بوونەوە، دەق زمان دەگرێت و زمان دەقایەتی وەردەگرێت، واتە دەقاودەق دەکەون، دەبن بە هەڤدەقی یەکتری. ئیدی لێرەوە زمان دەبێت بەخودی هەموو وەزیفەکان، بۆیە هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ ((هیچ شتێک لەدەریی زماندانییە.))

**چۆنیتی بە کاربردنی زمان وەک رەگەزێکی باڵای وەرگێڕان دەبینرێت خوێندنەوەی ئێوە چییە؟**

دژواری وەرگێڕان لەوە دایە کە لەنێوان دوو کەلتوور، دوو دنیای هزرین و دوو دنیای دەرک و تێگەیشتنی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت کە وەرگێڕ لە سەریەتی بەجدی رەچاوی بکات و هەمیشە ئەم خاڵەشی لە بیرو لە خەیاڵ بێ، هەرچەندە سەرو سەختی دەگەڵ تێکڕای دەقدایە وەکو یەکەیەکی یەکپارچە، بەڵام بۆ ئەوەی دەرەقەتی پاچڤەی دەق بێت، لە سەرێتی چۆنیەتی وەرگێڕانی دروستی

زمانیش فێربێت. چونکە زاڵی بە سەر زماندا، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ دەبێت زمانەوان بێت یان زانای بواری زمان بێت، بەڵکو پێوستە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بزانێت. هەڵبەتە وەرگێڕان جۆرە شەقڵ و مۆرکێکی دیالۆگی پێوەیە، دیارە دیالۆگ بە زمان و لەناو زماندا دەکرێت، زمان دەکاتە وشە (نیشانە)، رستە، دەق (گوتار). هەر وشەیەکیش چەند سادەو سەرەتایی بێت لە مانایەک پتری هەیەو بە چەمکێک پتر بارگاوییە یانی بە فرەمانایی ئاوسە. واتا مانا لە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی وشەدا، بە گوێرەی رستەو بەپێی دەق و گوتار دەگۆڕێت .. وەرگێڕ لە سەرێتی لە میانەی زمانی یەکەمەوە رۆحی دەقەکە کەشف بکات و بەجۆرێکی داهێنەرانەی ئەوتۆ بیکات بە بەری زمانی دووەمدا، کە هەمان تام و بۆی دەقە ئۆرجیناڵەکە، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕانەوە بدات.. دیارە ئەم نەشتەرگەرییە هەستیارە تەنیا بە زمان و لەناو زماندا دەکرێت و جا لێرەدا مەبەست لە چۆنییەتی بە کارهێنانی زمانە، کە زەمانەتی دەقایەتی دەقەکە لە زمانی دووەمدا دەکات..

**وەرگێڕان وەک پرۆسەیەکی زمانەوانی کە زمانناسەکان ئاماژەی بۆ دەکەن یاخود وەک پرۆسەی راڤەو لێکدانەوە دەناسێنرێت، سەرنجی ئێوە چییە؟**

وەک چۆن دوو بەشەر سەدی سەد چوونیەک نییە، ئەگەر جمکانەش بن، بەو ئاوایەش دوو زمانی سەدی سەد وەک یەک لە دنیادا نییە، بەڵکو یەکێک لە سەرچاوەو ئەنگیزەکانی پەیدابوون و سەرهەڵدانی کاری وەرگێڕانیش جیاوازی و لەمپەری زمان بووە. واتە زۆر ئەستەمە وشەی زمانی یەکەم و دووەمی ئەو بەرهەمەی کاری لەسەر دەکرێت لە ماناو قاڵب و چەمک و بونیادو رەمزیەتدا یەکسان بن و هەمان بارگەو وزەو توانای گوزارشتەوانی و گەیاندنیان هەبێت. ئیدی وەرگێڕ لەسەرێتی بگەڕێت نزیکترین هاوتاو هاوماناو وشەو دەستەواژەکانی زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا پەیدابکات و بەنزیکترین شێوازو ستایلی زمانی یەکەم دای بڕێژێتەوە.. یانی وەرگێڕ دەبێ بتوانێت لە گوتاری ئەو دەق و بەرهەمە حاڵی بێت کە دەیەوێ کاری لەسەربکات. چونکە وەرگێڕ بە پێچەوانەی زمانەوانەوە کە وشەو رستە لە چوارچێوەی وشەو رستەداو لەپێناوی خودی وشەو ڕستەدا شیدەکاتەوە، دەق لە ئاستێکی باڵاترداو هێوەتر لە وشەو رستەو گوتاری سەربەخۆ، شیدەکاتەوە. چونکە ئاشکرایە کە مەبەست لە وەرگێڕان تەنیا پاچڤەی زنجیرە رستەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پاچڤەی تەواوی دەقەکەیە، پاچڤەو گوێزانەوەی دەقایەتی دەقەکەیە. واتە پاچڤە ئەو کارە

میکانیکییە نییە کە وشەیەک لەجێی وشەیەک دابنرێت و تەواو، بەڵکو هەڵهێنجان و شرۆڤەی مانایە بە مەبەستی وەرگێڕانی دەق وەکو یەکەیەکی یەکپارچە. جا مانی وشەو رستەو سەرانسەری دەق پتر لە رێگەی راڤەو شرۆڤەوە دێتەحاڵی بوون و فامین و فامکردن. بۆیە وەرگێڕ دەبێ سود لە شرۆڤە، واتە شیکردنەوەو وردکردنەوەی هۆشمەندانەی هەموو دەقەکە وەربگرێت، چونکە بەبێ پەیبردن بەڕازو رەمزو نهێنی و تان وپۆی دەق، زەحمەتە پەی بەشرۆڤەی رستەی ئەسڵی ببرێت.. واتە شیکردنەوەو لێکدانەوەی شرۆڤەکاریانە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەردی بناغەیەو بەبێ ئەمە هیچ وەرگێڕانێک مەیسەر نابێت.. جا وەرگێڕ لە بەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرێرا ئاماژەمان کردنێ مامەڵە دەگەڵ زماندا وەک شتێکی مجەڕەرد ناکات، بەڵکو سەروساختی دەگەڵ چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندایە. وەرگێڕ زەمینە بۆ بەرجەستەکردنەوەی دەقی یەکەم بە هەمان تین و تاو و کاریگەریی خودی دەقەکەوە، لە زمانی دووەمدا خۆش دەکات.. هەڵبەتە جیاوازی زمان و لەمپەری زمان وادەخوازێت کە هیچ وەرگێڕانێک لە وردە دەستکاریی بەدەر نەبێت و باشترین وەرگێڕان ئەوەیە نە ئەوەندە ئازادبێت، کە ناسنامەی دەقە ئەسڵەکەی تیا بزربێت و نە ئەوەندە وشک و وشە بە وشە بێت کە دەقەکە لە دەقایەتی بخات و خوێنەر بتارێنێ..

**وەرگێڕان وەک نزیکی و تەبایی بە فیکرو روانین و سەلیقەی وەرگێڕەوە بۆ دەقەکە و وەرگێڕان وەک پیشە یەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کولتوریی و فەرهەنیگییەی کە هەیە چ جیاوازیی و پەیوەندییەکیان هەیە؟**

هەڵبەتە سەرچاوەی سەرکەوتنی هەر کارێک ئاشقێتییە دەگەڵ ئەو کارەدا.. بۆیە وەرگێڕ دەبێت پشوودرێژ، کۆڵنەدەربێت، ئاشقێتی دەگەڵ کارەکەیدا بکات، پیشانی خەڵکانی لە خۆی شارەزاتری بدات، پرسیار بکات، وەک دەڵێن پرساو دانا بێت، بەرهەمێک یا کتێبێک هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق و سەلیقەو تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت. وەکو چۆن مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەدا ناتوانی هاوڕێیاتی هەموو کەسێک بکات و زیاتر کەسانێک بۆ هاوڕێتی هەڵدەبژێرێ کە لە رووی ئاکارو رەفتارو تەبیعەتەوە لێوەی نزیکن و دەگەڵی دەگونجێن، دەبێ بەو ئاوایەش کتێبێ هەڵبژێریت کە پڕ بە پێستی زەوق و سەلیقەی خۆی بێت.. چونکە لەوەیە وەرگێڕانی بەرهەمێک چەند مانگێک و هەندێجار چەندساڵێک بخایەنێ، ئەگەر کارەکە هەڵبژێردراوی زەوق و سەلیقەی خۆت نەبێت چۆن ئەو هەموو وەختەی دەگەڵدا بەسەر دەبەیت!!... هەڵبەتە پڕکردنەوەی بۆشایی کەلتوورییش بۆ خۆی

مەسەلەیەکە. بە تایبەتی بۆ میللەتێک خودانی کتێبخانەی هەژارو پڕ کەلێن و بۆشایی بێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ هەر کتێبکی بەدەستەوە هات خێرا پڕی بداتێ و بەگژ وەرگێڕانیدا بچێت، چونکە هیچ وەرگێڕێک نییە بتوانێ لە هەموو کایە ئەبستمۆلۆجییەکاندا کاربکات، بۆیە تواناو ئیمکانیات و سەلیقە و بەهرەی هەر وەرگێڕێک دەبێت بە ڕێنوێنی هەڵبژاردنەکانی وەرگێڕ، کە تواناو سەلیقەو بەهرەی هەر وەرگێڕێک ڕەچاو نەکرا هەنگێ کارەکەی دەبێت بە بێگارو سوخرە و سوخرەکێشی و بە پەلەپڕوزێ و بەشێوەیەکی جەڵەبی و بازاڕی لە کۆڵی دەکاتەوە، جا لەم حاڵەتەدا نەکردنی زۆر باشترە. هەڵبەتە کە باسی پیشەو وەرگێڕی پیشەیەی دەکرێت، ئەمە بەو مانایە نییە وەرگێڕ هەر کارێکی وەرگێڕانی هاتە بەردەست یان پێی سپێردرا، بێ چەندوچوون بیکات، نەخێر، وەرگێڕی پیشەیی کەسێکە بە کاری وەرگێڕان- نەک هەموو بوارێکی پاچڤەوانی- بژی و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ژیان و بژێوی خۆی دابین بکات و هەموو ژیانی خۆی بۆ وەرگێڕان تەرخان بکات و دەرامەتێکی ئەوتۆی دەست بکەوێ کە پێویستی بە هیچ کارو دەرامەتێکی دیکە نەبێت، یانی بە کارەکەی و بۆ کارەکەی بژی. جا بەم گەزو پێوانەیە ئێمە نەک وەرگێڕی پیشەییمان نییە، بەڵکو نووسەری پیشەیشمان نییە...

**سیاسەتی وەرگێران لە پەیوەندی بە دامەزراو و دەزگاکانی حکومەتەوە چۆن دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت و هەنگاوی دروست بنێت؟**

لە پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١وە لە کوردستانی بندەستی عێراقدا جۆرە ئازادییەکی هەڕەمەکی بەرپابوو، بازاڕی سیاسەت بڕێک گەرم بوو، کەونە حیزبان بوژانەوە، تێکۆشەرێن ناو ئوتێلان لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەڕانەوە، دوکانچەی حیزبی لە قەیسەری سیاسەتدا بە سەرقفڵانە گیران و کەوتنە چالاکی و ئیدی بازاڕی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاڤۆک و تەلەفزیۆن و سەتەلایت بە شێوەیەکی بێپیشینە گەرم بوو. بەرەبەرە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبان مۆدی پەیداکرد. دامودەزگای چاپ و پەخش دانرا، هەندێکیان لەپڕ هاتن و لە ناکاو چوون، هەندێکیان مان و جێدەستیان دیارە، لەوانە دەزگای موکریانی، سەردەم، خانەی وەرگێڕان، ئاراس.. کە هەموو ئەم دەزگایانە جگە لە خانەی وەرگێڕان دەزگای نیمچە فەرمی حیزبی و حوکمەتین... بە هەرحاڵ ڕۆمان و چیرۆک و کتێبێن دی چاپ و بڵاوکردنەوە، پاچڤە بەتایبەتی هی ئەدەبیات بەرە بەرە ڕەواجی پەیداکرد. زۆر ڕۆمانی جیهانی هاتنە چاپ و وەشاندن، کاری ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی

ڕۆژنامەوانی حیزبی و سیاسی لەڕادە بەدەر پەرەی سەند، یانی میدیا، ئەگەرچی میدیای بێ لایەنمان نییە، زۆر بڵاوبووەتەوە...

بە هەرحاڵ دەزگا فەرمی و نیمچە فەرمییەکان کە زیاتر حیزب یان حکوومەتیان لەپشتەو زۆر نیگەرانی فرۆشی بەرهەمەکانیان نین، دەتوانن دەست لە سەر بڵاوکردنەوەی کتێبانی بژاردەو باش دابگرن و چلۆنایەتی باڵایان بەلاوە گرنگ بێت و هەقدەستی باش بە نووسەران و پاچڤەوانان بدەن زیاتر بەدووی کتێبی باش و نووسەرو وەرگێڕی چاکدا بگەڕێن و هەوڵبدەن بەرنامەی بڵاوکردنەوەیان هەبێ و بە هەماهەنگی یەکدی ئەو کتێب و دەقە بیانیانە وەربگێڕن کە رۆڵی پیشڕەوانانەیان هەیەو خێرایی بە بزوتنەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و زانستی و خۆماڵی دەبەخشن، نەک بەگوێرەی رێکەوتان و بەپێی حەزی وەرگێڕ کتێبان چاپبکەن، یانی زیاتر بایەخ بەنەوعیەت و چلۆنایەتی بدەن تا بە کەمیەت و چەندایەتی، دەقە وەرگێڕدراوەکان هەڵبسەنگێنن، پێداچوونەوەیان بۆ بکەن، گرنگیەکی زۆر بە دابەشکردنی بەرهەمەکانیان بدەن، یانی ناوبانگێکی رۆشنبیری ئەوتۆ بۆ خۆیان پەیدابکەن کە ببنە جێگەی متمانەی خوێنەران و ناوەندە رۆشنبیریەکەو مۆرو ئارمی ئەوان بەسەر هەر کتێبێکەوە بێت بۆی ببێت بە پەساپۆرت و گوزەرنامەی رۆشنبیریی و شایەتی و گەواهی بۆ باشی کتێبەکە.. ئەمەش بەوە دێتەدی کە بڵاوکراوەکانیان هەڵبژاردە بێت، پشت بە وەرگێڕی دەرجە یەک وکارامە و زەبەردەست ببەستن و هەقدەستی باش بە وەرگێڕ بدەن و کارێکی وەها بکەن وەرگێڕ پێویستی بە هیچ دەرامەتێکی دیکە نەبێت، بە کارەکەی خۆی کە وەرگێڕانە بژی. یانی پشت بەو پاچڤەوانانە ببەستن کە کارەکانیان پوختەبێ و پێداچوونەوەی نەوێت و مەسرەفی پێداچوونەوەیان لە کۆڵ ببێتەوە، تا دەتوانن نرخی زۆرکەم و گونجاوی دەگەڵ گیرفانی خوێنەردا، لە سەر بەرهەمەکانیان دابنێن، بەڕێک و پێکی، بەسەرکتێبفرۆشییەکانی ناو وڵات و دەرێی وڵاتدا دابەشی بکەن.. لەکەناڵە میدیاییەکاندا ڕیکلامی بۆ بکەن، لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بانگەشەی خوێندنەوەی بۆ بکەن.. لە کەناڵە میدیاییەکاندا ریکلامی بۆ بکەن، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بانگەشەو خوێندنەوەی بۆ بکەن تا دەکرێت خۆیان لە پاچڤەی دووبارەو سێ بارە بپارێزن بە تایبەتی پاچڤەی دووبارەی ئەو بەرهەمانەی کە هەموومەرجێکی پاچڤەی باشیان تێدایە، چونکە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پاشەکەوتی وەختی وەرگێڕو وەختی دەزگاکەشە، پاشەکەوتی پارەی تێچوونی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیە، لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی فرۆشتی کتیبەکەیە، لە جیاتی رێژەی فرۆشی کتێبەکە بەسەر دوو یان

سێ پاچڤەدا دابەش ببێت، بۆ یەک پاچڤەی باش بێت زۆر باشترەو خوێنەریش تووشی سەرەگێژکێ نابێت. خۆ ئەگەر داواکاری لە سەر بوو لە بازاڕدا نەمابوو دەشێت چاپ بکرێتەوە. بۆ نمونە من کاتی خۆی بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگیم پاچڤەکردوون، چەند جارێک لەشاخ چاپ بوون و لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە لایەن کتێبخانەی ئاویەریشەوە بەیەک بەرگی ٢٤٠ لاپەڕەیی بلاوکرایەوە، کەچی تازە لەلایەن دەزگای موکریانیەوە پاچڤەیەکی تری چاپ وبلاوکراوەتەوە کە بەمتمانەوە دەڵێم پاچڤەکەی بەندە لە زۆر رووەوە لە پاچڤەی دووەم باشترە، هەرهەمان دەزگا، پاچڤەی دووەمی کارێکی دیکەی بەندەیان، کە رۆمانێکی فەریبا وەفییە، چاپ و بلاوکردۆتەوەو پاچڤەکەی بەندە لە زۆر روەوە لە پاچڤەی دووەم باشترە.. هەڵبەتە پاچڤە بەوپێیەی ئەوزاری گفتوگۆی خەڵکان و شارستانیانی جیاوازی زمانە، دەبێ دەزگاکان بایەخ بە وەرگێڕانی خۆماڵیش بۆ زمانانی بیانی بدەن، تا هاوکێشەی دیالۆگەکە بێتەدی..

**بە ئەندازەی خوێندنەوە و چاودێری ئێوە بۆ ئەو وەرگێڕانانەی کە دەکرێن لاوازی و کەموکوڕییەکانیان چین؟**

دیارە بەندە پێموایە کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا وەرگێڕانی سەدی سەد ئایدیالی نییە، بەڵام وەرگێڕانی زۆرباش، کە تامی دەقە ئەسڵیە کە بدات زۆرە.. بزوتنەوەی پاچڤەوانی کوردییش لەم دیاردەیە بەدەر نییە.. هەڵبەتە وەرگێڕ لە سەرێتی لە رێگەی هەڵبژاردن و داڕشتی گونجاوی وشانەوە هەمان کاریگەریی و ڕوونی و رەوانی دەقە ئۆرجیناڵەکە بە وەرگێڕانەکەی خۆی ببەخشێت.. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەو مانایەیە کە وەرگێڕ پێویستە خۆی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێت، چونکە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەم چەمکی دەقە ئەسڵیەکە زەدەدار دەکات و هەم جوانی گوزارشت و دەربڕینەکەی دەشێوێنێ.. بۆیە وەرگێڕ دەبێ ئەوەی لە لا عەیان بێ وەختێ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا مامەڵە دەگەڵ دوو زماندا دەکرێت، ئەم دوو زمانە دەکەونە کارلێکی رۆشنبیری و هونەرییەوە، بۆیە ئاسیو بە یەکدی دەگەیەنن، هەر یەکەیان بەلای ئەویتردا دەکشێت، دەستورو پێکهاتەو بونیاد و ڕستەسازی و تایبەتمەندیانی دیکەی یەکتر وەردەگرن، خۆ ئەگەر وەرگێڕ کەسێکی زۆر شارەزای هەردووزمانی یەکەم و دووەم نەبێت، ئەوا یەکێک لەو دوو زمانە ئەویتر غەزوو دەکات و ڕیسەکەی دەبێتەوە بەخوری و لەو سەرەوە رەنج بەخەسار دەردەچێت، کە مخابن ئەم حاڵەتە لە بەشێکی زۆری ئەو وەرگێڕانانەدا دەبینم کە خوێندومنەتەوەو گەلێک لەو وەرگێڕانانەی لە

بازاڕدان ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێک لە پاچڤەوانەکانمان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوەچڵی و بەسەقەتی دەزانن و زۆر دوورن لە کەلەپووری زمانی کوردییەوە و لە کاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیرناکەنەوە هەر بۆیەش ئەولێشاوی وەرگێڕانە، نەیتوانیوە بزافێکی رۆشنبیریی رەسەن بە ئاراستەی نەتەوەییەکەدا چێبکات. هۆیەکی تری شپرزەیی و پەشێوی ئەو وەرگێڕانانە دەگەڕێتەوە بۆ پابەندی هەندێ لە وەرگێڕەکان، بە تایبەتی کەم ئەزموونەکانیان بەوەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕ کە کار لەسەر دەقێک دەکات و دەیەوێ بۆ زمانی دووەمی بگوازێتەوە، دێت بەپێی یاساوڕێسای زمانی یەکەم، لەناو زمانی دووەمدا بیردەکاتەوە، بە شێوەیەکی میکانیکی وشە و دەستەواژە و بونیادی دەستوری و زمانەوانی دەقە ئەسڵەکە دەگوازێتەوەو بەو جۆرە دەقایەتی دەقە ئەسڵەکە، لە زمانی دووەمدا نەک هەر بەرجەستە نابێت، بەڵکو لە باردەچێت. ئەمە بۆ نەشارەزایی و کەم ئەزموونی و تێنەگەیشتنی وەرگێڕلە بابەتی دەقەکەو تەمەڵی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە. وەرگێڕانی وشە بە وشە زۆرجار لە کۆڵ کردنەوەیە، وەرگێڕ بە بەردێک دوو کێشکان دەکوژێت، هەم تێنەگەیشتنی خۆی لە دەقەکە، لە خوێنەر دەشارێتەوەو هەم لاف و گەزافی ئەمانەتداریش لێدەدا، لە کاتێکدا ئەمانەتداری بەومانایە نییە کە نابێ تاقە وشەیەک لە دەقی زمانی یەکەمدا بەبێ وەرگێڕان بمینێتەوە یان چ وشەیەک نەهێنرێتە ناو زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکەوە کە هاوتایەکی لە دەقە ئەسڵەکەدا نەبێت، بەڵکو وەرگێڕ دەبێ قاڵب و سیستەمی رستەبەندی زمانی یەکەمی دەقەکە تێکبشکێنێ و لە قاڵب و سیستەمی رستەبەندی زمانی دووەمدا دای بڕژێتەوەو دەقایەتی دەقەکەش بپارێزێت کە ئەمە بەبێ وردە دەسکاریی زۆر وەستایانە هەرگێز نایەتە دی.. خۆ جاری وا هەیە ئیدیۆمێک یان زاراوەیەک لە زمانێکدا جێگەی رستەیەکی تەواوی زمانێکی تر دەگرێتەوە، خۆ ناکرێت بە ناوی ئەمانەتدارییەوە بە کارنەبرێ و بکرێ بە قوربانی پاچڤەی وشە بە وشە!.. ئەمە هەندێ لەو کەم وکوڕیانەن کە لە هەندێ کاری وەرگێڕانی کوردیدا سەرنجیان راکێشاوم...

**راسپاردەو ڕینمایی ئێوە چییە بۆ بەرەو پێشبرن و باشترکردنی رەوشی وەرگێران و بە کولتوورکردنی وەرگێڕان؟**

راسپاردە و ڕێنمایی؟! نا تۆ بڵێ پێشنیاز. پێشنیازی ئەوە دەکەم پاچڤەخانەیەکی(**بيت الترجمة**) ستراتیژی نەتەوەیی هاوشێوەی (**بيت الحكمة**)کەی سەردەمی عەباسیان، بە ئەقڵیەت و شێوازی رۆژگاری ئەمڕۆ بێتە دامەزراندن

و کۆمەڵێک پسپۆڕی بواری فیکری و فەلسەفی و هونەری و زانستی شارەزا لە زمانانی زیندووی تیا دابمەزرێت و هەر یەکەیان بەلای کەمەوە ئەزموونی وەرگێڕانی یەک دوو کتێبی گرنگیان هەبێت. مووچەیەکی ئەوتۆیان بۆ ببڕێتەوە کە بەباشی پێی بژین و چاویان لە هیچ کاروکاسبییەکی دیکە نەبێت.. ئیدی ئەمانە بەپێی بەرنامەیەکی ئەکادیمی و بە پێی پێویستی حەیاتیە مادی و مەعنەوییەکانی ئەمڕۆی خۆمان، دەست بکەن بە وەرگێڕانی شاکارە فیکری و فەلسەفی و هونەری و فلیڤانی و زانستییەکانی جیهان و بەرهەمەکانیان لە لایەن کوردی زانانی کارامەو پڕ ئەزموونەوە پێداچوونەوەو دارشتنەوەیان بۆ بکرێت. دیارە هەر پارەیەک لەم بوارەدا و بۆ ئەم مەیدانە خەرج بکرێت بە فیرۆناچێت. ئەگەر ئەمە بکەین بزانە چۆن دەکەوینە سەرسکەو لەماوەیەکی پێوانەییدا رێگاکان قەدبڕ دەکەین و بەلای کەمەوە بۆشاییە ئەبستمۆلۆژی و شارستانییەکان پڕ دەکەینەوە و ڕووی مەجلیسی میللەتانی پێشکەوتوومان دەبێت.. دەشێت میللەت حکومەت و پەرلەمانی نەبێت، بەڵام میللەتی بێ کتێب نابێت و قەپانی مێژوو، میللەتی بێ کتێب ناخوێنێتەوە.. سەیرە لەم وڵاتەدا هەرچەند ساڵێک جارێ بە ناوی دیموکراتییەتەوە گەمەیەکی باز هەڵدان بەرپادەکرێت و بازی حیزب بەسەر هەرکەسێکەوە نیشتەوە ئیدی دەبێ بە ئەندام پەرلەمان بۆ خۆی خەنی دەبێت و مانگانە گەڵابەیەک دیناری دەدرێتێ، بەڵام کەس ئامادە نییە پارەی چاپکردنی کتێبێک بەباشترین وەرگێڕ بدات..

٢٠١٣/٤/٥

# وەرگێڕان

- چەند مێژوو و چەند ناوێکی تایبەتمەند و جیاکار — موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی
- ڕامانێکی کورت دەربارەی زبڵ — پێشڕەو محەمەد
- نامەیەک و چوار شیعری ئۆسیپ ماندێلێشتام — هاوڕێ یووسفی
- قەلەڕەشەکە — کامیل محەمەد قەرەداغی
- گەر هەندێ شیرینیمان بدایە بە بەخت! — تەیب جەبار
- بۆ ئەوانەی لەسەر دیوارەکە دانیشتوون — یوسف عەلی پور

# چەند مێژوو و چەند ناوێکی تایبەتمەند و جیاکار لە نەخشەی شیعری نوێی کوردیدا



لەتیف هەڵمەت
و. موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

(١)

پاش ئەو شۆڕشە شیعرییەی (گۆران) ڕایگەیاند و پێشەنگایەتی کرد بە بەشداری لەگەڵ شاعیری نوێخواز (شێخ نووری شێخ ساڵح)، زۆر لە سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری کوردی بە تیوری داڕێژەری ئەو شۆڕشەی دادەنێن و لای خۆیەوە (گۆران)یش ئەو پێشەنگایەتییەی (شێخ نووری شێخ ساڵح) لەو شۆڕشەدا ناشارێتەوە و ڕەتیشی ناکاتەوە، کە لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە جوگرافیای شیعری کوردیدا سەری هەڵدا و تا ڕادەیەک لە لاساییکردنەوەی چەند بارە و لەو کێش و سەروایەی ڕزگار کرد، کە بەهۆی دووبارەکردنەوە و جوینەوەوە سوابوون، پاش ئەو شۆڕشە شیعری کوردی دووچاری سستی و دامرکان هات و هیچ ناوێکی شیعری هاوچەرخی (گۆران) و (شێخ نووری شێخ ساڵح)، یان پاش ئەوان دەرنەکەوت تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو

نەبێت، لەو ناوانەی، کە سەرنج بەلای خۆیاندا رابکێشن تەنیا هەرئەودوو شاعیرە نەتەوەییخوازە ناسراون (کامەران موکری) و (محەمەد سالْح دیلان)، بەڵام هەر لاسایی شێوازی (گۆران) و ئامرازە شیعرییەکانی ئەویان دەکردەوە و بیریان لەوە نەکردەوە شێوازی (گۆران) و شێوە شیعرییەکانی تێپەڕێنن. بۆیە شیعری کوردی (وێڕای زۆری ژمارەی شاعیران و ئەوانەی خۆیان هەڵدەکێشا و لافی شیعر و میعریان لێ دەدا)، هەر لە شوێنی خۆیدا چەقیبوو، یان با بڵێین هەندێک جار بە هەنگاوی خێرا بەرەو دواوە پاشەکشێی دەکرد، ئەوەیش شتێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر نەبوو، لەبەر ئەوەی شێوازی نوێخوازانەی (گۆران) و چامەکانی، کە مۆرکی نوێی شیعریان لەخۆ گرتبوو، بوون بەهۆی بێزاری زۆر لە خوێنەران و شاعیرە هاوڕێبازەکان، تەنانەت رەخنەگرێکی ناوداری ئەو قۆناغە (رەفیق حیلمی) جارێکیان سەبارەت بە یەکێک لە چامەکانی (گۆران) وتارێکی نووسی، تێیدا گوتبووی: ئەگەر ئەم چامەیە لە نووسینی (گۆران) نەبووایە، ئەوە پەسەندمان نەدەکرد. ئەم رەتکردنەوە رووپۆشراوە جۆرە پیرۆزکردنێکی هەموو شتێکی کۆن و رەتکردنەوەی هەموو شتێکی نوێ لەخۆدەگرێت. لە ئاکامی ئەو مشتومڕ و رووبەڕووبوونەوە و دەمەقاڵێ و رەخنە بازاڕییانەوە، لەو ماوەیەدا (گۆران) نامەیەکی تایبەتی بۆ شێخی شاعیران و نووسەران، رۆشنبیری گەورەی ئاگادار لە ئەدەبی تورک و فارس و عەرەب و ئەورووپا (پیرەمێرد) کرد، تێیدا تکای لێ کرد لای ئەوەوە ددان بە چامەکان و بە شێوازی نوێی شیعرییدا بنرێت و رەگەزنامەی شەرعی و یاسایی پێ ببەخشرێت، چونکە بە بێ ددان پێدانانی ئەو شێوازەکەی بە (بیژی- زۆڵ) دادەنرێت و کەس لە جوگرافیای شیعری کوردیدا ددانی پێدا نانێت.

ئەوەبوو شێخی کۆنە پیشەگەر و تێراو بە رۆشنبیری نوێی ئەو سەردەمەی خۆی، ناسنامەی کەسی و بڕوانامەی شەرعی و یاسایی لەدایکبوونی بە چامەکانی (گۆران) بەخشی. لەم خاڵەیشەوە ناشێت ناوی شێخی شاعیران و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە (پیرەمێرد) پشتگوێ بخرێت، بۆیە هەر کاتێک ناوی (گۆران)، یان (شێخ نووری شێخ سالْح) ببەین، ئەوە دەبێت ناوی (پیرەمێرد) ببەین، چونکە ئەویش بەردەوام سێیەمیانە لە نوێخوازی شیعری کوردیدا، ئەگەر ددان پێدانانی (پیرەمێرد) نەبووایە، رەنگە ئەو شۆڕشە شیعرییە، لە ترسی لایەنگران و پشتیوانانی کۆن، سەری نەگرتایە، یان پاشەکشێی بکردایە. لەگەڵ ئەوەیشدا من نهێنییەک ئاشکرا ناکەم، ئەگەر بڵێم (گۆران) زۆر لە بڕگەکانی شۆڕشە

شعرییە نوێخوازییەکەی جێبەجێ نەکرد و تەنیا تازەکردنەوەیەکی سنووردار و لە چوارچێوەی بازنەیەکی سنووورداردا ئەنجام دا ئەویش خۆی لە نێوان نوێ و کۆندا دەنوێنێت. هەندێک تایبەتمەندییەتی نوێی خستە روو و دەستەبەرداری جۆرە مۆرکێکی شیعری کۆن بوو، ئەویش بۆ پاراستن و هێشتنەوەی هەندێک پردی دۆستایەتی لە نێوانی و نێوان لایەنگرانی کۆندا.

ئاشکرایشە، کە لە سەردەمی (گۆران)دا دەیان شاعیری جۆرەکی و هاوڕێباز و ئاسایی هەبوون، لەوانەی هیچ شتێکیان لەبارەی نوێخوازییەوە نەدەزانی، یان هەرگیز بەر گوێیان نەکەوتبوو، بیریشیان لە تێپەڕاندنی شێوازە باوەکانی شیعر نەدەکردەوە، بەڵکو بە چاوی رێز و پیرۆزییەوە لێیان دەڕوانی. لە ناویشیاندا (گۆران) چوون (عیسا) لەناو (جووەکان) و (ساڵح) لەناو (سەموود)دا بوو، وەک چۆن (موتەنەبی) لە هەندێک لە چامە نایابەکانیدا باسی خۆی دەکات.

تا رادەیەک ژمارەیەک لە شاعیرەکان بەرەو کەناری نوێخوازی کشان، بەڵام تا دوا هەناسەیش تەنیا هەر بە لاساییکەرەوەی (گۆران) مانەوە.

ئەوەی جێی سەرسوڕهێنانە (گۆران) تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو لای زۆربەی خوێنەرانی شیعری کوردی (نامۆ)، یان (نیوچە نەناسراو) بوو. مەبەستم لە خوێنەرانی شیعر، خوێنەرانی ئاساییە لەوانەی رۆشنبیرییەکی سنووورداریان هەیە، چونکە هەندێک لە شاعیرە میللییەکانیان لە (گۆران) بەباشتر دەزانی، لەوانەی سەرقاڵی رازاندنەوە و هۆنینەوەی دروشمە حزبی و چینایەتی و نیشتمانییەکان بوون. بۆیە ئەم شاعیرە داهێنەرە تەنیا لەناو هەندێک لە رۆشنبیر و هۆشمەندەکاندا دەناسرا، بە تایبەتی ئەو رۆشنبیرانەی پابەندی ئایدیۆلۆژیای چینایەتی و مارکسی بوون، بەڵام پاش چاپبوونی سەرجەم شیعرەکانی بە زمانی کوردی، هەموو ئارەزوومەند و عاشقانی شیعر و لایەنگرانی نوێخوازی ئاگاداری چامەکانی ئەم نوێخوازە پێشەنگەی شیعری هاوچەرخی کوردی بوون و بوو بە ناوێکی دەرکەوتووی دیار لە مێژووی شیعری کوردی بە گشتی و مێژووی شیعری نوێی کوردی بە تایبەتی.

(٢)

لە کۆتاییەکانی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لە ئەتڵەسی شیعری کوردیدا دوو گرووپی ئەدەبی سەریان هەڵدا. گرووپی (کفری: لەتیف حامید، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی)،

گرووپی (روانگە: شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، حوسێن عارف، جەمال شارباژێڕی، کاکەمەم بۆتانی)، یەکەمین گرووپ (کفری) یاخیگەری و سەرکێشی ئەزموونگەری و ڕەتکردنەوەی تەواوی هەموو شتێکی کۆنیان پێوە دیار بوو. لەو ڕێبازەیشدا لەژێر کاریگەری کولتووری ڕۆشنبیری (دادیزم) و (سوریالیزم) و بیرۆکە و هەڵویستەکانیاندا بوون، کە شێتایەتی و گێچەڵ پێ کردن و مشتومڕی ئەدەبییان لەخۆ دەگرت، لەوبارەوە بەیاننامەی گرووپی (کفری)، کە لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٧١دا بڵاوبووەوە، بەیاننامەیەک بوو هەموو کەلەپووری ئەدەبی کوردی زارەکی و نووسراوی ڕەت دەکردەوە و گاڵتەی بەوە دەکرد، کە (بە کولتووری ڕۆشنبیری، یان ئەدەبی) ناو دەبراو، شیعری کوردی بە مەیموون دەچواند. پێویست بوو ئەم مەیموونە دواکەوتووە لەسەر دەستی ئەندامانی گرووپەکە ببێتە مرۆڤێکی هۆشمەند و هزرەڤان، واتە گرووپی (کفری) وەک لە بەیاننامەی ناوبراودا ئاماژەی پێ کراوە. ئەم گرووپە بە شێوەیەکی نوێخوازانە دەیاننووسی و شێتگیرانە بەرگرییان لێ دەکرد و لەگەڵ ڕێڕەو و کاروانەکەیدا بەرەو پێشەوە هەنگاویان دەهاوێشت، بە شتە نەرێنی و ئەرێنییەکانیشییەوە.

هەرچی گرووپی نوێخوازی (روانگە)یە، ئەوە بەیانامەکەی خۆیان لە ١٩٧٠/٤/٢٥دا لە شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردی و قەڵای نەبەردی و پاڵەوانیەتی نەتەوەیی کورد دەرکرد، بەیاننامەکەیش بە شێوەیەک بوو هەندێک لاوازیی تێدا بەدی دەکرا، لەسەر بنەمای هەندێک ڕێبازی سیاسی نەتەوەیی دامەزرابوو، کە بانگهێشتی بۆ یەکگرتن و یەکبوونی نەتەوەیی کورد و بەرگریکردن لە ئازادی گەل و نیشتمان و بەپیرۆز زانینی کەلەپووری کوردی دەکرد، پاشان شۆڕشکردن و هەڵگەڕانەوە لە هەندێک ڕێباز و جۆری سواوی ئەدەبی و دەروازە کردنەوە لەبەردەم نوێخوازی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە جیهاندا، ئەویش لە پێناوی گەیاندنی ڕۆشنبیری کورد بەو لووتکانەی ڕۆشنبیری جیهانی پێیان گەیشتووە. بە کورتی دەتوانین بەیاننامەکەی گرووپی (روانگە) بە بەیاننامەیەکی (نەتەوەیی- ڕۆشنبیری) نوێخوازی و نوێکردنەوە ناوببەین، کە هەموو شتێکی کۆن ڕەت ناکاتەوە، ئەویش لە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە.

هەردوو گرووپەکە لەلایەن سەلەفییەکان و پابەندبووانی ئایدۆلۆژییە سیاسی و نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانەوە دووچاری شەڕ و گێچەڵ پێ کردنێکی دژوار بوونەوە و لەلایەن ڕەخنەگرانی ناودار و نیوچە ڕەخنەگر و خوێنەرانی

زیرەک و نیوچە خوێنەرانەوە رەخنەیەکی توندیان لێ گیرا، هەردوو گرووپەکە دەمەقاڵێیەکی توندیان لەگەڵ نەیارانی نوێخوازی و لایەنگرانی کۆندا کرد، بەڵام ئاکام هەردووکیان سەرکەوتن و هەندێک لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە چەند دەقێکی نوێخوازانەی نەمریان لە جوگرافیای ئەدەبی نوێی کوردیدا تۆمارکرد، جێی ئاماژەیشە، کە دەمەقاڵێیەکی دژواریش لەنێوان هەندێک لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە، گرووپی (کفری) و گرووپی (روانگە)دا بەرپابوو، کە تا ئێستەیش ئاگرەکەی لێرە و لەوێ دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی هەر گرووپە لە لایەک و هەندێک لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکەیش خۆیان لە پرۆسەی نوێخوازی کوردی لە رووی تیوری داڕێژی و جێبەجێکردنەوە بە پێشەنگ دەزانن.

لە دەرەوەی ئەو دوو گرووپەیش لەو ساڵانەدا چەند ناوێکی دەرکەوتووی شیعری پەیدابوون، لە گرنگترین ئەو ناوانەیش: (ئەنوەر قادر محەمەد)، (عەبدوڵڵا پەشێو)، (سەلاح شوان)، (سەلام محەمەد)، (رەفیق سابیر)، (عەبدوڵڵا عەباس)، (سامی شۆڕش)، (دڵشاد مەریوانی)، (محەمەد حەمە باقی)، (سەعدوڵڵا پەرۆش)، (فەرید زامدار)، (محەمەد عومەر عوسمان)... تاد، هەر یەکەیان توانییان نوێخوازی خۆیان لە بواری شیعردا لەو چامە و کۆشیعرییانەوە بسەلمێنن، کە لەو ساڵانە و پاشتر بڵاویان کردنەوە. هەر یەکەیشیان بە شێوازی تایبەتی خۆی بوون بە بەشێک لە جەستەی نوێخوازی کوردی. ناشێت باسی شیعری نوێی کوردی و هەوڵەکانی نوێخوازی و نوێکردنەوە لە سەرەتا و ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بکرێت بێ ئەوەی ئاماژە بە رۆڵ و هەوڵ و کۆششەکانی ئەو ناوانە نەکرێت لە دەوڵەمەندکردنی شیعری نوێی کوردیدا. شانبەشانی ئەو ناوە پرشنگدارانە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا چەند ناوێکی دیکە پەیدا بوون، بەم شێوە، یان بەو شێوە، لە سەرخستن و پەرەپێدانی پرۆسەی نوێخوازیدا بەشدارییان کرد، بۆیە داوای لێبووردنیان لێ دەکەم، کە لەبەر کورتیی ئەم وتارە نەمتوانی ناویان بهێنم و باسی رۆڵی هەر هەموو ئەو ناوە بەهرەدارانەی میرنشینی نوێخوزای شیعری کوردی لە باشووری کوردستان بکەم، کە لە یەکەمین جەنگی جیهانییەوە بە زۆر بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە، یان با بە روونی بڵێین لە ئاکامی پیلانی بەریتانیا بۆ رازیکردنی رژێمە کۆنەپەرستەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، هەروەها بەریتانیای نامەزن لەوەیشدا درێغی نەکرد بە بۆمبە ئاسمانی و زەمینییەکانی خاکی کوردستان بە

گشتی و شاری (سلێمانی) بە تایبەتی بۆردوومان بکات، لەپێناوی نەهێشتنی هەموو کۆسپەکان بۆ سەرخستنی ئەو پیلانە رەشە.

(٣)

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە هەولێر گرووپی شیعریی (پێشڕەو: عەباس عەبدوڵڵا یووسف، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، محەمەد باوەکر). لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵە شاعیرە دامەزرا، کە بە هیوابوون وەرزێکی باشتر بۆ شیعری کوردی بێننە کایەوە. هەندێک لە شاعیرانی ئەم گرووپە توانییان گۆڕانکاری نوێ لە نەخشەی شیعری نوێی کوردی بەرپابکەن، ئەوەبوو (عەباس عەبدوڵڵا یووسف) لە ناوەڕاست و لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا دوو کۆشیعری پڕ لە تەکنیک و تەکتیکی نوێخوازانەی بڵاوکردەوە، بریتی بوون لە (ئاو: ١٩٧٤) و (لم نیازمە: ١٩٧٨)، هەردوو کۆشیعرەکە جێی پەسەندی لایەنگرانی نوێخوازی و گاڵتەپێکردنی لایەنگرانی کۆن بوون. ئەو دوو کۆشیعرە لە دەرگەدانێکی نوێی دەروازەکانی نوێخوازی شیعری کوردی بوون لەو ماوەیەدا.

لە دەرەوەی بازنەی ئەم گرووپەیش چەند ناوێکی دیکەی شیعری دەرکەوتن لەوانەیش (سەباح رەنجدەر)، کە چامە درێژە نایابەکەی (زێوان) ناوەندی شیعری کوردیی هەژاند. (قوباد جەلی زادە)، (نەژاد عەزیز سورمێ)، ( نەوزاد رەفعەت)، (کەریم دەشتی)، ئەوانی دیکە، کە بوار نییە لێرەدا ناویان بهێنین...

حەزم دەکرد بە دووروودرێژی لەبارەی هەر یەک لەو شاعیرانەوە بدوێم لەم وتارەدا ناویان براوە، بەڵام ئاکام بە باشم زانی لێرەدا بە کورتی لەبارەی شاعیری تایبەتمەند و جیاکار (سەباح رەنجدەر) و چامە درێژەکەی (زێوان) بە تایبەتی و کۆشیعرەکەی بە گشتی، کە لەم رۆژانەدا بڵاوبووەتەوە، بدوێم.

(زێوان) لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ بڵاوبووەوە و بە بڵاوبوونەوەی ناوەندی ئەدەبی و شیعری کوردی هەژاند و ناڕەزامەندی و رەخنە لێ گرتنی هەندێکی لێ کەوتەوە لە ئاکامی زێدەڕۆیی و ئەوپەڕگیری لە بەکارهێنانی زمانێکی تەجریدی و پەل کوتانی بەرەو کەش و مەودای ناواقیعییانەی نامۆ لە رۆشنبیری و بۆچوونی ئەو چەند کەسە، چونکە ئەم جۆرە زمانە و ئەم جۆرە وێنە شیعرییانە و نغرۆبوونی تەمومژاوی لە ئەندێشە و وێناکردن و رامان و تێڕوانین جۆرە شۆکێکی لای خوێنەران و رۆشنبیرە ئاساییەکان دروست کرد:

منداڵیێ هێشتان ناونەنراوم لەسەر رانی
ئەو رێیانەی دەبنە حەکایەت
خۆی دەگێڕێتەوە
باوکە باڵندە بۆ سێبووری باڵە ئارەقە کردووەکانت
لەناو لکەکانی درەختی نێوان
دوو شەقامی نیوە چۆڵ هەڵخە
ئەو ئاوەم لەگەڵ زیاد و کەمکە
لە گەشتێکی دووبەختی هاوڕێم بوو
دایکە باڵندە تۆش ئەو ئاوێنە نووستووەم
بۆ بهاویێ ناو قەدی دووگرد
قیژەی یەکەمین کتێب
لەناو چاڵە بەفرەکان گوێی زرینگاندمەوە

بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەم چامەیە سەرنجی زۆر رۆشنبیر و خوێنەرانی بەلای خۆیدا راکێشا و ئەندێشە و وێنە و تێڕوانین و رێتمە گۆکراوە نوێیەکان، کە شاعیر لە (زێوان)دا بەکاری هێناون، واق وڕماوی کردن. ژمارەیەک لە شاعیر و رەخنەگر و خوێنەرانی شیعر بە خراپی و بە باشی لەبارەی چامەکەیان نووسی. (من بە خۆم ئەو چامەیە بە یەکێک لە دیارترین چامەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و بە یارییەکی ئەزموونگەری جوان و هەوڵێکی شیعرییانەی راستەقینە دادەنێم بۆ دەرچوونێکی دیکە لە بازنەی لاساییکردنەوە و هەنگاو هاویشتنە ناو زەمینەیەکی نوێی دیکەوە شانبەشانی هەوڵە نوێخوازییەکانی دیکە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم)، کە لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە شاعیرە لاوەکانی ئەو ماوەیەدا روویان دا: (عەباس عەبدوڵڵا یووسف)، (هاشم سەڕاج)، (ئەنوەر مەسیفی)، (جەلال بەرزنجی)، (قوباد جەلی زادە)، (نەژاد عەزیز سورمێ)، (نەوزاد رەفعەت)، (محەمەد باوەکر)، ئەوانی دیکە. بەبۆنەی دەرچوونی تەواوی کۆشیعری شاعیری تایبەتمەند و جیاکار (سەباح رەنجدەر)، کە کۆشیعرێکە لە دوو بەشی گەورە پێکدێت بەسەرناوی (سی ساڵ شیعر) دەڵێم: خۆزگە (سەباح رەنجدەر) دەیتوانی لەو شێوازە شیعرییەی خۆی تێپەڕێنێت، کە لە نۆبەرە شیعرییە تایبەتمەند و جیاکارەکەی (زێوان)دا تاقیکردووەتەوە و شێواز و قاڵب و جۆری دیکەی شیعریی تاقی دەکردەوە، تا لەناو یەک جۆرە شێوازی شیعریدا گیری

نەدەخوارد، چونکە شیعر هێڵێکی تەریب نییە، بەڵکو درەختێکی پێگەیشتووە، رەگ و ریشەکانی چەسپاو و جێگر لکەکانی پەرت و بڵاو و بێ شومارن. پاش بڵاوبوونەوەی تەواوی کۆشیعرییەکەی. کاتی ئەوە هاتووە شێواز و جۆری نوێی دیکەی شیعری تاقی بکاتەوە. بۆ ئەوەی گوێی خوێنەرانی پێ بهەژێنێت و پێپلکەی ژێر پێ و هەست و نەستیان بلەرزێنێت، بە خۆی شیعر هەژان و لەرزین و لەو جۆرە شتەیە.

کانوونی دووەمی ٢٠١٢ سلێمانی

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ- عەرەبی)، ژمارە (٣٢)،ساڵی ٢٠١٢، ل: ٧٤-٧٨.

# رامانێکی کورت دەربارەی زبڵ



**ئیڤان کلیما**
**و. لە فارسییەوە: پێشڕەو محەمەد**

لەسەر ڕێگەمدا بۆ سواربوونی تراموا، بە پارچە زەوییەکدا تێدەپەڕم، کە هیچ خاوەنێکی نییە. ئەم زەوییە پێشتر باخ بوو؛ ئیدی ماڵەکەی نێو ئەم باخە وێران بووە و هیچی لێ نەماوەتەوە. ڕێگەیەکی خراپ لە ئەملاوئەولای درەختەکان بەنێو دەوەنەکاندا خول دەخوات و ڕەت دەبێت. ساڵەهای ساڵ، ئێرە باشترین شوێنی پیاسەکردنی من بوو. پاشان، ڕۆژێ کەسێک پەرداخێکی نایلۆنی فڕێدایە ئەو شوێنە. دواتر، کەسێکی دی قوتوویەکی کۆنسێرڤ، پاشان، کەسێکی دیکە سەتڵی زبڵەکەی لەوێ بەتاڵ کردەوە و زۆری پێ نەچوو سەرنجم دا، کە ناخودئاگا ڕێگاکەم گوم دەکەم و چیتر بەوێدا تێناپەڕم و خۆم لەو پارچە زەوییە بەدوور دەگرم، کە ئیتر بووە بە زبڵدان.

من لەم رووەوە روودەکەمە زبڵ، کە یەکێکە لە گیروگرفتەکانی رۆژگاری ئێمە، بەڵام زبڵ هەم گیروگرفتی رۆژگاری ئێمەیە و هەمیش مێتافۆرەکەیەتی. سەردەمێک، ئەو کاتەی لێکۆڵینەوەم بۆ نووسینی رۆمانێک دەکرد، رۆیشتم و بۆ ماوەیەکی کوورت بووم بە کەنناس. ئەو شارەی تێیدا دەژیم لە رەوشێکی رووبەڕووبوونەوەی بەردەوامدایە لەگەڵ زبڵدا. زبڵدانی شار، کە زۆرینەی زبڵ و خاشاکەکان بۆ ئەوێ دەبەن، ئیتر پڕ دەبێت و هیچ کەسێک ئامادە نییە پرۆژەی زبڵدانێکی نوێ بخاتە بەردەم شارەوانی. خەریکی دروستکردنی حاویەی سووتاندنی زبڵن، بەڵام رێک لە ناوەڕاستی ناوچەی قەرەباڵغی دانیشتووانی شار و ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین، گلەیی لەوە دەکەن، کە ناوچەکەیان ئێستا خۆی پیس بووە، کەچی بە دووکەڵ و خاشاکی زبڵەکانی دیکەی ناوچەکانی شار پیستر دەبێت (و هەڵبەت بە بۆچوونی من نارەزایەتییەکەیان بەجێیە و منیش لەبری ئەوان بووایەم نارەزایەتیم دەردەبڕی). حاویەی سووتاندنی زبڵ تەنها دەتوانێت ئاکامەکانی گیروگرفتەکە وەلا بنێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت گیروگرفتەکە لەنێو بەرێت.

ئێمە لە قۆناغی بەرهەمهێنانێکی زیاد لە پێویستدا دەژین. رێک ئەو کاتەی شتێک بەرهەمدەهێنین، هەمان کات دەگۆڕێت بۆ زبڵ. هەڵبەت هەمیشەش هەر بەم جۆرە بووە. جیاوازی تەنها لە چۆنێتی و چەندێتی شتە بەرهەمهاتووەکاندایە. ئاخوڕێکی بەردی چەندین سەدە دەمێنێتەوە و گاسنێکیش چەندین نەوە کار دەکات. مرۆڤەکان جووتێک پێڵاویان بۆ کارکردن هەبوو و ئەگەر هەژاریش نەبوونایە جووتێکی تریان دەکڕی بۆ ئەوەی رۆژانی یەکشەممە، کە دەچوون بۆ کڵێسا لەپێی بکەن. مرۆڤەکان خوویان بە پێڵاوەکانیانەوە گرتبوو و پێڵاوەکانیش چەندین ساڵ بەرگەیان دەگرت و بەکاردەهاتن. کاتێکیش بنی پێڵاوەکە دەدڕا، بنێکی تازەتریان بۆ پێڵاوەکە ساز دەکرد و پێیانەوە دەچەسپاند. کاتێکیش پێڵاوەکان ئیتر لە کۆتاییدا بەکەڵک نەدەهاتن و کۆن دەبوون، پێدەچێت بەم هۆیەوە بووبێت، کە تەسلیمی لەناوچوون و خراپەکاری سرووشت بوون، بەڵام ئەمڕۆکە چی؟

ئێمە خزمەتکارین و تەسلیمی جۆریک لە پەرستنی ئایینی شتە تازەکان بووین. ئێمە زۆر زوو، تەواوێک بەر لەوەی شتەکان بێکەڵک و کۆن ببن، لێیان بێزار دەبین و شتەکانیش زۆر زووتر لە پێشوو کۆن و بێکەڵک دەبن. تەنانەت تا ئەو کاتەی لە شتەکان بێزار و ماندووش نەبووینە، لەوە دڵنیا دەبین، کە لە دوای

چەند مانگێک لە کڕینی ئەو شتانە، ئەوا مۆدیان بەسەرچووە. من لە وڵاتێکدا دەژیم، کە تەواوێک غەرقی فراوانی نەبووە، بە پێچەوانەوە خەڵکی بەهۆی نەبوونییەوە دەناڵێنن و بە گشتیش نەبوونی ئازادی. ئێستا دەبینم چۆن ئەم خەڵکە بە ئومێدەوە چاویان بڕیوەتە داهاتوو، کە مژدەیەکی زۆر دەدات، مژدەی بارینی کاڵاگەلێکی زۆر بەسەریاندا. بەڵێ، کاڵاکان زۆر دەبن و زبڵیش لەتەکیدا زیاتر، بەڵام ئایا بەختەوەریش زیاتر دەبێت؟ من گوومانم لەمە هەیە. کاتێک هەوڵ دەدەم بیر لەم کێشەیە بکەمەوە، کە چ شتێک دەتوانێت رزگارمان بکات بەر لەوەی لەژێر خاشاک و زبڵەکاندا دفن ببین، وای بۆ دەچم، دەشێت ئەمە بێت، کە ئەگەر مرۆڤەکان تێر و پڕ ببن و چیتر گرفتاری حەز و ئارەزووی مەسرەفکردن نەبن و لە بەرانبەردا پشتیوانێک بدۆزنەوە و توانستی وەستانەوەیان هەبێت لە بەرانبەر دیکتاتۆری مۆد و وەسوەسە و فریوی فۆرم و رەنگە درەوشاوە تازە جوانەکان و جارێکی دی بەرەو چۆنێتییەکان بڕۆن و بەمجۆرە سەفەرێک بەرەو لای میانەڕەوی و تەنانەت ژیانی ئاسایی دەست پێ بکەن.

ئەوەی دەربارەی شتەکان راستە و روون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت، ئەوا دەربارەی عەقڵ و رۆحی مرۆییش هەر راستە. بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویستی داتاکان و ئایدیاکان جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویستی شتەکاندا هەیە.

باووباپیرانمان لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا تەنها چەند کتێبێکیان هەبوو، کە نەتەنها دەیانخوێندنەوە، بەڵکو بە یادەوەریشیان دەسپاردن. هیچ تەلەفزیۆنێک بوونی نەبوو. ئەو رۆژنامانەی ئەوان دەیانخوێندنەوە لە چەند پەڕەیەک زیاتر نەبوون. زانیارییەکی کەمیان بە خەڵکی دەدا، بەڵام ئەوان دەرفەتی باشتریان هەبوو بۆ ئەوەی بیر لەم شتانە بکەنەوە و بۆخۆیان رووبکەنە خەڵکان و سرووشت و زۆرێک لە مرۆڤەکان بەمجۆرە و بە رێکخستنی بیرۆکەکانیان بە روانگەیەکی ژیان دەگەیشتن و بیروباوەڕێکیشیان بۆخۆیان پەیدا دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە چی؟

ئێمە لەنێو تۆفانی ئەو زانیاری و ئایدیایانەدا دەژین، کە زۆرینەیان هەر لەکاتی بەرهەمهاتنیاندا دەبن بە زبڵ. خەڵکی لە چیکۆسلۆڤاکیا نەک تەنها تینووی شتی تازەن، بەڵکو حەزدەکەن بە زانیارییەکانیش بگەن. دوای نیو سەدە قاتی و قڕی، بەرهەمهێنان بە ئاستێکی نەشیاوی باوەڕپێکردن برەوی سەندووە. چەمکگەلی دەستی چەپ و دەستی راست نمایش دەکرێن و لە تەکیشیاندا ناسیۆنالیزم، ئەنارشیزم، دژەجوولەکایەتی و هەندێک لەو تیۆرییە تازانە

دەربارەی دوژمنانی ناوخۆ باسیان لێوە دەکرێت. خەڵکی ئەم ئایدیایانە دەکڕن و پاشان زۆر زوو دوور فڕێیان دەدەن و زیاتر لەوە، بەبێ هیچ جۆرە دیاریکردن و جیاوازیدانانێکیش ئەم کارە دەکەن. ئەو شتانەی ئەوان دەیکڕن وەک شتێکی سەرنجڕاکێش و هەمیشەیی دەردەکەوێت، بەڵام ئەم شتانە بە گشتی شتێک نین جگە لەو شتە کۆنانەی، کە حەزیان لێی بووە. من بە هەست بە مەترسیکردنەوە لە خەڵک دەڕوانم، کە بەنێو ئەو باخەی ڕۆژگارێک عاشقی بوون، تێدەپەڕن بێ ئەوەی بزانن، کە بەنێو گوڵەکاندا ڕەت نابن، بەڵکو خەریکی گوزەرکردنن بەنێو زبڵەکاندا.

دەبینم خەڵک چۆن پەیوەندی بە بزووتنەوە تازەکانەوە دەکەن و پاشان دوای تێپەڕینی چەند مانگێک لەو بزووتنەوەیە جیا دەبنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە بزووتنەوەیەکی دیکەوە بکەن، کە دروشمگەلی تازە، بەڵام بە هەمان ئەندازە خاڵی دەرخواردی ئەوان دەدات. جەماوەرێکی زۆر بە ریزبەستنی درێژەوە بەبەر پەنجەرەکەمدا تێدەپەڕن و بە هەراوزەنایەکی زۆرەوە دروشمگەلێک لە بەرژەوەندی دێماگۆژیستەکاندا (خەڵکخڵەتێن) بەرز دەکەنەوە و پەنا بۆ ئەو بیرۆکانە دەبەن، کە ساڵەهایە مردوون و ڕەتکراونەتەوە، بەڵام وادەزانن تاکە ڕێگای ڕزگاریش هەر ئەمەیە.

تۆفانی زبڵە مادییەکان شتێکە، کە نابێت فەرامۆشی بکەین. ئەم زبڵانە هەڕەشە لە ژینگەی سرووشتی دەکەن و لەوانەیشە ئاو و هەوا پیس و ژەهراوی بکەن، بەڵام زبڵە فکرییەکان مەترسیدارترن و لەبەر ئەوەی گیان و ڕۆح ژەهراوی دەکەن و مرۆڤانێکیش، کە ڕۆح و گیانیان ژەهراوی بووە، دەتوانن دەست بۆ کارگەلێک ببەن، کە ئاکامی مەترسیدار بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

(ئیڤان کلیما Ivan Klima لە ساڵی ١٩٣١ لە پراگ، چیک، لەدایکبووە. کلیما وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات لە سەردەمی تۆتالیتاریزمدا بە نهێنی و لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری هاوڕێی وەک یارۆسلاڤ هاشەک و هاڤێل و هتد بە نووسینەکانیان دژ بە ڕژێم وەستاونەتەوە، کەچی دوای بەهاری پراگ زۆرێک لە کارەکانی ئەو و هاوڕێکانی قەدەغە کران و بڵاو نەدەکرانەوە. سەرباری ئەوەش پراگی بەجێنەهێشت وەک میلان کۆندێرا و لەگەڵ هاونیشتمانەکانی مایەوە، لەکاتێکدا ئاسان دەیتوانی بچێتە دەرەوەی وڵات. بەرهەمەکانی تا ساڵی ١٩٨٩

تەنها لە دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیا بڵاو دەکرانەوە. ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی فرانتز کافکای پێبەخشرا لەپای ئەو کارە گەورانەی لە بواری ئەدەبیاتدا کردبوونی. رۆحی پراگ کتێبێکی فکری/ئەدەبییە و ئەم گوتارە لەم کتێبەوە کراوە بە کوردی؛ هەروەها کتێبی "لە چاوەڕوانی تاریکی، لە چاوەڕوانی رۆشناییدا یەکێکە لە کارە ناسراوەکانی. بەداخەوە تا ئێشتا شتێک لە کلیما، ئەوەندەی من ئاگادار بم جگە لەم وتارە، نەکراوە بە کوردی... وەرگێڕ).



**سەرچاوە:**

ایوان کلیما: روح پراگ، ترجمه خشایار دیهیمی، چاپ چهارم، نشر نی، تهران، ١٣٩١، ص٩٩-١٠٣.

# نامەیەک و چوار شیعری

# ئۆسیپ ماندێلێشتام



و. لە فارسییەوە: هاوڕێ یووسفی

لەوانەیە بایۆگرافی ئەو مرۆڤانەی هەمیشەیین و بۆ هەتاهەتایە لە دڵ و رۆحی نەتەوەکەیان ومرۆڤایەتیدا دەمێننەوە، کات و شێوە و چۆنییەتی دۆخی مردنیانە، نەک کاتی لەدایکبوونیان. ئۆسیپ ماندلێشتامیش لەڕووی بنەماڵە و چینایەتییەوە منداڵی بنەماڵەیەکی چینی ناوەند و لەڕووی ئاینیشەوە جوو بوو و لە رووسیاش دەژیا. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەرهەمێکی شیعری لە گۆڤاری ئەدەبی ئاپۆلۆن کە دامەزراوەی فەرمی هونەری-ئەدەبی بزووتنەوەی ئاکۆمێئیزم بوو، لەچاپ دا. یەکەم خول و قۆناخی شیعرەکانی پڕن لە دەنگی نائۆمێدی، رەنج و حەسرەت و تووڕەیی. تایبەتمەندی شیعرەکانی ماندلێشتام بریتین لە بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە دووانەی جوو/مەسیحی و کەڵکەڵەی زمان و مێژوو، کاریگەری پاڵەوانانی یۆنانی کەونارا و لەسەرووی هەمووشیانەوە زەمەن و رەنجی مرۆیی بەگشتی. ماندلێشتام منداڵی ئەو ناوکۆییە کۆمەڵایەتی، ئابووری،

سیاسی و مێژووییەی بەر لە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یە، بەڵام ئەوەی ڕێگەی بە ماندێلێشتام نەدا و نەیهێشت مرۆڤایەتی کەڵک لە توانا ڕۆحی و وجوودییەکانی ئەو وەربگرێت و بەهرەمەندبێت لە توانستی وەها مرۆڤێک دیاردەی ترسناک، کووشندە و تۆقێنەری ستالینیزم و پاکتاوی ستالینیستی بوو. ماندێلێشتامیش وەک زۆربەی نووسەرە بەتواناکانی ئەوکات، بۆ نموونە میخاییل بۆلگاکۆڤ، ئیساک بابێل و چەندان کەسی دیکە بەهۆی بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەکانیانەوە کەوتنە بەر لێشاو و ماشینی مەرگی کووشندە و ترسناکی ستالینیزمەوە. ماندێلێشتام بەهۆی شیعری قەسیدەیەک بۆ ستالین[١]، لەلایەن بەکرێگیراوان و سەربازانی ستالینەوە دەگیرێت و زیندانی و دواجار دوور دەخرێتەوە بۆ کەمپی کاری زۆرەملێ[٢] و لەوێدا گیانی لەدەست دەدات و بۆ هەمیشە دەچێتە ریزی لاپەڕە زیندوو و نەمرەکانی مێژووەوە. ئەوەی لە خوارەوە پێشکەشتان دەکرێت، نامەیەکی ماندێلێشتام و پێنج شیعری ئەون، کە دەلالەت لە ڕۆحی تووڕە و موعەزەبی ئەو دەکەن و دەربڕی ئۆمانیزمی مرۆیی و یوونیڤێرساڵی هاوجیلەکانییەتی.

دوایین نامەی ماندێلێشتام بۆ ئەلێکساندر[٣]و نادێژدا ماندێلێشتام: من لە کەمپی کاری زۆرەملێ و لادێ وێستۆک، لە بەندی یازدەدام. بە تاوانی چالاکییەکانی دژ بە شۆڕشی ئوکتۆبەری ١٩١٧ بە پێنج ساڵ زیندان لە کەمپدا مەحکوم کراوم. ٩ی ئوکتۆبەر لە زیندانی مۆسکۆوە منیان گواستۆتەوە. یازدەی ئۆکتۆبەر گەیشتینە ئێرە. دۆخێکی باشم نییە، زۆر ماندووم، ئەوەندە لاوازم، نامناسنەوە، نازانم ناردنی جلوبەرگ و پارە و نان کەڵکیان هەیە، یان نا، بە بێ جلوبەرگ بەردەوام سەرمامە.

نادێژدای ئازیزم، باڵندە میهرەبانەکەم. نازانم ماوی یان نا. ئەلێکساندری ئازیز باسی نادیام (مەبەستی ماندلشتام بە نامەیە) بۆ بکە. ئەم کەمپە کاتییە. نەیانبردم بۆ کوولیما. لەوانەیە زستانیش لێرەبم.

**خۆشەویسی ئێوە**

**ئۆسیپ**

ئەلێکساندر بابەتێکی دیکەش هەیە. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا منیان برد بۆ کار و کار حاڵی باشتر کردم. زیندانییەکان لەم کەمپە کاتییەوە دەگوازرێنەوە کەمپی هەمیشەیی. وێدەچێت منیان جوێ کردبێتەوە و زستان لێرە بمێنمەوە. تکایە بە تێلێگراف نامە و پارەم بۆ بنێرن[٤، ٥، ٦].

## بۆ کاساندرا[٧]

شیعرەکانی ١٩١٧ لە هێڵی رەش و فەرامۆشی ئەدوێن، کە راپەڕین گرتبوویەبەر. لەم شەوە حەیوانییەدا، بیرەوەری قەسیدەی ئازادی پووشکین، نووسینی سەدەیەک پێش لەمە، دەدرەوشێتەوە، وێنای هاوڕێیانی ماندلێشتام ئەو پاڵەوانە دیمۆکراتانەن بەدەستی کۆمەڵێک "مەبەست سەربازانی ستالینە" لە چوار مێخەدران، یان پەیکەریان لەتوپارکران. لە هەڵسەنگاندنی ماندلێشتامدا رۆڵی خەڵکی ئاسایی لە گەیشتن بە دەسەڵاتی بلشوڤێکەکاندا نابیندرێت، ئەوەی هەیە حەسرەتە و بەس، ئەو "مەبەست ماندێلێشتامە" لە شیعری "بۆ کاساندرا" کە بۆ "ئانا ئاخماتوا" نووسراوە، دەڵێت:

لە دیسەمبەری ١٩١٧دا

**ئێمە هەموو شتێکمان بۆ عەشق دۆڕاند**
**یەکێکیان بە ئیرادەی خەڵک تالانکرا،**
**ئەوەی دیکەش بەدەستی خەڵک.**

## ئەم ژیانە

**ئەم ژیانە- گەوجانە، هۆشی لە سەرمان تاراندووە:**
**خواردنەوەی شەرابی دەمەوبەیان، خوماری شەوانە.**
**چۆن تاقەتمان نەچێ لەم شادییە بێهودەیە**
**سووراو و سپیاوی ڕوومەتت، تاعوونی مەست؟**
**لە گووشانی دەستی یەکدا ئاینێکی ئازاردەر،**
**لە خیابانەکاندا ماچەکانی شەوانە،**
**ئەوکاتە موسافرانی رۆخانە لەنگەر دەخەن**
**گلۆپەکان وەک چراوک دەسووتێن**
**ئێمە دانیشتووین و چاوەڕوانی مەرگ ئەکەین،**
**وەک گۆرگ لە چیرۆکەکاندا**
**هەراسانم رەنگە یەکەم مەرگ، مەرگی ئەو کەسە بێت**
**دەمێکی سوور و شێواوی بێت و**
**لەسەر چاوانی زولفێکی پەرێشان.**

## من پێت دەڵێم

من پێت دەڵێم
بەدوایین هەناسەی راستییەوە:
هەموو شتێک ورێنەیە، ورینە
فریشتەکەم.
ئەو شوێنەی هێلێنای[8] نواند
جوانییەکەی،
ڕوو لە من لە خەرەندە رەشەکانەوە باوێشکیدا
شەرم.
یۆنانییەکان هێلێنایان ئازاد کرد
لە شەپۆلەکاندا،
کەفە سوێرەکان
لەسەر لێوەکانی من.
دەیساوێتە سەر لێوەکانم
پووچەڵی،
هەنجیر بە پتەوییەوە پیشانیدام
هەژاری.
ئەم و ئەو، وەها و ئاوا
قەیدی نییە.
فریشتەی شارەوان- کۆکتێلەکان بنێ- بە سەرتەوە
شەراب تفکەرەوە!
من پێت دەڵێم
بە دوایین هەناسەی راستییەوە:
هەموو شتێک ورێنەیە، ورێنە،
فریشتەکەم

## له بەهەشتی سپیدا

له بەهەشتی سپیدا پاڵەوانێک راکشاوه
گاسنی جەنگەکان، پیاوێکی پیر
جیهانێکی بەرین له چاوانێکی خۆڵەمێشیدا:
باڵەبانی ئیمپراتووریای مەزنی رووسیا
تەنیا "مرۆڤە" پیرۆزەکان دەتوانن
له تابووتی بۆنخۆشی وادا رابکشێن:
بەدوو دەستی ئازادەوە، هێماکانی بەختەوەری
سەربەرزی و ئارامی ئەزموون بکەن

## پیاسەکردن

به پیاسەکردن له خیابانی کیێیەف- وییادا
له گەڕان بەدوای شووەکەیدا، ژنێک که نازانم ژنی کێیه،
به روومەته مۆمینەکانییەوه
دڵۆپێک فرمێسک نەتکایه خوار
قەرەجەکان به وەرەقەوه غەیببێژی ناکەن
به کەمانچەی کۆپێچپێسکی ئاوازێک لێ نادەن
له کریشاتیک[9]دا ئەسپەکان له خاکەوه گلان
تالانچییەکان بۆنی مەرگیان لێدێت
ئەوان به دوایین تراموای رۆشتن
سەربازەکان له پشت دەروازەکانی شارەوە،
پیاوی پاڵتاو لەبەر دەنگی هەڵدایه:
-چاک بزانن، ئێمه سەرلەنوێ دێینەوه...

**ژێدەرەکان:**

١- بۆ خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیه، بڕوانه گۆڤاری "بخارا شمارەی ٤٩، ویژه اسیپ ماندلیشتام، ترجمەی: مراد فرهادپور".

٢- بڕوانه دوایین نامەی ئۆسیپ ماندلێشتام.

٣- ئەلێکساندر (١٨٩٢-١٩٤٢) برای ماندلێشتام.

٤- لەسەر پاکەتەی ئەم نامەیەدا مۆرێکی لە رۆژی سێی نۆڤەمبەری ١٩٣٨دا خواردبوو لە دوو و سێیەمی نۆڤەمبەردا بەهۆی جێژنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە "حەوتی نۆڤەمبەر" رێگە درایە زیندانییەکان نامە بۆ بنەماڵەکەیان بنووسن. ئەم نامەیە وەک نامەکانی دیکە سێ چوار حەفتە لە بەشی سانسۆری کەمپدا مایەوە "راگیرا".

٥- مەبەست لە بەندی یازدەی کەمپی کاتی و ڤۆلادی ویستۆکە، کە تایبەت بە دژەشۆڕشەکان بووە.

٦- ئاماژەیە بە حوکمەکەی ستالین سەبارەت بە کوشتنی ناڕازییەکان، ماندلێشتام وایدەزانی نادێژدایشیان "لەم کۆتوبەندەدا" گرتووە.

٧- بخارا ویژە اوسیپ ماندلشتام، ترجمە احمدپوری.

٨- (Helene) هاوسەری مێندلاسە لە حەماسەکانی یۆنانی کەونیینەدا.

٩- نێوی خیابانێکی بنەڕەتی و کۆنە لە ناوەندی شاری کییەفدا.

## سەرچاوەکان:

بۆ زانیاری، ناسین و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ماندلێشتام "کە ئەم بەرهەمانەش لەوێوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی" بڕواننە ئەم سەرچاوانە.

١- بخارا شمار ویژە اسیپ ماندلشتام.

٢- برگزیدەای از اشعار اسیپ ماندلشتام، ترجمە: نعیم بزاز عتایی- انتشارات اینەمهر.

٣- ئەزموونی مۆدێرنێتی-مارشال بێرمەن- وەرگێڕانی مەنسوور تەیفووری- چاپی دووەم.

# قەلەڕەشەکە







**ئێدگار ئالان پۆ**

**و. لە ئینگلیزییەوە: کامیل محەمەد قەرەداغی**

ئەم قەسیدەیە، بە شاکاری نووسەری ناوداری ئینگلیزی زمان (ئێدگار ئالان پۆ) دادەنرێت. بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٤٥)دا بڵاوکراوەتەوە و تا ئێستەش کاریگەریی خۆی بەسەر شیعری ئەنگلۆساکسۆنییەوە پاراستووە، بەتایبەتیش لە ئەمریکادا ئەو شاعیرانەی پەخشانەشیعر دەنووسن، ئەم قەسیدەیە وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشی خۆیان دەبینن. دیارە ئێستا یەکێکە لە کلاسیکە گەورەکانی شیعری ئینگلیزی. هۆکاری ئەمەش تەنها ئەوەندە نییە، کە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، بەڵکو نهێنیی پاراستنی ئەو هێزەی کە هەیبووە لەوەدایە، کە توانایەکی مۆسیقی و خەیاڵسازیی گەورەی تێدایە، ئەم دوو سیفەتەی هەردووکیان پێکەوە هاوشانییەکیان لەگەڵ ماناکەیدا دروستکردووە، لەبەرئەوە ئەگەر و شیانی راڤەکردنی زۆری تێدا دروست بووە. دەلالەتی شیعری لێرەدا زۆر بەرفراوان دەبێتەوە، تا ئەو ئاستەی، کە هەریەکە لە قسەکەری ناو قەسیدەکە و قەلەڕەشەکەش وەک دوو وێنەی رووحێکی ماندووی کەسێکی چاوەڕوان، چاو لێدەکرێن، کەسێک، کە چاوەڕوانی گەڕانەوە یان دەرکەوتنەوەی ئازیزێکە، کە هاتنەوە و سەرهەڵدانەوەی مەحاڵە.

لە پۆلە کتێبـی بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی لەوە کردووە، کە ئەو کەسەی لەناو ئەم قەسیدەیەدا قسەدەکات، کوڕێکی تەمەن حەڤدە ساڵە، بەومانایەی کە بە بەراوردی ئێستای وڵاتی خۆمان کوڕێکە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییە. رەخنەگران ئەم قەسیدەیە وا دەبینن، درێژەپێدەری شێوازی کارکردن و نووسینی یۆهان گۆتێ بێت، کە زیاتر شێوازێکە پەیڕەوێکی رووحیانەی هەیە. واتە دەچێتەوە سەر ئەو رەوتە شیعرییەی، کە ریلکەی شاعیری ئەڵمانی یەکێک بووە لە دیارترین نووسەرەکانی و لە هەمان رۆژگاری سەردەمەکەی پۆدا ژیاوە. بفەرموون لەگەڵ دەقی قەسیدەکە:

## قەلەڕەشەکە

**جارێک لە نیوەشەوێکی خەمۆکدا، نیگەران و ریوەڵە رامابووم**
**بەسەر چەندان خەرمانی پڕ نامۆیی و فزوولی مەعریفەی لەیادکراودا**
**خەوەنووچکەم بوو، وەختەبوو خەو بمباتەوە، تەپەیەک هات**
**وەک ئەوەی کەسێک بەکاوەخۆ لە دەرگای ژوورەکەم بدات**
**بە ورتەیەک گووتم، ئەوە میوانێکە و لە دەرگای ژوورەکەم دەدات،**
**هەروایە و لەوە بەدەر نییە.**
**ئای، بەڕوونی یادم کەوتەوە، کە ئێمە ئێستە لە دیسەمبەری خەمۆکداین،**
**هەر سکڵێک لە ئاگر جیابێتەوە، لەسەر زەوی خێوێکی خۆڵەمێشی دروست دەکا،**
**لێبڕاوانە ئاواتی هاتنی سبەینێم خواست،**
**بێهوودە هەوڵم دا لەناو کتێبەکانمدا نەوایەک بۆ خەمەکەم بدۆزمەوە،**
**خەمی لە کیسچوونی لینۆر**
**ئەو پاکیزە درەوشاوە دانسقەیەی، کە فریشتەکان ناویان لێناوە لینۆر،**
**کە چی دی ناوی لەناو ناواندا نەماوەتەوە،**
**خەمی ئاوریشمینی سروەی بێسنووری پەردە ئەرخەوانییەکە**
**پڕپڕم دەکات لە ترسێکی دڵگیری نائاشنا،**
**کەوابێ، بۆ راوەستاندنی ترپەترپەی زۆری دڵم،**
**هەستام و دیسان گوتمەوە**
**"ئەو میوانێکە و لەبەردەرگای ژوورەکەمدا هاتنەژوورەوەی دەوێ"،**
**میوانێکی درەنگوەختە، لەبەر دەرگای ژوورەکەمە و هاتنەژوورەوەی**

دەوێ،
هەر ئەوەیە و لەوە زیاتر نییە.
ورەیەکم بەبەرداهاتەوە و نیگەرانیم وەلانایەوە
گووتم: گەورەم، خانم، لێبووردەییت دەخوازم
راستی بڵێم، خەو بردبوومییەوە و تۆش هاتیت زۆر بە نەرمی لە دەرگات دا
زۆر بە کزی هاتیت لێت دا، لە دەرگای ژوورەکەی من
بۆیە بە ئەستەم گوێم لێت بوو، بۆیە واهاتم و دەرگام بۆ خستیتە سەر پشت
ئۆی تەنها تاریکی لێیە، تاریکی و هیچی تر.
بە قووڵایی چاوم بڕییە تاریکی، بە ترس و رامانەوە زۆر لەوێدا راوەستام،
پڕ گومان بووم، خەونم دەبینی، خەونێک، کە پێش من هیچ بوونەوەرێک نەیدیبێت،
بەڵام نە ئەو بێدەنگییە دەشکا و نە ئەو تاریکاییەش دەبڕایەوە
تاکە وشەیەک کە بە چپەوە دەهات و دەبیسترا ناوی "لینۆر" بوو،
من بە چپە دەمگووت لینۆر و زرنگانەوەکەشم پێدەگەشتەوە "لینۆر"،
هەر ئەوە بوو و هیچی تر.
بەرەودواوە گەڕامەوە ناو ژوورەکەم و هەموو رووحم لە ناخەوە دەسووتا،
دیسانەوە گوێم لە دەنگی تەپەیەک بوو هەندێک بەرزتر لە جاران،
من گوتم بە دڵنیاییەوە ئەوە شتێکە بەسەر تەلبەندی پەنجەرەکەمەوە
بۆیە گوتم کەواتە با ببینم، ئەوە چ هەڕەشەیەکە هاتووە، با ئەم تەلیسمە ئاشکرا بکەم
با ترپەی دڵم بۆ چرکەیەک رابوەستێت و ئەم تەلیسمە ئاشکرابێت
ئۆی ئەوە دیسان بایە و هیچی تر نا!
ئێرە بکەرەوە، ئێرە، دەروازەی پەنجەرەکەم پاڵ پێوەنا، بە لرفە و تەپەتەپی زۆری باڵیەوە
قەلەڕەشێکی شکۆدار لە رۆژگاری سەروەریی دێرینەوە،
نە تۆزێک رێزی نواند و نە بۆ چرکەیەک وەستا و نە نووچی دا،
بەڵکو بە شکۆی میرێک، یان خانمێکەوە،
بەسەر پەیکەری پالاسی سەرووی دەرگای ژوورەکەمەوە نیشتەوە،
نیشتەوە و وەستا و هیچی تر.
ئەو دەمە ئەم مەلە رەنگ ئەبەنووسییە، بە سیما و هەیبەتەکەیەوە

خەمەکەمی گۆڕی بە بزە
پێمگووت: ئەگەرچی لە نەریتی خۆت لاتداوە دڵنیام تۆ ترسنۆک نیت
ئەی قەلی قەترانیی گەڕۆک بەسەر کەنارەکانی شەودا
پێم بڵێ ناوی شکۆدارت چییە لەوێ لەسەر کەناری شەوی جیهانی
پلۆتۆنیۆمی؟
قەلەڕەشەکە گووتی "هیچی تر".
زۆر سەرسام مام ئەم مەلە سەرسەختە بە ڕەوانی قسەکەمی بیست،
ئەگەرچی وەڵامەکەی کەم مانا و کەم پەیوەندی بوو،
کەوابێ ناتوانین هاوڕابین لەسەر ئەوەی بوونەوەرێکی مرۆیی لە ژیاندا
هەبێ لەوە بەهرمەندبێ
مەلێکی بەسەر دەرگای ژوورەکەیەوە بینیبێ
مەلێک یان بوونەرەێک بەسەر پەیکەری نەخشێندراوی سەر دەرگای
ژوورەکەیەوە بێ
بەناوێکی وەک ئەمەوە و هیچی ترنا.
بەڵام قەلەڕەشی تەنهای دانیشتووی سەر پەیکەری نەبزۆک، هەر هێندەی
گوت،
وشەیەک، وەک ئەوەی رووحی لەناو ئەو تاکە وشەیەدا بوویێت و
وشەکەش وڕێنەبوویێت
ئیتر ورتەی لێوەنەهات و بەبێ جوڵاندنی پەڕی، تەنها فڕەی باڵی دەهات،
تا بە ئەستەم بە ورتەیەک گووتم: خۆ هاوڕێکانی تریش کۆچیان کرد
بۆ سبەینێ ئەمیش دەڕوا وەک پەرشبوونی ئاواتەکانم،
ئەمجا مەلەکەش قیڕاندی: هیچی تر.
ڕەواندنەوەی ئەو بێدەنگییە بەو وەڵامە پڕمتمانەیەی حەپەساندمی،
گوتم بێگومان ئەوەی ئەو دەیڵێت هەر ئەو شتەیە، کە دەیزانێت
لە خاوەنێکی خەمباریەوە وەریگرتووە، مامەڵەکەی بێ لێبووردەیی و
پڕکارەسات بووە،
هێندە بە خێرایی ڕەتاندوویەتی و ڕەتاندوویەتی هەتا بێبەزەییانە
دایدۆشیوە،
تەنانەت ئاوازە خەمبارەکانی هیواکەشی لەناو خۆیاندا بە خەم بارکراون و
هیچی تر.
بەڵام قەلەڕەشەکە هێشتا حوزنی ناو ناخم هەڵدەخەڵەتێنێت و بەرەو بزەم

دەبات،
بۆیە کورسییەکی نەرمم هێنا و بەرامبەر بە مەل و پەیکەر و دەرگاکە پاڵم دایەوە
وەهمم دایە دەستی وەهم و بیرم لەوە کردەوە ئەم مەلە شوومەی لە رابردووەوە هاتووە چ دەڵێ
ئەم مەلە قەترانییە سەرسەختە ترسناکەی لە رابردووەوە هاتووە
مەبەستی لە (هیچی تر) چی بوو؟
بۆیە دانیشتم نووقمی خەمڵاندن بووم و نووزەم لێوە نەدەهات
بەرەو ئەو مەلەی چاوە ئاگرینەکانی کڵپەیان لە ناخی رووحی منیش هەستان
سەرم بە ئارامی خەواندبووە سەر بالیفی کورسییەکە و هەوڵم دەدا لەمەو لە شتی تریش تێبگەم
بەسەر ناواخنی مەخمەڵینی کورسییەکەوە، کە تیشکی چراکە لەسەری دەدرەوشایەوە
بەڵام وەنەوشەی ئەم مەخمەڵە بۆ کێ کراوە بە ناواخن، وا تیشکی چراکە لێی دەدات
تۆ بڵێی ئەو (لینۆر) لەسەری دابنیشێت، نا هەرگیز نا.
پاشان هەستم کرد باکە چڕتر بۆتەوە، لە بوخوردێکی نەبیندراوەوە عەتری رژاند
بەدەستی فریشتەیەکەوە، کە ترپەی پێی لەسەر بەڕەکە دەبیسترا
بۆیە بانگم کرد: ئەی سەرسەخت، خودا خۆشنوودیی تۆی دەوێ، وا بەم فریشتەیەدا ئەوەی بۆ ناردوویت
دەکەواتە بخۆرەوە، بخۆرەوە جامی دڵنەوایی هەڵاتن لە بیرەوەرییەکانی لینۆر
هەڵیدە، بیخۆرەوە ئەم جامی دڵنەواییە و لینۆری لەکیسچووش لەیادبکە.
قەلەڕەشەکە قیڕاندی، هەرگیز نا.
پێمگووت: تۆ پەیامهێنیت، یان خراپەکار! پەیامێکت پێیە چ جای مەل بیت یان شەیتان!
توو ئەو ئاسمانەی بەسەر هەموومانەوە چەماوەتەوە، توو ئەو خودایەی هەردووکمان دەیپەرستین!
بە ئەم رووحی کەیلی خەمەم بڵێ، ئایا لە بەهەشتی دووری ئێدەنیش بێت

داخۆ ئەو کچێکی پاکیزە لە باوەش دەگرێت فریشتەکان پێی بڵێن (لینۆر)!
ئەو کچە پاکیزە دانسقە درەوشاوە بێوێنە لەئامێز دەگرێت، کە فریشتەکان پێیدەڵێن لینۆر!
قەلەڕەشەکە قیڕاندی، هەرگیز نا.
من پێمگووت ئەی پەیامهێن، خراپەکاریت، بەڵام هێشتا پەیامت هەڵگرتووە، چ مەل بیت یان شەیتان،
چ شەیتان ناردبیتی، یان بای باهۆز فڕێیدابیتە سەر ئەم کەنارە!
بە تەنهایی پێشڕەویت کردووە بۆ سەر ئەم خاکە بیابانییە تەڵزم گرتووە،
بۆ ئەمماڵەی ناو چنگی ترس، تکا دەکەم راستییەکەیم پێ بڵێ!
ئایا لەوێ لە خاکی گیلئید مەرهەمێک بۆ من هەیە، پێم بڵێ، تکادەکەم پێم بڵێ!
قەلەڕەشەکە قیڕاندی، هەرگیز نا.
تۆ مەل بیت یان شەیتان، با ئەو وشەیە نیشانەی جیابوونەوەمان بێت، کە راپەڕیم... وام بە ئەو گووت!
بگەڕێرەوە بەرەودواوە بۆ باهۆز و بۆ کەناری شەوی پلاتۆنی!
چ پەڕێکی رەش لەدواتەوە بەجێ نەهێڵیت ببێت بە بیرەوەریی ئەو درۆیەی رووحی تۆ درکاندی!
تەنیاییەکەمم لێ تێک مەدە، پەیکەری سەر دەرگاکەشم بەجێ بهێڵە!
دەنووکت لە دڵم دەربێنە، گێچەڵت لە دەرگاکەم دووربخەرەوە!
قەلەڕەشەکە قیڕاندی: هەرگیز نا.
قەلەڕەشەکە نەجووڵا هەر نیشتەوە و مایەوە!
بەسەر پەیکەریڕەنگ زەردی پالاسی سەرووی دەرگای ژوورەکەمەوە!
لە چاوەکانیدا سیمای شەیتانێک دیارە خەون دەبینێ!
رۆشنایی چراکە، کە لەسەرووی ئەوە پەرش دەبێتەوە، سێبەرەکەی دەخاتە سەر زەوی!
رووحی منیش لە دەستی ئەو سێبەرەی ئەو دەرناچێت، کە لەسەر زەوییەکە جێگیر بووە!
لێی دەرناچێت، هەرگیزنا.

**سەرچاوەی وەرگێڕانەکە:**
http://www.heise.de/ix/raven/Literature/Lore/TheRaven.html

# گەر هەندێ شیرینیمان بدایە بە بەخت!



تەهانی فەجر
و. تەیب جەبار

## ژوورێکی گەردوونی

بیرتە لەسەر شاشەیەکی 3D خەریک بوو لە دەریایەکدا بخنکێین و
بە قودرەتی خودایی رزگارمان بوو!
بیرتە لە ماڵێکی گەردوونی دەرکراین
لەبەر ئەوەی کرێی ژووری دەمەتەقێمان نەدابوو!
بیرتە راناوی نادیار و بەرامبەرمان
لەژێر پێی هاتوچۆکەراندا بینی!
بیرتە ئەو بزمارەی شەڕ و نائومێدی
و یانزە کودەتامان لەسەر دیواری فەیسبووک
پیا هەڵواسی!
بیرتە کاتێ (کوسەیر) چاوی تێبڕیم و (عەزە)
غیرەی کرد و تۆش ساڵەها لێم توڕە بووی!
بیرتە خەونەکانمان تووشی شێرپەنجەی سیی
درێژخایەن بوون،
چونکە تۆ جگەرەی هەرزانت دەکێشا!

## ماچ

بازنە زیوینەکەم خشەخشێکی ساختەی هەیە
مەرگ لە گەڕەکدا دەسوڕێتەوە.
بەقەدەر مەشغەڵەتی مێشکت بە دوگمەکانمەوە
خۆشم دەوێ.
خۆشەویستم پەلە بکە
بە هێواشی دەمم قووت بدە
پێش ئەوەی ئاژاوە بمدۆزێتەوە.



## پرسیار

چێ دەبێ گەر ئێمە رەنگمان شین بێ
باڵندە بە ئاسمانمان بزانن
چی دەبێ گەر هەندێ شیرینیمان
بە بەخت بدایە و رۆژێک بۆمان پێ بکەنێ.
چی دەبێ گەر تاکە بژێرمان
دەرگایەکی داخراو بێ.

## شەوق

بێ ئەوەی شەوق هۆکارێکی لۆجیکی هەبێ
دارستانێک (سەرو)ی سەوز لەسەر سنگم دەڕوێ
بولبولێک لەسەری دەخوێنێ

## جەستە

جەستە چییە...؟
داڕشتنێکی داهێنراوی پەڵکەزێڕینەیە!
ڕێگایەکی پڕ سودفەیە
یان هۆنراوەیەکی ڕەنگاوڕەنگە!
جەستە چییە؟
دەنکە بوندقێکی وردکراوی سەر زمانە
یا دۆڕانی پەرشبووی نێوان دوو عاشقە
یا منم، کاتێ هەموو بەیانییەک
لەژێر سەرینەکەتەوە
دەردەکەوم!

***



تەهانی فەجر: ژنە شاعیرێک و ڕەخنەگرێکی کوێتییە، ئەم کتێبانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

-وطن هه أكاد أن أضحك/ شعر/ دار الغاوون- بيروت- ٢٠١٠.

-بلند الحيدري و الريادة المفقودة/ دراسة/ دار الغاوون- بيروت- ٢٠١٢.

# بۆ ئەوانەی لەسەر دیوارەکە دانیشتوون



سەید عەلی ساڵحی
و. یوسف عەلی پور

نانتان لە سفرە و وشەتان لە کتێبدا نەهێشت
رووناکیی نێو ماڵ و کڵووکی هەنارتان نەهێشت
پەپولەی پەسیو و ئاوی نێو پەرداختان نەهێشت
گۆرانیی مناڵ و بزەی سەر لێویشتان نەهێشت
ئەی خەونەکان چی لێدەکەن؟

ئێمە خەو دەبینین و ئێوەش درۆمان بۆ دەکەن...
درۆ دەکەن کە دەڵێن ئەم کۆڵانە داخراوە و
ئەو کۆترە باڵکراوە و توانای فڕینی نەماوە و
هێمنیی ئەستێرەش بێ ئاکامە.
ئێمە ماڵ بە کۆڵ بە ترس و خۆفی خەرەندا و
بە رووباری ساردوسۆڵیشدا تێدەپەڕین.
ئێمە دەزانین لەودیوی تارمایی ئەو هەموو دیوارانەوە
هێشتا هێما دیارەکانی بۆنی خۆشی هۆگری و
دەنگی رووناکی و لێوارە ئەرخەوانییەکان هەرماون.
سەرەنجام رۆژێک لەم رۆژانە دەگەڕێینەوە
پەردە شڕۆڵەکانی پرسیارە هەزار توێیەکان لادەدەین

دەلاقە بە دەلاقەش... خەڵکی لێ ئاگادار دەکەین
دەڵێین کە لەودیوی تارمایی ئەو دیوارانەوە
باخێکی مەزنی پێگەیشتنی بولبول و تێگەیشتنی هەتاو و
نمەنمەی رووناکایی باران هەروا ماوەتەوە.

ئەستێرەتان بە عاسمان و بارانتان بە هەورەوە نەهێشت
بینایی دەریاکان و ئاوازی خەیاڵەکانتان نەهێشت
کۆتری گوێسوان و هەستی عاشقانەی مانگتان نەهێشت
بەری رووبارتان گرت و ئاوازی ئاوێنەشتان نەهێشت
ئەی خەونەکان چی لێدەکەن!

ئێمە خۆزگە دەخوازین و ئێوەش درۆمان بۆ دەکەن...
درۆ دەکەن کە دەڵێن چرای نێو ماڵ تێکشکاوە و
شقارتەی رووداو کوژاوەیە و
خەڵکیش لە خەوی گریاندان.
ئێمە دەزانین لەودیوی نسێی ئەو هەموو دیوارانەوە
کلاوڕۆژنەی رووناکایی خۆزگەی ئەستێرەی لێ روواوە.
سەرەنجام رۆژێک هەر لەم رۆژانەدا
چاودێرانی ماچ و هاودەمانی دەریا دێن و
هەواڵی دۆزینەوەی لێوارێکی ئەرخەوانی و
دەنگی رووناکی و بۆنی خۆشی هۆگریمان بۆ دەهێنن.

ئێستا وای دابنێ کە
سێبەری درەختەکان و دەنگی منیشتان هەر نەهێشت
خەوی رێبواران و دەنگی تۆشیان هەر نەهێشت
ماچی باران و دەنگی ئێمەشیان هەر نەهێشت
ریشە لە خاک و خونچەی چرای نێرگزیشتان هەر نەهێشت
ئەی خەونەکان چی لێدەکەن؟!

**سەرچاوە:**
http://www.seyedalisalehi.com/cgi-bin/content.pl?f=9&t=14

# هونەر

- ئۆپێرا لە ولآتانی ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیتاڵیا — فەرمان عەلی نوری
- هونەری نیگارکێشان لای منداڵ — ستار قادر
- چاوپێکەوتن لەگەڵ پوران درەخشەندە — و. جەواد حەیدەری
- هۆلیود و جیهان — و. هیوا سەلیمی

# ئۆپێرا (Opera)
## لە وڵاتانی ئەڵمانیا، فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیتاڵیا



فەرمان عەلی نوری

**ئۆپێرا لە ئەڵمانیا**

لە ساڵی (١٦٢٧)دا شاعیری ئەڵمانی (مارتن تۆنبر) دەقی (ئۆپێرا- Opera)ی (دافنە)ی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی، دانەر (هنری شۆتس) ئاوازی بۆ دانا و لە کۆشکی یەکێک لە گەورە پیاوانی ئەڵمانیا لە شاری (نۆرجاو) لە ئاهەنگێکدا بۆ یەکەمجار پێشکەشکرا، لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا یەکەمین کۆشکی (ئۆپێرا- Opera) لە شاری (هامبۆرگ) کرایەوە لەلایەن ناوەند و نوێنەرانی چینی بۆرژوازییەوە، کە بەهەموو شێوەیەک دژایەتی رژێمی دەرەبەگایەتی دەکرد و ئەرکی سەرپەرشتی و پەرەسەندنی (ئۆپێرا- Opera)ی خستبووە سەرشانی خۆی لە ئەڵمانیادا.

مۆزیکژەنی ئەڵمانی (ریهاند کایزەر) بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەڕێوەبەری کۆشکی (ئۆپێرا- Opera) بوو لە شاری (هامبۆرگ)، لەم ماوەیەدا چەندەها بەرهەمی جۆراوجۆری (ئۆپێرا- Opera)ی تێکەڵاو لە دەقی (ئیتاڵی و ئەڵمانی)

پێشکەش کرد، هەر لەم کۆشکەدا بەرهەمە ئۆپێراییەکانی موزیکژەنی ئەڵمانی (هیتدل) پێشکەش کران، بەڵام لەساڵی (١٨٣٧)دا دەرگای ئەم کۆشکە داخرا و ڕێگە نەدرا کە هیچ بەرهەمێکی (ئۆپێرا- Opera)ی تێدا پێشکەش بکرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو نالەبارییو و گیروگرفتە ئابووری و سیاسییەوە روویدا کە چینی بۆرژوازی بەتەواوی لاواز و نەدار کردبوو، بەجۆرێک توانای نەبوو وەک جاران سەرپەرشتی و خزمەتی هونەر بکات و پێداویستییەکانی دابین بکات و هەڵیسوڕێنێت.

هەرچەندە هونەری (ئۆپێرا- Opera) لە وڵاتی ئیتاڵیادا سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە بۆ هەریەکە لە (فەڕەنسا، ئینگلتەرە و ئەڵمانیا) و زۆربەی وڵاتەکانی تری ئەوروپا گوێزرایەوە، بەڵام بوژاندنەوە و رەواجی (ئۆپێرا- Opera)ی (ئیتاڵی جیدی) زۆری نەخایاند و لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم رەونەقەکەی جارانی نەما و وردە وردە بەرەو هەڵدێر رۆیشت و یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەم کەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییە زۆرەی کە بە رواڵەتی جوانی و رەونەقی نواندنەکە دەدرا و لە هەمان کاتدا لایەنی موزیک و پێکهاتە موزیکییەکان وەک مەسەلەیەکی لاوەکی سەیر دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە بەرهەمە (ئۆپێرا- Opera) ئیتاڵییەکان توانیویانە مەزنی و جوانی و زیندوویی جارانی خۆیان هەتا ئەمڕۆ بپارێزن، وەک لە بەرهەمەکانی دانەری ئەڵمانی جۆرج فریدریک هاندڵ (Georg Friedrich Handel)دا دەردەکەوێت، کە لەسەر دەستی ئەم دانەرە (ئۆپێرا-Opera)ی ئیتاڵی گەیشتە مەزنترین قۆناغەکانی پەرەسەندنی، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە بە شێوازێکی (موزیکی گوزارشتی ئەوتۆ) دەناسرێنەوە بە سیفاتەکانی نوێبوونەوە و بەردەوامیی ژیانیان پێوە دیارە.

(ئۆپێرا- Opera)ی ئیتاڵی لەو سەردەمەدا وەک مەسەلەیەک نەمایەوە، کە تەنیا تایبەت بێت بە ئیتاڵیاوە، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا شانبەشانی (ئۆپێرا)ی تایبەت بە وڵاتەکە و (ئۆپێرا- Opera)ی جیدی پێشکەش نەکراو دانەرە موزیکییەکانی نەتەوە جیاوازەکانی ئەوروپا کە بەرهەمی (ئۆپێرای میللیان) دادەنا، زۆربەیان سوودیان لە نموونە ئیتاڵییەکە وەردەگرت، بەڵام چۆنییەتی سەرهەڵدان و دروستبوونی فۆڕمی (ئۆپێرا- Opera) لە ئەڵمانیا وەک ئەوە نەبوو کە لای ئینگلیزەکان بوو، بەهۆی ئەو بارودۆخ و دابەشکردنە سیاسییانە و ئەو هەموو شەڕ و شۆڕانەی بەدەستیانەوە دەیناڵاند، بێگومان ئەمانەش هەموویان بوونەتە کۆسپ و تەگەرە بۆ نەبوونی فۆڕمی (ئۆپێرا-

Opera) لای ئەڵمانییەکان، خۆ ئەگەر هەشبوایە، ئەوا زۆر کەم بوو، بگرە جێی باسکردن نەبوو، بەڵام پاش سەدەیەک لەم قەیرانە فۆڕمی (ئۆپێرا- Opera) بووژایەوە، چونکە دوو دانەری بلیمەت لەم بوارەدا هاتنە ئاراوە و کاری باشیان بۆ ئەم شێوازە ئەنجام دا، ئەوانیش (فرانز جۆزیف هایدن- Franz Joseph Haydn و ڤۆلڤگانگ ئەمادیوس مۆتزارت-Wolfgang Amadeus Mozart) بوون، ئەڵمانیا خاوەنی هونەرێکی سادەی نزیک لە (ئۆپێرا- Opera)وە بوو، هـــەروەک (ماسک)ی ئینگلیزی وابوو، پێی دەوترا سنگشبیل (singspiel).

**تێبینی**: سنگشبیل (singspiel) پێکهاتبوو لە گفتوگۆ و گۆرانی و موزیکی ئۆرکسترایی بەشێوەیەکی کۆمیدییانە نمایش دەکرا.

یەکەمجار (ئۆپێرا- Opera) کە بە زمانی ئەڵمانی پێشکەشکرابێت (ئۆپێرا- Opera)ی (داڤنی) بوو کە دانەر (هاینریخ شۆتز) ساڵی(١٦٢٧) داینا، دوای ئەوەی دەقەکەی لە زمانی ئیتاڵییەوە وەرگێردرا بوو، دانەر (ریهاند کایزەر)یش چەند (ئۆپێرا- Opera)یەکی دانا، دەتوانرێت بە بنچینەی (ئۆپێرا- Opera)ی ئەڵمانی دابنرێت، پاشان دانەران (تیلیمان و ماتیسون) لە هەمان بواردا دەرکەوتن، بەڵام هەوڵەکانیان بەو گرنگییە نەبوو، مەیدانی (ئۆپێرا- Opera)ی ئەڵمانی چۆڵەوانییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی تاوەکو هاتنی دانەر (جۆرج فریکدریک هاندڵ).

(ئۆپێرا- Opera) لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیادا پێشکەش دەکرا، وەک: (پاڤاریا، میونخ، دریسدن و هانۆڤەر).

یەکەم خانەی (ئۆپێرا- Opera)ش لە (هانبۆرگ) لە ساڵی (١٦٧٨) دا دامەزرا و دانەر یۆهان تایلی (١٦٤٦-١٧٢٤) توانی شانۆگەری (ئادەم و حەوای) تێدا بۆ یەکەمجار پێشکەش بکات، دوابەدوای ئەم، گرووپێکی تر لە دانەرانی ئەم بوارە دروست بوون، کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، وەک: نیکۆلاس ئادەم شترۆنگ (١٦٤٠-١٧٠٠)، یۆهان ڤۆرتش (١٦٥٢-١٧٣٢).


هنری شۆتس

ئۆپێرا

سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای ئەڵمانی

واگنەر

بیتهۆڤن

1-Fidelio

2-Fidelio – Synopsis

ویبەر

1-Der Freischutz

2-Der Freischutz – Synopsis

3-Euryanthe

4-Oberon

نیکۆلای

The Merry Wives of Windsor

فلۆتۆو

1-Martha

2-Martha – Synopsis

کۆرنیلیوس

The Barber of Baghdad

گۆیتز

The Taming of the Shrew

گۆلدمارک

1-The Queen of Sheba

2-The Cricket on the Hearth

هومپێردینک

1-The Kings Children

2-Hansel and Gretel

وۆلف

The Magistrate

**ئۆپێرا لە فەڕەنسا**

(ئۆپێرا- Opera) لە فەڕەنسا بەرلەوەی بێتە ئاراوە و دروست بێت، چەند شێوازێکی سادەی گۆرانیئامێزی نزیک لە (ئۆپێرا- Opera)وە تێدا بەرجەستە بوو و بەرهەم هێنرا لەلایەن دانەرە فەڕەنسییەکانەوە، ئەو شێوازانەش بریتیبوو لە (بالییە و گاڤوت)، ئەمانەش لە شێوەی (سەما و گۆرانی) لە کۆشک و تەلارەکانی میر و پادشاکانی ئەو سەردەمانەی فەڕەنسادا لە ئاهەنگە تایبەتییەکاندا پێشکەش دەکران، جگە لەمانەش فەڕەنسییەکان ئارەزووی بینینی (ئۆپێرا- Opera)کانی (کاڤاللی)یان دەکرد و سەرسامی ببوون.

دانەرە فەڕەنسییەکان برەویان بە فۆڕمی (بالییە و گاڤووت) دا و توانییان لەسەر شێوازی (ئۆپێرا-Opera)کانی (کاڤاللی) سەرلەنوێ دابیرێژنەوە، بەمەش یەکەم (خانەی ئۆپێرالی) لە فەڕەنسادا کرایەوە و بووە هۆی پێشکەشکردنی دەیان (ئۆپێرا- Opera)ی فەڕەنسایی.

بۆ یەکەمجار سەرەتای (ئۆپێرا- Opera)ی فەڕەنسایش لەسەر دەستی شاعیری بەناوبانـــگی فـــەڕەنســـایی (بیربیران و رۆشنبیر و رۆبەرت کۆمبیر)ەوە سەری هەڵدا، ئەوکاتەی بەچاودێریی شالویسی چواردەیەم لە کۆشکی (ڤێرسا) پێشکەشکران، پاشان دانەرێکی بلیمەت لەم بوارەدا دەرکەوت، کە لەدایکبووی شاری فلۆرەنسای ئیتاڵییە و رەگەزنامەی فەڕەنسایی وەرگرتووە، ئەویش دانەر جان باپتیست لوللی ( Jean Baptiste Lully) بوو، کە دادەنرێت بە میراتگری فۆڕمی (ئۆپێرا- Opera) لە فەڕەنسادا، دوابەدوای ئەمیش دانەرانی وەک (رامۆ و ریتشارد و دیلالاند) کاری باشیان کرد و کارەکانیان بە شێوازی ئورستۆکراتییانەی باڕووک ناوزەند کران.

فەڕەنسا یەکەم دەوڵەت بوو کە توانی (ئۆپێرا- Opera)ی ئیتاڵی پەرە پێ بدات

و بیگونجێنێت لە مۆرک و سیفاتی نەتەوەیی خۆیدا، دانەر جان باپتێست لوللی (Jean Baptiste Lully ١٦٣٢-١٦٨٧)، کە یەکێکە لە مەزنترین دانەر و بەرهەمهێنەری (ئۆپێرا- Opera)ی فەرەنسی بوو، کە توانی مۆرک و جیاکەرەوەکانی ئۆپێرایی دەست نیشان بکات، لەڕاستیدا ئەم داهێنان و پەرەسەندنە لە فەڕەنسادا بەهۆی ئەو یارمەتییە رۆحی و ماڵییەوە بوو کە کۆشکی پاشایەتی تەرخانی کردبوو بۆ دانەر جان باپتێست لوللی (Jean Baptiste Lully) و چەند دانەرێکی تر.

جان باپتێست لوللی ( Jean Baptiste Lull) یەکەم کەس بوو کە (بالییە)ی لە فۆڕمی (ئۆپێرا-Opera)دا بەکارهێناوە و هەر ئەمیش دامەزرێنەری تراژیدیای (گۆرانیئامێز)ە لە (ئۆپێرا- Opera)دا، لەدوای ئەمیش (جان فلیب رامۆ) زۆر پەرەی پێدا.

**گرنگترین بەرهەمە ئۆپێراییەکانی جان باپتێست لوللی Jean Baptiste Lully (١٦٣٢-١٦٨٧)**

١- ئۆپێرا (Opera)ی جەژنی خۆشەویستی و مەی.
٢- ئۆپێرا (Opera)ی دارستانی چڕ.
٣- ئۆپێرا (Opera)ی فاتیۆن.
٤- ئۆپێرا (Opera)ی ئارمید.
٥- ئۆپێرا (Opera)ی ئەیزیس و گەلێکی تر.



جان باپتێست لوللی

(ئۆپێرا- Opera)ی فەڕەنسی بەتەواویی جیاواز و پێچەوانەی (ئۆپێرا- Opera)ی ئیتاڵی بوو، بەتایبەتی لە سەدەی حەڤدەیەمدا لە فەڕەنسادا، هەروەها لەلایەن دانەر (جان باست لوللی)یەوە گرنگی زۆر دەدرا بە دەقی هۆنراوەی (ئۆپێرا- Opera) لە شاکارەکانی ئەدەبی هۆنراوەی فەڕەنسی هەڵدەبژێردرا و موزیکەکەشی بەتەواوەتی مۆرکی خۆماڵی و رەسەنایەتی هونەری فەڕەنسی پێوە دیاربوو.

**تێبینی:** (ئۆپێرا- Opera)ی جەژنی خۆشەویستی و مەی، بە یەکەم (ئۆپێرا- Opera)ی فەڕەنسی دادەنرێت.

**ئۆپێرا**
**سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای فەڕەنسی**

بۆیلدیو

La Dame Blanche

ئەوبێر

1-Masaniello
2-Fra Diavolo

مییێربیر

1-The Huguenots
2-Les Huguenots – Synopsis
3-Robert le Diable
4-Robert le Diable – Synopsis
5-Le Prophete
6-L,Etoile du Nord
7-Dinorah
8-L,Africaine

هالێڤی

La Juive

هیرۆلد

Zampa

بیرلیۆز

1-Benvenuto Cellini
2-Beatrice et Benedict
3-Les Troyens
4-La Damnation de Faust
5-La Damnation de Faust – Synopsis

تۆماس

1-Mignon
2-Mignon – Synopsis
3-Hamlet

گۆونۆد

1-Faust
2-Faust – Synopsis
3-The Music of Faust
4-History of Faust
5-Romeo and Juliet
6-Romeo and Juliet – Synopsis

لالۆ

Le Roi d,Ys

سانت سانس

1-Samson and Delilah

2-Samson and Delilah – Synopsis

دیلیبیس

Lakme

بیزێت

1-Carmen

2-Carmen – Synopsis

3-The Music of Carmen

4-The History of Carmen

5-The Pearl Fishers

6-Djamileh

ماسینێت

1-Griselidis

2-Thais

3-Manon

4-Don Quichotte

5-Cendrillon

6-La Navarraise

7-Le Jongleur de Notre Dame

8-Sapho

9-Werther

10-Herodiade

11-Cleopatre

## ئۆپێرا لە بەریتانیا

سەرەتا سەرهەڵدانی فۆڕمی (ئۆپێرا- Opera) لە ئینگلتەرە بە دوو ڕێگە هاتە ئاراوە:

یەکەم: لە ڕێگەی نمایشکردن و پێشکەشکردنی (ئۆپێرا- Opera) ئیتاڵییە سەرکەوتووەکان لە ئینگلتەرەدا، دانەرە ئینگلیزەکان ئەوەبوو توانییان شارەزاییەکی باشی لێوە وەربگرن.

دووەم: ئەوە بوو ئینگلیزەکان هونەرێکی نزیک لە (ئۆپێرا- Opera)وەیان هەبوو، پێی دەوترا ماسک (Masque).

**تێبینی**: ماسک (Masque): هونەرێکی بەناوبانگی ئینگلیزەکان بوو، پێکهاتبوو لە چیرۆکێکی مێژوویی، یان ئەفسانەیەک بەشێوەیەکی گاڵتەئامێزانە پێشکەش دەکرا، تێیدا (موزیک، سەما و گۆرانی) بەشداری دەکرد، زیاتریش میر و پادشاکان ئارەزوومەندی ئەم هونەرە بوون، ئەمەش دەکرێت بڵێین سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی فۆڕمی (ئۆپێرا- Opera) لای ئینگلیزەکان.

سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی مۆرک و شێوازی نەتەوەیی لە (ئۆپێرا- Opera)ی ئینگلیزیدا لە هنری پۆرسێڵ-ەوە (١٦٥٩- ١٦٩٥) دەستی پێکرد، لەکاتێکدا کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی لە فەڕەنسادا هێز و دەسەڵاتی تەواوی خۆی سەپاندبوو لەوکاتەدا، چینی بۆرژوازی نوێ لە ئینگلتەرەدا توانی هێز و دەستەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی لەگۆڕبنێت و ڕژێمێکی دیموکراتی بۆرژوازی (ڕژێمی پەرلەمان) لە دەوڵەتدا دابمەزرێنێت، بەم جۆرە دەرگایە خرایە سەرپشت لەبەردەم پەرەسەندنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا و ئەم ڕژێمە نوێیە بەپێی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداری کاری دەکرد، ئەمەش بووە هۆی بووژاندنەوە و گەشەکردنی بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی و گرنگییەکی زۆر درا بە بووژاندنەوەی (کەلەپووری ڕۆشنبیری و هونەری)، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە مۆرکی میللییان پێوە دیاربوو، هەر بۆیە (هنری پۆرسێڵ) ژمارەیەکی زۆر لە (پارچە و ئاوازی موزیکی شانۆیی) دانا، کە هەموویان بابەت و ڕووداوە مێژووییەکانی ئینگلتەرەیان دەنواند، توانی نەریتە ئیتاڵییەکەی (ئۆپێرا- Opera) لە چوارچێوەی نەریت و شێوازی موزیکی ئینگلیزیدا بجوڵێنێتەوە، بەرهەمە ئۆپێراکانی (هنری پۆرسێڵ) میللی و ڕەسەن بوون و بە ناسکی و جوانی ئاوازەکانی شێوازە هەمەلایەنەکانی دەناسرانەوە و جیا دەکرانەوە لە هەموو

بەرهەمە ئۆپێرایەکانی وڵاتەکانی تری ئەوروپا کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەرهەم هێنرابوون، بەڵام مردنی (هنری پۆرسێڵ) لە تەمەنێکی کورتدا بووە هۆی راوەستانی رەورەوەی پەرەسەندنی (ئۆپێرا- Opera) لە ئینگلتەرە.

کەواتە دەتوانین بڵێین دانەر (هنری پۆرسێڵ) یەکەم دامەزرێنەر و داهێنەری راستەقینەی ئەم بابەتە تازەیە بوو، پاشان دانەران:

١- هنری کوک-H.Cook (١٦١٦-١٦٧٢).

٢- هنری لاوز- H.Lawes (١٥٦٩-١٦٦٢).

٣- ماسیوو لوک¬ -M.Lock (١٦٣٢-١٦٧٧).

توانییان چەند ئۆپێرایەک بەئەنجام بگەیەنن، بەتایبەتی دوو (ئۆپێرا- Opera) بەناوبانگەکەی (ماسیولوک) بە ناوی (سایکی و ماکبس) هەموو تووخمە موزیکییەکانی تێدا بەرجەستە ببوو.



هنری پۆرسێڵ

**ئۆپێرا لە ئیتاڵیا**

پاش ئەوەی دانەر کلاودیۆ مۆنتیڤێردی (١٥٦٧-١٦٤٣) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە دروستکردن و سەرهەڵدانی (ئۆپێرا- Opera)، بگرە بووە یەکەم ڕابەری ئەم بزووتنەوە هونەرییە، ئیتر ئەوە بوو چەند دانەرێکی تر دەرکەوتن کە هەمیشە ئۆپێراکانیان جێی ڕەزامەندی جەماوەر بوون، لەو دانەرانەش ئەمانەبوون:

١- ئال باربینی.

٢- کاڤاللی.

٣- مارکۆ مارازوولی.

٤- لیگریتری سیستی.

٥- ڤێرجیللیۆ.

دەیانی تر...

(ئۆپێرا- Opera)کانی ئەم دانەرە موزیکییانە جگە لەوەی باسی زۆر لە کێشەکانی ناو کۆمەڵی دەکرد، زۆرجار شێوازێکی (گاڵتەئامێزی) دەگرتەخۆی پێی دەوترا بوفا (Buffa)، یاخود کۆمیک (Comic).



کلاودیۆ مۆنتیڤێرد

**ئۆپێرا**

**سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای ئیتاڵی**

ڕۆسینی

1-The Barber of Seville

2-The Barber of Seville – Synopsis

3-Semiramide

4-William Tell

5-William Tell – Synopsis

دۆنیزیتی

1-L,Elisir d,amore

2-Lucrezia Borgia

3-Lucrezia Borgia – Synopsis

4-Lucia di Lammermoor

5-Lucia di Lammermoor – Synopsis

6-La Favorita

7-La Favorita – Synopsis

8-Linda di Chamounix

9-Don Pasguale

10-Don Pasguale – Synopsis

بیللینی

1-La Sonnambula

2-La Sonnambula – Synopsis

3-Norma

4-Norma – Synopsis

5-Puritani

6-Puritani – Synopsis

ڤێردی

1-Ernani
2-Luisa Miller
3-Rigoletto
4-Rigoletto – Synopsis
5-Trovatore
6-Trovatore – Synopsis
7-La Traviata
8-La Traviata – Synopsis
9-Les Vepres siciliennes
10-Un Ballo in maschera
11-La Forza del destion
12-Don Carlos
13-Aida
14-Aida – Synopsis
15-Otello
16-Falstaff

پۆنچیللی

1-La Gioconda
2-La Gioconda – Synopsis

بۆیتۆ

Mefistofele

ماسکاگنی

1-Cavalleria Rusticana
2-Cavalleria Rusticana – Synopsis


3-Cavalleria Rusticana – Muisc
4-L,Amico Fritz
5-Iris
6-Lodiletta
7-Isabeau

لیۆنکاڤاللۆ

1-Pagliacci
2-Pagliacci - Synopsis
3-Pagliacci - Muisc

**ئۆپێرا بەگشتی لەنێوانساڵەکان و وڵاتانی ئەوروپادا:**

ئۆپێرا ١ ئۆپێرا لەنێوان ساڵانی ١٨٠٠.
ئۆپێرا ٢ سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای ئەڵمانی (بەتایبەتی واگنەر).
ئۆپێرا ٣ ریچارد واگنەر.
ئۆپێرا ٤ سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای ئیتاڵیا.
ئۆپێرا ٥ سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای فەڕەنسا.
ئۆپێرا ٦ سەدەی ١٩ سەنتەری ئۆپێرای روسیا بەریتانیا سزیچ هتد...
ئۆپێرا ٧ سەدەی ٢٠ سەنتەری ئۆپێرا.



دەستنوسی نۆتەی کلاودیۆ مۆنتیڤێردی

# هونەری نیگارکێشان لای منداڵ



ستار قادر

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە هزرڤانە ژیرەیە، کە سەرجەم حەز و ئارەزووەکانی لە دونیای منداڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەرچی هەتا سەر لە دۆخی ئەو دونیا منداڵییەدا نامێنێتەوە، بەڵام ئەو چەند ساڵەی سەرەتای دونیای منداڵی هەتا دوا رۆژی ژیانی کاریگەری بەسەر چالاکیی هونەری و لایەنی پەروەردەیی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی کە منداڵان لە سەرجەم کۆمەڵگە و گەلانی دونیادا بونیادی دواڕۆژی ئەو کۆمەڵگایەن، بۆیە زیاتر لە هەر شتێکی دی گرنگی دەدرێت بە لایەنی پەروەردەیی هونەری منداڵ، لەپێناو پەروەردەی تەندروست بۆ دواڕۆژی کۆمەڵگە. بۆیە گەر بمانەوێت لە دونیای راستەقینەی منداڵان نزیک ببینەوە، سەرەتا دەبێت لەو بەرهەمە هونەرییەکانیان بکۆڵینەوە، یەکێک لەو بەرهەمانە لە قۆناغێکی دیاریکراویان، کردەی نیگارکێشانە، کە لەهەر چالاکییەکی تر نزیکترە لە رەنگدانەوەی لایەنەکانی سایکۆلۆژی و چەشەیی منداڵی تێدایە و بارگاوییە بە خەون و ئارەزووەکانی. لە رووێکی ترەوە یەکێک لە هەرە چالاکییە

دەربڕینخوازییە بێ سانسۆرە دەرەکی و ناوەکییەکانی هونەری منداڵە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە لە دەرئەنجامی ئیرادەی رۆحێکی تەواو سەربەستانە و خۆڕسکە و بەدەرە لە هیچ کاریگەرییەکی دونیای هونەری و تەنها و تەنها لە زادەی خەیاڵی و هەست و نەستی منداڵەوە سەرچاوە دەگرێت، دونیایەک دەخوڵقێنێت وەک خۆی روون و بێ تەمومژ و سادەیە، لە رێگەی کەرەستەکانی بەردەستییەوە خەیاڵ و هەست و سۆزە بێ پەرواکانی بە ماتریال دەکات و لە بۆتەی هێڵ و رەنگدا دەیانخاتە بەرچاو. هونەر لە لای منداڵان بەدەر لە دەرخستنی کەسێتی و گرفتەسایکۆلۆژییەکانی و بە رێکردنی زەمەنێکی بەختەوەرانەیە بۆی، زۆر کات رۆڵی زمانیش دەگێڕێت، بۆیە کاتێک ئەو بیرۆکە و شتانەی لە توانستیدا نییە بە قسە دەریانبڕێت، لە رێگەی وێنەکێشانەوە گوزارشتێکی زیندووانە و راستگۆیانەی لێدەکات. ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە میانی پرۆسەی وێنەکێشانیدا بە کەرەستەکان بەرخوردێکی راستەوخۆییانە لە تەک دونیایی دەرەوەیدا دەکات و لە میانەیەدا گەشە بە توانستە هزری و هەست و سۆزدارییەکانییەوە دەدات و کەسێتییەکی پتەو و تایبەمەند بەخۆی لەسەر بونیاد دەنێت. هونەر لە قۆناغی منداڵیدا دەبێتە هاوڕێ و دووانەیەکی جیانەبووەوە و زۆر نزیک لە رێگەی ئەم پەیوەندییە رۆحییەوە، لایەنە خەمۆکی و تەنیاییەکەی دەرەوێتەوە.

زۆرن ئەو شرۆڤە و لێکدانەوانەی کە سەبارەت بە هونەری منداڵ لەئارادان و باس و خوازی لەسەر گرنگی و چۆنێتی قۆناغە هەمەجۆرەکانی دەکەن، ئەگەرچی لە کتێبخانەی کوردیدا سەرچاوەیەکی سەربەخۆ لەم جۆرە سەرچاوانە زۆر کەمن، بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ بەرچاوڕوونی و ئاگایی لەم بوارە گرنگەی کە چارەنووسسازە بۆ هەریەک لە کەسێتی منداڵەکانمان، بە پلەیەک و سرووش وەرگرتن لەم هونەرە بۆ بواری پرۆفیشناڵی شێوەکاریمان، هەروەک دەبینین لە رووبەری شێوەکاری چەندان هونەرمەند کە وەک خاوەن قوتابخانە و ستایلی داهێنەرانەی خۆیان لەژێر کاریگەری هونەری منداڵدا پەرەیان داوە بە دونیا هونەرییەکەیان و نموونەی دیاریش بۆ ئەم دیاردەیە، هونەرمەندی سویسری (پۆل کلی-Paul Klee)یە بە ئاشکرا هێڵکاری منداڵانی بەسەر هێڵکارییەکانییەوە دەبینرێت. گوزارشتە خودییەکانی منداڵان، مەبەست لە نیگارکێشانی منداڵ لە خۆیەوە، واتە بێ هیچ رێنماییەک و ئامانجێکە لە نیگاری منداڵاندا، بە واتایەکی تر سرووشتی چالاکی منداڵان لەو ساتەدا کە بەرخورد لەگەڵ قەڵەم رەساس، یان فڵچەدا دەکات و دەست دەکات بە نیگارکێشان، لەم نیگارانەوە ئەوە بە روونی دیارە، کە ئەو منداڵانە سرووشی کارەکانیان لە ئیرادەیەکی ئازادەوە

سەرچاوە دەگرێت. وەک ئاشکرایە کە کەسێتی هەرتاکێک وەک (خود) لە رووە دەروونی و هزری و چەشەییە هونەرییەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونانە و ژیانکردنییەوە، کە لە سەرەتای تەمەنییەوە لەنێو دەوروبەرییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەتا تەمەنی حەوت ساڵی ئەنجامی داوە، لە کایە جیاجیاکانی ژیانیدا، هەروەها لە بواری ژیاریشیدا و لە قۆناغی منداڵیدا بەشێوەیەکی گشتگیرانەیە، بۆیە لەو قۆناغەدا وەک هەریەک لە پسپۆڕانی (زانستە فسیۆلۆژییە دەماغییەکان) و سایکۆلۆژیدا دەرئەنجامگیرییان کردووە، کە دیاردەکانی بونیادە سەرەکییەکانی کەسێتی ئەو کەسەی لەسەر بونیاد دەنرێت، بە درێژایی تەمەنی، بۆیە یەکێک لەو میتۆد و رەوتە زانستییە هیومانیستییانەی کە بەتەنگ ئایندە و دواڕۆژی مرۆڤایەتییەوەن لە رووە ئینسانییەکەیەوە و بە هەموو مەوداکانییەوە، ئەویش پەروەردەیی چەشەییە جوانخواستییەکەیەوە، کە ئەویش لە هونەردا بەرپا دەبێت لەو تەمەنەدا، لەبەرئەوە یەکێک لەو رەوت و رێگایانەش بۆ ئەم پەروەردەیە شیاو و تەندرووستە، ئەزموونکردنی وێنەکێشان و سەرجەم کایەکانی تری هونەرییە، بەتایبەت لەو تەمەنە زێڕینەی منداڵی، کە پێشتر ئاماژەی گرنگمان پێدا.

زۆرن ئەو تیۆر و میتۆدانەی کە باس لە گرنگی ئەم ئەزموونی پەروەردەییە دەکەن، دیارە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو رێنماییە زانستی و ئێستاتیکییانەوە کە لەپێناو پەرەپێدان و تەندرووستییە دەروونییەکەی، کەسێتییەکی سەرکەوتوو و لەبار بۆ کۆمەڵگە و بۆ خودی تاکەکەش لەبەرچاو بگیرێت، سەرجەم ئەو میتۆدانە داکۆکی و جەخت لەسەر پەیڕەوی پەروەردەیی هونەرییانە و جوانناسانە دەکەنەوە بە پێشەنگ و شارێگای شیاوی دادەنێن، هەتاکو کەسێتی تاکەکان و دواتر کۆمەڵگە گومانی شکستهێنانی تاکەکانی نەکاتەوە، بۆیە وەک فەیلەسوفی کایەی شێوەکاری (سێر هربەرت رید) گوتوویەتی (پێویستە و دەبێت رۆڵی سەرەکی پەروەردەیی بۆ بونیادی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هونەر بێت). دەبێت لەوەش غافڵ نەبین و فەرامۆشی نەکەین کە ئامانجی ئەم جۆرە پەروەردەیە و شایستییەکەی لە چیدایە.

یەکەم: هەتاکو رێگری لە هەموو نیگەرانی تاکەکان بکرێت و بە هەموو شێوە جۆربەجۆرەکانییەوە.

دووەم: هەتاکو هاوئاهەنگی هارمۆنیایەک لەنێوان شێوەکانی ئیدراکی و هەست و سۆز، رابگیرێت و هەردووکیان بەیەکەوە لە پەیوەستیدا بن لە تەک دەورووبەر و ژینگەدا. منداڵ هەر لە ساواییەوە، ئەوکاتەی دەستی قەڵەم دەگرێت و ئارەزووی ئەوە دەکات بۆ کێشانی چەند هێڵێک، لە ئەنجامی چەند بزاوتێکەوە

له جووڵەی قۆڵ و مەچەک و پەنجەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چەند هێڵێکی بەیەکداچووی ناڕێکوپێک بەرهەم دەهێنێت و لەم کردەیەدا هەم چێژیی لێ دەبینێت و هەم لە دەرەوەی خۆیدا بەرهەمێک دەبینێت، ئەمەش تێربوون و خۆشەویستییەکی لەلا دەخوڵقێت بۆ بزاوت و چالاکییە خودییەکانی، بۆیە لە سەرەتای ئارەزووەکانی منداڵ بۆ قەڵەم گرتن، هەر لە تەمەنێکی زۆر منداڵییەوە نیگارکێشان لە شێوە هەرە سەرەتاییەکەیەوە، وەک چالاکییەکی کردەکی دەبێتە خولیای و لە دەرئەنجامدا بەو چەند هێڵە تێکەڵ و پێکەڵانەی کە لەسەر کاغەز دەیانکێشێت، دەبێتە مایەی بەختەوەریی و ئاسوودەگی، ئەمەش لە ئەنجامی کارکردنی هەڵسان و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو جۆرە لە چالاکییە بزاوتییەکانەوەیە، دیارە سەرەتای دەست بە کارکردنی هیچ بالانس و هاوسەنگییەکی هاوئاهەنگییەک لەو کردەیەی تێدا بەدی ناکرێت، هەتاکو بە ئەزموون و بەردەوامی وەهای لێ دێت کە دەگاتە رادەیەکی ئەوتۆ، کە ئەو قۆناغەی هێڵی تێکەڵ و پێکەڵ بەرێ دەکات و دێتە سەر کێشانی فۆرمە باوەکانی تری، وەک هێڵی راستی ئاسۆی و شاقووڵی و کەوانەیی و یەکتربڕ، بەم جۆرە و لە ئەنجامی بەردەوامێتی دروستکردنی ئەم فۆرمانە هەتاکو تەمەن "سێ ساڵی" دەتوانێت گوزارشت هەم لە کەسێتی دیاریکراو لەو جۆرە هزریی سەرپێیانە و هەم لە هەست و نەستی بکات. لەم کاتانەدا منداڵ بە مەبەستێک بەم کردەیە هەڵدەستن، واتا (کردەی وێنەکێشان) لەم کردەیەدا، هەوڵی ئەوە نادەن کە وێنا بینراوییەکانیان وەرگێڕنە سەر شێوە و فۆرمە شێوەکارییەکان، بە واتایەکی دی لەم چالاکییەیاندا، مەبەستیان نییە کوتومت ئەو نموونەیەی کە لە دونیای سرووشتی دەرەوەیاندایە کۆپی بکەنەوە، بەڵکو بە دیدێکی عەفەوییانە و خودکارییانە نیگاری ئەو ئاماژانە بە هێڵکاری بکێشن، وەک بەراوردێکی نێو ناخیان و ناهزرییەکانی، ئەمەش ئەو جیاوازییانە دەخاتەڕوو کە لەنێوان ئاماژە هێڵکارییەکانە و ئاماژەیەکی روون، یاخود هێڵی تێکەڵ و پێکەڵن، ئەمەش وەک ئەدگاری سەرەکی دەچێتەوە سەر شتەکان بە ئەبستراکت و رووتکردنەوەی لە چەند هێڵێکدا. زۆربەی منداڵان لە دوای قۆناغی هێڵی تێکەڵ و پێکەڵی بێسەرەوبەرەیی لە فۆرمدا دەکەونە ژێر کاریگەری وێنەی دەستکردی گەورەکانەوە، تەنها هەوڵی لاسایی نیگاری گەورەکان ناکاتەوە و بەس، بەڵکو لاسایی چۆنێتی جوڵان و قەڵەمگرتنی گەورەکانیش دەکەنەوە، گەر دایک و باوکی ئەو منداڵە بە هەرشێوەیەک، واتە گەر بە نموونە ئەم سمپڵە وەربگرین: گەر شێوەی ئەبستراکت و ناباوانە لە بەردەم منداڵدا رەسم بکرێت، لەم قۆناغەدا منداڵەکەش بە هەمان شێوەی ناباو ئەبستراکی، لاسایی وێنەکە

دەکاتەوە.

هەرلەدوای ئەم قۆناغەیەوە نیگاری منداڵ شێوەی دەربڕینخوازی شتەکانی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ هەریەک لە وێنەکانی ناو خەیاڵی وێنەی دیاریکراوی بۆ دادەنێت، وەک (سەگ و عەرەبانە و پێڵاو... هتد). هەتا دواتر وەهای لێ دێت، پێش ئەوەی وێنە بکێشێت، ناوی بابەتەکەی لەلا گەڵاڵە دەبێت و ئینجا نیگارەکەی لەسەر ئەو بیرۆکانەی دەنەخشێنێت، زۆرجار گەر کەسێک لە نزیکەوە بێت، داوای هەر شتێکی لێ بکات درووستی دەکات.

تەمەنی چوار ساڵان، تەمەنێکی زۆر گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە وێنەکێشاندا، لەم قۆناغەدا نیگارکێشان لە لای منداڵ دەبێتە کەرەسەیەکی دەربڕینی خەون و شتە بینراوەکانی دەکات، بەڵام لەم قۆناغەدا زۆر بەڕوونی بیرۆکەکانی بە هۆی فۆرمە باوەکانەوە دەگوازێتەوە سەر کاغەز، بۆیە ئەم تەمەنەی ناوزەد کردووە بە قۆناغی چاکسازی لە نیگارکێشانی منداڵدا، سەرەتای نیگارەکانی ئەم قۆناغە بە زۆری لە وێنەکێشانی لەش و لاری ئادەمیزادەوە دەست پێدەکات. سەری ئادەمیزاد بە بازنەیی دەکێشێت و لەشی بە لاکێشەیەکی ناڕێک، یاخود هەندێک جار بە فۆرمێکی هێلکەیی ناڕێک، دواتر دوو خەت بە هێڵی کورت لە لای خوارەوەی هێلکەییەکە و لاکێشەییەک پێوەی دەنووسێنێت، هەروەها بۆ وردەکارییەکانیش زۆر بە سادەیی پێوە دەنووسێنێت، بەتایبەت وێنەی پەنجەکانی دەست بە هەریەک لە دووهێڵەکەوە دەنووسێنێتەوە، بۆ وێنەی هەر پەنجەیەک بە خەتێک دروست دەکات و چاوانیشی بە پنت خاڵ و دەمیش بە خەتێکی کورت درووست دەکات. هەر لەم قۆناغەدا گوزارشت و دەربڕینەکانی منداڵ لە نەست و لاشعووریەوە گوزارشت لە شت و هەست و سۆزی دەکات و دەری دەبڕێت. ئەو شتانەی کە زۆر باون بۆ ئەم تەمەنەی منداڵ، وەک ماڵەوەیان و قوتابخانەکەی و ئەو شت و خەیاڵانەی کە لەم قۆناغەدا تێیدا دەژیان، درووستیان دەکاتەوە و جێی سەرنجە لەم قۆناغەدا هیچ ڕێسا و پێودەنگێکی باوی سەقامگیر و لەبەرچاو ناگیرێت، وەک جیاکاری نێوان ڕەگەزی نێر و مێ و پێوانەی سەربەستانەی لەش و لاری و جیاوازی درێژیی قاچەکانی فیگەرەکەی و دەستەکانی، هەموو ئەو کارکردانە لە هەست و نەستییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ ئەم قۆناغە لە نیگارەکانی منداڵی ئەم تەمەنە کارکردنێکن بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەکرنێک لە رووی باری سایکۆلۆژی و ئاستی تێگەیشتنە لۆژیکییەکانی سەبارەت بە پێوانە و شتەکانی تر. لەبەر ئەوەیە زۆرکات وێنەی باوکیان، یان دایکیان دەکێشن، کە حەوت پەنجەی بۆ درووست دەکەن، وێنەی خوشکەکەیان دەکێشن کە قژی

بەسەرەوە نییە و جاری وەهاش هەیە بە پێی خەیاڵ و ئارزوویان پێوانەی قۆڵ و لاقیان، فیگەرەکانیان دەکێشن و هەروەها گەورەیی و بچووکییش بە خۆوە دەبینێت، بۆیە دەبینین دەستی فیگەرەکانی کە دەیکێشێت، دەگەنە ئەو شتانەی کە مەنتقی تێدا نابێت، بۆیە زۆر پێویستە لەسەرخۆ کارەکانیان لەم قۆناغەدا هەرچۆنێک بێت، رەخنەیان لێ نەگیرێت و پشتیان بگرین لەسەر ئارەزووەکانیان. ئەگەرچی لە وێنەکێشاندا لەگەڵ بیروبۆچوونی مەنتقیش یەک نەگرنەوە بەم هەڵوێستە، هەم زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، هەم خەیاڵ و روئیای منداڵان بەرەو باڵا هەڵدەکێشرێت، لە تەمەنی باڵاتری منداڵاندا زۆربەی زۆری لە سێ ساڵی تەمەنیاندا، زیاتر ئارەزوو دەکەن نیگاری ئەو چیرۆکانە بکێشن کە لە دەمی ئەوانی ترەوە دەگێڕدرێنەوە و زیاتر جەخت لەسەر لایەنە هەرە وردەکانی بیرۆکەکە دەکەنەوە. نیگاری سەرسووڕهێنەریان تێدا هەڵدەهێنجن، هەروەها لەم قۆناغەدا رەنگ دەبێتە یەکێک لەو فاکتەرانە کە منداڵان زۆر دەوڵەمەندانە بەو دیدەوە رەنگەکان لە نیگارەکانیاندا بەکاردەبەن، بۆیە هەتا چیرۆکی بەپێز و خیاڵئامێزانەتریان بۆ بگێڕدرێتەوە، ئەوان تابلۆی سەرسوڕهێنەرتری لێ ئەنجام دەدەن.

لە ساڵی حەوتەمی تەمەنیاندا منداڵان دەچنە نێو قۆناغێکی تەواو نوێ و جیاواز، لە قۆناغەکانی پێشتریان کە شتیان بۆ بونیاد دەنرێت، ئەویش لەوەدا کە خەیاڵیان دیاریکراو دەبن و گەشەی کەسێتییان سەقامگیرتر دەنوێنن، بۆیە زیاتر هزر و تێگەیشتنیان لە نیگارەکانیاندا بەرجەستەی دەکەن و زیاتر بەرەو وردەکاریی شتەباوەکان جێی سەرنجیان دەبن، وەکو درێژیی و کورتیی پەنجەی فیگور و درێژیی و یەکسانی هەردوو قۆڵ و قاچ و ئەندامەکانی تری جەستەی مرۆڤ.

## قۆناغەکانی نیگارکێشانی منداڵان

**یەکەم:**

قۆناغی هێڵی تێکەڵ و پێکەڵ (الخربشە):

ئەم جۆرە نیگارانە لە وێنەی منداڵانی دووساڵ، هەتا پێنج ساڵاندا بەدی دەکرێت و پۆلێن دەکرێتە سەر چەند بەشێک:

ا–هێڵە تێکەڵ و پێکەڵە بێ ئامانجەکان، بە قەڵەم رەساس:

ئەم جۆرە لە نیگاری منداڵ تەنها خۆی لە بزاوت و جوڵەیەکی ماسولکەییدا

دەبینێتەوە، ئەم جولانەش لە قۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەزۆری لە فۆرمە هێلکەییەکاندا کە لە راستەوە بۆ چەپ ئاراستە دەکرێن.

ب-هێڵە تێکەڵ و پێکەڵە ئامانجدارەکان بە قەڵەم رەساس:

ئەم جۆرە لە هێڵکاری دەبنە جێی سەرنج و دوای ئەنجامدانی وێنەکە منداڵ ناویان لێ دەنێت.

ج-هێڵی تێکەڵ و پێکەڵی لاساییکەرەوە:

لەم جۆرە نیگارانەدا گرنگییەکی بەرچاوی رۆڵی ماسوولکەیی دەبینرێت، بەڵام زۆریی جووڵە و بزاوتە هێڵکارییەکان، مەچەک رۆڵی تێدا دەبینێت، نەک قۆڵ، وەک لە قۆناغەکانی تردا باسکران. لە هەندێک کاتدا بزاوت و جووڵەی پەنجەکانیش دەبینرێت، ئەویش وەک هەوڵدانێکە لەلایەن منداڵەوە بۆ لاساییکردنەوەی نیگارکێشانی گەورەکان.

د-هێڵی تێکەڵ و پێکەڵی سنووردارانە:

لەم جۆرەیاندا لە هێڵکاری تێکەڵ و پێکەڵدا گرنگی بە یەکێک لە بابەتەکان دەدرێت، بۆیە ئەم قۆناغە بە قۆناغی گۆڕانکاری دادەنرێت بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە نیگاری منداڵانی ئەم قۆناغە.

**دووەم:**

قۆناغی هێڵ: کە لە چوارساڵییدا منداڵ پێی دەگات. لەم قۆناغەی نیگارکێشانی منداڵاندا، منداڵان پەیڕەوی دیدەگەییە بینراوەییەکان دەکەن، بەتایبەتی دەموچاو دەبێتە بابەتی نیگارەکانیان. بەشێوەی بازنەئاسا گوزارشتی لەسەر دەکەن و بە دانانی پنت و خاڵ بۆ هەریەک لە چاو و دوو هێڵ بۆ قاچ و هەروەها بازنەیەکی تریش بۆ لەش و لاری هەندێکجار دوو هێڵیشی پێوە دەلکێنن بە مەبەستی درووستکردنی قۆڵ و جەستەی فیگەرەکە.

**سێیەم:**

لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی -رەمزی وەسفی- ناوزەد کراوە، کە منداڵانی تەمەن پێنج ساڵان و شەش ساڵان دەکەونە نێو ئەم قۆناغەی نیگارکێشانەوە.

لەم قۆناغەی نیگاری منداڵاندا دەموچاوی مرۆڤ مەعقولانەتر و بە وردەکارییانەی زیاتر وێنە دەکێشێت، بەڵام تەنها بە هێڵکارییەکی رەمزییانە سیما و فۆرمەکە بەشێوەیەکی بازنەیی دیاری دەکرێت. ئەوەی کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، زیاتر لە فۆرمەکانی تر وێنەی دەموچاوەکە شێوەیەکی باوی تێدا رەچاو دەکرێت و بۆماوەیەکی زۆر ئەم جۆرە لە نیگارکێشان دەبێتە خولیای منداڵ و پێشکەوتنی تێدا بەدی دەکەن.

**چوارەم:**

قۆناغی ریالیزمی (الواقعی الوصفیه)یە، کە منداڵانی تەمەن حەوت و هەشت ساڵان دەگرێتەوە.

لەم قۆناغەی نیگارکێشانی منداڵانی ئەم تەمەنەدا، داکۆکی لەسەر بینراوەکانی شێوەکان دەکەنەوە، منداڵ لەو قۆناغەدا ئەوە تۆمار دەکات کە سەبارەت بە فۆرمەکان دەیانزانێت، نەک ئەوەی دەیانبینێت. بۆیە لە هەوڵدایە هەتا بگاتە گوزارشتێک کە لە موخەیلەیدایە بۆ زیاتر سوود لە پەیوەستییە فیکرییەکان دەکاتەوە، وەک لە ئیدراکە دیدەگییەکان، هەروەها لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵی نیگارکێشانی لەسەر لای دەموچاوی دەدات، بەڵام نیگارەکانی خاڵی دەبێت سەبارەت بە(پێرسپێکتیڤ-منظور) و سێبەر و رووناکی لەبری ئەمانە گرنگی دەدات بە زیاتر رازاندنەوە و زەخرەفەکاری.



**پێنجەم:**

قۆناغی ریالیزم- واقیعی بینراوەیی، کە منداڵانی تەمەنی نۆ ساڵی و دە ساڵی دەگرێتەوە کە نیگار دەکێشن، ئەویش گواستنەوە و گەشەیەتی لە نیگارەکانیدا لە پشتبەستن بە موخەیلەوە بەرەو قۆناغی نیگاری سرووشتی و بینراوەییمان، واتە جەخت لەسەر کۆپی بینراوەکان دەکاتەوە، بۆیە ئەم قۆناعەی نیگاری منداڵانی ئەم تەمەنە، پۆلێنبەندی دەکرێتەسەر:

ا- قۆناغی دوو مەودایی **(ثنائي ابعاد)**، کە لەم قۆناغەشدا بە وێنەی قۆناغەکانی دی بە هێڵکاری گوزارشتی لێ دەکات.

ب-قۆناغی سێ مەودایی: لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵ دەدات دووریی سێیەم لە رووی پێرسپێکتیڤەوە پەلکێش بکاتە نێو ئەو بابەتانەی نیگاریان

دەکێشێت، هەروەها زیادکردنی و هەوڵدانی بۆ سێبەر و رووناکی لە ئاستێکی زۆر کەمدا و هەر بە چەند هێڵێکەوە لەم قۆناعەدا ئارەزووی نیگاری دیمەنی سرووشتی دەکات.

**شەشەم:**

قۆناغی چەپاندن (الکبت): منداڵانی تەمەن یانزەساڵان هەتا چواردەساڵان دەگرێتەوە، بەزۆری ئەم قۆناغە لە نیگاری منداڵانی تەمەن سیانزە ساڵانەوە دەردەکەوێت، بە قۆناغی گەشەسەندن دادەنرێت، ئەم پێشکەوتنە لەسەر ئاستی هێڵی نیگارکێشانی شتەکان بە باشترین شێوە و هێورییەکی تێدا بەدی دەکرێت. بۆیە منداڵ لێرەدا زۆر ریالیزمی دەبێت، بەڵام لایەنی گوزارشتکارانەی دەگوێزرێتەوە بۆ کایەی زمان، ئیتر گەر منداڵ لەم قۆناعەدا سەرقاڵی نیگارکێشان بێت، ئەوا بەرەو دیزاینی ئاسایی دەبێت و دەموچاو زۆر بە نەرمونیانی دەکێشێت.

**حەوتەم:**

قۆناغی زیندووێتی، هونەری سەرەتای مێردمنداڵی (مراهقی) لە پانزە ساڵییەوە دەست پێدەکات سەرەتا لە نیگارەکانی وێنەی گوڵ، وەک چالاکییەکی هونەری رەسەن رەنگدانەوەی دەبێت. هەروەها نیگاری چیرۆکئاسا دەکێشێت و لە نیگارەکانیدا جیاوازی نێر و مێ بەدی دەکرێت، لەم قۆناغەدا زیاتر کوڕان تێیدا چالاکانەتر وێنە دەکێشن. بۆیە ئەو منداڵانە دەگەنە خاسییەتە دیارەکانی هونەری نیگارکێشانی منداڵ.

**پۆلێنبەندییە ئەزمونگەراییەکانی نیگاری منداڵ**

**١-ئەندامی (العضویة):**

واتە ئەرکی بینین زۆر زاڵە، وەک ئامێرێکی تۆمارکەر کار دەکات و پەیوەندییەکی بینراوەی (دیدەگیی) ویژدانی راستەوخۆیە، بابەتە دەرەکییەکانی دەرەوەی منداڵ زیاتر لەم گرووپەدا فۆرمە بەکۆمەڵەکان جێگەی گرنگیدانن لەچاو تاکەکان و فۆرمە تەنیاکان. هەروەها لە وێنای ئەم تایپە لە نیگاری منداڵ ئیدراکێکی هەستەوەرییانەی تێدایە بۆ پێوانە سرووشتییەکان، کە پەیوەندیدارن بە ئەندامییەوە. وەکو ئەوەی دارەکان لەسەر زەوی جێگیر دەکەن، هەروەها کەسێتی فیگورەکان لە حاڵەتی کردارێکی بزاوتدا دەخەنەڕوو، کە لەگەڵ فیگەرێکی دیکە سەرقاڵی شتێک دەبن.

**٢-زێدەڕۆیی لە هەڵچووندا (الحماس المفرط):**

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی خاسییەتەکانی دەگەڕێتەوە بۆ وێنەکان، بەڵام شێوە سەقامگیرییەکانی وەک (ستیل لایف-ژیانی وەستاو) زۆرتر لەخۆ دەگرن و زۆر بە وریاییەوە نیگاری ئەو فۆرمە وەستاوانە دەکێشن، هەروەها لەڕووی بەکاربردنی رەنگەوە، ئەم تایپە لەڕووی ئاواز و ئاهەنگی رەنگییەوە ئاستی نزمی هەیە. ئەم جۆرە لە وێنەکێشان زیاتر کچان بەرهەمی دەهێنن.

**٣-ئیمپرشینیزم (الانطباعي):**

لەم جۆرەی وێنەکێشانەدا وەک ئەوەی لە ناوەکەیدا کە لە قوتابخانەی ئیمپریشینیزم وەرگیراوە، زیاتر سەرنج و وردەکارییەکان لەم جۆرەدا گرنگی پێدراوە و وەک سەرتاپای شتەکان دەکرێت، ئەم تایپە زیادەڕۆیی لە هەستیاریی لە رووی رەنگەوە لەبەرچاو بگیرێت. بەشێوەیەکی گشتی ریتمی تێدا بەدی ناکرێت. زیاتر لە هەرشتێک کۆپیکردنێکی کەش و هەوای دیمەنێکە، ئیتر فیگەر بێت، یاخود دیمەنی سرووشتی.

**٤- مۆرک و تایپی ریتم ئاسا (النمط الایقاعي):**

نیگارەکانی سەر بەم تایپە دەرخستنی دیمەنی راستەقینەی شتەکانە، بۆ ئەم مەبەستە نیگارکێشەکە بیرۆکەیەک وەردەگرێت، بە نموونە (منداڵێک شەرەتۆپەڵ دەکات)، زۆرکات ئەم بیرۆکەیە کاڵوکرچییەک بەخۆوە دەبینێت و حاڵەتی دووبارەبوونەوە بەخۆوە دەبینێت، یاخود بە پێچەوانەوە دەکێشرێن، هەروەها لە پڕکردنەوەی پانتاییەکاندا بە یەکسانی رووبەری تابلۆکەی پڕتردەکاتەوە.

**٥-کەمپەزەیشنی (التکوینیة):**

ئەم جۆرە زۆر دەگمەن لە وێنەکێشانی منداڵاندا، کە بەشێوەیەکی گشتی بابەت لە وێنەکەدا لە چوارچێوەیەکی ئەندازەییدا فۆرمۆلە دەبێت و دەخرێتەڕوو.

**٦ -شێوازی هێڵکارییانەیی (التخطیطي):**

زۆربەی ئەو تابلۆیانەی سەر بەم شێوازەن، دارشتەی ئەندازەیی دەنوێنێت، بەڵام بەبێ سەرنج خستنە سەر بونیادی ئەندامی شتەکان، هەروەها پێشکەوتەییەکی بەرچاو لە رووە هێڵکارییەکەیەوە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بابەتی کارەکە بەشێوەیەکی رەمزی نەبێت، دەرناکەوێت.

**٧-هەستەکیانەیی دەرەکی پێستی (الحسی الجلدي):**

ئەم جۆرە لە تایپی وێنەکێشان، بە هیچ شێوەیەک پشت نابەستێت بە درککردنێکی دیدگایی و بینراوی بابەت. لەگەڵ ئەمەشدا تەنها هێڵکاری نییە، بەڵکو وەک دانەیەکی کۆپی وێنەیی زەینی بەرکەوتە و پشتئەستوورە بە هەست

و سۆزێکی جەستەیی ناوەکییانە.

**٨-دەربڕینخوازی (التعبيرية):**


لەم جۆرە تایپەی وێنەکێشاندا، وەک ئەوە نییە کە لە قوتابخانەی دەربڕینخوازیدا هەیە، کە گوزارشت بێت لە هەست و سۆزە خودییەکان، وەک باری ناهەمواری فیگەر، بەڵکو گوزارشتن لە بابەتی دەرەکی، زۆرجار دەرکێکی دیدەگی لادەرانەشی لە شێوەی کاریکاتۆر پێوە دیاربێت.

**٩- گێڕانەوەیی (السردي):**

نیگارکێش لێرەوە پەیوەستە بە بابەتەوە، بۆیە ناتوانێت ئەوەی لە هەست و نەستیشەوەیە دەریبخات. بۆیە کارکردی ریالیزمییانەی سادەی پێوە دیاربێت.

**١٠- تایپی زەخرەفی (الزخرفي):**

نیگارکێش لە هەموو شتێک زیاتر گرنگی بە رەنگ دەدات لەم تایپەدا، هەروەها لە رووی فۆرمیشەوە زیاتر دوو مەودا لە بەرچاو دەگرین لە وێنەکانیاندا. لە تابلۆی ئەم جۆرە تایپەدا بە زۆری بابەتی خەیاڵئامێز وەردەگرن بۆ بابەتی ئیشەکەیان، ئیتر ئەگەر ئەو بابەتانە لە دەقی ئەدەبییەوە وەربگرن، یاخود زادەی خەیاڵی خۆیان بن، بۆیە خەیاڵگەی دەخاتە گەڕ و خەیاڵییانە بابەتەکە دادەڕێژن. زۆربەی شت و فیگەر و رەنگەکان پەیوەندیدار دەبن بە یەکترەوە. لەم قۆناغە بەردەوام دەبن لە نیگارکێشان، لەبەرئەوەی بەرەو کامڵی هەنگاو دەنێت و پەرە بە بواری نیگارکێشان دەدات.



### خاسییەتەکانی گوزارشتکردنی منداڵان بە هێڵکاری

منداڵ لەم کردە هونەرییەدا هەوڵدەدات و خۆی ماندوو دەکات هەتا توانا بینراوەییەکانی دەخاتەگەڕ و جەخت دەکاتە سەر دەست و مەچەک و پەنجەکانی و دیاریکردن و لەبەرچاوگرتنی بزاوت و پەنجەکانی دەستی. هەروەها هێڵکاریی پانتاییەکی بەرفراوانە لەنێو نیگاری سەرجەم بوارەکانی هەریەک لە منداڵاندا و لەنێو هونەری نەخوێندەوارە گەورەکانیش بەربڵاوە بۆ روونکردنەوە مەنتقییە عاتیفییەکان.

هێڵکاریی منداڵ بە جۆرێکی وەها دەردەکەوێت، کە خاڵیی بێت لە هەر وێناکردنێکی لێکچوونی شتە واقعییەکان، هەروەها خاڵییە لە هەرچی ئەوەی پێی بوترێت غەریزەی لاساییکردنەوە، ئەوەی لە هێڵکارییدا منداڵ پێی هەڵدەستێت، نیگارکێشانێکە لەژێر کاریگەری ئامانجە نادیاریکراوەکان.

هێڵکاریی لە لای بەشێکی زۆر لە منداڵان، دەبێتە کارکردێک بۆ چالاکییە خەیاڵییەکانی منداڵ، هەروەها هەر منداڵە و خاوەن هێڵکارییەکی تایبەتمەندی خۆیەتی لەپێناو گوزارشت و دەربڕینکردن، لەم حاڵەتانەشدا زیاتر لە هەر لایەنێکی دی دەربارەی سایکۆلۆژی منداڵ فۆرمۆلە دەبێت: نموونەش بۆ ئەمە لە هێڵکاریی، تایبەتمەندی یەکێک لەو منداڵانەی کە تووشی نیگەرانی بووبێت، بۆیە دەتوانرێت لە رێگە و شێوازی دەگمەنەوە ئەم نیگارانە بەرجەستەکردنی نیگەرانییەکی لاشەیی خودی بکات، ئەویش لە شێوە هەرە سەرەتاییەکەی ئەم هونەری وێنەیەدا، وەک بازنەی تەواو و نەپچڕاو و بازنەی تەواو نەکراو و کراوە، بازنەی پچڕپچڕی، فۆڕمی لێکچوواندنی وێنەیی لە شێوەی بونیادەمدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. هەروەها لە دیزاینە جیاوازەکانی، وەک شێوەکانی لە هەریەک لە فۆرمەکانی لاکێشەئاسادا، بۆ لێکچوواندنی لەش و لاری و قەد و جەستەی ئادەمیزاد، بە تایبەت منداڵ هەریەک لەم دوو سمپڵە وەک دوو هێڵکاریی گوزارشتکارانەن بۆ دەرخستنی کەسێتی منداڵ، ئەم دیاردانەی کە لە هەرە سەرەتاییترین هێڵکاری منداڵاندا دەبینرێت و دەخرێنە بەر دیدوبۆچوون، پەیوەستییەکی پتەو و بەهێزی بە کەسێتییانەوە هەیە، دەبێت ئەم ئاماژانە وەک شتێکی هەڕەمەکییانە لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵکو پەیوەندییەکی پتەوی هەیە لەگەڵ بونیادی چەشەیی، منداڵ کەش و هەوایەک لەم وێنەیەدا بەوپەڕی روونی بەرجەستەکراوە. بۆیە هەر منداڵێک هێڵکاری تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمەش بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ کاریگەرییە جەستەییەکانی منداڵ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونە خودییەکانی. ئەم دیاردەیەش زیاتر لە هەمووشتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو

گوزارشتانەی کە سایکۆلۆژی منداڵەکە بونیادی دەنێت، لە هێڵکارییەکی تایبەتی یەکێک لەو منداڵانەی نیگەرانی بوون کە هەست و نەستێکی تەواو وردی هەیە و توانیویەتی ئەم نیگەرانییە بە چەند هێڵێکی بازنەیی کراوە دەرببڕێت، هەوەها لە هێڵکارییەکی تری منداڵێکی تردا بە نەخشاندنی لاکێشەیەک ئەمە دەردەبڕێت.

لەو ئەزموون و شرۆڤانەوە کە بۆ نیگاری منداڵان کراوە، چەند خاسییەت و تایبەتمەندییەکی جیاواز لە نیگارەکانیاندا بەدی دەکرێت:

١-نیگارکێشان سەبارەت بە منداڵ، وەک زمان و گفتوگۆیەکی ناوەکی وەهایە، یاخود بە واتایەکی تر جۆرێکە لە گوزارشت و دەربڕین وەک لەوەی کارکردێک بێت بۆ روووبەری داهێنانی هونەرێکی باڵا و جوان.

٢-منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا گوزارشتێکی رووکەشییانە دەکات لە رووی مەودای شتەکان و پێوانە واقیعییەکان، بۆیە لەگەڵ تەمەنیدا و هەڵکشانی ئاشنایی لەگەڵ پێوانە و مەوداکاندا پەیدا دەکات.

٣-هەروەک کەسە پسپۆڕەکانی بواری نیگاری منداڵان، ئەوەیان ساغ و روونکردۆتەوە کە هەر تەمەنێکی دوای چەند ساڵ لە سەرەتاوە وێنەکان بە پێی جنس نێر و مێی تێدا بەدی دەکرێن.

٤ – هەروەها بەپێی دەورووبەر و خێزان و باری ژیاری منداڵ تێیدەکەوێت، نیگارەکانیا بارگاویی دەبن بە دەوروبەر و باری ژیاریان.

٥-بەپێی تەمەن و زیرەکی منداڵان نیگاری منداڵان باڵانس و هاوتەبایی ئەو، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

٦- نزیکییەکی زۆر رەچاو دەکرێت لەنێوان هونەری نیگارکێشانی منداڵان و هونەری مرۆڤی سەرەتایی و نیگارەکانی ئەشکەوتی سەدەی بەردین.

٧- سەرنجی ئەوە دراوە لەلای منداڵی تەمەڵ، کە زیاتر پشت دەبەستێت بە لەبەگرتنەوە و کۆپی وێنەی منداڵانی هاوڕێ و نیگارە باوەکان.

## رۆڵی رەنگەکان لە هونەری نیگارکێشانی منداڵاندا

رۆڵی رەنگ لە پرۆسەی نیگارکێشانی منداڵاندا هیچی کەمتر نییە لەو فاکتەر و هۆکارانەی تری کە لە باسەکانی پێشتر سەبارەتی دواین، لە هونەری وێنەکێشان لای منداڵ، یەکێک لەو پاڵنەر و مۆتیڤانەی کە لەپێش هەر شتێکی تر دەبنە هۆکار بۆ ئارەزووکردنی منداڵ لە پرۆسەی هونەری وێنەکێشانی منداڵدا، ئەو کەرەسە و ماتریاڵانەی بەشێوەیەکی بەرچاو تایبەتن بەکەرەسەکانی هونەری وێنەکێشان کە حەز و عەشقی زۆر لای منداڵان دەوروژێنێت، چونکە هێز و توانستێکی

خۆڕسکانەیە و چالاکییەکی زۆر لە ناوەوەی هەر منداڵێکدا هەیە، بۆ تاقیکردنەوە و ناسین و ئەزموونی هەر کەرەستەیەک. ئیتر ئەگەر ئەو کەرەستەیە بە رەنگ بێت، ئەوا پاڵنەرەکە زیاتر دەبێت لە لای منداڵان. ئارەزوومەندی نیگارکێشانن، چونکە رەنگ رەگەزێکی بەهێزە بۆ کاریگەری لە چاوانی منداڵ و کێشکردنی چاوانی، دواتر بە بەکارهێنانی لە سەر رووبەری ئەو ماتریاڵەی کە وێنەکەی لەسەر دەکێشێت، ئیتر کارتۆن بێت، یان کاغەز، یان کانفاس و بەکاربردن و تێکەڵکردن و دواتر پڕکردنەوەی ئەو رووبەرە وەک ئەوە نییە کە لەلای گەورەکاندا روو دەدەن، بۆیە هەروەک چۆن لە کردەی هێڵکاریی منداڵاندا هێزی خودکارییانە و خۆبەخۆی (التلقائیه)یانە هەمان کردە ئەنجام دەدرێت، زۆرجار لەلای منداڵانی تەمەن سێ ساڵان هەتا پێنج ساڵان، منداڵ راستەوخۆ هەر رەنگێک، ئیتر بە قەڵەم بۆیە بێت، یاخود بە فڵچە، راستەوخۆ کاری وێنەکێشانەکە ئەنجام دەدات و هێڵ و فڵچەکان دوای خەیاڵ و یارییە هونەرییەکانی هەست و نەستی منداڵان دەکەوێت. زۆربەی منداڵانی تەمەن بچووک زیاتر لە رەنگەکانی تری، رەنگێک لە رەنگە گەرمەکان هەڵدەبژێرێت بۆ نیگارکێشانی سەرەتایی. دواتر رەنگەکانی تر بەپێی رەنگکردنی شتەکانی نێو نیگارەکەی هەڵدەبژێرێت و کردەی رەنگکردنەوەکەی ئەنجام دەدات، هەندێک جار منداڵ جیاکاری لە نێوان هێڵکاریی سەرەتایی و کردەی ئەنجامدانی وێنەکە ناکات، بۆیە گەر بیەوێت وێنەی دارێک بکێشێت، راستەوخۆ و یەکسەر بەبێ هیچ هێڵکارییەک دەست دەداتە رەنگی قاوەیی، یاخود سەوز و کردەی نیگارەکە وێنەی دار و درەختەکەی پێ دەکێشێت.

گەر بێینە سەر لایەنێکی تر سەبارەت بە سایکۆلۆژیای رەنگەکان، ئەوا بە هەمان جۆر بەسەر هەست و نەستی منداڵاندا دەچەسپێت، هەروەک چۆن بەسەر گەورەکانەوە کاریگەری هەیە. رەنگی سپی بەدەر لەوەی ئەو رووبەرەیە کە بە زۆری منداڵان کاری هونەری تێدا ئەنجام دەدات، واتە ئەو ئەتمۆسفێرەیە کە دونیاکەی خۆی وەک خەون و ئارەزووەکانی هونەری رەنگەکانی تێدا دەخوڵقێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا و بەهەمان شێوەی گەورەکان و بەبێ ئاگاییەکی هزرییانە بەسەر رەنگی سپیدا هەست بە خاوێنی و پاک و بێگەردی و رووناکی و دڵخۆشی دەکات. هەروەک لە ناوەکەیەوە، واتە رەنگەکانەوە کە بەواتای یۆنانییەکان، بەختەوەریی دڵخۆشی دەگەیەنێت، بە هەمان شێوە لە دەروونی منداڵدا، هەروەها لە دەروونی گەورەکانیشدا هەمان هەست و سۆز دەبەخشێت، بە پێچەوانەی رەنگی سپییەوە، رەش بە واتای سیمبوولی تاریکی و دڵتەنگی و وەک کۆتایی پارچە موزیکێک مانا دەگەیەنێت، هەروەها دڵتەنگی و بێ

ئارەزوویی و بێ تاقەتی دەگەیەنێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرجار رەش وەک رەنگێک هێڵکارییە دەستپێکییەکانی سەرەتای پێ ئەنجام دەگەیەنن، بەتایبەتی لە لای منداڵانی تەمەن بەرەو ژووردا، بۆیە زۆرێک لەو منداڵانەی کە لە لایەنی دەروونییەوە بێتاقەت و گۆشەگیرن، بە رەنگی رەش زیاتر لە رەنگەکانی تر رووبەری وێنەکەیان پڕدەکەنەوە. یەکێکی تر لەو رەنگانەی کە بۆ منداڵ لە هەموو رەنگەکانی دیکە جێی سەرنجن و کاریگەرترن، ئەویش هەرسێ رەنگە گەرمەکەن (زەرد و سوور و پرتەقاڵی)ن. ئەم سێ رەنگە بۆ منداڵان بەپێی هێزی رەنگدانەوەی فیسیۆلۆژییانەی بینینی مرۆڤ کاریگەری زۆریان لەسەر شەبەکە و تۆڕی چاوی منداڵان هەیە، دەبینین زیاتر لە رەنگەکانی تر دەستی بۆ دەبەن و ئاماژەن بۆ خاوەن خەسڵەت و سیمبوولی خۆیان، ئیتر بەبێ ئاگایی بێت، یان بە پێچەوانەوە زەرد و سوور بەتایبەتی، خرۆشان زیاتر لە دەروونی منداڵاندا درووست دەکەن. هەروەها لە هەموو خۆشەویستییەکی ئاگرین لە رووی گوزارشتەوە لە حاڵەت چالاکی و هێز، هەروەها رەنگی پرتەقاڵیش بەهەمان شێوەی کاریگەری وەک رەنگەکانی زەرد و سوورە، چاوانی منداڵان کێش دەکەن، بۆیە بەکاربردنی زیاتر لەهەر رەنگێگی تر لە دەوروبەریدا، وەک لە جلوبەرگ و گوڵ و باخچەدا بەکاری دەبەن، ئەویش بەهۆی زەقیی و بەتینی رەنگەکان و دەرکەوتەیی لەچاو رەنگەکانی تردا، ئەگەرچی رەنگە ساردەکان لە سەرەتای وێنەکێشاندا منداڵان بە وێنەی رەنگە گەرمەکان بەتین نین بۆ کێشکردنی منداڵ، بەڵام هەر رەنگێکی گەرم بە تەنها هێزی خۆیەتی، بەڵکو لەو رەنگانەوە وەردەگرێت کە لە پەنایەوە منداڵان دای دەنێن، بەتایبەتی رەنگە ساردەکان، بەهۆی ئەم کردەیەوە، واتە دانانی رەنگە گەرمەکان لە پەنای رەنگە ساردەکاندا دەبێتە رەونەق بۆ ئەو رەنگە گەرمانە و بە تینتری دەکات و ئەوەندەی تر چێژ و هێزی دەربڕینەکەی دەبەخشێتە رەنگەکان، هەروەها لە لایەنی دەروونیشەوە رەنگێکی وەک شین کە دەلالەت لە ئەبەدییەت و بێ سنووری دەکات وەک ئەوەی لە ئاسماندا بەرجەستەیە، هەروەها رەمزی هاوڕێیەتیشە، زۆرێک لە نەتەوەکان بۆ رازاندنەوەی نەخش و نیگار بەکاری دەبەن، بەتایبەتی رەنگی شین لە پاڵ رەنێگی وەک پرتەقاڵیدا، رەونەق و بەهای خۆی وەردەگرێت، هەوەها هێزە گوزارشتکارانەکەی زیاتر دەبینرێت و رەنگی سەوزیش لە سرووشتەوە مانای ژیان و زیندووبوونەوە و گەشەکردن وەردەگرێت، بۆیە هەر منداڵێک کە ناوی دیمەنی سرووشتی دار و درەختی لەلا دەبەیت، راستەوخۆ و بێ ئاگاییانە رەنگی سەوز هەڵدەبژێرێت بۆ گوزارشت لەو وێنانەی کە رەنگی سەوز زاڵ بێت، لە

وێنەكانی منداڵاندا، ئەوا ئەو منداڵە لە رووی دەروونییەوە هێمن و كۆمەڵایەتیتر دەردەكەوێت لەو منداڵانەی لە وێنەكانیاندا بە پێچەوانەوەن، رەنگەكانی سوور یان رەش زاڵە بەسەر نیگارەكانیاندا.

**رێنماییە پێویستەكان لەپێناو گەشەی هونەری نیگاركێشانی منداڵاندا**

گەر لە پرسیارێكەوە بچینە نێو بابەتەكە و بڵێین بۆچی هونەری نیگاركێشان بۆ لایەنی پەروەردەیی چەشەی هونەری منداڵ گرنگ و پێویستە؟ لە پێش هەرشتێكی دیكە لە كاركردە پێداویستییە گرنگەكانی تر لەو شتانەی كە منداڵ خۆی سەرقاڵ دەكات پێیەوە، بیركردنەوەیە لە شتێك، بۆیە پێدەچێت زۆرێك لەو شتانەی كە بیریان لێدەكاتەوە، بێكەڵك و تورەهات و پووچ بن لەلای گەورەكان، بەڵام منداڵ بە بەردەوامی رووبەرووی چێژ و ئەزموون دەبێتەوە، بەهۆی ئەو تێفكرین و تێرامان و دواتر گوزارشتكردن لێی بۆ یەكەم كەرەسەیەك و كایەیەكی بەرچاو وێنەكردنەكە دەتوانێت بەهۆیەوە شتێك ئەنجام بدات، لەگەڵ دونیای دەرەوەیدا بە سەربەستانە بەرخوردێكی ئاوێتەبیانەی لەگەڵدا بكات. بە دیدێكی دی لەم پرۆسەیەدا منداڵان برێكی زۆر لە بەختەوەری لەم میانەیەدا بەدەست دەهێنن و بە دیوێكی تردا زۆرێك لەو شعوركردنەی بە نیگەرانییە ناهوشیارییە ناوەكییەكەیەوە بەو هۆیەوە دەردەبرێت، واتە بەهۆی نیگاركێشانەوە گوزارشتێكی ساتەوەختییانەی لە دڵەڕاوكێ و ترسەكانی دەكات. ئەم دەربڕینەشی لە ترس و نیگەرانی دەبێتە جێگرەوەی ئەوەی كە لە دیوە نادیارەكانی نەستیدا چەپاندن روونەدات، هەر لەو رێگەیەوە بیر و هەست و سۆزی منداڵ گەشە بەخۆیەوە دەبینێت.

هونەریش لەم نێوەندەدا رۆڵێكی تری دەبێت لە ژیانی منداڵاندا، ئەویش ئەوەیەكە لایەنی باڵانسی و هاوسەنگی سایكۆلۆژی و هەست و سۆزی رادەگەیەنێت و دەیخاتە بەر دیدوبۆچوون. ئەو بە پەنابردن بۆ وێنەكێشان دەبێتە پشت و پەنا و دۆستێكی زۆر نزیك و دەچێتە وێزەی گەر لەكایەی نەست و ناخودئاگایشدا بێت، ئەوا كاریگەرییەكانی ئیجابییانە دەبن.

گەر منداڵ نەیتوانی بە هونەری نیگاركێشان گوزارشت لە خۆی بكات، ئەوا پێ دەچێت هۆكار و شتێكی كاریگەری وەها بۆتە سەبەبی نەبوونی ئازایەتی و بڕوا نەبوون بەخۆبوونی، ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك، كە لەسێ خاڵی سەرەكیدا دەیانخەینە روو:

**یەکەم:**

زیاتر لە هەر هۆکارێک ئەوەیە کە ڕەخنەی هەڵە و سەرپێییانە لە نیگاری منداڵ بگیرێت، لەوەدا کە بە پێی پێوەدانگەکانی گەورە زۆری لێ بکرێت وێنەبکێشێت.

**دووەم:**

نەبوونی حەزی وێنەکێشان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی بیرەوەری شێوەی شتەکانی لە خیاڵدا نامێنێت، بۆیە لەو کاتەدا نەدەبوو وابێت هیچ وێنەیەک بکێشێت.

**سێیەم:**

هۆیەکی تریش ڕاهاتن و هۆگربوونی بە کۆپییەکی شێوەیی، وێنەکان دەرنەچوون لەم قۆناغە وەهای لێ دەکات هەست بەبێ تاقەتی بکات و ئارەزووی نیگارکێشان لەدەست بدات.

یەکێک لە مەترسیدارترین هۆکار ئەوەیە، کە واز لە منداڵ بهێنرێت کاتێک بڵێت (وێنەکێشان نازانم، یاخود ناتوانم هیچ جۆرە نیگارێک بکێشم)، بەڵکو دەبێت ئەوە لەلای ڕەنگ بکرێتەوە کە هەموو کەسێک توانای نیگارکێشانی هەیە بە پێی توانای خۆی و ئەگەر کرا چەند جارێک کەسێک لە بەردەمیدا ئەگەر بەشێوە سەرەتاییەکەش بێت، وێنەی لە بەردەمیدا بکێشرێت و هەنگاو بەهەنگاو بە خاوی و لەسەرخۆ لە بەردەمیدا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت، هەروەها دەتوانرێت وێنەی ئەو شت و ئاژەڵ و باڵندانە لەبەرچاویدا بکێشرێت کە ئەو منداڵە ئارەزوویان دەکات و خۆشی دەوێن. هەروەها ئەو هەنگاوە یەک لەدوای یەکانەی لەبەرچاویدا بکێشرێت، هەتاکو ئەو ترسەی لە هێڵکێشان و وێنەکێشان بڕەوێتەوە. زۆرجار ئەوە ڕوودەدات کە منداڵان نازانن نیگاری چی بکێشن، ئەویش بۆ ئەوەی کە نەک نازانن و بەهرەی هونەرییان نییە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ناتوانن بڕیاری ئەو بابەتە بدەن کە مەبەستیانە نیگاری بکێشن، یان پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە لەسەر سەلیقەی نیگارکێشانی، لە هەردوو بارەکەدا دەبێت منداڵ هان بدرێت، یەکێکی تر لەو ڕێنماییانە بۆ ئەم حاڵەتە، تێگەیاندنی ئەو کەسانەیە وەک هونەر، ئەگەرچی ئەوەی پێی دەڵێن بەهرە، بەڵام هەمووی دەگەڕێنەوە بۆ حەز و ئارەزوو و بەردەوامی.

لێرەدا ئەوە دێتە بەردەم و پێش چاومان، کە ئەویش ئەوەیە کە دەبێت چی بکرێت و چی باشە هەتاکو هونەر لە ناخی منداڵدا بچێنین... بۆ ئەم بارە، پێش هەرشتێک سەرەتا دەبێت ئەوەمان لەلا ڕوون بێت و بیزانین کە گوزارشت و دەربڕینی هونەری لە لای منداڵ جگە لە بەرجەستەکردن و خستنەڕووی کەسێتییەکەی

به شێوەیەکی ئازادانە و بێ پەردە هیچی دیکە نییە، بەم پرۆسەیەش چەپاندن و کەپتکردنی لە دیوە هەرە قووڵ و تاریکەکانی ناخیدا گەشە دەسێنێت، هەروەها ئەگەر لە رووی کەسێتیشییەوە نائارام و نیگەران بێت، ئەوا لە هونەرەکەیدا رەنگدەداتەوە و لەلایەن سەرپەرستیار و بەخێوکارانییەوە ئاشکرا دەبێت و ئەو دەربڕینە نیگار و وێنەییە بینراوانە رۆڵی زۆرباش دەگێڕن لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی نیگەرانییەکانی، بۆیە لەو بار و حاڵەتانەدا دوو شت هەیە کە دایک و باوک و سەرپەرشتیاران و چاودێران لەسەریانە بەرامبەر منداڵەکانیان ئەنجامی بدەن، ئەویش پێداویستییە کەرەستەیی و مادیی و شوێن و رێگە گونجاوەکانە لەگەڵ بەرخوردی هەستیارانە بۆ گەشەی ئەو بەهرە و ئارەزووەی کە خولیای ناوەکی منداڵەکانیانە، هەروەها دەبێت بە پێی هەڵکشانی تەمەنی و گۆڕانگاری لە ئارەزووە ساتەوەختییەکان هەر منداڵێک لە منداڵەکان بەپێی پێویست گۆڕانکاری لەو کارکردە مادییانە بکەن، چونکە منداڵێکی سێ ساڵان پێداویستییەکانی جیاواز دەبێت لە چاو منداڵکی تەمەن دە ساڵان، ئەوەی گرنگە کەش و هەوایەکی لەباری وەهای بۆ بگونجێنین هەتاکو هەستیاریی منداڵان بەرامبەر کەرەستە و شتومەکەکانی دەورووبەری زیاتر بکات و بەرخوردێکی لەبار لە تەک ئەو رووبەرەیدا بکات، کە گرنگترینیان ئەو کەرەستە و هونەرییانەیان کە دەتوانرێت منداڵ کە بە قەڵەم و کاغەزێک بێت، راستەوخۆ چەند هێڵێکی تێکەڵ و پێکەڵ بۆ ئەو چرکەساتانەی دەبێتە دەربڕین و بەرخورد و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەورووبەریدا.


**سەرچاوەکان:**

١–تربية الذوق الفني، هربرت ريد، ترجمة: يوسف ميخائيل.

٢–الأسس التأريخية للفن التشكيلي، حسن محمد حسن.

٣–علم النفس الطفل، دكتور: محمد زيعور.

٤–كيف تتعلم الرسم و تعلمه، عدنان تنكبجي و معروف رزق.

٥– الادراك الشكل و اللون: قاسم حسين صالح.




# چاوپێکەوتن لەگەڵ پوران درەخشەندە دەرهێنەری فیلمی "وس! کچان هاوار ناکەن"

و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

**بەرهەمهێنانی فیلمێکی وەک: "وس، کچان هاوار ناکەن" لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر سەختە، چۆن بوو کە رازی بوویت ئەو فیلمە بەرهەم بێنیت؟**

ماوەیەکی زۆر بوو کە ناوەرۆکی فیلمەکە مێشکی منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. ساڵانێک بووم دەمویست لەوبارەیەوە فیلمێک بەرهەم بێنم. پاش دوو ساڵ و چەند مانگێک لێکۆڵینەوە توانیم سیناریۆی فیلمی "وس! کچان هاوار ناکەن" بنووسم. ناوەرۆکی ئەو فیلمە زۆر هەستیارە و لەسەر لێواری سڕینەوەیە. لەڕاستیدا من بەدوای بابەتدا ناگەڕێم، بەڵکو ئەوە ناوەڕۆکە کە من دەدۆزێتەوە و لە شوێنی من دەگەڕێت. پاش ئەوەی کە ناوەرۆک منی پەیدا کرد، ئەو کات منیش دەست دەکەم بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. لەڕاستیدا ئەو فیلمە

دەڕوانێتە کاروباری خێزان و خانەوادە. هەربۆیە پێموایە فیلمەکە جگە لەوەی کە ئیحساس و زەرووڕەتێکە، بەڵکو ئەرکێکیشە. ئەوە ئەرکی سەرشانی منە کە بەدوای بابەتی وادا بگەڕێم.

**تۆ هەمیشە لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە بواری منداڵان و ژنان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمیت، پێدەچێت لە کاتی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە فیلمانە تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت fبیتەوە؟**

بەڵێ، کۆمەڵێ گیروگرفت و کەند و کۆسپ دێنە سەر ڕێ، بۆ نموونە ئەو دامودەزگایانەی کە پێشتر بڕیار بوو کە هاندەر و یارمەتیدەر بن، دەیانەوێت بیروبۆچوونی خۆیان زاڵکەن بەسەرمندا، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و گرفتانە، ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە فیلمەکە دروست بکرێت، هەربۆیە دەبێت هەموو ئەو هێڵە سوورانە ببەزێنم و لێیان گوزەر بکەم، بەشێوەیەک کە بتوانم پەیامی خۆم بە گوێی کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنم. واتا دەبێت بتوانم لەبارەی ئەو زیانە گەورەیە (ئازاردانی منداڵ) قسە بکەم و کۆمەڵگا بە کێشەی منداڵان ئاشنا بکەم. ساڵانێکی زۆر لە تەلەفزیۆن کارم کردووە و چەندین فیلمی کۆمەڵایەتیم بەرهەمهێناوە و هەموو جارێ بەدوای بابەتی گرنگ و هەستیار و پێویستدا ڕۆیشتووم. لەبەر کێشەکانی خەڵک بوو کە چوومە ناو جیهانی سینەماوە، من ڕۆژانە خەڵکانی زۆر دەبینم و لە نزیکەوە ئاگاداری دەرد و مەینەتی و ئازارەکانی ئەوانم و گوێم لە خەفەت و ئازاری ئەوانە و ناتوانم کە دڵتەنگ و بێ تاقەت نەبم، تەوەری سەرەکی من، کارکردنە لەبارەی خێزانەوە. هەربۆیە لە سەرەتای کارکردنم لەو بوارەدا هەمیشە گرنگیم بە خانەوادە و خێزان و منداڵان و مێرمنداڵان داوە. لەم فیلمەدا کۆمەڵێ خێزان هەن کە دەترسن لەبارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە قسە بکەن و بدوێن، ئەوەی کە لێرەدا زیان دەبینێت، کچانن. ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و بە دڵنیاییەوە کاریگەری خۆی لەسەر تاک و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دادەنێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە خێزان دەبێت بەشێوەیەکی باش و پۆزەتیڤ منداڵەکانی خۆیان پەروەردە بکەن و بە ڕاستی و دروستی لەبارەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و کردار لەنێوان ئەوان و تەنانەت کەسانی دەوروبەریشیان ئاگادار بن، بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک قسە بکەن و باس لە گرفت و کێشەکانی خۆیان بکەن. دەبێت بەشێوەیەک هەڵسوکەوت بکرێت کە منداڵان بە بێ ترس لەبارەی ئەو شتانەی کە قەدەغەن، قسە بکەن و بە ئاسانی و بە بێ هیچ ترسێک لەگەڵ دایک و باوکیان لەوبارەیەوە بدوێن.

دەبێت لەبارەی ئەو شتانەی کە قەدەغەکراون، بەشێوەیەک قسە بکرێت کە منداڵان تێبگەن کە چۆن دەتوانن لەگەڵ دایک و باوکیان بە ئاسانی و بەبێ هیچ لەمپەر و کەند و کۆسپێک قسە بکەن، بەشێوەیەک کە هەست بکەن دواتر لەلایەن دایک و باوکیانەوە تووشی کێشە نابن. واتا لە قۆناغی یەکەم دەبێت راهێنان و پەروەردەیەکی باش لە لایەن خێزانەوە کرابێت بۆ ئەوەی دواتر لە کۆمەڵگادا جێ بکرێت، لەڕاستیدا رێکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ روانینی دروستی خێزان بۆ منداڵەکانیان و هەڵسوکەوتێکی کە لەنێوان خێزان و قوتابخانە لەگەڵ منداڵدا دەکرێت، چونکە خێزان و قوتابخانە قۆناغێکە کە دەبێت منداڵان پێیدا گوزەر بکەن، ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت و رۆڵی راهێنان و فێربوون بەشێوەی جدی دەخاتەڕوو.

**تۆ دەست دەخەیتە سەر هەندێ بابەت، کە کۆمەڵگا کەمتر گرنگی پێ دەدات، یان کەمتر دەیانەوێت لەبارەیەوە قسە بکرێت، ئەوە بە لای تۆوە گرنگە؟**

تۆ بڕوانە روانینی من لە بەرهەمەکانمدا زیاتر لەسەر بناغەی دەروونناسی کۆمەڵایەتییە. زیاتر گرنگی بەو زیانانە دەدەم کە زۆربەی ئەندامی کۆمەڵگا لێی بێدەنگن و کەس نایانبینێت و گرنگی پێ نادەن و کەس نازانێت کە لە ویژدانی ئەواندا چی دەگوزەرێت. من سۆراخی ئەو کەسانە دەگرم کە لە کۆمەڵگادا لەبیرکراون، جا ئەو کەسانە چ ئیشێک دەکەن، یان لە کوێ دەژین، من هەوڵدەدەم ئەو کەسانە بدۆزمەوە و لەبارەیانەوە قسە بکەم و کێشەکانیان بخەمەڕوو. من پێموایە منداڵان قوربانیی سەرەکین و لە پلەی یەکەمی ئەو زیانانەدان، هەربۆیە زۆربەی فیلمەکان لەبارەی منداڵانەوەن، ئەمجارە گرنگیم بە کچانی گەنج و تازەپێگەیشتووە داوە، چونکە ئەوان چینێکی بێدەنگ و خامۆشن و زۆرجاریش تووشی گرفتی وا دەبن کە لە ترسی دایک و باب و کۆمەڵگا ناتوانن بیدرکێنن و باسی لێوە بکەن و ناچار دەبن کە ئەو کێشانە لەناو دڵ و دەروونی خۆیاندا بشارنەوە، هەتا ئەو کاتەی کە دەبێت بە کارەساتێکی گەورە.

**واتا دەتوانین بڵێین کە فیلمی "وس! کچان هاوار ناکەن" لەڕاستیدا هۆشدارییەکە بۆ خێزانەکان؟**

بەڵێ وایە. ئەمە هۆشدارییەکە بۆ خێزانەکان و دواتر بۆ سیستمی پەروەردە، چونکە قوتابخانە ماڵی دووەمی منداڵانە. بەرپرسانی قوتابخانە دەبێت بزانن کە ئەوان تەنها ئەرکیان فێرکردنی منداڵان نییە، بەڵکو پەروەردەکردنی منداڵانیش

ئەرکی ئەوانە. هەربۆیە لە فیلمەکەدا گرتەیەکی تێدایە کە لەودا منداڵێک لە مامۆستاکەی دەپرسێت، دەکرێت پرسیارێک بکەم، مامۆستاکەش دەڵێت: ئەگەر پەیوەندی بە وانە و دەرسەوە هەیە، پرسیار بکە، ئەگینا ئەگەر پەیوەندی بە وانەکەوە نییە، پرسیار مەکە. منداڵەکەش دەڵێت: مامۆستا پرسیارەکە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە، مامۆستاکەش دەڵێت کەواتە پرسیار مەکە، چونکە کاتم نییە. سەیرکە، لێرەدا ئەرکی مامۆستایە کە گوێ لە منداڵەکە بگرێت، جا پرسیاری منداڵەکە لەبارەی هەر شتێکەوە بێت، ئەرکی مامۆستایە کە گوێ لە قوتابییەکەی بگرێت.

**هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان بۆ فیلمەکە لەسەر چ بنەمایەک بووە، ئایا هەڵبژاردنی رۆڵی "بابەک حەمیدیان" دژوار نەبوو؟**

بەڵێ، زۆر سەخت بوو، هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان هەموویان دژوار بوون، بەڵام بۆ رۆڵی "موراد" تووشی زۆر کێشەبووم. دەتوانم بڵێم سەختترین کار، هەڵبژاردنی رۆڵی پیاو بوو بۆ چیرۆکەکە. زۆر کەسم بانگهێشت کرد کە رۆڵ بگێڕن، بەڵام ئەوان زۆر هەستیار بوون و قەبوڵیان نەکرد. موراد یەکێکە لە کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگایە کە دەیەوێت بژی و وەها کەسایەتییەک لەناو کۆمەڵگادا کەم نین. هەربۆیە بەختەوەرانە ئەو کەسەی کە دەتوانێت رۆڵەکە بە باشی بگێڕێت، بابەک حەمیدیان بوو و لە هەڵبژاردنی بابەک زۆر دڵخۆش بووم. بەڕای من، ئەو هونەرمەندێکی لێهاتووە و خاوەنی وزە و توانایەکی زۆرە و دڵخۆشم بەوەی کە ئەو توانی ئەو رۆڵە بە باشی بەئەنجام بگەیەنێت.



**ئایا هەر لە سەرەتاوە "تەناز تەباتەبایی" و ئەکتەرەکانی دیکەت هەڵبژاردبوو، یان نا، بۆچی بۆ ڕۆڵ بینین لە کەسانی ئاسایی سوودت وەرنەگرتووە و هەمووی لە ئەکتەرەکان سوودت وەرگرتووە؟**

سەرەتا مەبەستم نەبوو، دەمەویست لە کەسێک سوود وەربگرم کە پێشتر ئەکتەر نەبووبێت و بتوانێت بە باشی پاکی و بێگەردی کچی ناو سیناریۆکە دەربخات، هەر بۆیە ٧٠٠ کەسم تاقیکردەوە، بەڵام سەری نەگرت و ناچار بووم پەنا بۆ ئەکتەرە ژنەکان ببەم و لەناو ئەکتەرە ژنەکاندا یەکێک کە زۆر نیگایەکی مەزڵومانەی هەبوو، هەڵبژێرم.

**بڕیاربوو ئەو فیلمە لە وڵاتانی دیکەش نمایش بکرێت، نمایشکردنی ئەو فیلمە لە دەرەوەی ئێران، کەی دەست پێدەکات؟**

بەهۆی ئەوەی کە ئەو بابەتە بابەتێکی جیهانییە و شمولی هەموو کۆمەڵگایەک دەکات، هیوادارم زوو نمایش بکرێت و بەڕای من دەبێ نمایشکردنی ئەو فیلمە بەشێوەیەکی جدی بەڕێوە بچێت. بەم نزیکانە نمایشکردنی "وس! کچان هاوار ناکەن" دەست پێدەکات و بەدڵنیاییەوە نمایشکردنیش لە دەرەوە، لە ئەمریکا دەست پێدەکات.

**بۆچی فیلمەکەی تۆ لە فێستیڤاڵی فیلم نەیتوانی ئیمتیاز بەدەستبهێنێت، لەکاتێکدا فیلمەکە لەلایەن بینەران و ڕەخنەگران سینەما بە باشترین فیلم لەقەڵەم دەدرێت؟**

تەنها شتێک دەتوانم بیڵێم ئەوەیە، کە چۆن دەکرێت خەڵک سەیری فیلمێک بکەن کە لیژنەی داوەری پەسەندی نەکات و داوەران شتێک ببینن کە خەڵک نەیبینن. کاتێ کە کێشەیەک لە کۆمەڵگا سەرهەڵدەدات و تەشەنە دەکات تابۆی بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت. لێرەدا چۆن دەکرێت مرۆڤ هەڵوێستی نەبێت، ئەرکی سینەماکار ئەوەیە کە گرنگی بە ژینگەی دەورووبەری بدات. هەڵبەت من هەمیشە وتوومە کە داوەریکردن شتێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەلیقە و زەق و لە ناخی خۆمەوە ڕێز لە داوەران دەگرم و سوپاسی ئەو جەماوەرە دەکەم کە پێشوازییان لەو فیلمە کردووە.

**لەماوەی یەک مانگ فرۆشی ئەو فیلمە لە دوو ملیار تمەن تێپەڕی، ئایا ئەمە ئەوە نیشان نادات کە خەڵک بە پێچەوانەی ڕای لیژنەی داوەران حەزیان لەو فیلمەیە؟**

بەڵێ، ئەمە ئەوە دەردەخات کە خەڵک ئەو فیلمە باش دەناسن و توانیویانە زۆر بەباشی پەیوەندی لەگەڵ ئەو فیلمەدا دروست بکەن و لەگەڵیدا بگونجێن. هەڵبەت

لێرەدا بنکەی سینەمایی "فارابی" هاوکاری و کۆمەکێکی زۆری کردین، بەڵام بەڕای من بانگەشەکردن بۆ ئەو فیلمە لە لایەن خەڵکەوە کرا و خەڵکی خۆیان بەشێوەی تاکەکەسی بانگەشە و ریکلامیان بۆ ئەو فیلمە دەکرد.

**ئایا پلانتان هەیە بۆ ئەوەی کە ئەو فیلمە لە ناوچە هەژار و بێ ئیمکانیاتەکان نمایش بکرێت، لەبەرئەوەی کە ناوەڕۆکی فیلمەکە زۆر هەستیار و گرنگە؟**

لەوبارەیەوە تەلەفزیۆن کۆمەکێکی زۆری کردووین و ریکلامەکەی بە خۆڕایی بڵاوکردەوە، بەتایبەتی ئاغای میر ئەعلایی کە ئەگەر ئەو نەبووایە، ئەو فیلمە نمایش نەدەکرا. هەربۆیە دەبێت باسی ریکلام بەشێوەیەکی رێکوپێک رێبکخرێت، بۆ نموونە شارەوانی دەبێت هەندێ شوێن بۆ بانگەشە و ریکلام دابین بکات، بەشێوەیەک کە بەرهەمهێنەران و دەرهێنەران بتوانن بەخۆڕایی تێیدا ریکلام بۆ فیلمەکانیان بکەن. بەڕای من، ئەو جۆرە کارانە کە کاری فەرهەنگیین، نابێت تێچووی زۆری بوێت.

**ئایا لە فیلمەکانی دواتریش، دیسان هەر بە نیازیت باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بخەیتەڕوو؟**

لەڕاستیدا دوو شت زۆر مێشک و زەینی منیان بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، یەکەمیان "ژن و جەنگ"، کە رۆڵی ژن لە جەنگدا بخرێتە روو، دووەمیان کە دەبێت بەدڵنیاییەوە کاری لەسەر بکەم، مەسەلەی هاوسەرگیریی و جیابوونەوەیە لەناو گەنجاندا، کە بەداخەوە رۆژ لەدوای رۆژ تەنیایی و جیابوونەوەکان روو لە هەڵکشان دەکەن و بەدڵنیاییەوە ئەم کێشانە زیان و زەرەری زۆری هەیە و کێشەی زۆری لێدەکەوێتەوە.

**بە لەبەرچاو گرتنی فیلمی "وس! کچان هاوار ناکەن" کە باس لە کێشەیەکی گشتی دەکات و شمولی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات، رات چییە سەبارەت بەوەی کە فیلمەکەی تۆ بچێتە ئۆسکارەوە؟**

بەڵێ، ناوەڕۆکی فیلمەکەی من تایبەتە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پێموایە دەکرێت لەناو هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا نمایش بکرێت و بینەری خۆی هەبێت و سەرنجی ئەوان راکێشێت.

**سەرچاوە:**

http://www.tehrooz.com/139213/6//TehranEmrooz/1259/Page/7/

# هۆلیود و جیهان




**نووسینی تووبی میلەر**
**وەرگێڕی فارسی: سەید عەلی مورتەزەوییان**
**و. لە فارسییەوە: هیوا سەلیمی**

**ئەمریکاییەکان خودی نائاگا (نەست)ی ئێمەیان داگیرکردووە.**
(ویەم ڤێندرسێن)

**بەسەرهاتی هۆلیود**

ئێمە هەموومان کارناسانی فیلمە ئەمریکاییەکانین و دەبێت واش بێت، چونکە ٤٠ بۆ ٩٠ لە سەدی ئەو فیلمانەی لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان پیشان دەدرێن، بەرهەمی ئەمریکان.

ساڵی ١٩٩٣ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرهەمهێنەری ٨٨ لە سەدی پڕفرۆشترین فیلمەکان بوو، ساڵی ١٩٩٤ بۆ یەکەم جار داهاتی دەرەکی سینەمای ئەمریکا کەوتە پێش داهاتی ناوخۆییەوە (راک ڤوولڤ hI١٩٩٤). ئەمە بەمانای نکۆڵیکردن نییە لە گرنگیی کولتوورەکانی تری بەرهەمهێنەری فیلم. زۆربەی بەرهەمهێنەرانی فیلم لە جیهان رەنگین پێستن، کە بە بەراورد لەگەڵ هۆلیودا زۆر پرۆژەی ئیدیۆلۆژیکی و نموونەی بڵاوکردنەوەی فرەچەشنتر بەرهەم

دەهێنن (شوهەت و ئێستەم (٢٧،١٩٩٤))، بەڵام کولتووری لۆسانجلێسی و بازرگانی نیۆیۆرکی، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، پانتایی بڵاوکردنەوەی فیلمی لە هەموو جیهاندا گرتووەتەوە و سەرکەوتنی بەرچاوی پیشەسازی فیلم لە ئەمریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانی بەدواوە بووە بە نموونەیەک بۆ هەناردەی کاڵا مۆسیقایی، تەلەفزیۆنی، کارە پڕوپاگەندەیی و ئینتێرنێتییەکان لە ئەمریکای باکوورەوە بۆ دەرەوە. گەشەسەندنی بەرنامە تەلەفیزیۆنییە سەتەلایەتییەکان و کاسێتە ڤیدیۆییەکان، وێڕای تایبەتیکردن و ئازادکردنی بڵاوکردنەوەی رادیۆ-تەلەفزیۆنی کەناڵە نەتەوەییەکان، تادێ پانتایی کارکردنی تەکنۆلۆژی دەنگی-وێنەیی بەربڵاوتر دەکات. (واسکۆ ٢٢٣:١٩٩٤)، بەڵام ئەم دەسەڵاتدارێتییە چۆن شکڵی گرت؟

زانستی ئابووری بۆ تیۆریزەکردنی پیشەسازیی سینەما تووشی کێشە بووەتەوە. بەرهەمهێنانی فیلم بەپێچەوانەی زۆربەی بەرهەمهێنانەکانی تر، زۆربەیان پاوانی کۆمەڵێ کۆمپانیای گەورەن کە هەرکامەیان بەرهەمی سنووردار و تایبەت بە خۆیان بەرهەم دەهێنن. زۆربەی سەرمایەگوزارییەکان (لە سینەمادا) تووشی شکستی تەواو دەبن، ئەمە ئازارێکە کە تەنیا کۆمپانیا گەورەکان توانای ئەوەیان هەیە بەرگەی بگرن، لە دیدی بینەرانەوە چیرۆکی فیلم بایەخ و گرنگی هەیە، نەک تێچووی فیلم، ئەمە بەپێچەوانەی گریمانە باوەکانی ئابووری کلاسیکە دەربارەی دەوری نرخ بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان بەرهەمهێنان و خواستدا، بەدەر لەمەش لەبەر گرێدراوێتی فیلم بە فەزا دەقییەکەیەوە، هۆکارە دەرەکییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە سوودی ئابووری فیلمدا.

زانستی ئابووری (بەمانا باوەکەی) سەرکەوتنی هۆلیود لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەپێی فەرهەنگی بەڕێوەبەرایەتییەکی نەرمونیان و سیستمی ئابووری کراوە، ئازاد و داهێنەرانەشەوە روون دەکاتەوە کە وای کردووە لەگەڵ هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەردەم لەگۆڕاندا بسازێت. بەم شێوەیە لە سەردەمی فیلمە بێدەنگەکاندا، فیلمگەلێک بەرهەم دەهات کە جگە لە بازاڕی بەربڵاویی نەتەوەیی ئەمریکا، لە بازاڕی وڵاتانی تری ئینگلیزی زمانیشدا دەفرۆشرا. لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی زمانی نێونەتەوەیی بوو، سەرهەڵدانی سینەمای بگۆ بوو بەهۆی گەشەی بازاڕی فیلمە ئامریکاییەکان، هەروەها پێکهاتەی فرەچەشنی نەتەوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان یارمەتیدەر بوو بەوەی (سینەما) ببێت بە شێوەیەکی خەڵکی تر و جیهانی تر بۆ دەربڕینی چیرۆک، بە بەراورد لەگەڵ کولتوورەکانی تردا. بەپێی ئەم بەڵگاندنانە، لەو

سەردەمە بەدواوە، هۆلیود بە پشتبەستن بەم خاڵە بەهێزانە و پەیڕەویکردن لە بنەمای بازرگانی ئازاد و ڕەقابەتکردن، گەشەی سەند (ئێجنس و مۆل ٢٧١-٣:١٩٩٤). لە بەرامبەردا بۆچوونی ئابووری-سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم سەرکەوتنە قەرزداری هاوئاهەنگی نێوان سەرمایە و دەوڵەتە بۆ سەلماندن و پاراستنی پێگەی زاڵی بازرگانی و ئایدیۆلۆژیکی هۆلیود، لەم ناوەشدا دەوری دەوڵەت بە رادەی دەوری بینەران و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان گرنگە. هەڵبەت هەندێ جار ئەم پێوەندییە هاوکات بووە لەگەڵ ناکۆکی و تێکهەڵچوون.

ئەوەی راستی بێت ئاستی بازرگانی فیلم هەردەم بەم شێوەیە نەبووە، کە ئێستا دەیبینین. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، فەڕەنسا هەموو حەفتەیەک دە تا دوانزە فیلمی دەفرۆشتە ویلایەتە یەکگرتووەکان، تا ساڵی ١٩١٤ ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆربەی فیلمە سینەماییەکان و بەشێکی زۆری تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانی لە دەرەوە دەکڕی، ئەوکات (بازاڕی) بەرهەمهێنان و پیشاندانی فیلم لە ئامریکای لاتین لە کۆنترۆڵی ئیتاڵیا و فەڕەنسادا بوو (بیلیوو ١٩٩٣،٣-٣٢)، بەڵام کۆمپانیای ڤیتاگراف (Vitagraph) تا ساڵی ١٩٠٧ لە هەر فیلمێک دوو نگاتیڤی هەڵدەگرت، یەکێکیان بۆ ئەوروپا و ئەوەی تریان بۆ ناوەوەی وڵات (دووگراتسیا ١٩٨٩:٥٧) تا ساڵی ١٩٠٩ کۆمپانیاکانی ئەمریکای باکوور دەیانتوانی بۆ دابینکردنی خەرجی فیلمەکانیان پشت بە بازاڕی ناوخۆ ببەستن و تێدەکۆشان نرخی هەناردەی فیلمەکان بۆ ناردن بۆ سنوورەکانی دەرەوە دابەزێنن (ئۆرگانی ١٩٩٢:٣١٣) لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٥و ١٩١٦ هەناردەی فیلمی سینەمایی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ٣٦ ملیۆن فووتەوە گەیشتە ١٥٩ ملیۆن فووت، ئەمە لە حاڵێکدایە هاوردەی فیلمی ئەم وڵاتە کە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی ١٦ میلیۆن فووت بوو لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٢٠ دابەزی بۆ ٧ میلیۆن فووت (کینگ.٢٢،١٠:١٩٩٠) بە گەشەسەندنی (بازاڕی) فیلمە داستانییەکان لەو ساڵانەدا، هۆلیود ڕێگای کردەوە بۆ بازاڕەکانی ئاسیا و ئامریکای لاتین، بۆ وێنە بە کڕینی نووسینگەی دابەشکردنی فیلم لە بەڕازیل، بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتەی تا رادەیەک لەناوبرد (شوهەت و ئێستەم ٢٨:١٩٩٤). لە ساڵی ١٩١٩ەوە بەشێکی زۆر لە خەرجی فیلمە هۆلیودییەکان لە ڕێگای فرۆشی دەرەکییەوە دابین دەکرا، لە دەیەی ١٩٢٠دا بەریتانیا، ئۆستڕالیا، ئارژانتین و بەڕازیل زۆرترین پێگەکانی هەناردەی هۆلیود بوون (ئارامس ١٩٧٨:٤٨). بە دانانی شێوەی دەنگدانان، هەوڵدرا بە بەرهەمهێنانی فیلمە موزیکاڵەکان دڵی ئەو بینەرانە بەدەست بێنن کە ئینگلیزی زمان نین، بەدەر لەمەش ئەو ستۆدیۆیانەی لە وڵاتە جیاوازەکاندا

دامەزرابوون هەوڵیان ئەوە بوو کۆپییەک لە فیلمە سەرکەوتووەکانی دونیا بە زمانی خەڵکانی ڕەسەنی دانیشتووی ئەو ناوچەیە بەرهەم بهێنن. (تانستیل ۱۹۷۷:۹۱). هەروەها پیشەسازیی فیلم بە دروستکردنی پێوەندی لەنێوان فرۆشی بەرهەمگەلێکی وەک رادیۆ و سەفحەی گرامافۆن لەگەڵ فیلمە مۆزیکاڵەکاندا، بە یەکپارچەیی و یەکدەستی گەیشت. بەپێی بەراوردی دێپارتمانی بازرگانی ساڵی ۱۹۳۹، شەست و نۆ لە سەدی ئەو فیلمانەی لە جیهاندا نمایشکراون، بەرهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە (هارلی۲۱: ۱۹٤۰).

بەدڵنیاییەوە بەشێک لەم سەرکەوتنانە بەهۆی سەرنجڕاکێشبوونی چیرۆکی فیلمەکانەوە بوو. بۆ وێنە لە دەیەکانی ۱۹۲۰و ۱۹۳۰دا لە ئیتاڵیا، هۆلیود جۆرێ مۆدێرنیتی درەوشاوە و ئەفسانەیی بەوێنا دەکێشا کە تەنانەت سەرنجی مۆسۆلۆنیشی ڕاکێشابوو. جوانی، چالاکبوونێکی لاوێتی، سەرمایە لەژێر ناوی سەرقاڵکردندا ئاوێتەکراون. بازاڕ دۆزی (بازاریاب) ناوچەیی، شادیە نایابەکانی جیهانی مۆدێرن و جیاوازییەکانی لەگەڵ ژیانی نەریتی ئیتاڵیا بەرجەستە دەکات. هاوکات بەهۆی بەربڵاوبوونەوەی تۆڕی بڵاوکردنەوەی (بەرهەمە) ئەمریکاییەکان، هەروەها ئەو باجە نوێیەی دەوڵەت دیاریکردبوو، بە پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیای ئەمریکایی توانای پێشبڕکێی لە پیشەسازی نەتەوەیی سینەما (لە ئیتاڵیا و وڵاتانی تری ئەوروپایی و-ک) سەندبووەوە (هیی ٦٦: ۱۹۸۷:۷۱).

بەهەموو ئەمانەشەوە دوو شەڕی جیهانی هەموو چەشنە باسێک تووشی کێشە دەکات، کە لەودا زاڵبوونی ئەمریکا تەنها بەپێی بەڕێوەبەرێتی پێشکەوتوو، یان پەسەندکردنی بەرخۆرەکانی لە پانتایی جیهانیدا شی بکرێتەوە. شەڕەکانی ۱۹۱۸-۱۹۱٤و ۱۹٤٥-۱۹۳۹ ڕیتمی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی لە سەرجەم ئەوروپا وەستاند، یان ئارامی کردەوە (ئەیزد ٦۱: ۱۹۸۸-۱۱۸،۸۲،۳). زۆر فیلم لە چاوەڕوانی دەرچوون لە "لیستی ئەو فیلمانەدا بوون کە نمایش نەکرابوون (لەماوەی چوارساڵدا، لە ساڵی ۱۹٤٥ بەدواوە ۲۰۰۰ فیلمی داستانی نێردرایە ئیتاڵیا)، لەگەڵ ئەمەش ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی بەهێزکردنی ژێرخانی (پیشەسازی-کەشتی رانی) ڕوو بە گەشەی ئەو وڵاتە بوو. سیاسەتەکانی ئاژانسی ناردنی فیلمە سینەماییەکان، لە باری شێوە و ناوەڕۆکەوە، ئەوەندە نزیکایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەبوو، کە ئەم ڕێکخراوە تازە دامەزراوە لە دەیەی ۱۹٤۰دا خۆی ناو نابوو "وەزارەتی دەرەوەی بچووک" (گۆبەک ۱۹۸۷: ۳-۹۲). هەر لەم ساڵانەدا بوو لەسەر خواستی وەزارەتی دەرەوەی "تر" سیستەمی سانسۆڕ code productionخود- ڕێکخەری ئەم پیشەسازییە، بابەتێکی تازەی

بەو بابەتە فرەچەشن و سەیرانە زیادکرد کە دەرخەری کەڵکەڵە پیشەییەکانە دەربارەی سێکس: ئەو بابەتەشی خستنەڕوو، فرۆشی شێوەی ژیانی ئەمریکایی بوو بۆ هەموو جیهان (شاتز ١٩٨٨:١٦٠ پادوێرمیکەر ١٩٥٠:٣٦). توانەوەی بە ناچاری رێکخراوە دەوڵەتییەکانی بەرهەمهێنانی فیلم لە وڵاتانی تەوەر، وێڕای بەرنامە دژە فاشیزم و کۆمۆنیستییەکان، تەواوکەری گەڵاڵەی هۆلیود بوون بۆ بەدەستهێنانی سوودی زیاتر. کەوایە، سەرەڕای هەموو ئەو باسانەی دەربارەی هۆلیود دەکرێت کە گوایە پەیڕەو لە سیاسەتی پێشبڕکێی ئازاد دەکات، راستی ئەوەیە هۆلیود بەدرێژایی دەیان ساڵ سیاسەتی پشتیوانیکردنی لە پشت بووە، بۆ وێنە ئیمتیازی باج، ناوەندارێتی فیلم، نوێنەرایەتیکردن لە وەزارەتی دەرەوە و ئابووری، یارمەتی ماڵی و ئابووری و پاوانکردنی بازاڕی کڕین لەناو وڵاتدا. بەدەر لەمەش، دەوڵەتی ئەمریکا سەرچاوەی گەورەی تەرخان کردووە بۆ بەرهەمهێنان و پاراستنی پیشەسازیی فیلم لە بەشی تایبەتدا، کە لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندییەکانیدایە (هارلی ١٩٤٠:٣ الساسیر ١٩٨٩:١١-١٠).

لەگەڵ بەمەترسی کەوتنی سوودی بەرهەمهێنانی فیلم لە ناوەوە و لە ئەنجامی یاسای دژە پاوان و برەوی tv، هۆلیود لە دەیەی ١٩٥٠دا زیاتر لە جاران رووی هێنایە بازاڕی جیهانی (ئارامس ١٩٨٧:٤٩). گەیشتن بە وێکچوونی ستوونی vertical Antegtation لە رێگای بەدەستهێنانی خاوەندارێتی بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوە، رەنگە لەناوخۆی وڵاتدا لە رێگای یاساوە سنووردار بکرێتەوە، یان بەری پێ بگیرێت، بەڵام لە ئاستی جیهانیدا بەم شێوەیە نییە. تا دەیەی ١٩٦٠ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر داهاتی پیشەسازی فیلم، کە پشتی بەهەناردە دەبەست، حیسابی دەکرد. بەریتانیا و ئەمریکای لاتین زۆرترین کڕیارانی فیلمە هۆلیودەکان بوون. لەهەر بابەتێکدا، نالەباربوونی هەلومەرجی ئابووری لە لایەکەوە و کەمتەرخەمی لەسەرمایەگوزاریکردن بۆ سینەما چەن هۆڵییەکان لەلایەکی ترەوە بوو بە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئەوانەی دەچنە سینەما. هەربۆیە هۆلیود رووی کردە شێوە نوێکانی سوودمەندبوونی بازرگانی (وەک "دۆزینەوەی" بەردەنگ و بینەری رەش پێستی ئەمریکایی و سەرهەڵدانی ژانری "رەش تەوەر" blaxploitation. دوابەداوی ئەم سوودوەرگرتنە تازەیە لەلایەن چەند- کۆمپانیایەکەوە congl.merates و بەدەستهێنانی ستۆدیۆ لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کۆمەڵێ رێکار گیرایە بەر بۆ ئەوەی جارێکی تر بینەر بەدەست بێتەوە (تیلار ١٩٧٩:١٩٤). حکومەت و بەشی پیشەیی فیلم لە ئەمریکا، یان هەردووکیان هەوڵیان دا بازاڕی هەنارده و فرۆشی فیلم لە سەرتاسەری جیهان

بگرنە دەست، وێڕای ئەمەش ئۆفیسی تایبەتیان کردەوە بۆ فیلمە ئەفریقاییە ئینگلیزی و فەڕەنسی زمانەکان؟ "کۆمپانیای هەناردەی فیلمی ئەفریقایی هۆلیود" لە دەیەی ١٩٦٠دا بازاڕی فرۆشی فیلم بۆ ئەو وڵاتانەی گرتە دەست، کە پێشتر ژێردەستەی بەریتانیا بوون. لەم دەیەدا هەموو ساڵێ ٣٥٠ فیلم نمایش دەکرا کە دەکرێت بوترێت نیوە زیاتری بەرهەمی ئەمریکا بوو. (دیاوارا ٦:١٩٩٤،١٠٦:١٩٩٢–٣٨٥ یوکادایک ٦٣:١٩٩٤). ئەمڕۆکە زۆر ئاسانتر دەکرێت فیلمێکی ئەفریقایی بدۆزینەوە کە لە ئەمریکا، یان ئەوروپا پیشاندرابێت، لەوەی کە لە خودی ئەفریقا نیشاندرابێت. دوای شەپۆلێکی ئاوسانی ئابووری لە ٢ دەیەی ١٩٧٠–١٩٨٠ پیشەسازیی فیلمی لە ئارژانتین و مەکسیک، تا ئاستی داخران برد، ژمارەی ئەو فیلمە هۆلیودییانەی لە ئەمریکای لاتین نمایش دەکران بە شێوەیەکی بەرچاو چووە سەر، ئەمە لە حاڵێکدا بوو لە ناوەڕاستەکانی ١٩٨٠دا ژاپۆن بەگەورەترین بازاڕی دەرەکی دەژمێردرا (هێیپل ٥٢:١٩٩٦: ئۆرگان ٣٠:١٩٩٢). وەک ئەوەی بینیمان گۆڕانەکان، وەک بادانەوە بەرەو سیاسەتەکانی نیولیبرالیزم و سەرمایەگوزاری چەند نەتەوەیی لە دەیەی رابردوودا (دەیەی ١٩٩٠)، سوودێکی زۆری بۆ هۆلیود لێکەوتەوە لە ڕێگای تایبەتیکردنی راگەیاندنەکان، بازاڕی یەکەی ڕۆژئاوای ئەوروپا، گەیشتن بە بازاڕی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا برەوسەندنی سیستمەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی (ڤیدیۆ) (ئێلاسێرا ١٩٨٩ گووپەک ٩:١٩٨٧و ئیسکۆ ١٩٩٤: ٢٢٠و ٢٢٤).

بەڵام ئەگەر زاڵبوونی رۆژ لەدوای رۆژی ئابووری بازاڕی جیهانی هۆلیود واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە، بۆچی ئەم زاڵبوونە بووە هۆی نیگەرانیی دەوڵەتەکان؟ بۆچی ئەو پرسیارانەی کە لە خۆیاندا پرسگەلێکی پیشەیین، بوون بەهۆی نیگەرانی فەرهەنگی و کولتووری؟ ئەم زاڵبوونە باس لە چ چەشنە "هەڕەشەیەک" دەکات و بە راست چ شتێک دەکەوێتەوە مەترسییەوە؟

### ئیمپریالیزمی کولتووری

وڵاتانی پەراوێزکەوتوو (ئەوانەی ئێستا جیهانی سێیەمین) لە دەورانێکدا بە درێژایی هەزارەیەک. بیروڕاو کاڵاکانیان گۆڕیوەتەوە. رایەڵەکانی گۆڕینەوەی زانیاری و دانوستانی بازرگانی، تا سەدەی پازدەیەم پانتاکانی ئۆقیانووسی ئارام، ئاسیا و دەریای ناوەڕاست و ئەفریقای پێکەوە گرێ دەدایەوە، لە ماوەی ئەم

سەدانەدا بوو کە کۆیلەیەتی، سیستمی سەربازی و تەکنۆلۆژیا و ئیمپریالیزمی ئەورووپا کەوتە بیری ئەوەی ئەم ڕێگای پێوەندییانە بپچڕن. پێوەندی نێوان قارەکان ئارام ئارام گرێدرایەوە بە ئەورووپاوە وەک قارەی ناوەند و (ئەورووپا) بوو بە پردی پێوەندی نێوان جیهان. ئایدیۆلۆژیای تازەش هاتنە گۆڕ. سەرێتی نەژادی و پەیامی مەسیحییەت بەوەی لایەنگرانی دینەکانی تر ببن بە مەسیحی (هیم لینگ ٢٢٣- ١٩٩٠:٤). ئیتر کولتوور و زانیارییەکان بوو بە خاڵی گرنگ لای ئیمبراتۆری ئەورووپا. تەکنۆلۆژیا و چیرۆکبێژی سینەمایی هەر لەو دەمانەدا وەک بەشێکی گەورە لە گۆڕانە گرنگەکان لە سیاسەتی کۆلۆنیالیزمدا دەردەکەوێت: ویلایەتە یەکگرتووەکان، فیلیپین و کوبای داگیرکرد، هێزە ئەورووپاییەکان رێک کەوتن لەسەر دابەشکردنی قارەکان و بەرەنگاری دانیشتووە رەسەنەکانی ئەمریکایان تێکشکاند. لە حاڵێکدا مافی دانیشتووانی رەسەن پێشێل دەکرا، لەگەڵ ئەمەش هەناردەی کولتووری- بازرگانی و دەسەڵاتداری رەها دەبرایە ئەو ناوچانە. (لەگەڵ زنجیرە چیرۆک و گێڕانەوەکان دەربارەی جینۆساید کە لەسەر پەردەی سینەمادا نیشان دەدرا). ئەو ناوەندانەی لە هۆلیودەوە فیلمیان دەنارد بۆ شوێنە جیاجیاکان تەنانەت بەر لە ساڵی ١٩١٢ش چاک دەیانزانی فیلمە هۆلیودییەکان لە هەرکوێ نمایش دەکرێت، دەرگای چوونە ناوەوەی کاڵا ئەمریکاییەکان بۆ ئەو شوێنانەش دەکرێتەوە. ویل هیز ساڵی ١٩٣٠ بە ئاژانسی پڕوپاگەندەی جی والتەر تامپسۆنی وتبوو، کە ناردنی هەر فووتێک لە فیلمە ئەمریکاییەکان یەکسانە لەگەڵ فرۆشی ١ دۆلار لە بەرهەمەکانی ئەمریکا لە شوێنێکی جیهان (هیز ١٩٣١:١٥). تا کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٣٠ زۆر چیرۆکی سەیروسەمەرە باس دەکرا دەربارەی پێوەندی نێوان سینەما و بەرهەمەکان: وەک چیرۆکی پەرەسەندنی بازاڕی نوێ بۆ فرۆشی چەرخی جل دووریی ئەمریکایی، بەهۆی نمایشکردنی فیلمێکەوە دەربارەی هەلومەرجی کۆمپانیایەکی ئەمریکایی: هەڵبەت بەشێوەی داڕشتنی هۆلیودی. واڵتر وێنگەری دەرهێنەر تەنانەت باسی لە مانگرتنی "خێرا نووسەکانی" فەرەنسا کردبوو کە ناڕازیی بوون بە هەلومەرجی ژیانی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ هەلومەرجی ئەو کارمەندانەی لە فیلمێکی ئەمریکاییدا کار دەکەن- وێنگەر باسی لە دەوری ١٢٠٠٠٠ باڵیۆزی ئەمریکا (ژمارەی هەناردەی فیلمە ئەمریکاییەکان لە یەک ساڵدا) کردبوو و خۆشحاڵی خۆی لەم شتە دەربڕیبوو (وێنگەر ٤٥،٥٠:١٩٣٩). پێوەندی لەم شێوەیە دەتوانین لە ٢ دیمەنی ناودار کە کلارک گیبل ڕۆڵی تێدا دەبینێت، ببینین. لە دیمەنێک لە فیلمی لە ناپل دەستی پێکرد It started in Naples بەرهەمی (میلۆیل شاولسۆن ١٩٦٠) کلارک گیبل

خەریکە منداڵێکی رەسەنی ئەمریکایی فێری دروستکردنی هەمبەرگر دەکات. ئەم بابەتە بوو بەهۆی وروژانی مشتومڕ لەنێوان خەڵکدا دەربارەی ئەوەی خەڵکی دەریای ناوەڕاست خواردن خراپ دروست دەکەن. چارەکە سەدەیەک بەر لەوە، وەفدێک لە بازرگانە ئارژانتینییەکان لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا سکاڵایان دژ بە فیلمی "شەوێک رووی دا It happened one night" بەرزکردەوە، چونکە لەم فیلمەدا کلارک گیبل لە حاڵێکدا ژێرکراسی لەبەر نییە کراسەکەی لەبەر دادەکەنێت و بەم شێوەیە کالآیەکی تر دەخاتە پێڕستی مەخزەنەکانەوە (کینگ، ٢٣:١٩٩٠).

هەرچەند هۆگری بە پەراوێزەکانی سینەما بە زۆری بە جۆرێ هەستیاری لیبرالی لە سەردەمی ئێستا دەزانن، بەڵام لە راستیدا ئەم پرسە هەر لە کۆنەوە یەکێک لە کەڵکەڵەکانی پاوانخوازەکانیش بووە. لە دەیەی ١٩٢٠ەوە هۆلیود چۆنییەتی کاریگەری دانان لەسەر بینەرانی خستە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٢٢ مەکسیک هەر لەسەر ئەم پرسە دەستی دایە بەرتەسککردنەوە، هەروەها حەساری بازرگانی و هەر لەم دەیەشدا ئەڵمان و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئسپانیا نارەزایەتی خۆیان دەربڕی بە سووکایەتیکردنی کولتووری لە فیلمەکاندا (ویزی،١٩٩٢: ٦١٨، ١- ٦٢٠، ٦٢٤، ٦٢٧، ٦٣١). لەگەڵ ئەوەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەبوون بە سەرچاوەیەکی گەورەی ماددی بۆ هۆلیود، کاریگەریشیان لەسەر فیلمەکان زیاتر دەبوو. پێڕستێک لە "وەها نابێ" و "وریا بن"ەکان کە هۆلیود پێشنیاری دەدا بە دەرهێنەرەکان، کە خۆیان بپارێزن لە "نمایشی ئایین، مێژوو، دامەزراوەکان، کەسایەتییە ناودارەکانی وڵاتانی تر بە شێوەی خراپ و ناشیرین". بەریتانیاییەکان جەختیان دەکردەوە بەوەی نابێت ئیزن بدرێت بەوەی مەسیح لە فیلمەکاندا نیشان بدرێت، هەر بۆیە مەسیح لە دوایین رۆژەکانی پۆمپی The last days of Pompeii (ئەرنست بی شۆتزاک، ١٩٣٥)دا نەدەبینرا، ئەمە لە حاڵێکدایە سامۆئێل گۆڵدوین بە گلەییەوە دەیگوت "تەنها کەسێتییەکی نێگەتیڤ کە ئەمرۆکە (١٩٣٦) دەتوانین نیشانی بدەین سپی پێستەکانی ئەمریکایە (وەرگیراو لە هارلی ٢٣:١٩٤٠). لە لایەکی ترەوە ئەگەر ژاپۆنییەکان کەمتەرخەم بوون لە کڕین و نمایشکردنی فیلمە هۆلیوودییەکاندا، لە دەیەی ١٩٣٠دا مەترسی ئەوە هەبوو کە دەوری کەسایەتی خراپ و بکوژ و بە پەراوێزکەوتوویان پێ بسپێردرێت.

بەرپرسە بازرگانییە ئەمریکاییەکان زۆر زوو هاتنە سەر ئەو باوەڕەی لەگەڵ فیلمەکانیان هەندێ بەرهەمی تر بنێرن. ئەم کارە بوو بەهۆی پەرچەکرداری نێگەتیڤی زۆربەی وڵاتانی هەژار، بەتایبەت لە سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا. لەو سەردەمەدا ئەم جۆرە هەناردانە بە رەسمی بە بەشێک لە بەرنامەی

هاندانی وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو بەرەو بارودۆخی مۆدێرن ناوی لێدەبرا. پەرچەکرداری بەرینی دژ بە گوتاری مۆدێرنکردن وەک گەڵاڵەیەکی رەگەز پەرەستانە و بەرژەوەندیخوازانە- لە باشترین حاڵەتدا کوێخا مەنشانە- سەری هەڵدا کە لەم ناوەدا جەخت دەکرایەوە لەسەر دەوری راگەیاندنەکانی بۆرژوازی و نێونەتەوەیی وەک توخمە دیاریکەرەکان بۆ بیچم بەخشین بە زەوق و بینین و پەسەندەکانی خەڵک لە بوارگەلێکی وەک کڕین و کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمەکان، کولتووری گشتی و شێوەکانی رێکخستنی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا. بۆ وێنە دەکرێت ئاماژە بدەین بە هەناردەی فیلمەکان و ژێرخانی سینەمایی، هەروەها دەسەڵاتدارێتی ئەمریکا لە بواری تەکنۆلۆژیا و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان. رەخنەگران باس لەوە دەکەن گەشەدان لە رێگای پەرەدان بە بازرگانییەوە بوو بە هۆی دابەزینی گەشەی ئابووری و بێبەریبوون لە مافی کولتووری (لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا)، لەگەڵ ئەوەش بووە بەهۆی سەرهەڵدانی جۆرێ چینی باڵادەست لە وڵاتانی گرێدراو کە تەنها بە پشتبەستن بە سەرمایە و ئایدیۆلۆژیای دەرەکی لە وڵاتەکەی خۆیاندا فەرمانڕەوایی دەکەن.

ئەم تیۆری گرێدراوێتییە لە دەیەکانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە و لە پەراوێزی رێکخراوە فەرهەنگییە نێونەتەوەییەکان و یەکەکانی گرووپی ٧٧دا لایەنگری پەیدا کرد، بەڵام لە دەیەی ١٩٧٠ بە دواوە پلە و پێگەیان لە باری سیاسی و فیکرییەوە روو لە دابەزین بوو. ئەو کاتەی کە تیۆری گرێدراوێتی لە یۆنسکۆدا باسی لێکرا و پەسەند کرا، لاوازیی و سستبوونی لە بەرامبەر فرەخوازی و ئاڵۆزی ئەم رێکخراوەیەدا دەرکەوت، چونکە یۆنسکۆ لە لایەکەوە جەختی دەکردەوە لەسەر هاوسەنگی و هاوترازبوونی هەموو کولتوورەکان و لە لایەی ترەوە باوەڕی بە پێوەندی و نزیکایەتی شوناسی نەتەوەیی بوو لەگەڵ شێوە جۆراوجۆرە کولتوورەییەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠دا لە یۆنسکۆ هاتنە دەرەوە و بەم کارەیان ئەو سەرچاوانەیان بێهێز کرد کە خستبوویانە خزمەت یۆنسکۆ بۆ دامەزراندنی پرەنسیبی نوێ لە پانتایی کولتوور و راگەیاندنەکاندا. لە هەمان کاتدا نووسەرانی چەپگەرا هێرشیان کردە سەر قوتابخانەی گرێدراوێتی بەهۆی کەموکووڕییەکانییەوە لە قسەکردن دەربارەی بۆرژوازی، هەلومەرجی کۆلۆنیالیزم، هەڵسوکەوتی چینایەتی ناوخۆ و نێونەتەوەیی، دەوری دەوڵەت، دەوری کولتووری لۆکاڵی (تانستل ، ١٩٧٧:٥٧ رێۆز ١٩٩٣: ٣٠-٥: شیلزینگێر، ١٩٩١:، ١٤٥: مان ١٩٩٣).

دواپین خاڵ، واتە دەوری گرێدەرەوەی کولتوورە ڕەسەنەکان لە پێوەند لەگەڵ بەرهەمەکانی هۆلیود، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ هێورکردن و کەمڕەنگکردنەوەی تیۆری ئیمپریالیسمی کولتووری. ڕاپۆرتی میشێل فۆکۆ دەربارەی دیدار لەگەڵ دەروونناسێکی ڕەش پێست هەڵگری خاڵێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە سیستمە جیاوازەکانی جوانیناسی. کە مامۆستا دەروونناسەکە داوا لە بینەرەکان کە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە دەکات، چیرۆکی فیلمە نمایش کراوەکە بگێڕنەوە، ئەوان بە جێگای سەرنجدان بە پێرسۆناژ و گەڵاڵەی چیرۆک، کە مەبەستی مامۆستا بوو باسیان لە "گوزەری تیشک لە لای شاخ و گەڵای دارەکان و سێبەرەکەی" دەکرد، کە زیاتر لەهەر شتێ سەرنجی ئەوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

وەک چۆن ڕاپرسی تەلەفزیۆنی گۆڤاری ئۆکۆنۆمیست لە ساڵی ١٩٩٤ نیشانی دەدا، سیاسەتی کولتووری، هەر دەم و لە هەر بابەتێکدا، جۆرێ ڕەنگ و بۆی لۆکاڵی بە خۆ دەگرێت کە "گرێ کوێرە ئەلکترۆنییەکانی" شانۆنامەی هەناردەی پێ دەکرێتەوە (هایلمەن ١٩٩٤: ڕاپرسی ٤). تەیلمێر لێبس و ئیلالیهۆ کەیتس لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی پێشوازیکردن لە زنجیرەی تەلەفیزیۆنی دالاس لە ئیسرائیل، ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکان، سێ مەرج دیاری دەکەن بۆ گواستنەوەی سەرکەوتووانەی ئایدیۆلۆژیای ئەمریکایی: دەقەکە هەڵگری کۆمەڵێک زانیارییە و بۆ یارمەتیدان بە بەرنامەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان داڕێژراوە، کۆدداربن و لە هەمانکاتدا کۆدەکان بکرێنەوە، وەک نۆرمێکی باو دەڕۆنە ناو کولتووری ئەو وڵاتانەی لەوێ نمایش دەکرێن. ئەم لێکۆڵەرانە تەنها ڕووبەڕووی ژمارەیەکی کەم لە زەینە سادە و بێ غەشەکان بوونەوە لەنێوان گرووپە جیاوازەکاندا، کە قسەیان دەکرد دەربارەی فیلمەکان و خەریکی ڕادەربڕین بوون لەو بارەیەوە، لە بەرامبەردا ژمارەیەکی زۆر لە دیمەنەکان بە شێوەی جیاواز تەفسیر کران و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ کرا (لیبس و کەیتس، ١٩٩٠، ٣-٤).

لە ڕاستیدا نیگەرانی لە بابەت فیلمە سەرقاڵکەرە ئەمریکییەکانەوە بە زۆری لەژێر چەتری نیگەرانی بۆ "کولتوورە نەتەوەییەکان" لەلایەن ئەو کولتوورانەوە دەردەبڕدرێت کە یان ئەوەیە سەرکوتکراون، یان تووشی وەهم بوون. ڕەسەن خوازی زیادەڕۆییانەی بەشێک لە لایەنگرانی پاراستنی کولتووری، نکۆڵیکردنە لە لایەنە ئازادیخوازییەکانی بەشێکی زۆر لە فیلمە سەرقاڵکەرەکانی ئەمریکا لە دەست بونیادە چەپێنەرەکانی چینایەتی، وەک ئەو شتەی لە بەریتانیادا دەیبینین.

سینەما نەتەوەییەکانیش نەیانتوانیوە خۆیان لە ڕەخنەکانی هۆلیود دوور بگرن و هیچ ڕەخنەیەکیان لە هۆلیود نییە. بەشێکی زۆریان خەریکی لاساییکردنەوەی هۆلیود بوون کە دیارترینیان دەتوانین ئاماژە بدەین بە شەپۆلی سی بۆی Si –boy لە ئەندۆنیزیا لە دەیەی ١٩٨٠و کولتووری گەنج پەسەند بە ئۆتۆمبێلە خێراکانیان و (خزمەتکارە ئینگلیزی زمانەکانیانەوە) (سێن ١٢٩،٧٣،٦٤:١٩٩٤-٣٠). ئەمە لە حاڵێکدایە بەشێک لە وڵاتان هەندێ ئۆلگوو و سەرچەشنیان لە کولتووری سینەمای هۆلیودی ئاوێتەی ئۆلگووە لۆکاڵییەکان کرد، بۆ ئەوەی جۆرێکی نوێ لە شوناسی نەتەوەیی بخەنە ڕوو، وەک ئەو شتەی لە سینەمای ئیرلەندادا دیتمان (راکێت و دیتران، ١٩٩٨: ١٤٧). هەندێ لە وڵاتان فیلمە هۆلیودییەکان دەکەن بە بەربەستێک بۆ ئەوەی ئیزن نەدەن بەشێک لەو فیلمانەی کە هەرچەند نزیک بێت بە کولتوورەکەشیان، بڕواتە وڵاتەکەیانەوە و بەم شێوەیە لە سینەمای هۆلیودی کەڵک وەردەگرن. پاکستان پێی باشە جیاوازییە کولتوورییەکانی ئەمریکا وەربگرێت، نەک وێکچوونی کولتووری لەگەڵ هیند (ئێرگان،٣٤٣:١٩٩٢).

### سەرچاوەکانی ئەم بابەتە:


Acheson, Keith, and Christopher J. Maule (1994) "Understanding Hollywood's Organization and Continuing Success", Journal of Cultural Economics, 18300-271 :4/.

Armes, Roy (1987), Third World Film Making and the West (Berkeley: University of California Press).

Balio, Tino (1993), Grand Design: Hollywood as a Modern Business Enterprise 19301939- (New York: Scribner's).

Binford, Mira Reym (1987), "The Two Cinemas of India", in John D. H. Downing (ed.), Film and Politics in the Third World (New York: Autonomedia).

David, Joel (1995), Fields of Vision: Critical Applications in Recent Philippine Cinema (Quezon City: Ateneo de Manila University Press).

de Grazia, Victoria (1989), "Mass Culture and Sovereignty: The American Challenge to European Cinemas 19201960-", Journal of Modern History, 6187-53 :1/.

Diawara, Manthia (1992), African Cinema: Politics and Culture (Bloomington: Indiana University Press).

1994)____), "On Tracking World Cinema: African Cinema at Film Festivals", Public Culture, 696-385 :2/.

Elsaesser, Thomas (1989), New German Cinema: A History (Basingstoke: Macmillan' London: British Film Institute).

Foucault, Michel (1989), Foucault Live (interviews, 196684-), ed. Sylvère Lotringer, trans. John Johnston (New York: Semiotext(e) Foreign Agents Series).

Guback, Thomas H. (1984), "International Circulation of US Theatrical Films and Television Programming", in George Gerbner and Marsha Siefert (eds.), World Communications: A Handbook (New York: Longman).

1987)____), "Government Support to the Film Industry in the United States", in Bruce A. Austin (ed.), Current Research in Film: Audiences, Economics and Law, iii (Norwood, NJ: Ablex).

Harley, John Eugene (1940), World-Wide Influences of the Cinema: A Study of Official Censorship and the International Cultural Aspects of Motion Pictures (Los Angeles: University of Southern California Press).

Hay, James (1987), Popular Film Culture in Fascist Italy: The Passing of the Rex (Bloomington: Indiana University Press).

Hays, Will (1931), Speech, 12 May, J. Walter Thompson Collection, Duke University, Creative Staff Meeting File, Monday Evening Meettings.

Heilemann, John (1994), "A Survey of Television: Feeling for the Future", Economist, 3307850/, Survey 118-.

Himpele, Jeffrey D. (1996), "Film Distribution as Media: Mapping Difference in the Bolivian Cinemascape", Visual Anthropology Review, 1266-47 :1/.

Izod, John (1988), Hollywood and the Box Office 18951986- (New York: Columiba University Press).

King, John (1990), Magical Reels: A History of Cinema in Latin America (London: Verso).

Liebes, Tamar, and Elihu Katz (1990), The Export of Meaning: Cross-Cultural Readings of Dallas (New York: Oxford University Press).

McAnany, Emile G. (1989), "Television and Cultural Discourses: Latin American and United States Comparisons", Studies in Latin American Popular Culture, 8:121-.

Mann, Michael (1993), "Nation-States in Europe and Other Continents: Diversifying, Developing, not Dying", Deadalus, 12240-115 :3/.

O'Regan, Tom (1992), "Too Popular by Far: On Hollywood's International Popularity", Continuum, 551-302 :2/.

Powdermaker, Hortense (1950), Hollywood the Dream Factory: An

Anthropologist Looks at the Movie-Makers (Boston: Little, Brown).

Reeves, Geoffrey (1993), Communications and the "Third World" (London: Routlege).

Rockett, Kevin, Luke Gibbons, and John Hill (1988), Cinema and Ireland (Syracuse, NY: Syracuse University Press).

Rockwell, John (1994), "The New Colossus: American Culture as Power Export", New York Times, 30 Jan. H1, H30.

Schatz, Thomas (1988), The Genius of the System: Hollywood Filmmaking in the Studio Era (New York: Pantheon).

Schlesinger, Phillip (1991), Media, State and Nation: Political Violence and Collective Identities (London: Sage).

Sen Krishna (1994), Indonesian Cinema: Framing the New Order (London: Zed).

Shohat, Ella, and Robert Stam (1994), Unthinking Eruocentrism: Multiculturalism and the Media (London: Routlege).

Runstall, Jeremy (1977), The Media are American: Anglo-American Media in the World (London: Constable).

Ukadike, Nwachukwu Frank (1994), Black African Cinema (Berkeley: University of California Press).

Vasey, Ruth (1992), "Foreign Parts: Hollywood's Global Distribution and the Representation of Ethnicity", American Quarterly, 4442-617 :4/.

Wasko, Janet (1994), Hollywood in the Information Age: Beyond the Silver Screen (Cambridge: Polity Press).

Wenders, Wim (1991), The Logic of Images: Essays and Conversations, trans. Michael Hofmann (London: Faber & Faber

**سەرچاوە:**

گوڤاری ارغنون، ژماره ۲۳.

# چاپکراوە نوێیەکانی ساڵی ٢٠١٣ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی


## کە ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەست دەکەون




**پەنجەرەکراوەکان**

شیرین تاهیر

**لێکۆڵینەوە**




**گەشتی تیشک**

عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە

**وەرگێڕان**




**لەچەشنی ژیان**

سەلاح نیساری


**چیرۆک**




**مینیمالیزم ژیانە**

محەمەد تەرەغە


**لێکۆڵینەوە**




**نیلۆفەری شین**

دلاوەر قەرەداغی


**حیکایەت**




**هەناسەی چیا**

ئاسۆ ئەحمەد

**کۆمەڵە چیرۆک**




**بەکۆمەڵایەتیبوون لەنێوان ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندیدا**

عادل شاسواری


**ڕۆژنامەوانی**




**ڕێکەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی...**

کامەران بابان زادە

**لێکۆڵینەوە**




**سوریالیزم لەشیعری کوردیدا**

ئەحمەد مەحمود عەبدوڵڵا


**لێکۆڵینەوە**




**کورد و فەلسەفە**

هەرێم عوسمان

**کۆمەڵە دیدار**




**موزیکی سەدەی کلاسیک**

زۆزک قەرەداغی


**موزیک**




**پەند و مەتەڵی ناوچەی تیلەکۆ**

خالید عەلیزادە


**فۆلکلۆر**




**داستانی بارام و گوڵئەندام**

هەردەوێڵ کاکەیی

**فۆلکلۆر**




**داستانی بەدیعلمەلەک و بەدیعلجەمال**

هەردەوێڵ کاکەیی

**داستان**





**داستانی گورگ و ڕێویی**

محەممەد ڕەشید ئەمینی

کاروان عوسمان خەیات


**داستان**




**شێخ فەرخ و خاتون ئەستێ**

ڕێبوار حەمە تۆفیق

**فۆلکلۆر**




**داستانی شێخی سەنعان و تەرسا**

محەمەد ڕەشیدی ئەمینی

کاروان عوسمان خەیات

**فۆلکلۆر**





**چیرۆکە شیعری عەزیز و کوبرا**

حەسەن سەلیمی

شەریف فەلاح


**داستان**




**کەشکۆڵ (داستانێ نایابێ کوردی)**

کەیومەرس نیک ڕەفتار


**داستان**




**کەشکۆڵی کوردەواری**

هەردەوێل کاکەیی

**فۆلکلۆر**




ژیان و کارەکانی ولیەم یوحەننا

شنە عەبدوڵڵا


**هونەریی**




Çend Çîrok ji
Folklorê Kurdî

Salihê Heydo

**فولکلۆر**




کانیی خومان

هێمن عومەر خۆشناو


**داستان**



پەیوەندی ئاووهەوا بە بەرهەمهێنانی
بەروبوومە پیشەسازییەکانەوە

چیمەن عەبدوڵڵا ئەحمەد


**جوگرافیا**




دیارترین نەخۆشییە بڵاوەکان

د. سۆران محەمەد غەریب

**پزیشکی**



**سەرەتایەک لەسەر فەلسەفەی ئیمانۆێل کانت**

سەعید کاکی

**فەلسەفە**

---




**شەهدە**

غەفور ساڵح

**ڕۆمان**

---




**گەلێکی خۆشبەخت لەخاکێکی لەتکراودا**

لوقمان غەفوور

**ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی**

---




**مۆرفۆسینتاکس لەزاری کۆیەدا**

یارا قادر

**زمانەوانی**

---




**هەوری پەمەیی**

و. جەبار سابیر

**کۆمەڵە چیرۆک**

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org

www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە